# سەفەرنامە

## هیوا قادر

چاپی دووهەم

ناوی کتێب: سەفەرنامە
نووسینی: هیوا قادر
مۆنتاژ: عەبدوللا ڕەحیم دانساز
وێنەی بەرگ: دوو وێنە لە دیمەنی شانۆگەری مردنی دێوەرەیەک
فۆتۆ: لێسلی سپینکس
چاپخانە: چاپخانەی ڕەنج/ سلێمانی
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
دەمی نووسین: ٢٠٠٠/٧/١ سلێمانی
٢٠٠١/٢/٢٠ ستۆکهۆڵم
چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٠١ ستۆکهۆڵم
چاپی دووهەم ٢٠٠٢ سلێمانی
ژمارەی ڕاسپاردن:

بمبوورن، ئەی جەنگە دوورەکان، کەوا بە گوڵەوە ئەگەڕێمەوە بۆ
ماڵێ.
بمبوورە، ئەی سارا؛ لەبەرئەوەی بە کەوچکێکی پڕ لە ئاوەوە
ڕاناکەم،
داوای لێبووردن لە پرسیارە گەورەکان ئەکەم، بۆ ئەم وەڵامە
چکۆلانانە،
داوای لێبووردن لە هەمووان ئەکەم، لە بەرئەوەی ناتوانم
لە هەموو جێیەک بم.

شیمبورسکایا

شەوی ٢١ی مانگی شەشی دووهەزار، دوای سەعات و نیوێک چاوەڕوانی، لە فڕۆکەخانەی «ئارلەندا»، سەعات یەک و نیوی شەو، سواری فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی سوری بووم. لە پەنجەرە چڵکن و دێزەکانی فڕۆکەکەوە وورده وورده گڵۆپە سەوزو سوورەکانی ستۆکهۆڵم لە چاو ونبوون. فڕۆکەکە دەتووت پاسێکی گەورەیەو بەزۆر دووباڵیان لێڕواندووە، بۆیە ئەویش بەناچاریی لەناو تاریکی ئەو شەوەدا دەفڕی و هەر نرکەو ناڵەی بوو. ڕیزە کورسییەکەی پشتی من، دایکێک و سێ منداڵی ووردەڵەی لەسەر دانیشتبوون، دیاربوو منداڵەکان ئازاری گوێچکەیان هێندە زۆربوو لەسەر کورسییەکان خۆیان نەدەگرت و دەگریان؛ ناچار منیش کتێبەکەی دەستم داخست و دوو ڕۆژنامەی سوریم لەسەرئەو مێزە هەڵگرت کە کچە خزمەتکارە ناشیرین و دەموچاو ماندووەکە بەسەر خەڵکەکەدا دەیگێڕا، دوای هەڵدانەوەی لاپەڕەی ڕۆژنامەکان کە پڕبوون لە تەعزێنامەو وێنەکانی حافز ئەسەد و

بشاری کوڕی هیچی تریان تێدا نەبوو، ناچار ئەوانیشم دانایەوەو بیرم لەوە کردەوە ئەم شەوە دوورو درێژە بە خواردنەوە نەبێت تێناپەڕێت. بە هێما لە یەکێک لە کوڕە خزمەتکارەکانم گەیاند، پێکێک ویسکیم بۆ بێنێت. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بۆنی ئەو برنج و شلەیەی کە لە تەباخەکەوە بەرزدەبۆوە بیریخستمەوە کە بەدرێژایی ئەمڕۆ تەنها ژەمێک خواردنم خواردووە. ئەو ئەفسەرە کراس سپییەی کە فەرمانی بە هەردوو کوڕو کچە خزمەتکارەکە دەدا کە تازووترە خزمەتی موسافیرەکان بکەن، چەند پێکێک ویسکی خستە سەر مێزەکەو گەڕایەوە بەشی پێشەوەی فڕۆکەکە، کە بەشی پلەیەکی موسافیرەکان بوو. هێندەی نەبرد خواردنەکانیان دانا و هەمووان دەستیان کرد بە خواردن. بۆ جاری دووهەم داوای پێکێک ویسکیم کردەوە بەڵام ئەمجارەشیان وەک جاری پێشوو ویسکی هەر نەهات، دوای خواردنەوەی پەرداخێک شەربەتی قەیسی خەیاڵەکانم پێش خۆم گەیشتنەوە کوردستان. بەڵام هەر زوو ترس دایگرتم و یادوەریەکانم پەرت بوون بە بیرکردنەوە لەوەی کە ڕێگەی سەر سنوور سەر لە نوێ وەک دە ڕۆژی پێشوو بە بۆنەی مردنی ئەسەدەوە دابخرێتەوەو ئەوکات لە شام یا قامیشلی گیربخۆم.

منداڵە وردەڵەکان و دایکیان کە لە پشتی منەوە دانیشتبوون دوای خواردنی ژەمە خواردنە ناخۆشەکە خەو بردبونیەوە، بەڵام جار ناجارێ منداڵە هەرە بچکۆلەکەیان بەدەم خەوەوە نووزەیەکی لێ بەرزدەبۆوە، دەتووت بە فڕۆکەکە دەڵێت «بەس بەرز بفڕە گوێچکەم دێشێت». دەستم کرد بە گرفانمداو ئەو تاڵە ملوانکە مورووە ڕەنگاو ڕەنگ و کورتەی کە «باران»ی کچم دابومێ دەرمهێنا . «باران» پێی گوتم: «بابە ئەو ملوانکەیە بۆ تۆ، تا لە سەفەرەکەتدا بەختت یاربێت».

هیوادارم سەفەرەکەم یاربێت، بەڵام خۆ یەکێک لە بەچکە

چۆلەکەکان مردن! نازانم بەچکە چۆلەکەکەی من بوو یان ئەوەی ئەوان. دوو هەفتە پێش سەفەرەکەم باران ورکێکی ناسکی لە من گرتبوو کە دەبێت چۆلەکەیەکی بۆ بکڕم. دوای ئەوەی کە تێمگەیاند لە سوید لە بازاڕی پەلەوەر و ئاژەڵەکان چۆلەکە نافرۆشرێت، بایدایەوە سەر ئەوەی کە دەبێت چۆلەکەیەکی بۆ بگرم. پێنج ڕۆژم مابوو بۆ سەفەرەکەم ئێوارەیەکی درەنگ بەلای دووکانی پەلەوەرفرۆشەکەی نزیک بەو کۆلانەی کە تیایدا نیشتەجێم تێپەڕیم، بیرم لە داواکەی باران دەکردەوە، لە پڕ چاوم چووە سەر دوو بەچکە چۆلەکەی کزەڵە کە لە پاڵ دەرگا داخراوەکەی دووکانەکەدا هەڵکوڕمابوون. بەبێ ئەوەی ئەو دوو بەچکە چۆلەکەیە داچڵەکێن گرتمن، لە ترسی چاوی تاکوتەرای ڕێبوارەکان هەریەکەیانم خستە گرفانێکی قەمسەڵەکەمەوە. لە ڕێگا خۆیان ڕادەپسکاند و نینۆکە نەرم و خۆنەگرتووەکانیان لە قوماشی گرفانەکانم گیردەکرد، منیش پەنجەکانم هێندێ شلدەکرد، تا تێبگەن هەموو دەستێک و قەبارەیەکی لەوان گەورەتر مەرجنییە ترسێنەربێت. گەیشتمە بەردەرگای ماڵەوەو لەدرزی پۆستی دەرگاکەوە هەردوو بەچکە چۆلەکەکەم خستە ژوورێ. دواتر تەلەفونێکم کردو بە دایکیانم ووت کە دوو چۆلەکەم بۆ باران و ڕێنوار هێناوە. کاتێک کە باران و ڕێنواری کوڕم چۆلەکەکانیان بینیبوو قاقا لە خۆشیاندا تریقابوونەوە، هەر لە وێشدا باران بە ڕێنواری ووتبوو نێرەکەیان بۆ من و مێکەیان بۆ تۆ.

کە ڕۆژی دوایی یەکمان بینییەوە هەندێ ناوە سەمموونم بۆ بەچکەچۆلەکەکان تەڕکردو لە دەنووکە نوقاوو زەردباوەکانیانەوە پێم قووتدان، لەوێشدا بە بارانم ووت: پێش ئەوەی کە ئەوان سەری مانگ سەفەر بکەن بۆ ئەڵمانیا هەردوو چۆلەکەکە بەرەڵابکات، کە بەچکە مێکەیانی بەرەڵاکرد بڵێ بەو ئومێدەی سەفەرەکەی باوکم خۆش و ئارام

بێت، بەچکە نێرەکەشیان بۆ ئارامی و یاری سەفەرەکەی خۆیی و دایکی و ڕێنواری برا بچووکی. بەڵام ڕۆژی دواتر یەکێک لە بەچکە چۆلەکەکان مردبوو، باران بەناچاری ئەوی تریشیانی لەترسی مردن بەرەڵاکردبوو. ئەو بە مەرگی چۆلەکەکە زۆر دڵگران و نارەحەتبوو؛ بۆیە لێی پرسیم: بابە تۆ باوەڕت بە خوا هەیە یان نا؟ منیش دوای هەڵوێستەیەک بۆ تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ئەو ووتم: هەندێ جار باوەڕم پێی هەیەو هەندێ جاریش نا. بارانیش ووتی: منیش هەروەک تۆ. دواتر پێم ووت: خوا ڕەنگە ئەو ڕوناکییە بێت، کە دەبێ خۆت بەتەنها بەدوایدا بگەڕێیت و بیدۆزیتەوە، هەڵبەت کە دۆزیشتەوە خۆشت ئەوێ.

کاتێک لە بارانم پرسی بەچکە چۆلەکە مردووەکەت چی لێکرد؟ ووتی: لە دەسرێکی کلێنکسدا لەسەر قەراخی پەنجەرەی ژوورەکەی خۆم دامناوە.

– ئاخر بۆگەن دەکات، وا باشترە بچین لە چاڵێکدا بیشارینەوە.

– نا، گوناحە و من نامەوێت مێرووڵەکان بیخۆن.

دیاربوو زۆر بە خەمی مردنی چۆلەکەکەوە بوو، هەرچەندیشم کرد نەهاتە سەر باری ئەو بڕیارەی کە لە چاڵێکدا چۆلەکەکە بنێژین.

ئێستاش نازانم بەچکە چۆلەکە مردووەکە ئەوەی من بوو یان ئەوەی ئەوان؟! تۆ بڵێی ئێستا ناو دەسڕی قەراخ پەنجەرەکە کرم و مێرووڵە تێی نەدابێت؟ ناشتوانم ئێستا لەم فڕۆکەیەدا، کە نازانم دەگاتە جێ یان نا، شپرزەیی دایک و باوکی دوو بەچکە چۆلەکەکەو دەنوکی پڕ لە ئاه و جیکەیان لە چاو نوقاندنێکدا بهێنمەوە بەرچاوی خۆم؟!

ئەو شەوە خەوم لێنەکەوت و ئەستێرەیەک چییە لە پەنجەرەکانی فڕۆکەکەوە نەمبینی، لەوە دەچوو ئەستێرەکانیش لە ترسی وڕەو گرمەی

فـڕۆکەکـە تەرەبـووبن. ناچار لە جـیـاتـی ئەو پێکە ویسکیـانەی کـە هەر نەمـخـواردنەوە، چەند جـارێک داوای ئاو و شـەربەتم کـرد، بەپێـچـەوانەی خـواردنە سـاردەکـەی نیـوە شـەوەوە ئاو و شـەربەتەکـانیش گـەرم و تینوو نەشکێن بوون.

دوای تێپـەڕینی چەند سـەعـاتێک لە پەنجـەرەی فڕۆکـەکەوە خـۆری هەڵهـاتووی ئەو بەیانیـەی سـەر خـاکـە وشـک و برینگەی سـوریـام بینی. خــزمــەتکارەکــان کـەوتنە دابەشـکـردنی ئەو پەڕانەی کــە پرســیــاریان سەبارەت بە ڕەزامـەندی پاک و تەمیـزی و خزمـەتی خزمەتکارەکانی ناو فــڕۆکــەکــە دەکــرد، نەمــتــوانـی تووڕە نەبم و زۆر بە خــراپی لـە وەڵامی پرسـیـارەکـانیـاندا خـەتی ڕاست و چەپ بەسـەر ئەو چوارگـۆشـانەدا نەکـێـشـم کـە لەژێر ڕیزی زۆر خـراپدابوون، تـەنهـا لە خـاڵێکدا دەسـتـم گــرتەوە کــە ئەویش تایبــەتبــوو بــە باشـی و خــراپی شــێــوە خــزمــەتی خـزمـەتکارەکـانی ناو فـڕۆکەکـە، خـەتێکی ڕاسـتـوچەپم بەنـابەدڵییـەوە بەسەر چوارگۆشەی «خراپنییە» دا هێنا.

کـە پـارچە وەرەقـەکـەم گـەڕاندەوە یەکـێک لە خـزمـەتکارە کـوڕەکـان سـەیرێکی کردوو، هەناسـەیەکی درێژی هەڵکێشاو ووتی «ئاه». هەڵبـەتە وەکـو ئەتەکـێـتی وەرگـرتنی بیـروڕای مـوسـافیـرەکـان هەق نـەبوو ئەو وەرەقەیە لەوێدا چاولێبکات، بۆیە لە دوا گرێی هەناسە هەڵکێشانەکەیدا بە زەردەخــەنـەیەکی زۆرلـەخـۆکــەوەوە ڕووی تێکردم و ووتی: ڕاســتــە، هەقتە. منیش پێمووت: سوپاس.

فـڕۆکەکە لـە فڕۆکـەخـانە سـەربازییـەکەی شـاری حەڵەب نیشـتـەوە، زۆرینەی مـوسـافیـرەکان دەسـتـیـان کرد بە چەپڵـەلێدان، منیش لە دڵی خۆمدا ووتم. ئـەی ئەگەر بەسەلامەتی فڕۆکەکە نەنیشـتایەتەوە دواتر ئەو چەپڵانە بۆ کێ لێبدرانایە؟!

دوای تێکردنی بەنزین و سـواربوونـی چەند مـوسـافـیـرێکی تر چووینەوە ئاسـمان. لە پەنجەرەی فڕۆکەکەوە ئەو هەلیکۆپتەرو فڕۆکە سەربازییە خۆڵاوییانەم دەبینی کە لەتاو خۆڵ و گەرما شوشەکانیان بە پارچە قـومـاشـی بۆر داپۆشـرابوون، ئاڵاکـانـی سـەر تـەپۆڵکەکـانـیش دەشـەکـانەوەو دوو ئەسـتـێـرەکـانی ناویشـیـان کـزو بێـتـین بوون و خـۆربـردبوونی. لە دەوری فـڕۆکـە جـەنگی و ئەلیکـۆپتـەرەکـان، هەندێ فڕۆکەی جەنگی بەبچووکراوی دروستکرابوون و دانرابوون. هەتا چاو بڕکا دەشتایی، هەتا چاو تینکا خۆڵێکی ڕەنگ زەردوو مردوو بەردەوام لەو ئاسمانەوە دەبینرا. خۆزگەم دەخواست وەک چیرۆکەکەی مارکیز ئێستا لەبری ئەو دوو جێگا بەتاڵەی تەنیشتمەوە سەیری ئەو کچە جوان و خەوتووەم بکردایە کە مارکیز لە چیرۆکی «فڕۆکەی شـۆخە نوستووەکە»دا لەو پەڕی جوانیدا باسی کردووە.

کاپتنی فڕۆکەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزییەکی ناخۆش ووتی: فڕۆکەکەمان ئێستا بۆ چینە بەرزەکانی ئاسمان دەفڕێ و لە سنووری خاکی عێراق نزیک دەبینەوە، واتا بیست دەقیقەی تر دەگەینە شام، ئەمـەش لەبەر ئەوەی قـەرەبووی ئەو دواکـەوتنە بکەینەوە کـە لە فڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵم بۆ ماوەی سەعات و نیوێک فڕۆکەکەمان لە فڕین دواکەوت.

دوای ڕاتەکان و ئیستۆپێکی قایم فڕۆکەکەمان لە فڕۆکەخانەی شام وەستا، بەڵام ئەمجارەیان کەس چەپڵەی لێنەدا. فڕۆکەکە نزیکەی دە کوردی موسافیری تێدابوو، هەمووان شـڵەژاو و ڕەنگپەڕیوو، جانتا پڕ لە نامەکانیان دا بە کۆڵیانداو منیش لەگەڵیاندا چوومە خوارەوە. بە هۆڵێکی درێژی سیخناخکراو بە وێنەی «حافز اسد»دا تێپەڕین، من لە پێشەوە دەڕۆیشتم و ئاگام لێبوو هەمووان چاوەڕێی ئەوەبوون یەکێک

پێشیان بکەوێت، تا زووبگەنە بەردەم ژووی کۆنترۆڵ. لێرەدا وێنەی یەکێک لە ڕۆمانەکانی «سەلیم بەرەکات»م بیرکەوتەوە، کە دەڵێت کورد بۆیە لە کەو دەچێت، چونکە هیچ کەوێک نافڕێت بۆ شوێنێک ئەگەر بۆن نەکات کە پێشتر کۆمەڵێ کەو لەو جێیەدا نیشتوونەتەوە. لەوسەری مەمەڕە درێژەکەدا کە کۆمەڵێ پۆلیس ئێمەیان بینی لە سەر کورسیەکانیان هەستان و پێیان ووتین: ئەم کارتە سەوزو زەردانە پڕبکەنەوەو هەریەکە بەرەو ڕووی ئەو پەنجەرانە بچێت، کە پۆلیسە تاجدارەکانی لێدانیشتبوون. هەمووان شڵەژابوون، کەس قەڵەمی پێنەبوو، دیاربوو ئەو دوو پۆلیسەش کە لەبەردەمی کارتەکاندا وەستابوون ئەو دەموچاوە شپرزەو شڵەژاوانەیان دەناسییەوە کە دەکرێت چەند گەڵایەکیان بە ناوچەوانەوەبێت، بۆیە یەکدووکەسیان هێنابووە گیرو گاز. من فۆرمەکەی خۆمم پڕکردەوەو ئەو مامۆستا کاملە موسافیرەش کە لە دابەزیندا کەوتینە گفتووگۆ، بە شڵەژاویی و دەستەلەرزەوە پرسیاری شێوەی پڕکردنەوەی فۆرمەکەی لێپرسیم، منیش قەڵەمەکەی خۆمم دایە. بەرەو یەکێک لە پەنجەرەی کۆنترۆڵەکان چووین، یەکێک لە موسافیرە کوردەکان لە پێشمەوە لە شڵەژاویدا ئەو عەرەبیەی کە دەشیزانی لە بیری چووبۆوە، بە ئەسپای پێمووت: دوو تاک دۆلاری فرێبدەرە سەر مێزەکەی و با هێندە دوانەکەوین. دوای تێپەڕبوونی ئەو، من سێ تاک دۆلاریم خستە ناو پاسپۆرتەکەمەوە، مامۆستاکەی دواشمەوە ووتی من تاک دۆلاریم پێ نییە، ناچار سێدانەشم دابەو ووتم من چیم کرد تۆش ئەوە بکە. نەقیبەکە کە پاسپۆرتەکەی کردمەوە زوو دۆلارەکانی خستە درزی مێزەکەیەوە، دوای ناو پرسینی خۆم و دایکم مۆرێکی لە پاسپۆرتەکەم داو، تەواو.

کە لەوێ تێپەڕیم پۆلیسێک بەگەرمییەوە دەستی هێناو تەوقەیەکی

لەگەڵداکردم، دوای تۆزێک پێی ووتم: ئەوە دەستت بۆ بەتاڵ بوو ماموستا! منیش ووتم: با جارێکی تر تەوقە بکەینەوە، دەستی یەکتریمان گووشییەوە و دۆلارێکم لە لەپی دەستیدا بەجێهێشت و ئەویش شوێنی وەرگرتنەوەی جانتاکانی پیشاندام. پێش خۆم حەماڵێک جانتاکەمی هەڵگرتوو خستیە بەردەم ئەو فەرمانبەرەی کە ژمارەی سەر جانتاکانی دەنووسی، ئەویش داوای دوو دۆلاری کردوو دامێ.

لە پێشمەوە هەندێ جانتا کرابوونەوەو چەند پۆلیسێک دەیانپشکنی، ئاگام لێبوو ماموستاکەی پشتمەوە کە دواتر بۆم دەرکەوت لێپرسراوێکی سەر پەرشتیاری «پ.د.ک» لە ستۆکهۆلم، پێنج دۆلاریان لێسەند. دیارە یاسای بڕی پارە وەرگرتن لەم فڕۆکەخانەیەدا بە پێی ڕادەی شلەژانی موسافیرەکە و سیمای سپی هەڵگەڕاویەتی. جانتاکەم لە دووی خۆم ڕاکێشاو دۆلارێکیشم گرت بەدەستەوەو چوومە بەردەمی ئەو پۆلیسە تاجدارەی کە بەسەر پۆلیسەکانی ترەوە لە جانتاکانی دەڕوانی، هێمایەکی بۆ کردم و ووتی: پارەکە لابە؛ ئەوجا ووتی: تۆ خەڵکی کوێیت: منیش ووتم عێراق. ووتی: بڕۆ. لەوێدا بیرم لەوە کردەوە کە من هەشت ساڵە لە سویدم و تا ئێستا پاسپۆرتی سویدیان نەداومەتێ بەو تۆمەتەی کە ڕاستە من کوردم و نووسەرم بەڵام عێراقی نیم. کاتی خۆی بە پارێزەرەکەمم ووت: ئێمە چەند ساڵە شەڕ دەکەین و لێماندەکوژرێت بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە ئێمە عێراقی نین و خەڵکی کوردستانین، کە چی ئێستا ئێوە داوای ئەوەم لێدەکەن کە بۆتان بسەلمێنم من عێراقیم.

لەگەڵ هاتنەدەرەوەماندا حەماڵەکان تێمان ووروکان، ئەگەرچی پشتم لەژێر قورسای جانتاکەی شانمدا لەنگبووبوو بەڵام ملم نەدا بۆ حەماڵەکان و تێپەڕیم. ئاگام لێبوو ئەو مەکاتبانەی کە تەکسیەکانیان

لەوێ بوو، دوو کوردیان قەناعەت پێکردوو بیست دۆلاریان لە هەقی گەیاندنیان بە تەکسی بۆ ناو شام لێ وەرگرتن. هەرچۆنێک بوو من و مامۆستاکە درمان بە حەماڵەکانی بەردەممان داو چووینە دەرەوە؛ لەوێ دوای جگەرەکێشانێک هەر پێنج کەسمان و سواری تەکسییەک بووین و بەرەو گەڕەکی «مساکن برزە – هەوارەبەرزە» بەڕێکەوتین، دوای چل دەقەیەک گەیشتینە بارەگای پارتی. لەناو تەکسییەکەدا لە ڕێگا تووشی ئەو بەریەکەوتن و ڕووبەڕووبوونەوەیە بوومەوە لەگەڵ خۆرهەلاتدا کە پێنج ساڵە سەفەرم بۆی نەکردۆتەوە، شەقامە خۆلاویەکان و کۆلانە تۆزاویی و گوزەرە پیسەکانمان بڕی، هەژارەکانی سەرجادەو عەرەبانە ئەسپیەکانمان لە دوای خۆمان جێهێشت، لە هەمووی جوانتر ئەو «طر طورە» سێ تاییەبوو کە سەدەها مەسینەی سوری هەڵگرتبوو، بە خێراییەکی نزیک لە شێتییەوە بە لاماندا بە هۆڕن لێدان تێپەڕی.

سەعات بوو بە نۆی بەیانی و فەرمانبەرەکانی بارەگای پارتی هاتن، دوای بەخێرهاتنەوەمان ناویان نووسین و ووتیان: بڕۆن بۆ قامیشلی.

ئەو کوڕە شلەژاو و ڕەنگپەڕیوەی کە لە بەردەم پەنجەرەی ژووری کۆنترۆڵی فرۆکەخانەکەدا بینیم، بوو بە هاوڕێی سەفەرەکەم، کە دواتر خۆمان بەیەکتری ناساند ناوی «هەردی» بوو. لە یەکێک لە دووکانە بچکۆلەکانی سەر شەقامەکەوە، تەلەفونم بۆ «شێخ دلێر» کرد و پێمڕاگەیاند کە سەد دۆلارم لای خێزانەکەیەوە بۆ هێناوە. دوای دە دەقیقە هات بۆ لامان و ئێمەش لەگەڵی چووین بۆ ماڵەوە، ماڵەکەی شێخ دلێر تەنها ژوورێکی بچکۆلەبوو، کە لەڕاستیدا ئەو جێیە ژوور نەبوو، بەڵکە دووکانێکی بچکۆلەی چەند مەتری بوو، مانگی بە سەد و پەنجا دۆلار گرتبووی بە کرێ. لەوێ دوای کەمێک حەوانەوەو ئاو و چا

خـواردن، مـام «عـەبدوڵڵا»دا کـە لەگـەڵ شـێخ دلێـردا دەژیا، کـەوتە پرسـیـارکـردن لێم سـەبارەت بە سـاتە خـۆشـەکـانی ئەوروپا. مـام «عەبدوڵڵا» تەمەنی لە نێوان شەست و پێنج و حەفتا ساڵدایەو کوڕێکی لە سوید دەژی، چاوەڕوانە بەڕێگەی یاسایی بچێت بۆ سوید. دەیووت: من دەچم بۆ لای منـاڵداڵەکـانی کـوڕەکـەم و چاوێکم لێـیـان دەبێت و لەوێشـەوە خـوا یاربێت دەچم بۆ حـەج. دیارە نزیکەی سێ سـاڵە ئەم پیرەمێردە هاتۆتە سوریاو بەم خەونەوە دەژی، هەموو دۆعایەکی سەر بەرماڵەکانیشی زوو گەیشتنیەتی بۆ سوید. دەیووت: لەوێ پارە زۆرەو منیش دەستـبڵاونیم، خوایاربێت حـەجیش دەکەم و پارەیەکی زۆریش کۆدەکەمـەوە. شێخ دلێریش پێیدەووت: ژنێکیش بێنە. دوای کەمێک دواندنی یەکتری، تێگەیشتم پیشـاندانی حـەقـیقـەتی شـێوە ژیانی ئەوروپا بۆ کـەسـێکی بەتەمـەنی وەک ئەو زۆر زەحـمـەتە، بۆیە هەڵوێستەیەکم لە قسەکانمدا کرد، تێگەیشتم مەحاڵە ئەو خەون و وێنە وەهمیانەی کە لە سەری پیاوێکی پیری وەک مام «عەبدوڵڵا»دا ڕواون بەچەند ڕسـتـەیەک دەریانبکەم، ناچار کـەوتمە دڵنەوایکردنی کـە بەو زووانە زەمەنیاربێت دەگاتە سوید، کە من دڵنیام مام «عەبدوڵڵا» هەرگیز سـوید نـابینـێ و خـەونەکـانی نـایەنە دی. دواتر «شـێخ دلێـر» کـەوتە سکاڵاکردن ئەو جۆرە ژیانەی کە لە چاوەڕوانیدا بەسەریدەبەن، چونکە دوو ساڵە چاوەڕوانی دەرچوونی «ئیقامە»ی ژن و مناڵەکەی دەکات؛ کە باسی هەواڵی کوڕە سێ ساڵەکەیی لێدەپرسیم ئاوێکی گەرم دەزایە چاوەماندووەکانیەوە؛ ئەو پاسکیلە سوورەشی پیشاندام کە کڕیبووی بۆ کوڕەکەی و دەیووت: لەم جۆرە پاسکیلە لە سوید نییەو بە دیاری دەیبەم بۆ ئەو. لەگەڵ «شێخ دلێر»دا زیاتر وێرام حەقیقەت و شێوە ژیانی سوید باسـبکەم، بەڵام هەرزوو وازم لەو گـفـتـوگـیـەش هێناو چووینە سـەر

شەقامە گەرم و تۆزاویەکانی «مساکن برزە».
لەبەردەمی یەکێک لە دووکانەکاندا هەردی کەوتە ماچوموچ کردنی کوڕێک، ووتی: ئەمە ئامۆزامەو دەمێکە یەکمان نەبینیوە. ئەومان بەجێهێشت و بەدەم قسەکردنەوە بە کۆڵانێکدا تێپەڕین، جارجارەش گوێمان لە خەڵکانێک دەبوو کە بە کوردی قسەیان دەکردو بەلاماندا تێدەپەڕین. هەندێ لە یادوەریەکانی خۆم و ئەو کۆڵانانەم بیرکەوتەوە کە پێش هەشت ساڵ لەوەوبەر لە گەڵ ئەو شوێنانەدا هەمبوون، شوێنەکان هێندە نەگۆڕدرابوون تا نەیان ناسمەوە. دەمێ ساڵە ئەم کۆڵانانەی مەساکن برزە، جێی ئەو کوردە موسفیرانەن کە وەک ئاردی ناو دڕک لەیەک دەترازێن و پەردەوازە یەک بەدوای یەکدا لەژێر دڕکەکانی تەنهایی ئەوروپادا ووندەبن. «شێخ دلێر» ووتی با سەر لەم ماڵە بدەین. دوای دوو سێ دەنگدانەوەی ڕەقی سەر دەرگاکە، دەنگی جوتێ نەعل خشە خش و تەممەڵ لەودیوی دەرگاکە نزیک بۆوە، کە دەرگاکە کرایەوە بزیسکەیەک بە یادوەریمدا هات و ئەو دەمووچاوە ترشاو و خەواڵوەی هاوڕێکەم ناسیوە کە عەزاب پیری کردبوو. ئۆی بەهادین ئەوە تۆیت؟! تێر ماچی یەکتریمان کرد و بە قادرمەیەکی تاریک و نوتەکدا سەرکەوتینە سەرەوە، لە دوا پلەی قادرمەکەدا بەسەر دیوارەکەوە چەند تابلۆیەکی بەهادین هەڵواسرابوون، کە خۆشم کرد بە ژوورەکەدا بەهادین ووتی: ئەوەش فاروق هۆمەرە. من فاروقم پێشتر بە دەموچاو دەناسی و دواتریش لەڕێی چیرۆکەکانیەوە خۆشمویست، تێر ماچی یەکتریمان کردو یەکی پەرداخێ ئاوی ساردمان بە گەروماندا کرد. ژوورەکەیان زۆر شێواو هەژارانەبوو، دوو دۆشەکی تەنک و چڵکن، کۆمەڵێک کتێبی کەڵەکەبوو ڕەنگ زەرد، ژمارەیەکی گۆڤاری ڕەهەند و چەند تابلۆیەک و تەپڵەکێکی جگەرەی پڕ لە فلتەرو تەرمۆزەیەک ئاو.

ئەوە چی ئەکەن لێرە؟! من پێموتن. چی ئەکەن لێرە، ئەم هیجرەتەش قەڵەمە ئازاو فلچە ڕەنگینەکانی ئێوەشی گرتەوە؟! ژوورەکەمان پڕکرد لە دووکەڵ و پرسیارو خۆشەویستی. گڕەی گەرماکەش هەموو جەستەمی کردبوو بە ئارەقەو تووڕەبوون. پرسیاری شیعرو چیرۆک و پرسیار بۆ بەسەرکردنەوەی هاوڕێیان لەگەڵ گەرماکەدا گەرم تردەبوو. کاتێک باسی شکستی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوویان بۆ دەگێڕامەوە، منیش دەستم وەکو ئەوان دەلەرزی.

دوای بینینی هەندێ هاوڕێی ترو گەڕان بەناو شاردا، سەعات دەی شەو من و هەردی بە تەکسییەک چووین بۆ گەراجی قامیشلی. دەروازەی گەڕاجەکە شەش پۆلیسی لێبوو کە جانتای موسافیرەکانیان دەپشکنی، من پەنجا لیرەم دا بە هەردی و ئەویش پەنجا لیرەو دامانە دەست یەکێک لە پۆلیسەکان؛ ئێمە جانتاکانمان خستە سەر مێزی پشکنینەکەو پۆلیسەکانیش هەر بە نیگای چاو لەیەکتری گەیشتن و نەکەوتنە کردنەوەی جانتاکانمان، ئێمە وەک ئەو خێزانە کوردەمان لێنەهات کە لە پێش ئێمەوە چوونەژوورێ، کەلوپەلی ناو جانتاکانیان هەڵڕژێنرابووە سەر ئەردەکە و فڕیای ئەوە نەدەکەوتن شت و مەکەکانیان کۆ بکەنەوە، کە زۆرینەیان جلوبەرگی هەرزان و کۆنەی بازاڕەکانی ئەوروپابوون. لەوان ڕەدبووین و حەماڵەکان و دەلاڵی پاسەکان هوروژمیان بۆ هێناین. بێسودبوو بە زمانی کوردی و عەرەبی لێمان دوور بکەونەوە، یەکێک لە دەلاڵەکان دیاربوو بە هۆی ئەزموونی کارەکەیەوە، کەوتە قسەکردن بە دیالێکتی سۆرانی، چەندجارێک ناوی هەولێرو سلێمانی بردوو ووتی: ئێمە پاسمان هەیەو سەعات دوانزەی شەو ڕێدەکەوێت بۆ قامیشلی، دیاربوو هەردی دەیویست قەرەبووی ئەو شڵەژان و دەستەپاچەییەی فرۆکەخانەکە  لە بەردەمی مندا بکاتەوە، لە

تووڕەیدا دەمارە عارەقاوییەکانی بەرلاملی بەرزبووبوونەوە، دوای هێمن کردنەوەی ئەو ڕێگەماندا دەلاڵەکە جانتاکانمان هەڵگرێ و بەرەو ئەو شوێنە بچین کە پاسەکانی لێوەستابوون. لەوێ ناوی خۆمان نووسی و یەکی پێنج سەد لیرەی سوریمان داو ووتیان سەعات حەوتی بەیانی دەگەینە قامیشلی. گەڕاجەکە زۆر جەنجاڵ و قەرەباڵغ بوو، لەوێدا ئەو دێڕە شیعرەی «قوبادی جەلیزادە»م بیرکەوتەوە کە دەڵێت «گەڕاج نانوێت».

لەو کاتەدا کە من و هەردی بەدیار جانتاکانمانەوە وەستابووین تابیانخەینە پاسەکەوە، ئەومامۆستایەی کە لە فڕۆکەخانەکە لەگەڵماندا بوو لەگەڵ کوڕێکی تردا کە دواتر خۆی ناساند ناوی خالید بوو هاتنە لای پاسەکەی ئێمە، دیاربوو هەمان دەلاڵی پاس ئەوانیشی غافڵگیرکردبوو هێنابوونی بۆ لای ئێمە. مامۆستاکە ووتی: من پێنج سەد لیرەیەکم دابەو پۆلیسانەی بەردەرگاکە تا سەدلیرەیەک هەڵگرن و جانتاکانم نەپشکنن، کەچی هیچیان نەدامەوەو بەڕێیان کردم!

سەعات دوانزەی شەو سواری پاسەکە بووین، لەبەردەم حەساری گەڕاجەکەدا پێش چوونە دەرەوە پاسەکەیان ڕاگرت و چێکی ناوەکان و موسافیرەکانیان کرد. دواتر کەوتینەڕێ تا سەرلەبەیانی بگەینە قامیشلی. ڕێگاکە تاریک و نوتەک و چۆڵ و هۆڵ بوو، تەنها چەندجارێ چاوی هەندێ ئاژەڵ لەو تاریکیەدا دەبریسکانەوە، کە ئەوانیش لە سەگ و ڕێوی و کەروێشک بەدەرنەبوون. لەتاریک و لێڵی بەیانیدا بەلای هەندێ کەلاوەی ڕوخاوو مێژینەدا تێپەڕین، کە بۆ چەند چرکەیەک هەستم دەکرد گوێم لە سمی هەزاران ئەسپ و عەرەبانەی سەربازی ڕۆمەکان و دەنگی هەزاران هەزار کۆیلەی ناو ئەو کۆشکە بەکالاوەبووانەیە، زەبەلاحی بەردەکان و شێوەی بەلاداکەوتنی پایەکان

مێـژوویەکـیـان لـەپشـتـەوەبوو کـە تەنـهـا گـەڕانەوە بە ڕێگەی غـەیبـدا دەیگەڕانیتەوە سەر ڕاستیەکانی ئەو سەردەمانە.

شەو تێپەڕی و پاسەکە چوون دووپشک کە بەسـەر پشتی مارێکیدا سەرکەوێت ئاوا نەوەستا تا گەیشتە قامیشلی، بەزەمەنی ئەو بەیانیە خەمبارو تۆزاوییەی قامیشلی سەعات هەشتی بەیانی پێمان کەوتە سەر ئەرد. لە گەڕاج دیسانەوە حەماڵەکان و شۆفێری تاکسییەکان لەناو خۆیاندا بوو بەهەرایان کە کامیان زووتر دەستی گەیشتووە بە دەسکی جانتاکانمان. دوای هەندێ بێنەوبەردەی نێوان ئەوان، من و هەردی و مامۆستاکەو خالید، چووینە ناو تەکسیەکی ڕەنگ زەردەوە کە پێدەچوو تەمەنی لە پەنجا ساڵ زیاتربێت. دوای دە دەقەیەک گەیشتینە بەردەم دەرگای ئوتێلێک، شۆفێرەکە ووتی: ئەو موسافیرانە دەبین کە ئێستا سواری ئەو پاسانە دەبن، ئەوە دەچن بەرەو خاپور تا دەربازبن و بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. ئەو دیمەنە هێندێک دڵی ئێمەی خۆشکرد و هەریەک لە دڵی خۆماندا وتمان نوخشەبێ لە ئێمەش.

دوای سەرخستنی جانتاکانمان بۆ ئوتێلەکە، من و هەردی بەر ژوورێک کەوتین و مامۆستاو خالیدیش بەر ژوورێکی تر. دیار بوو شۆفێری تەکسیەکە چاوەڕوانی دەکردین و سۆزی داینێ دوای ئەوەی کە حەمامێکی خێرا بکەین، بمانبات بەرەو بارەگای پارتی. لە ڕێگەی چوونمان بۆ بارەگاکە، لەو دیوارە چڵکن و درەختە تۆزاوی و کچە ناسک و جوانانەی قامیشلی ورد دەبوومەوەو فریای هێندە داڵغەو ورکردنەوەی هەموو ئەو شتە بەرچاوانە نەدەکەوتم. گەیشتینە بارەگا، لە ژووری چاوەڕوانکردن بەخێرهاتن کراین و سەروچامان لەبەردەمدا دانرا، من لەگەڵ دووکەڵی جگەرەکەمدا نیگام بەسەر دیواری ژوورەکەدا سەرکەوت، وێنەیەکی بارزانی باوک هەڵواسرابوو، یەک دوو تابلۆی

ناشیرینی ڕەنگ گەرمیش بەهەردوو بەری دیوارەکانەوە بوون، لەسەر مێزی بەردەم کارمەندی ئەو ژوورەشدا وێنەیەکی مەسعود بەرزانی دانرابوو. دیقەتم دا دانیشتنی مامۆستاکەی کە لەگەڵماندا بوو قیت ترو دەنگ دلێرتر دەبوو لە کاتی قسەکردندا، دوای کەمێک خۆی نەگرت و ووتی: من لێپرسراوی پارتیم لە ستۆکهۆڵم. کارمەندەکەش بە شەرم و حورمەتەوە جارێکی تر بەخێرهاتنی کردەوە، ووتی: سەعاتی نۆ بەرپرس دێت و کاری پەڕینەوەتان بۆ جێبەجێ دەکەین. هەریەکەمان بەجیا ناوی دەخوێندرایەوەو وەڵامی کارمەندەکەمان دەدایەوە، ئەویش لە لیستەکانی بەردەمیدا تۆماری دەکرد. تا دەهات ژووری چاوەڕوانکردنەکە قەرەباڵغتردەبوو، خەڵکانی تر وەک ئێمە دەهاتن و لیستەکانیان پڕدەکردەوە. لە یەکێک لە هاتنەژوورەوەکاندا زانیم ئەو قات لەبەرە دەموچاو مۆن و گرژە دەبێت بەرپرسبێت، دیاربوو هەرواش بوو. بە نۆرە کارمەندەکە لیستەکانی دەدایە دەستمان و ڕێی ژووری بەرپرسیان پیشان دەداین، من بەیانی باشم لێکردو وەڵامی دامەوە، ئەویش ئیمزایەکی کردو ووتی: دوو سبەی بەیانی سەفەر دەکەیت. سوپاسێکم کردو هاتمە دەرێ.

هەرچوارمان جارێکی تر تەکسیەکمان گرت و لە نزیک ئوتێلەکە دابەزین و بڕیارماندا نان بخۆین. لەگەڵ چەند هەنگاوێک ڕێکردنماندا منداڵە بۆیاخچییەکان پێشیان لێگرتین، دوای وەڵامی نەئی ئێمە کەوتنە پاڕانەوەو دەستڕاکێشان. شاگردی ئەو چێشتخانەیەی کە لەبەردەمیدا وەستابووین و لە بڕیاری ئەگەرو نەگەری چوونە ژوورەوەدابووین، پرتاوی بۆ بۆیاخچییەکان هێناو دەریکردن و ئێمەی بردە ژوورەوە. لەچاوەڕوانی گەیشتنی ئەو خواردنانەدا بووین کە داوامان کردبوو، ئەو منداڵەی کە پانتۆڵەکەمی ڕادەکێشاو دەیووت: هەر دەبێت بۆیاخت بۆ

بکەم، لەودیوو شووشەی چێشتخانەکەوە هەر هێمای بۆ دەکردم، دەمی دەجولاندو دەیووت: بابێم بۆیاخت بۆ بکەم. چەند جارێک ویستم خۆم بخلافێنم و سەیری نەکەم، بەلام نەمدەتوانی و نیگام لە سەر چاوە ڕەش و پڕ لە نزاکەی گیردەبوو، ناچار بانگم کرد. منالەکە لە هاتنە ژوورەوەیدا بوو یەکێک لە شاگردەکان بەخێرای بەرەوڕووی ڕۆیشت و دەستێکی بەرزکردەوە تا زللەیەکی پێدا بکێشێ، من وەک با لەسەر کورسیەکەم هەستام و دەستی شاگردەکەم گرت، تێمگەیاند کە خۆم بانگم کردووە، پێلاوەکانی بردم و جووتێک نەعلی دڕاو و خۆلاوی بۆ دانام. ئەوجا بە ئاسودەی ترشم کرد بە پیازە سپیەکەی سەر قاپەکەی بەردەممدا و لە ژێر دانەکانمدا دەمکردماند، لەگەڵ ڕژانی لیکی چێژەکانی ناو دەممدا تونییەک بەرەو مەلاشوو لووتم هەڵدەکشا، تۆزقاڵێکیش توێژاڵی ئاو بەرچاومیان دەگرت و وەک کاوێژکردن خەیاڵ لەگەڵ خۆی دەیبردم، تا بردمی بۆ ئەو باخە پڕ لە تەڕە پیازە نێرک تەڕ و گەورانەی کە وەکو توور گلمتکی نەرمی ئەردیان شکاندبوو، وەک قارچک نیوەی بەژنی خڕو ئاوداریان دەرکەوتبوون و دەبریسکانەوە، منیش لە برسان و لە حەزان، لەپاڵ کێوێکی بنار دێیەکی کوردستاندا یەک لەدووی یەک دەمکرۆژتن. ئەوکاتە پڕ بەحەزی یەکەمجارو منداڵیم هەستم کرد کە کرماندنی پیاز چەندە خۆش و شیرینە. کە بۆنی پیازی ناو دەمم لەگەڵ هەناسەمدا دەهاتنەدەرێ، لەگەڵ بۆنی ئەو دووکەڵەی کە لە مقاڵی چێشتخانەکەوە دەهاتە ژوورێ، بۆی ئەو کەلانە پڕ لە نێرک و تەڕەپیازە سرک و ناسکانەم بەبەر لووتدا دەهاتەوە، کە لەپێشدا لەناو ڕۆنەکەرەدا نوقم دەکران و دواتر لەگەڵ لەتکردنیاندا هەڵمێکی گەرم لەهەناویانەوە دەهاتەدەرێ و شیلەیەک لە شیلەی پیازاو و ڕۆنەکەرە دروستدەبوو، منیش سەر پەنجەکانم دەلێستەوەو دواتر دەمم دەنا

بەکاسەیەک دۆوەو تێر تێر سەیری کەژو شاخەکانم دەکرد، ئیدی وەک خاڵخاڵۆکەیەک بەرەو درەختەکان تەممەڵ تەممەڵ دۆشەکەڵەیەکم دەنایە بن هەنگڵم و دەڕۆیشتم، لەوێ لەسەرپشت پاڵدەکەوتم، سەیری ئەو دەنکە قۆخانەم دەکرد کە لایەکیان ئاڵ و ئەویدیان ڕەنگێکی تێکەڵ لەسەوز و زەردیان هەبوو، قڵیشێکیش ئەو ڕەنگانەی لەیەک جیا دەکردەوە، بەدەم گوێگرتن لە خوڕەو قەڵبەزەی چەمە بە پێچ و دەورەکەی پاڵم، خەو دەیبردمەوەو دەخەوتم، ئێستا نازانم خەونم بەچییەوە دەبینی، ڕەنگە خەونم بەو سەگانەوە بینیبێت کە پڕبەدڵ حەزمدەکرد لەباوەشیان بگرم، کەچی ئەوان پێیان دەووتم: گلاو دەبیت ئەی بێچووە شاری. یان دەموویست شەوانە ئەو گوڵە ئەستێرانە بگرم و گرفانەکانمیان لێپڕکەم تالەگەڵ خۆم بیان بەمەوە بۆ شار، بۆ شاری پڕ لە گڵۆپ بەلام بەتاڵ لە گوڵە ئەستێرە کە وەک لایتێکی بچکۆلە لەگەڵ فڕینیاندا بەرکلکاین دادەگیرساو دەکوژایەوە. کەیش لەخەو هەڵدەستام؟ لەبیرمە، ئەو دەمەی مناڵە قژ گدیلکەکراوەکان لە دەورم کۆ دەبوونەوەو دەیانووت کوڕە شاری تەممەڵ خەوتووە.

هاوڕێکانم هەموویان لە خواردن بووبوونەوەو منیش تازە بەتازە پارووەکانم وەک لولکردن و هەڵگرتنەوەی یادگارییەکان، لول دەکردن و سوک سوک دەمجوین. سەرو چای شیرینمان خوارد، من دوو جگەرەم لەسەریەک داگیرساند و چووینە دەرەوە، ئەوان بەرەو ئوتێل و منیش بەرەو مناڵە بۆیاخچییەکە، پێمووت پارەکەی چەند دەکات. ووتی: دە لیرە؛ بیستوپێنج لیرەم دایەو بەجێمهێشت. بەناو قەیسەرییەکانی قامیشلیدا هەندێ گەڕام، بەلام مناڵە سواڵکەرو بۆیاخچی و دەستگێڕەکان نەیان دەهێشت بۆ چەند چرکەیەک لەسەر دیمەنێک بوەستم و لەگەڵیدابژیم. بەپاڵ عەرەبانە پڕ لە کاڵەکەکاندا تێپەڕ دەبووم

و دووباره دەگەڕامەوە، تێر بۆنی کاڵەکەکانم دەکرد و سینەم پڕ دەبوو لە ئارامی. سەیری دەستوپلی خێراو شارەزای پینەدۆزەکانم دەکرد و گوێم لە هاواری سەوزەو میوە فرۆشەکان دەگرت، دەمویست لە جنێوی مناڵەکانیش بگەم کە بەیەکتریان دەدا؛ مناڵەکان هەر بە دوومەوەبوون و تا دەهات ژمارەیان زیاتر دەبوو، بەچەشنێ ئیتر نەمتوانی لەوە زیاتر بڕۆم، هەم لەبەر نیگای ڕێبواران و هەم لە بەر پاڕانەوەی منداڵەکان. دەستم کرد بە گرفانمدا، هەموویان خۆیان لێم نزیک کردەوەو دەستە بچکۆلەکانیان پانکردەوە، پێموتن: پارە بە کەستان نادەم، بەڵام سەربەستن لەبەردەم ئەو دووکانەی کە وەستابووین بچن لەناو یەخچاڵەکاندا چ جۆرە چلوورەیەکیان دەوێت هەڵیگرن، هەندێکیان هەر قایل نەبوون و منیش پارەم نەدانێ، بەڵام نزیکەی دە منداڵێکیان سەرو چلوورەیان هەڵگرت و ئیدی وونبوون، وەک ونبوونی هەنگ بەدەم مژینی گوڵاڵەوەو ونبوونیان لە نێو پەڕە ڕەنگین و بە تۆپەڵبووەکانی گوڵەکاندا. ئیدی هەناسەیەکی ئاسودەییم هەڵمژی و جگەرەیەکم پێکرد، خۆمدایەوە دەست وەرگرتنی لەزەت لە جیاوازیەکانی شوێن و گوێگرتن لە مۆسیقای وشەو تێڕوانین لە جلوبەرگ و نیگای ئەو کچە جوانانەی، کە هەرگیز لە بەراوردکردنی ناشیرینی و پیسی شوێن و جوانی ئەوان و ڕێکپۆشیان نەمدەتوانی تێبگەم. تێر بۆنی ئاوڕشێنی بەردووکان و گوزەرەکانم کرد و لە میوەکان وردبوومەوە، بە تایبەتی ئەو میوە حەرامانەی کە وەک سێو خاوەنی یەکەم گوناح و وەک قۆخ خاوەنی یەکەم قڵیش و وەک هەڵوژە خڕو سفت و ئاودار و وەک قەیسی زەردو بۆندارو وەک بەهێ توکن و تورت بوون، وەک گێلاسیش ئاڵ چەشنی یەکەم خوێنڕژانی کچ و کوشتنی هابیل.

دوای سەعاتێک بەخۆم و شوتیەک و دوو کاڵەکەوە گەڕامەوە

ئوتێلەکە، ژورەکەم پڕ کرد لە خرمەی شەقکردنی شوتی و بۆنی کاڵەک، ناوکە ڕەشەکانی قاژی شوتییەکان ئەو خاڵانەی سەر سنگ و بەرۆکی ئەو کچانەی ستۆکهۆڵمی وەبیردەخستمەوە، کە من زۆر جاران دەمووت: خوا لەو ئاسمانەوە قاژە شوتی دەخواو ناوکەکانیش دەوەرێنێتە سەر سنگ و بەرۆکی ئەو کچانەی ئەم شارە، بۆیە ئەوانیش بۆ موبارەکی ئەو نیشانانە ئەو سنگ و بەرۆکانەیان ئاوەڵا دەکەن، تا بە کوڕان بڵێن: سەیرکەن ناوکە شوتیەکانی دەمی خوا لەسەر سنگی ئێمەیە، ئێوە چۆن دەمتان ئاو ناکات؟!

ئێوارە مامۆستاکە و چەندان کەسی تر لە مەمەڕی ئوتێلەکە دانیشتبووین، دوای لێدانی زەنگی تەلەفون و بانگکردنی مامۆستا، لە دانیشتنەوەدا پێی ووتین: ئەو بەیانی دەڕوات و کاری پەڕینەوەیان بۆ مەیسەر کردووە؛ ئێمەش پیرۆزبایمان لێکردو وتمان ئێمەش دوو بەیانی دەپەڕینەوە. ئەو شەوە ڕۆیشت و بەیانیش بەهەمان قەرەباڵغی بازاڕو پەلامارداني منداڵان و بانگکردنی دەستگێڕەکان و پیاسەی کچان تێپەڕی، بەڵام ئەو دیاردەیەی کە پڕیدەکردم لە تەنهایی و بێزاری، ئەو هەموو وێنە و لافیتە ڕەشانەی سەر جامی ئۆتۆمبێلەکان و بەردەرکی دووکان و ماڵەکان بوو، کە بە یادگەردی حافز اسد و دانانی بشار ئەسدەوە هەڵواسرابوون. زۆرجار دەمویست چاوم لەو وێنانە وێڵکەم و نەیانبینم، بەڵام وێنەکان هێندە زۆربوون هەموو خۆشاردنەوەیەک لە سەیرکردنیان بێسودبوو. هوتافە نووسراوەکان هێندە بێخوێن و پڕ درۆو مەغرور نوسرابوون، دڵم پلی دەداو چاوم لە تووڕەبووندا دەفڕی.

بۆ دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بە تەلەفون ئاگادار کراینەوە سەعات نۆی شەو هەموومان بچینە بەر دەروازەی «موخابرات» تا لێپێچینەوەمان لەگەڵدابکەن و بۆ سبەینێکەی بپەڕینەوە.

نیـو سـەعـاتێک پێـشی سـەعـاتـی نۆ نزیکەی چل کـەسـێک لە ژن و منداڵ و پیـاو لـەوێ ئـامـادەبووین، هـەمـووان بێدەنگ بوون، جـارجـارە بە دەنگـی کـزو بـە چرپە دەدوان. ئەو ڕیزە ئاپارتمـان و خـانـوانەی کـە لەو کـۆڵانەدا بوون تـا ڕادەیەک شـێـوەیان چوون یـەکـبـوو، لە بەر دەروازەی هـەمـوو ئەو خانووانەدا وێنەیەکی حافز ئەسد و شـیعـارێکی دوورودرێژ و پڕ درۆ هـەڵواســـرابوو. خـــانووەکـــان زۆرینـەیان کـــۆن بوون و لـەبەرد دروســـتکرابـوون، بەچەشـنـێ هـەر لە ســـەری بێڵ و چەکـوشـی زەبەلاح دەچوون، کە من پێمـوابوو هەڵبژاردنی شێوازی دروسـتکردنی ئەو شێوە خـانوانەو تۆکمـەییـان، نیشـانەیەک بوون بۆ دەسـەڵات و بەخشـینی ترس لەبەرامبەر هـەموو نیگایەکی دەرەوەدا . بە هێمای سـەربازێک تێگەیشتین کەبەرەو ئەو دەروازەیە بچین کە بە درێژایی پێنج سـەد مـەترێک درەختی باڵا بەرز و تۆزاوی لەگـەڵ ڕێگاکەدا درێژ بووبوونەوە. هـەمـووان بێدەنگ و ترسلەدڵ هەنگاویان دەنا، هـەناسـەی دووکەڵی جگەرەکانیش قووڵترو خـــەســـتـر لـە نێـــوان لێـــوە وشـک و زەردەکـانـیـانـەوە دەهـاتـنـە دەرێ. سـەربازێک لە دوورەوە لـەبەردەمی ژوورێکدا دەسـتێکـی بۆ ڕاوەشـاندین و هـەمـوومـان بەرەو ئەو ژوورە ملـی ڕێمـان گـرت. سـەربازەکـە پێـیـووتین هـەمـــووتـان بچنـە ژوورەوە، تـا «ابـو رامـی» دێت بـۆ لاتـان، دوای پێنـج دەقیـقـەیەک «ابو رامـی» هـات و بە خـەندەیەکەوە پێیووتین: گـوێ بگرن کە چی دەڵێم، بـا یەکێکیش قـسـەکانم وەرگـێـڕێت. ئێـوە هـەمـووتـان بەیانی دەپـەڕنەوە، وە پێـــویـست نـاکـــات یـەک یەک بـتـــانبـــینـم چونکە نـاوی هـەمـووتانمان پێشـوەخت ڕەوانەی بنکەی فـیشـخـاپور کـردووە، ئەوەشـی کە گرفتێکی تایبەتی هـەیە بابمێنێتەوە تا لەگەڵ خـۆمدا قـسـەبکات. ئەم ووتەیەی دووجـار دووبارە کـردەوەو دواتر ووتی برۆنە دەرەوە. لە دووبارە کـردنەوەی دووهـەمـدابـوو من جـولاّم و چوومـە دەرەوە، چەند هـەنگاوێک

ڕۆیشتم و لەژێر تیشکی گڵۆپە زەردو لەرزۆکەکانی پاڵ درەختەکاندا بینیم تولەمارێک بەرەو ژێر پێڵاوەکانی من دێت، قاچم هەڵهێنایەوە و بێ ئاوڕدانەوە جگەرەیەکم بە ئاسـودەی پێکرد و گـەیشـتـمـەوە سـەر شەقامەکان.

سەعات شەش و نیوی بەیانی خزمەتکاری ئوتێلەکە هەموومانی لەخەو بێدارکردەوەو یەکی دوو سێ زەیتونی چرچ و لۆچی زۆر سوێر، لەتێکی بچوک پەنیرو پارچەیەک قـەیماغی کـۆن و زەردهەڵگەڕاو و چایەکی شیرینی بۆ هێناین، بەپەلە خواردمان و جانتاکانمان بە جیا لە پیکابێک بارکرد و هەمووشمان لە پێنج پاسی بچکۆلەدا سواربووین. موسافیرەکان دەیانووت سێ پاس لەوانە هی بەرپرسەکەی بارەگای پارتییە. بۆ نزیکەی دە دەقەیەک بە قامیشلیدا ڕۆیشتین تا گەیشتینە لقێکی تری «مخابرات» بۆ چێکردنەوەی ناوەکان، ئیدی سواربووینەوە بەرەو قامیشلی، پێش قامیشلی لە ناحیەی «رمیل» چووینە نێو ناوچەیەکی جیاکراوەی تایبەت بە دەزگاکانی حکومەتی سوریا. لەوێ نزیکەی نیو سەعاتێک وەستاین و ئەمجارەش چێکی ناوەکانیان کردینەوە، ئەوێشمان بەجێهێشت و سەعات دە و نیو گەیشتینە خاڵی پشکنین و لێپێچینەوە بۆ پەڕینەوە لە فیشخاپور.

ئەوێ تەنها ژوورێکی لا کەنارەو لە پاڵ گردێکدا دروستکراوە، کە درێژی و پانی ژوورەکە لە سێ مەتر تێناپەڕێ، ڕیزێک ژووری بەدەمیەکەوە دروستکراوی تریش لەسەرو ئەوەوە دیارن، هەر سەر دیوارێکی بە پۆترێتێکی حافز ئەسەد نەخشکراوەو لە خوار ئەوەشەوە دەیەها شیعار نووسراوە وەک «من حطین الی تشرین، الی الابد قائدنا حافز اسد... هتد». هەتاویش لەو بەر ئاوەکەوە بە ئاسمانەوە لە سەر کوردستان وەستاوەو عارەقەش بە گیانی هەمووماندا دێتەخوارێ.

تەنهـا کـەسـێک لـە ژوورەکـەدایەو بە توڕەبوونەوە دەڵێت: لە پێـشـدا خـێـزانەکـان بێنـە ژوورەوە؛ بەڵام مـوسـافـیـرەکـان هـەم لە بەر تینی هەتاوەکەو هەم لەبەر ئەوەی زوو بپەڕنەوە بە خشکەیی یەک یەک دەچنە ژووری، ئەو پیـاوە ڕەشـتـاڵەو گـۆشـتنـەی ژوورەکـە زۆر تووڕەدەبێت و دەکێـشـێت بە مـێزەکەیداو هەمـوویان دەکاتە دەرەوە، دەڵێت: مـردم لە گەرمـاندا، ئێوە ئینسـانن یان حـەیوان، تێناگەن دەڵێم مـەیەنە ژوورەوەو لە دەرەوە بووەستن.

من جگەرەیەک دوای کوژاندنەوەی چەند جگەرەی تر دادەگیرسێنم و پاڵ دەدەم بـە دیواری ژوورەکـــەوەو لەوبەر ئـاوەکــە دەڕوانم، چاوم پڕ دەبێت لە ئاو، ئەو ڕۆژەم بیردەکەوێتـەوە کە پێش هەشت ساڵ لەمـەوبەر لە تووڕەبوون و قـیندا ووتم: تەواو ئاوڕت بـۆ نادەمـەوە ئەی نیـشـتـمـان، خـواحـافـیـز. من خـۆم و دەسـتنووسـەکانم و جـانتـایەک، لـەگەڵ نیـازی هاوسـەرمـدا کـەوتینـەڕێ، ئەو ڕۆژانە بارانی کچـمـان لە سکی دایکیدا تەمـەنی پێنـج مـانگان بوو، بە ناو قـوڕو لیـتـاو و ژێر باراناوی مـانگی دوودا تێـپـەڕین، ئەوکـاتە ئەوبەری ڕووبارەکە پڕ بوو لە مین، مینـەکـان هێندە زۆربوون دەتووت بێستانی شـوتی و کاڵەکە، پێمانوابوو ئەمـبەری ڕوبـارەکــــەش ســـــەرەتـای بـەهـەشـت و دۆزینـەوەی ئـەردێکـی تـرە بـۆ نەجاتبوون، بۆ ئارامـی و دەستپێکردنـەوەیەکی نوێ و نزیک بوونەوە لە خـەونـە پڕ لە فـەنتـازیاکـانی ئازادی، عـەشق، نـووسین، ڕۆشنبـیـری، لە ئارامی و ئـامێـزی پڕ خـۆشـەویسـتـی. ئەو ڕۆژە من پشـتـم لە سـیـمـاو دەنگی هـەمـوو هاوڕێ مـردووەکـان و زیندووەکـان کـرد و کـەس و کـارم بەدەم هەنسک و گریانەوە بەجێهێشت، گۆڕی دایکێکم بـەجێهێشت کە هێشتا ئێسقانەکانی گەرمبوون، گەرمی ئەو خوێنە ڕژاوانەی ڕاپەڕین و ئەو هـەزاران هـەزار وێنـانەی کـە بەسـەر دیوارەکانەوە بـوون، هـەمـوویانم

بەجێهێشت، من هەر زوو هەستم بە تەنهایی و هەیبەتی ئەو عەقڵیەتە کرد کە ئیدی ئەو دەبێت هەموو شتێک ببات بەڕێوە. جگەرەکەم تەواوبوو هاتمەوە ڕیزی بەردەم ئەو ژوورەی کە دەبوو پاسپۆرتەکەمی نیشانبدەم و دوای دۆزینەوەی ناوەکەم لە لیستی ناوەکاندا، بپەڕمەوە بۆ وڵات.

لەگەڵ خۆم دەدوام و دەمووت خودایە بۆ دەبێت کوردبوون ئەم هەموو عەزابەی لەگەڵدابێت، چەند زەحمەتە خوایە ئینسان لە نێوان ئەم جەنگەڵانەدا کوردبێت!

پیاوێک لەو موسافیرانەی کە تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵێک دەبوو، لە ڕیزەکەدا لە پێش منەوە وەستابوو، دەستەکانی وەک بی بن ئاو دەلەرزین و پاسپۆرتەکانی هەمیشە ئەمدیوئەودیو دەکرد و تفی قوتدەدا، لەوێدا تێگەیشتم ڕەگی ترس دەکرێت هێندە درێژبێتەوە کە چەندەها ساڵ دوریش لە کوردستان و ئەو ڕژێمە داپڵۆسێنەرانە درێژەبکێشێت، وە دەکرێت بە تەنها سەردانەوەیەک وەک جاران ئەو ڕەگی ترسە سەوزبێتەوەو کاریگەری خۆی لەسەر کەسایەتی ئینسانی کورد نیشانبداتەوە، ئەم گەڕانەوانە بریندارکردنەوەی ئەو یادوەریە تۆقێنەرانەن. بۆیە چوونە بەردەم کەسێک کە هێزی پرسیارکردنی هەیە بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی تۆ، هێندە ترسێکی کاریگەری بەجێهێشتووە لە یادوەری ئینسانی کورددا کە پێیوایە بڕیاری هەتاهەتایی بوونی ئەو لەدەستی ئەودایە. پیاوەکە هێندە دەترسا نەک من بەڵکە هەمووومان ئەو ترسەمان دەناسییەوەو شەرم دایدەگرتین، نەک تەنها بۆ ئەو بەڵکە بۆ ئەو ترسەی ناو دەروونی خۆشمان کە هەریەکەمان بە جۆرێک بە سیمامان و لەرزینی دەستمان و قرخی قوڕگ و تێکچوونی تۆنی دەنگمان و چاو تروکاندنەکانمانەوە دیاربوو، ترس لەوەی کە تۆ بۆت

نییە لەم ئاوە بچیتە ئەوبەرەوەو لەکوێوە هاتوویت دەبێت بگەڕێیتەوە، یان بەندکردن و چارەنووسێکی نادیار. نۆبە هاتە سەر ئەو پیاوەی کە لە بری ئارەقە ترسی دەردەدا. کاتێک لێپرسراوەکە چاوی بەناوەکاندا دەگێڕا؛ پێی ووت: تەنها ناوی تۆ و منداڵەکەت فاکس کراوە و ناوی خێزانەکەتی تیا نییە، لەبەر ئەوە دەبێت بچیتەوە بۆ قامیشلی، یان بەتەنها خۆت و منداڵەکەت بپەڕنەوە. لەگەڵ بیستنی ئەم قسەیەدا ژنی پیاوەکە دەستی کرد بە گریان و فرمێسکەکان هێندەی ژمارەی دووری ڕۆژەکانی ژیانی لە کوردستان دابارینە خوارێ. بەرپرسەکە پێی ووتن بچنە دەرەوە. دوای نۆبەی چەند کەسێکی تر کە دواهەمین کەس من بووم، چوومەپێشەوە. دوای چاوگێڕان بە هەر سێ لیستی ناوەکاندا ناوی منیشی تێدا نەبوو، بە بەرپرسەکەم ووت من و «هەردی» پێکەوە کاروباری پەڕینەوەمان کردووەو ناوەکانمان لە دووی یەکترییە. بەڵام تەنها ناوی هەردی نووسرابوو، دواتر تێگەیشتم نزیکی ناوەکانی من و هەردی بۆتە هۆی ئەوەی کە ناوی یەکێکمان بپەڕێنرێت و هەستی پێنەکرێت، چونکە بۆ کەمبەختی من ناوی باوک و باپیرمان چوون یەک بوون.

کە لە ژوورەکە چوومە دەرەوە، ژنەکەم بینی هەردەگریا و قسەی بە مێردەکەی دەووت، کچە قژ زەردو شەش ساڵانەکەشیان بە خەمبارییەوە سەیری دەکردن. بەرپرسەکە بەیەکێک لە شوفێری پاسەکانی ووت کە بمانگەیەنێتە ناحیەی « رمیل»و لە ناوەکانمان بپرسینەوە بەڵکە لەوێ لە گۆڕینی لیستەکاندا ناوەکانمان پەڕیبن، دەنا دەبێت سەرلەنوێ بچینەوە بۆ قامیشلی و هەواڵپرسی کاروباری پەڕینەوەکەمان بین.

من لە تووڕەبووندا هەموو گیانم پلی دەداو، لەبەرخۆمەوە دەمووت: دەبێت بۆ هێندە کوردبوون زەحمەتبێت. لەپێشی پاسەکەوە سواربووم و

ژن و پیـــاوەکـــە و منداڵەکـــەیان کـــە ناوی «لیـــزان» بوو لـە پشـــتـــەوە سواربوون. ژنەکە هەر دەیبۆڵاند و بە پیاوەکەی دەووت: تۆ وەکو خەڵکی تر کارەکـانت نەکردووە، بۆیە وامـان بەسـەردێت. پیاوەکە بـەشـەرمـەوە سەری هێنایە پێشەوە بۆ لای من و ووتی: کاکە گیان تۆ بەدەستی خۆت کـاروبـارەکـەت برد بـۆ «مـخـابرات» یان لێـپـرسـراوانی پارتی خـۆیان بردیان؟ لە وەڵامدا ووتم: هەڵبەت ئەوان بەو کارە هەستاون دەنا کەس بەتەنها ناتوانێت کاروبارەکانی بەدەستی بەرێت. پیاوەکە ڕوی کردەوە ژنەکـەیی و ووتی: گـوێت لێـیـە ئافـرەت، من هەڵەم نەکردووەو ڕێکەوتە ناوی ئێـمـە لـە لیـسـتـەکـاندا نیـیـە. ژنەکـە هەر دەیبـۆڵاند و دەگـریا و پیاوەکەش ئیدی بێدەنگ بوو. ئاوڕێکم لە ژنەکە دایەوەو پێموت: تکایە لەبەر خاتری منداڵەکەتان ئەوەندە مەگری، چوونکە گریان دادت نادات. دیاربوو قسـەکانی منیش بێسود بوو. شـۆفێرەکە ناوی «کادار» بوو، ووتی: دەچینە مـوخـابراتی «رمـیل » بەڵکە لەوێ ناوتان هەبێ، هەمـوو هەوڵێکیش دەدەم کارێکتان بۆ بکەم. من پێموت: دەتوانیت لەبری ئێمە چەندە پارەیان وویست بیـاندەیتـێ. کـادار ووتی: هـەمـوو شـوێنـێ پارە وەردەگرن، تەنها موخابرات نەبێت، لەبەر ئەوە بیرکردنەوە لەو ڕێگەیە بێ سودە.

کاداری شـوفێـر هێند بەلەز پاسە خـڕیلانـەکەی داژۆ، هەمـوومـان وەک دەنکە گـەنمەشـامی سـەر ئاگر هەڵدەپەڕین، بەدەست منبـووایە لە پەستی و توڕەبوونمدا حـەزمـدەکرد هێندەی تر خێـراتر لێبخـوڕێت، تا ئەو توڕەبوونەم کەمێک هێدی و ئارامتر بێتەوەو خوێن هێندە هروژم بۆ سـەرم نەبات. جگەرەیـەکم پێکردەوەو دیقـەتی سـەرلەقـاندنی ئەو پەمـپـە نەوتیـانەی نزیک ڕێگاکەم دەدا کـە هەروەک سـەری ئەسپ هێدی هێدی نەوی و بەرز دەبوونەوە، لە هـەر پەمـپـێکیـشـەوە بۆرییـەکی باریک درێژ

بووبۆوه تا دهگهیشته پهمپێکی ترو لهوێشهوه لهناو وشکایی و کرکای کرکی ئهو دهشتهدا ووندهبوو، پێدهچوو ئهو پهمپه نهوتیانه ههڵمژینی چۆڕاوگهی ئهو بیره نهوتیانهی نزیک شاری «موسڵ» و دهوروبهری بن، بهیهکداچوونی بۆرییه لاوازهکانی ئهو پهمپانه هێنده نارێک و زۆربوون که له زۆر شوێندا تهقیبوون و بهردهمیان بووبووه گۆلاوێکی ڕهشی پڕ له نهوتی خام. سهر ڕێگا پڕ له چاڵ و چۆڵیهکهو ئهو دهشته سهرتاپا بووبووه کانگای تراویلکهی پڕ له هالاو، خۆریش له ئاسماندا بێ جووڵه وهستابوو.

گهیشتینهوه ناحیهی «رمیل» و له دهروازهیهکی گهورهی بهدڕک چنراوهوه گهڕاینهوه ئهو شوێنه تایبهتیهی که جێی دائیرهی ئاسایشی ئهو ناوچهیه بوو. ههمووومان ڕوو له پرستگهکه ڕۆیشتین، کادار لهتهک بهرپرسی پرستگهکهدا به لیستی ناوهکاندا گهڕا، بهڵام ناوی هیچ کام له ئێمه لهو لیستانهدا نهبوون. بهرپرسهکه بهخوێنساردییهوه ووتی: دهبێت بچنهوه بۆ قامیشلی. کادار به چرپه لهگهڵی دهدوا، بهڵام دیاربوو بێسود بوو. دوای کهمێک ههناسهیهکی ههڵکێشاو هێزی بهردایه خۆی و تهلهفونهکهی ههڵگرت و تهلهفونی بۆ «ابو رامی» کرد له قامیشلی، بهرپرسهکه تهنها فریای ئهوهکهوت بڵێت که دووکهس ناویان له لیستهی پهڕینهوهدا نییه، ئیدی قسهکانی تری تهواونهکردو ڕهنگی پهڕی و تهلهفونهکهی داخستهوه؛ ئهوییش مۆڕهیهکی له کادار کردو به تووڕهییهوه پێیووت: تۆ ههر دهتهوێت من بشکێنیت، پێمنهوتیت مهحاڵه و ههردهبێت بگهڕێنهوه بۆ قامیشلی.

ههمووومان بێهیوا ماین و لارهمل ڕێی دهرهوهمان گرت بۆ سواربوونهوهی پاسهکهو گهڕانهوه بۆ قامیشلی. بهڵام لهپڕ بانگی کاداریان کرد، بۆ ماوهی پێنج دهقیقهیهک چاوهڕوانمانکرد تا هاتهوه؛

خـێـرا کـادار پێـیـوتـین: وەرن مـەسـەلەکـەی ئێـوەم لای «ابو هـانی» باسکردووە، تـۆ، بە ژنەکەی ووت لەوێ بگری و بڵێ نەخۆشی شـەکرەم هەیە، بەمنیشـی ووت تۆش بڵێ باوکم لەسـەرە مـەرگدایەو دەبێت فریای بکەوم. لەبەردەمی نووسـینگەکـەوە تێپـەڕین و بە مـەمـەڕێکی باریک و درێژدا ڕۆیشـتین تا گـەیشـتـینە بەردەمی ژوورێک، هەمـوومـان چووینە ژوورەوە، لەوێ «ابو هـانی» هەسـتـایە سـەرپێ و بەخـێـرهـاتنی کـردین، ووتی: دانیشن و ناوەکانتان بنووسن هەر ئێستا تەلەفون بۆ «ابو رامی» دەکەم لە قامیشلی و لە ناوەکانتان دەپرسمـەوە. هەمـوومـان ئاهێکمـان پیـاداهاتەوەو سـەرو پـەرداخـێک ئاوی سـاردمـان لە دۆلکە بەفراوەکـەی سەر مێزەکەی ئەو کرد بە گەروومـاندا؛ ئەوجا فریا کەوتم چاوێک بگێڕم بە ژوورەکـەدا، دیـوارەکـانی ژوورەکـە نۆ وێنەی حـافـز ئەسـەدی پیـادا هـەڵواسـرابوو، وێنەیەکی حـافـز ئەسـەد و بشـاریش پێکەوە لە چوارچێوەیەکی بچـووکدا لەسـەر مێزەکـەی دانرابوو، چەند وێنەیەکی تریش لەژێر شـوشەی مێزەکەیدا دانرابوون و چوارچێوەیەکی بچـووکی بەتاڵیش لەسەر یەخچاڵە بچکۆلەکەی قەراخی ژوورەکە دانرابوو. دوای نووسـینی ناوەکانمـان «ابو هـانی» زەنگی تەلەفونەکەی باداو لەگەڵ «ابو رامی» دا قسـەی کرد، تەلەفـونەکەی داخـسـتـەوەو ووتـی: بۆ مـاوەی دە دەقـە برۆن چاوەڕێ بکەن تا بڕیاری پەڕینەوەتان دەدرێت. هـەمـوومـان لە دووی یەک ڕۆیشـتـینە دەرەوەو دوای کـادرۆ کـەوتین، بەرەو مـەمـەڕێکی باریکـی تر ڕۆیشـتین و لـە دەرگـایەکـەوە چووینـە ژوورێ، کـە سـەرەتای مـەمەڕێک و دەستـپێکردنی چەند ژوورێکی تر بوو، ژووری یەکەم شـەش کۆمپیوتـەری تێدا بوون و چەند کەسێک کاریان لەسـەر دەکردن، ژووری دووهەمیش چەند کـەسێکی تر لە پشـتـی مێزەکانـەوە دانیشـتـبوون و سـەرقاڵی کارکردنبوون، ئێمـە چووینە ژووری سێـهـەمـەوە. بێدەنگی و

سیمای دەسەڵات لێتکاوی کەسەکانی ئەوێ و زیتیی چاویان بۆ خۆی جێگای بەخەبەرهێنانەوەی ترس و گەڕانەوەی ئەو یادوەریانە بوون، کە ئێمە هەموومان تەمەنێکی درێژ درێژە لەگەڵیاندا دەژین. ژوورەکە چۆڵ بوو، تەنها مێزێک و چەند کورسییەکی لێبوو، لەبەر دەرگاکەشدا پانکەیەکی ژەنگاوی و جیکە جیککەر دەسوڕایەوە. هەموومان دانیشتین و دوای کەنگێک سێ چایان بۆ هێناین، من زوو چاکەی خۆم فڕکرد و سیگارێکم پێکرد، باوکی مناڵەکەو ژنەکەش دەستیان کرد بە خواردنەوەی چاکانی خۆیان، فرمێسکەکانی ژنەکە هەر خۆشی نەکردبۆوەو چاوەکانی دڵۆپەیان دەکرد، پیاوەکە بەدەستە لەرزۆکەکانیەوە هەرچۆنێک بوو چاکەی خواردەوە، مناڵەکەش هەر سەیری ڕووتی دیواری ژوورەکەی دەکرد کە جگە لە وێنەیەکی حافز ئەسەد هیچ شتێکی تری پیادا هەڵنەواسرابوو؛ هێندەی نەبرد پیاوێکی خڕیلانەی ڕەشتاڵەی دەموچاو مۆن و تووڕە هاتە ژوورەوەو بەبێ ورتە لە سەر کورسی ئەودیو مێزەکەی بەرامبەرمانەوە دانیشت، چاوەکانی لەسەر چاو و سیمای ئێمە نەدەتروکاند، جگەرەکەی دەمیشی هەر بە نوکە زمان و دان دەگواستەوەو دەستیشی بەسەر قایشی ورگە دەرپەڕیوو ناشیرینەکەیەوە بوو، تێڕوانینی ئەو بۆ ئێمە هەر درێژەی دەکێشا، بە نیگایەکەوە لە ئێمەی دەڕوانی چوون نیگای ڕاوچی لە نێچیرێک کە لە گیانگەشتابێت، چاوەکانی دوو چاڵی ڕەش بوون لە ڕق، بەهەمان سیلە لە ئێمەو لە جوڵەی قاچەکانی سیزانی منداڵی دەڕوانی، لەویادا ئەو پیاوە دەستی کرد بە گەمەیەک کە گەمەی بێدەستەڵات و دەستەڵاتداربوو، بە چاو دەیووت: ئێوە چین، هەی جانەورینە، من دەتوانم عەزابتان بدەم بەبێ ئەوەی وشەیەکیش چییە بە فیرۆیبدەم. پیاوەکە هەر بە زمان فلتەری جگەرەکەی بەردایەوە ناو ئەو سەبەتە

خۆڵە پیس و دڕاوەی تەنیشت مێزەکەو بەپەلە جگەرەیەکی تری خستەوە نێوان دانەکانی، وەک بەوەی بڕیاری دابێت کەمترین کات جگەرەکانی سەر لێوی بەردەست و پەنجە خڕەڵەو ئاوساوو ڕەشەکانی بکەوێت. کە من چاوم لەسەر چاوی ئەو دەوەستایەوە، ئەو زیاتر زمانی هێماکانی سیماو چاوی بەکاردەهێنا بۆ سوکایەتیکردن و بەهیچ نەزانینی من، ناچاربووم هەندێ جار نیگای چاوم بەئەنقەست بخلیسکێنم و چاو لەسەر چاوی لابەرم، بەڵام ئەو کاتانە هەستم دەکرد ڕووتووقووت کراومەتەوە لەبەهاو ماناکانی خۆم، وەک پیاوێکی زەلیل خۆم دەبینی، ئەو دە دەقیقەیە هەر نەڕۆیشت و ئەو پیاوە ورگن و خڕیلانەیە ئێمەی بە نیگاکانی خۆی کوشت و هیچی نەووت، وەک بەوەی بێت تواناکانی خۆی لەم ژوورەوە تاقیبکاتەوە و ئێمە بکاتە گۆڕەپانی سەرکەوتنێکی ئاسان لەتەقەکردن و چەقۆ وەشاندن و لەسێدارەدان بە شێوازێکی تر، کە ئەویش زمانی سیما و چاوە، ئەو زمانەی کە جوانترین ئەلفوبێکانی تری پێکهێناوە لەناو زمانەکانی تردا لەبەردەم گوزارشتکردن بۆ عەشق و جوانی. ئەو ڕۆژە تێگەیشتم کە هەموو زمانەکان بەهەمان قەبارەو سیحری خۆیانەوە لە توانایاندا هەیە ڕووە پێچەوانەکەی خۆیان پیشانبدەن، زمان دەبێتە فریادڕەس و فریشتەو سیحربەخشینی جوانی بە ژیان، لەهەمان کاتیشدا دەتوانێت ببێتە جەلاد و شەیتان و کوشتنی ژیان. زمانی ئەو دەستەڵاتێک بوو کە دەیووت: تۆ بۆت نییە زمانێک بەکاربێنیت جگە لە زمانی چاو کە ئەویش ئەوەیە دەبێت سەرداخەیت و لە جەبەرووتی چاوەکانی من نەڕوانیت، من هێزی پەلوپۆی ئەو پرسیارەت دەشکێنم کە بەمن دەڵێت بۆچی وا تێمدەڕوانیت؟ ئەمەش پێچەوانەی عەشقە کە هێزی پەلوپۆ دەداتە ئەو پرسیارەی کە دەڵێت: ئازیز بۆ ناپرسیت کە من بۆ وا سەیرت دەکەم؟

ئەو دە دەقیقەیە من بوومە تراویلکە و تەڕایی لە جەستەمدا نەما؛ ئیدی هەستمکرد شکستمهێنا و دۆڕام، دۆڕام لەبەردەم دەستەڵاتێکدا کە توانای داگیرکردنی منی هەیە بە چاوەکانی، توانای داگیرکردنی جەستەمی هەیە پێش جەستەی نیشتمان، توانای دیلکردنی یادوەریەکانی منی هەیە، ئەو دەستەڵاتەی کە مێردەزمەی خەونە ناخۆشەکانی منە؛ ئەو دەستەڵاتە تەڕایی ئەو یادوەریانەم دەمژێت، کە قاسپەی دەنگێک یا بینینی دیمەنێک ڕەنگە ببنە هۆی گەڕانەوەی سەرومالّی ئەو یادوەریانەی کە لە ناو قوولّترین و نادیارترین و نهێنیترین شوێنەکانی هەستی مندان، ئەو یادوەریانەی لەبەر خاتری بەها بێسنوورەکانی ئینسانی بوونی خۆم، فێرمدەکەن کە ئەمڕۆ ڕۆژێکی نوێیە و دەبێت ژیان خۆشترکرێت.

کارمەندێک لەگەرمەی ئەو شەڕە بێدەنگەدا کە هێندەی جەنگە گەورەکان کوشتاری هەبوو، سەری بە ژوورەکەدا کرد و ووتی وەرن بۆ لای «ابو هانی»، کە چووین وەرەقەیەکی نووسی و دای بە کادرۆ و ووتی هەر ئێستا بپەڕنەوە؛ هەموومان سوپاسێکی زۆرمان کرد و بەلەرەی دڵخۆشییەوە سواری پاسە خڕیلانەکە بووین و بەرەو فیشخاپور گەڕاینەوە. لە ڕێ کادار ووتی «ابو هانی» پارچەیەکی ئۆتۆمبیلەکەی داومەتێ تا بچم لە «حەڵەب» بۆی بکڕم، لەبەر ئەوە ئێوە دەبێت پارەی هاتووچۆی حەلەبیشم بدەنێ، ئەوەبوو یەکی بیست دۆلارمان دایە.

لە ڕێگا گوێم لە هەندێ وشەی سویدی بوو کە لیزان بەدەم خۆیەوە دەیووت، ئیدی منیش بە سویدی قسەم لەگەڵ کرد. دەستمان کرد بە باسکردنی باخچەی مندالآن، من گۆرانی بەرخە سپیەکەو هێلکەشەیتانۆکە بچکۆلەکەم بە سویدی بۆ ووت و ئەویش گۆرانی پیپی لۆنگستروم « پیپی گۆرەوەی درێژ»ی بۆ ووتم ، ئیدی من و لیزان بووین

بە هاورێ. بوون بە هاورێ لەگەڵ منداڵاندا گەلێ جیاوازتر و بێتەکلیفتره وەک بوون بە هاورێ لەگەڵ گەورەکاندا، منداڵان ڕەنگە کۆمەڵایەتیترین گروپی سەر ئەم زەوییە بن کە بەبێ مەرجی قورس و گران دەکرێت ببیتە هاورێیان، ئەوان چییان بووێت دەیڵێن؛ ئەگەر هاتوو مەرجە خێزانیەکان بەسەریاندا زۆر زاڵنەبن، ئەوا هەمیشە دەرگاکانی فەنتازیاو بوون بە پاڵەوانی چیرۆکەکان هێندە ئاسانە نەبێتەوە. دایک و باوکی لیزان ئەمجارەیان لە گەڕانەوەدا لەتەنیشتیەکەوە لە پێشەوە دانیشتبوون، من و لیزانیش لە ڕیزی دواوەی پاسەکەوە، سەیرم کرد باوکی لیزان وردە وردە شانی لە شانی ژنە گرینۆک و بۆڵەبۆڵکەرەکەی نزیک دەکاتەوە، دوای یەک دوو تاسەی پاسەکەی کادار شانیان بەریەکتری کەوت، دیاربوو لیزانش پێش من هەستی بەوە کردبوو، بۆیە هەردوو ئەنیشکی خستە سەر کوشنی کورسیەکەو هەردوو بەری دەستی هێنا بە ڕوومەتی باوک و دایکیدا.

باڵدارە کورتفڕو خاکییەکان هەندێ جار دەهاتنە بەر پێچکەی پاسەکەو خێرا تێدەپەڕین، بەڵام لە یەکێک لەو جارانەدا باڵدارێکیان خۆی کێشا بە جامی پاسەکەدا و شلبوو کەوت، لیسا دەموچاوی تێکچوو ووتی: ئەوە مرد ؟! منیش ووتم: نا ئەوە یاری دەکات و وەکو «ڕوشکانە» خلیسکێنە خۆی بەسەر شوشە لوسەکەی پاسەکەدا دەخلیسکێنێ. لیزان وازی لە من هێناو بەرەو خەیاڵاتەکانی خۆی سەفەری کرد. لەو کاتەدا دەنگی گۆرانییەکی موحەمەد شێخۆ کە لە ڕێکۆردەرەکەوە بەرز دەبۆوە، سیماو ڕەنگی موحەمەد شێخۆیان هێنایەوە بیرم، ئەو پیاوەی کە لە ناوەڕاستی ساڵەکانی هەفتادا لە تەلەفزیۆنە ڕەشو سپییەکانەوە گۆرانی ڕەنگاو ڕەنگی دەوت، ئەوسا ئێمەی منداڵ لەو گۆرانیانە نەدەگەیشتین بەڵام حوزنێک لەو دەنگەدا بە

هێمنی دەیدواندین و لێمانگەڕا تا گەورەبووین، ئەوسا بە ئەنقەست خۆمان لە مانای گۆرانیەکانی ئەو وێڵ دەکرد و تێنەدەگەیشتین لەو زاراوەیەی کە وەک زاراوەی ئێمە گۆرانی نەدەوت، لێ ئێستا مانای سادەڵی گۆرانیەکانی دێتەوە لای هەمووومان و دەڵێت «لاوکۆ وەرە مالامە و من بخوازە سەحکە کەلامە، گوستیلکێ تێخا تلامە لاوکۆ ئەز بێریڤانم».

گەیشتینەوە ئاستی ئەو تاکە ژوورەی سەر بنکەی سنوور و دوای پێنج دەقەیقەیەک یەکی پسوڵەیەکی بچووکمان وەرگرت، جانتاکانمان سواری ئەو پیکابە کرد کە نزیکەی سەد و پەنجا مەترێک بەرەو ڕێگا سەرەو لێژکەکە دادەبەزیە خوارێ بۆ سەر ئاستی قەراخ ڕوبارەکە، لەوێ جانتاکانمان سواری بەلەمێک کرد و خۆشمان لەگەڵیدا سواربووین، لیزان لەپاڵ منەوە سواربوو، دایکیشی لە ترساندا باوەشی بە مێردەکەیدا کرد، لە دڵی خۆمدا ووتم: خۆزگە لەبری ئەو ترسە دەربڕینی خۆشەویستی بوایە. خوڕەی ئاوەکە فێنکیەکی دەدا بەو هەمووو ماندووبوون و ئارەقەیەی کە لە بەژنمان دەچۆڕا. لیزان لێی پرسیم ئەم ئاوە چەند ماسی تیایە؟ تۆزێ بیرم کردەوەو ووتم: ئەوەندە ماسی تیایە کە ڕەنگە هەردووکمان فریای ژماردنیان نەکەوین. لەوبەری ڕووبارەکە سێ چەکدار وەستابوون، یەکێکیان داوای پسوڵەی بارەگای پارتی لەقامیشلی لێکردم. منیش توشی سەرسوڕمان بووم و ووتم پسوڵەی چی؟! هیچ پسوڵەیەکیان نەداومەتێ! چەکدارەکان خێرا هێمایان بۆ بەلەمەوانەکەی سەر بەلەمەکە کرد، ووتیان ئەمە پسوڵەی پێ نییە و بووەستە و بیبەرەوە بۆ ئەو بەر. یەکێکیان بەوانی تری ووت: با بچینە سەرەوە بەڵکە لەوێ ناوی هەبێ. خۆمان و جانتاکانمان سواری پیکابێک بووین و چووینە یەکەم بنکەی پێشوازیکردن، لەوێ

بۆم دەرکەوت کە ناوی منیش لە پسولّەی ئەو کەسانەدابووە کە پێش من پەڕیونەتەوە، یەکێک لە چەکدارەکان هێمای بۆ بەلەمەوانەکە کرد و بەلەمەکە ئیدی بۆ ئەو بەر گەڕایەوە، حەزمدەکرد لەوێدا وەک ماسیەکی گەورە یان نەهەنگێک لەناو ئەو ئاوەدا قەپێک بە بەلەم و بەلەمەوانەکەدا بکەم و هەپرون بە هەپرونی بکەم.

لە داگرتنی جانتاکاندا بووم، یەکێک لە چەکدارەکان ووتی: مامۆستا قەلّەمت بۆ هێناوین، منیش ووتم: ئا، بەو مەرجەی نامەی دلّداری پێبنووسن. سەرو قەلّەمم دانێ و چوومە نێو بینای بنکەی پێشوازیکردنەکەوە. لەوێ هەستم بە ئاسودەیی و فێنکییەکی سەیر کرد، خۆم بەو کەروێشکە دەهاتە بەرچاو کە سەدەها ڕێوی و سەگ و تانجی دوای کەوتوون و ئەویش لە پڕ کونێک دەدۆزێتەوەو قوتاردەبێت. هەستمکرد وڵاتێکی وێران و پڕ لە ئاشوبم لە دووی خۆم جێهێشتووەو گەیشتوومەتە وڵاتێکی هێمن، کە ئەو وڵاتەش هی منە. لەویادا یەکەم دێڕی ڕۆمانی «سالّی مردنی ریکاردۆریس»ی «خوسیە ساراماگۆ»م بەدەنگی بەرز لەبەرخۆمەوە ووت: لێرەوە دەریا تەواودەبێت و زەوی دەستپێدەکات.

دوای دەموچاو شۆردن و کێشانی جگەرەیەک بە ئاسودەیی، لە شوێنی پێشوازیکردنەکەم ڕوانی کە چەند بینایەکی جوان و پاک و تەمیزەو هەر لە کۆشکێکی چکۆلانە دەچێت. ئەوەی کە جێی سەرنج و ئافەرین بوو ئەو شێوە بەڕێوبردنە ئیدارییە بوو کە کاروباری موسافیرەکان لە هەر ژوورەو بە حورمەتەوە بەڕێ دەکرا، هەر ژوورەش ژمارەیەکی تایبەتی هەبوو، لەگەلّ بەڕێکردنی کارەکاندا دەنێردرامە ژوورێکی تر و ژمارەی ژوورەکەیان پێدەووتم، لەیەکێک لەو ژوورانەدا کە کارمەندەکە کۆپی پاسۆپرتەکەمی کرد، تۆزێ سەری نەوی کرد و لەو

لیستەیەی بەردەمی ڕوانی کە هەندێ ناوی تێدابوو، دیاربوو ئەو ناوانە جێی مەبەستبوون لەلایان. لە ژووری ژمێریاریش پەنجا دۆلاریان لێ وەرگرتم و وەسڵێکیان دامێ، بەڵام ئەوەی جێی پێکەنین بوو بۆ من، گرفانی چۆغەی ژمێریارەکە جێی هەڵگرتنی پارەکان بوو، نەک قاسەیەک کە بە جۆرێک لە جۆرەکان نیشاندانی دڵئارامییە لە بەرامبەر موسافیرەکاندا.

من و لیزان و دایک و باوکی سواری تاکسییەک بووین و بەرەو دهۆک ڕۆیشتین. لە ڕێگا کەمێک ئارامی و ئاسودەیی دڵ و هۆشی گرتم و ئەوجا بە چاوێکی تینووترەوە سەیری هەموو بنچکە درک و گیاو شاخ و گردێکم دەکرد، هەندێک جاریش لە شۆفێرەکەو باوکی لیزانم دەپرسی سەبارەت بە ناوی دێر و دێ و جێگاکانی تر. ئەوەی بۆ من زۆر جێی سەرنج بوو ئەو حاجی لەقلەقانە بوون کەلەسەر دارتێلەکانی ڕێگا هەڵنیشتبوون، یەک یەک ژماردمن، ژمارەیان حەڤدە دانەبوو کە بە درێژایی ڕێگای بنکەی فیشخاپوور تا نزیک دووڕیانی چوونە سەر ڕێی سمێڵ و دهۆک لەسەر دارتێلەکان هەڵنیشتبوون. هەندێ تارمایشم بە ئاسمانەوە دەبینی کە لە سێکوچکەیی فڕینیاندا پێدەچوو ئەوانیش حاجی لەقلەقبن، ئەگەر بێت و بەپێی شیعرەکەی «ڕەسوڵ حەمزەتۆڤ» بێت کە حاجیلەقلەقەکان شەهیدەکانی وڵاتن، ئەوا ئەو حەڤدە دانەیە هەریەکەیان لە بری هەزاران هەزار دەبێت دانرێن. من پێمـوایە جێنشینبوونی باڵدارێکی وەکو حاجی لەقلەق لە شوێنێکی جوگرافیدا، هێندەی نیشانەیە بۆ ئارامی ئەو شوێنە ڕەنگە ئەوەندە نیشانە نەبێت بۆ بوونی مێرگ و پاوانی بەرین. سەردەمانێکی زۆرە ئەم باڵدارە لە کوردستاندا ئارام و نیشتەجێ دەژی، بەڵام هەر لە ناوەڕاستی جەنگی عێراق و ئێرانەوە واتا لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە، ئیدی ژمارەی ئەم

باڵداره بێوەیە بەرەو کزی و نەمان چوو، بەتایبەتی ئەو ساڵانە ئاسمانی کوردستان و عێراق هەمیشە جێی فڕۆکەکانی عێراق و ئێران بوون. سـیـفـەتی سـەرەکی ئەم باڵدارەش فـڕینی بـەرزیەتی بەرەو ژێر هەورە سپیەکانی ئاسمان و لەوێوە باڵ کردنەوەو نیمچە وەستان و فڕینی شێوە بازنەیی، کە ئەوەش بۆ ئەوسای ئێمەی منداڵ هەمیشە ئەو جێیە بەرزە بوو کـە دەمـانوویست کـۆلارەکـانمان هێندە بەرز بکەینەوە تا دەگاتە لای حاجی لەقلەقەکان، ئەوەش هەم کارامەیی دەویست و هەم چەندەها بەکرەی بەتین و درێژ. زۆرینەی منارە بەرزەکانی کوردستان جێ هێلانەی حاجی لەقلەقەکان بوو، وەک منارەی مزگەوتی خانەقای سلێمانی و مزگەوتی «شێخەڵا»ی هەولێر، پێموایە حاجی لەقلەقەکانی سـەر ئەو دوو منارەیە دوا حـاجی لەقلەق بوون کـە لە ئاوەدانیـدا مابوونەوە، دواتر ئەوانیش لەو ساڵانەی دوایدا بەجێیانهێشتین و بەرەو نادیار فـڕین. حـاجی لەقلەق یەکـێک بوو لەو باڵدارانەی کـە لە کوردستاندا لەگەڵ کۆترە باریکەو پەڕەسێلکەو تەیرەل ئەبابیلەدا بە پیرۆز سـەیردەکران، تەنانەت بەردی دارولاستیک و قۆچەقانی منداڵە چەتوونەکانیش نەیدەوێرا بەلایاندا گیزە بکات و لێیان نزیک بێتەوە. بەڵام ئیدی جەنگ و برسێتی و چەکی گەورەکان و چەکدارەکان لە هەموو لایەکەوە بووە هۆی ئەوەی ئەو جۆرە باڵدارانەش ڕاوبکرێن و ئەو پیرۆزییەیان بشکێنرێت، شکانی پیرۆزی ئەو باڵدارانە لە ئەنجامی شکاندنی مانا کۆنەکان و لە بری دانانی مانای تر بوو بۆ پیرۆزکردنی برسێتی و جەنگ. چونکە جەنگ تەنها دژی مرۆڤەکان و سروشت نییە، بەڵکە دژی ماناکانیشە.

دووری لە نیشتمان تینوێتییەک لە تێڕوانین بۆ سروشت و شوێن لەلای کەسی تەراوگەکراو دروستدەکات، ئەو تێڕوانینانە تێڕوانینێکی

هەستیی ئەوتۆن کە زۆرجار نزیکدەبێتەوە لە حاڵەتی «وەجد»، یاخود دەکرێت بڵێین پێداچوونەوەیەکە بۆ ئەو هەستە کەڵەکەکرا و جوانکارییەی ئێمە بۆ سروشت و شوێن، کە زەحمەتە ئەو حاڵەتە بە قەبارەبووەی ناو جەستەو بیرکردنەوەمان بە ئاسانی لابرێت و لەجێی ئەوە قەبارەیەکی تر لە جوانکاریی بخرێتەجێی. هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو جوانییانەش، ئەوەندەی هەوڵدانە بۆ شێواندنی ئەو جوانکاریی و یادوەریانە هێندە هەنگاوێکی رۆشنبیریی نییە، چونکە بەسەربردنی گرنگترین ساتەکانی تەمەن کە خاوەنی بناغەکانی سەرەتاو دروستکردنی هەستەکانە بۆ شوێن، زۆر ئەستەمە بەئاسانی وەلاوە بنرێن و لە جێگای ئەوان جوانکارییەک پەروەردەبکرێت، کە بێبەریبێت لە بەدەڵەمەبوونی هەستەکانی جوانکاریی سەرەتا. من بۆ خۆم زۆر جار لە سوید هەر گردۆڵکەیەک ببینم حەزدەکەم چەندجارێک بەسەریدا هەڵزنێم ، تا ئەو نوقسانییانەی لە ئاستەکانی چێژدا کەوتوونەتە ڕوانینمەوە هەوڵی تێرکردن و پڕکردنەوەیان بدەم. شاخ بۆ من تەنها ئەو بە سومبولکردنە ناسیۆنالیستییە سادەیە نییە، بەڵکە ئاستی بەرزیی منە لە هەستکردن بە جوانی و گەیشتن بە ئازادی و فڕین. شاخ و گردۆڵکەکان بۆ من ئەو شوێنە سەرەتاییانە بوون کە لەو ساتەوەختانەی هەستم بە موچڕکەی عەشق و لەشسوکی و ڕەدکردنەوەی خود دەکرد، دەمتوانی جەستەم بە هەموو چێژەکانی سێکس و بەرەنگارییەوە تێکەڵ بەو بەرزی و نزمیانەی شاخ و گردەکان بکەم، هەستبکەم ئەوە جەستەی منە، ئەوە سنگ و شان و سەری منە، یا ئەوە تونێتی ئەندامی نێرینەی منە کەوا بۆتە هۆی ئەوەی ئەو شاخ و گردانە بەرزتر هەڵچن و نزیک ببنەوە لەژێر سکی ئەو هەورانەی کە پڕن لە ئاو و ڕووناکی و بێگەردی. بۆیە ئێستاش ئەو گردانەی بە گوڵاڵە

سوورەو نێرگز داپۆشراوون لە یادوەریمدا هەر تەڕ و ڕەنگین.

پێدەچوو لەگەڵ حەزی هەنەدەفی دڵی مندا خۆریش لەوبەرەوە لای ژوورە تەنیاکەی خاڵی پشکنینی سوریاوە سەرلەنوێ گەڕابێتەوە بۆ سەر سەری من و ئەو ئۆتۆمبیلەی کە دەیبردین بەرەو شاری دهۆک، ئارەقە بە گیانمدا پلوسکی بەستبوو، بەڵام سینەم فێنک و هەناسەم ئاسودەبوو، چاویشم هێندەی تر تیژترو دوور دەیڕوانی و دەمووت: ئەی نیشتمان، چەندە خۆشم دەوێیت.

لە دووڕیانی دهۆک تێپەڕین و بەرەو شار چووین، من هەر زوو چاوم لەسەر کێوی «قەشە فڕێ» ئەو شاخە بەرز و لاپاڵ تەختەی شاری دهۆک نیشتەوە. لەسەر لووتکەی شاخەکە بە گەورەیی لێینووسرابوو «PDK »، ئەو نووسینە هەر بەوە دەچوو مۆری دەستەڵاتێک سەرقاپی ئەو شارەی نابێتەوەو بڵێت: ئەوە من لێرەم. دیارە دەستەڵاتی حیزبی کوردی، دەیەوێت دەستەڵاتی بەرزی و سەختی شاخەکانیش بخاتە هەمبانەی خۆیەوە. ئەو چەند پیتە کە وەک ڕەفتارێکی دەسەڵاتی خۆرهەڵاتیانە و وەک ریکلامێکی حیزبی هەموو جوانی و هەیبەتی ئەو کێوەی کوشتبوو، ئەو کێوەی هەمیشە بۆ دانیشتوانی شاری دهۆک هەیبەتی مانەوەو سومبولی بەرگریکردن بوو، سەردەمانێکیش لە فەنتازیاکانماندا بۆ ئێمەی لاو هەڵزنان بە قەشەفڕێدا جۆرێکبوو لە گەیشتن بە ئازادی و ڕێگایەک بوو بۆ قوتاربوون بە ئەردی نوێ و وڵاتی نوێ. لەبەرخۆمەوە ووتم تازە قەشە جارێکی تر لەو بەرزاییە مۆرکراوەوە چۆن دەتوانێت باڵبگرێتەوەو ئازادانە بۆ لای خواو کوڕی خوا بفڕێت.

شۆفێرەکە پێش وەخت لیزان و دایک و باوکی گەیاندە گەراجی ئامێدی، گەراجەکە ڕووبەرێکی گەورەو ڕێکوپێکێ هەبوو، کە هەر ناوچەو ناوی خۆی لەسەر کەپرێکی بە چیمەنتۆکراوو ڕەنگکردوو لەسەر

نووسرابوو، ئەو گەراجە یەکێک بوو لەو گەراجە جوانانەی کە شێوەی دروستکردنی جێی ئافەرین بوو. ماڵ ئاوایم لەوان کردوو تا لیزانم لەبەرچاو وونبوو لەپەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکەوە دەستم بۆ هەڵبڕی. بەرێکەوتین بۆ بازار تا بچینە گەراجی هەولێر، کە گەیشتینە گەراجەکە کاتژمێر پێنج و نیوی ئێوارەبوو. لەوێ جانتاکانم داگرت، دەلاڵەکانی گەراج هەریەکەیان دەیانووت کات درەنگەو دەبێت پارەی سێ نەفەر بدەیت تا ئۆتۆمبیلەکە زوو رێکەوێت. منیش ووتم: چەند رۆژە من رووتدەکەنەوەو ئەزیەتم دەدەن، تکایە ئێوەش ئەوە مەکەن و پارەی دوو نەفەر دەدەم و با برۆین. من لە پێشەوەو سێ نەفەری تر لە دواوە سواری تویتا کرۆنایەک بووین وبەرەو هەولێر بەرێکەوتین. یەکێک لە نەفەرەکانی دواوە کورێکی گەنجی قاچاخچی بوو، هەرزوو لە کاتی بارکردنی جانتاکاندا بەفیزەوە بەمنی ووت: جانتاکانت وا دانێ تا من شتەکانم لە سەیتەریەکە وەرگرمەوەو لەوێ دایانێم. بە شێوەیەک دەدوا دەیویست گاڵتە بەیەکێکی لە ئەوروپا گەراوەی وەک من بکات، من سەرەتا وێڵم کرد و گووتم دیارە ئەمیش خەون بە گەیشتنە ئەو بەهەشتە درۆزنەوە دەبینێت، بۆیە حەزناکات کەسێکی وەک من بە ئسولەوە بدوێنێ. سواربووین و لە سەیتەریەکە لە بەشی گومرگ بۆ نزیکەی نیو سەعاتێک وەستاین، تا کورە قاچاخچییەکە گومرگی شتومەکەکانی داو وەریگرتنەوە، شۆفێرەکە توورەببوو دەیووت: جگە لە پرکردنی سندوقەکەی دواوە یەک کارتۆن شتی تریشی لەسەر سەیارەکە داناوە، لەبەر ئەوە دەبێت پارەی باری ئەو شتانە بدات، هەروەها پێشی نەوتووم کە لە سەیتەرەکە هێندە دوادەکەوم. منداڵە چلورەفرۆش و پسکیت و بنێشت فرۆشەکان لە ئۆتۆمبیلەکە نەدەبوونەوە، ناچار پاکەتێک بنێشتی سەهمم کڕی و ئیدی

بەڕێکەوتینەوە، پێش هەرچ کەس لە نەفەرەکان بنێشتێکم دا بەو کوڕە قاچاخچیەی کە لە دواوە سواربووبوو، سەرەتا لە دەستی نەگرتم و دوایی خۆم بە زۆر دامێ، نەفەرەکەی تریش کوڕێکی گەنج بوو، لە سەرکەوتندا دیقەتمدا دەستی ڕاستی لەسەرو ئەنیشکیەوە دروستکراوبوو، دەمانچەیەکیش بە ژێر پوزوی شەڕواڵەکەیەوە بوو، دوا نەفەریش کوردێکی کوردستانی باکور بوو کە جگە لە تورکی چەند ووشەیەکی کرمانجی دەزانی، ئەویش بنێشتێکی وەرگرتوو ئیدی هەموومان بەدەم بنێشتجوینەوە بێدەنگ بووین. کوڕە قاچاخچییەکەو شۆفێرەکە دوای هەندێ گیروگازو قسەکردن لەگەڵ یەکتریدا ڕێکەوتن و کاسێتێکی گۆرانی دا بە شۆفێرەکە تا گوێی لێبگرین. کرمانجەکەی پشتەوە لە دواوە دەستێکی دا بە شانمداو جگەرەیەکی ڕووەو من گرت، سوپاسم کرد و تێمگەیاند کە ئەو جۆرە جگەرەیە ناکێشم، بیرمکردەوە کە سالآنێکی زۆرە کەس ئاوا نەهاتووەو بڵێ جگەرەیەک ناکێشیت. سیگارێکم لە پاکەتەکەی خۆم دەرکردو هێندەی بەرزی ونزمی ئەو کێو و دۆڵانە منیش مژم لە جگەرەکەم دا، چاوم توێژاڵێک لە فرمێسک دەیگرت و چەند جارێک دەبوونە دڵۆپێک فرمێسک و لە لایەکی چاومەوە دەتکان. ئەو گۆرانیە ناخۆشەی «ئیبراهیم تاتلس» کە لە قورگی تەسجیلەکەوە دەهاتە دەرێ، ماندووی دەکردم، دیاربوو کرمانجەکەش لەمن تووڕەتربوو، هەرچۆنێک بوو بە کرمانجی بە کوڕە قاچاخچییەکەی ووت: تۆ تورکی دەزانی وا گوێ لەم گۆرانیە دەگریت؟ ئەویش ساویلکانە ووتی: نا، بەس خۆشە! لە پێکردنی جگەرەی دووهەممدا بووم خۆم بۆ نەگیراوەو کەمێک ئاوڕم دایەوەو ووتم: چاوەکەم ئێمە سەدەها دۆم و شایەرمان هەیە، خۆ هەر حەز لە گۆرانییەکی هونەریش ناکەیت گوێ لەوانە بگرە. دیاربوو شۆفێرەکە ئەو قسانەی ئێمەی بە فرسەتزانی و

کاسێتێکی تری خستە سەر. تایەر تۆفیق دەستی کرد بە گوتنی کراس زەردێ، لە ڕاستیدا هەستمدەکرد هەموو کوردستان بە شاخ و دۆڵ و هەردییەوە کراسێکی زەردی ئاودامانی لەبەردایەو تایەر تۆفیقیش گۆرانی بەسەردا دەڵێت. تایەر تۆفیق ئەو گۆرانی بێژە بێفیزو کوردە سادەدڵ و هونەرمەندە تاقانەیەی، کە مەگەر خودا بزانێت لە سەردەمی خۆیدا چەندە هەستی بە تەنهایی کردبێت، لەبەرابەر ڕچەشکاندنی خۆی و سوپایەک لە تێڕوانینی سوکایەتی بۆ کەسێک کە گۆرانی دەچڕێ و دەڵێت ژیان و کوردبوون جوانن. لە ساتەکانی چێژوەرگرتنم لەو گۆرانیە، هێندەی تر تێگەیشتم کە هونەرمەندە دانسقەکانی ئێمە، چەندە عاشقێکی تەنهابوون.

خۆر وورد وورد دادەبەزی و منیش تا دەهات گەرمییەک جودا لەو گەرمایەی کە لە پەنجەرەکانی ئۆتۆمبیلەکەوە دەهاتە ژوورێ دایدەگرتم و دەبوو بە تا، تای عەشقێک بۆ دیداری نیشتمان، ئەو نیشتمانەی کە تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە. کە تەزجیلەکە بێدەنگ بوو، دەستم کرد بە وورتەوورتێک لە دوورونی خۆمدا، هەر لە لاواندنەوە، یا لە هۆرەیەک دەچوو کە مەگەر هەر خۆم و لەو ساتەدا، دەنا کەس لە زمانی ئەو هەرێنەو و ڕەزمە نەدەگەیشت، ئەو وێنە شیعریی و ئەو حاڵەتە زۆر شازەی کە مەگەر تەنها خۆم و ئەو هەنوکەیە شایەتی جوانی ئەو ئاوازو تێکستە بدەین، کە لەدەم و ڕۆحی منێکی تا گرتووەوە دەهاتەدەرێ. زۆرجاران ڕووبەڕووی حاڵەتی وا بوومەتەوە، هەمیشەش دواتر لە خۆم پرسیوە بۆ ئەو حاڵەتانەم نەکردووە بەتێکست و تۆمارنەکردوون! ئەو حاڵەتە تێکەڵێکە لە خومار بوونێکی هێندە سەیر، کە هەموو ماسولکەکانی جەستەم خاوخاو دەکاتەوەو هێزی گرتنەدەستی قەڵەمم دەشکێنێ، سەرباری حاڵەتێکی خۆویستنی وا کە بەخۆم دەڵێم لێگەڕێ

و بۆکێی دەنووسی، خۆت لەنێو ئەو ماناو مۆسیقایانەدا نوقومبکەو سەفەرکە بۆ مەحاڵ، گەر توانیشت مەگەڕێرەوە، بچۆرە ناو ئەو لۆچ و کەلەبەرە نەبینراوانەی زمانەوەو دەم بنێ بە شیلەی ئەو نهێنیانەوەی کە لەم ساتانەدا نەبێت ناتوانیت تامیان کەیت، ئاوا هەمیشە لەم ساتانەدا لەگەڵ خۆم دەدوێم، بەڵام دواتر پەشیمانی دەمگرێت و بەخۆم دەڵێم من بۆ ئەو وێنانەم تۆمارنەکرد، بەڵام بێسووده چونکە لەکاتی ئەو پرسیارکردنەدا هەستدەکەم هێندە دوورکەوتوومەتەوە لەو جێیەی کە ئەو وێنانەی تێدابوون، وەک بەوەی ئەستێرەیەکم لەناو ملیاردەها ئەستێرە و مانگەکانی ناو بۆشایی گەردووندا لێ وونبووبێت، کە مەحاڵە دیسانەوە گەڕان و دۆزینەوەی.

خۆر هەروەک ڕەنگی سوری سەر گۆنای قۆخێک، سێوێک، یا تەقینی ئاوی ئاڵی دەنکێک هەنار، یاخود پلیشانەوەی گێلاسێک لە ژێر پێی سمۆرەیەکدا تێپەڕی و بوو بە یەک سینی لە ئاوی میوەی تێکەڵاو لە هەموو بۆن و بەرامەیەک، ئەو ڕەنگەی کە دەم پڕ لە ئاو دەکاو دەبێت بە تەقینەوەی دەنکە شاتوویەک لە سەر توێی زمان. ئەستێرەکان سەرەتا شەرمن، دواتر ئازا ئازا خۆیان بەو پەردە ڕەش و قورسەی ئاسماندا هەڵدەواسی، تابوو بە شەڕی جریوەو فرۆشتنی نازی تیشک و بریسکەی تیژی وەک دەرزی لە دڵ و چاو چەقیو لە ئاسماندا، ئەردیش هەناسەیەکی هەڵکێشاو بایەکی فێنک لەگەڵ دەنگی قورباقەکانی قەراخ چۆمەکانی ڕێگادا بەرزبوونەوە. زیک زیکەی سەر درەخت و تازە هەستاوی ژێر دڕک و داڵی قەراخ ڕێگاکە تێهەڵچوون لە چرین، گیزە گیزی مێشوولەی نزیک بە مەرەزەکان کە مانگ قاچی لە سەر پەلکی چەورو کەڵەگەتی لاسکە پڕ لە ئاوەکانی عاسی بوو بوو، فوویەکی فێنکی لە سیمای من دەکرد و منیش دەمووت: ئەی نیشتمان

چەندەم خـۆشـدەویـیت! سـالآنێکی زۆرە ئـاوا چاوەکـانم پڕ لە ئـەسـتـێرە نەبوون، ئەو ئەستێرانەی کە زۆرینەیان لە شـەوە تەنهاکانی ئەم ولآتەدا شـاهـیدی تەمـەن و ژیـان و نـهێنیـەکانی منن ، شـاهـیدی لەدایک بوون و شـەوی پێکەوە خـەوتنی دایک و باوکی منن، کە لەوێدا قـەترەیەک ئاو لە زێدانـی دایکمـدا دوای نۆ مـانگ دەبێـتـە من، دایک و بـاوکـیش دوای خــواردنـەوەی جــامــۆڵکەیەک ئاو لـەو کــوپـە بچــووک و تەزیـوەی پاڵ سەرینەکانیـان سەیری ئاسمان و ئەستێرەکان دەکەن و بە نیگایەک لە ئـاخــــروئـۆخــــری تـواندنـەوەی ئـەو لەزەتـەو بـڵاوبـوونەوەی بـەهـەمــــوو دەمـارەکـانی جـەسـتـەدا چێژوەردەگـرن، دایکـم بۆنێکی ئـەو ڕێحـانـەیە دەکات کە باوکم پێش خـۆدان بەسەر دایکمدا بە گەردن و لا چەناگـەیدا هەڵیواسیوە، ئەوسا بۆ درەنگ تێپەڕینی ئەو لەزەتەو زۆر هێشتنەوەی لە دەمارەکانی هەوەسدا هـەردووکیان بیر لە ئۆخژن و هەناسـە گەرمـەکان و تەکانەکان دەکەنەوە، زەردەیەک لەسـەر لێویان بەجێدەهێڵن و بیر لە تـەمــاحــتــێکردن و تێکئــالآنێکی تر دەکــەنـەوە. تۆ بڵــێی مـن وا دروستبووبێتم؟! تەمانابێت، تەمەنا.

ئەسـتێرەکان زمـانی زیکزیکەکان قـەرزدەکەن و دەزریکێنن، زمـانی کونـە پەپوەکان، زیکەی مێشـوولە و جیکەی کلآوکوڕە ونبووەکانی سـەر قـەراخ ڕێ دەخەنە سـەر زمانی خـۆیان و من چاوم هەر لەسەریانە، جار جــارێک هـەمــوویـان تێکەڵ دەبن و جــریوەی ئەو تـیـشـکە تیـژانەیـان لە قـەترەیەک فـرمـێسـکدا کـۆدەبنەوەو لە ئـەسـرینێکی مندا دەڕژێن؛ خـۆ ڕەنگیشە ئەو گوڵە ئەستێرانەی کە قنگیان وەک دڵی من لێدەدا و وەک گلۆپ دادەگیرسێن، قـەرزکردنی ئەو تیشکانەبن وەک نامـەیەک بۆ ئەو گیـانەوەرو پەلەوەرە بچـووکـانەی کـە نە قـەبارە نە هـەسـتـەکانی جـەسـتـە ڕێیــان پێــدەدات وەک منی ئینســـان ئاوا لـە جـــوانـی و جـــریـوەی

ئەستێرەکان بڕوانن. کێ دەڵێت وا نییە؟! چوون گەردوون پڕ لە نهێنی و پەنهانی وایە کە هەرگیز ئێمە فریای ئەزبەرکردن و تۆمارکردنیان ناکەوین، بۆنی ئەم ئەردە، ئەم ئەردەی کە بۆنی ملیۆنەها ڕووەک و گوڵ و ڕەگی وەهای لێدێت کە هەموویان لە دۆزینەوەیاندا بەشێکی لێکراوەو کەوتووی مرۆڤ ساغدەکەنەوە، کە من وای بۆ دەچم، مرۆڤ لە خەڵقی یەکەمەوە هێزێک، خودایەک، ڕێکەوتێک، بەشی تەواوەتی مرۆڤی نەدابێت لە کامڵیدا و بەڕێی هەستەکاندا پێی ووتبێت: مرۆڤ بڕۆ بگەڕێ بە ڕووەک و نێرک و گوڵ و گەڵای دەرەختەکاندا، بڕۆ بگەڕێ نوقسانیەکانی تۆ، لەناو نهێنیەکانی ئەواندان، بڕۆ بگەڕێ لەوێوە نەخۆشیەکانت، برینداری و زەخمەکانت بە هۆی ئەوانەوە تیماربکە، بڕۆ کامڵی خۆت لەڕێی گەڕان بەدووی ئەوانەدا فەراهەمبکە، دەنا نیوەی بەشی جەستەی تۆ کە نوقسانەو بێبەرییە لە نەمریی لەناو نهێنی گەڵاکان و بۆن و بەرامە و تاڵی و ترشی ئەوانەدان، تەواوی تەندروستی تۆ لە دەستی نهێنیەکانی ئەوانەدان. یان تەممەڵی تۆ و فیز و شانازی تۆ بە بوونی خۆت و جوانی و هیزی جەستەتەوە، کە جێی هەموو لەزەتەکانە وای لێکردوویت کە هێزی خوایانەت بدۆڕێنیت، ملیۆنان ساڵە تۆ هەر لەو هێزە دەدۆڕێنیت، لووتبەرزی و نەفسی بەرزت چاوتی کوێرکردووە لەوەی کە تۆ هێز و تواناکانت داویانە لەکزی، تۆیەکی داماڵراو لە هەموو ئەو هێزو پەنهانیانە، تۆیەک کە بوویت بە بێهێزترین جەستە کە ڕۆحی نورانی و پڕ شەوقی مەحاڵ لە جەستەی تۆدا جێی نابێتەوە، تۆ لە تەممەڵیدا تیشکی ئەستێرەیەکت گۆڕییەوە بە تیشکی مۆمێک لە ڕۆحتدا. تۆ هێزی هەموو پێغەمبەرەکان و سیحرزان و شاعیران و منەجمەکانت لە ڕۆحی خۆتدا دۆڕاند و بوویت بە ئینسانێکی مۆدێرنی ڕووتووقوت، ڕووتووقوت لە بەهاو هێز و توانا لە

بەدیکردنی سبەی و جوانکردنی ژیان. بێهێزی تۆیە پێغەمبەرەکانی دروستکرد، بێهێزی تۆیە ئایدۆلۆژیاکان و حیزبەکان دروستبوون، لە بێهێزی تۆوەیە شوانەکان دروستبوون، شوانەکانی دین، سیاسەت، حیزب، کۆمەڵگەو خێزان؛ بێهێزیشت لە تەنهاییتەوەیە.

ئەی مرۆڤ بڕوانە ڕوناکی ئەو ئەستێرانە، ڕۆبچۆرە نێو ئەو نهێنیانەی دەروونی خۆتەوە دەنا تۆ لە تاریکیدا دەمریت، ڕۆشنایی هەموو دنیا هێندەی ڕۆشنایی ڕۆحی تۆ ڕووناک نییە، گەر بگەیت بەو ڕووناکییەی کە لە ڕۆحی تۆدا بڵاچە دەدا، ئەوا هەموو ڕووناکیەکانی تر کز و ناڕۆشن دەبنەوە.

ئەوە تەنهاییە وا لە من دەکات بنووسم، ئەوەش هەر تەنهاییە وا لە جەلادەکەم دەکات بمکوژێت؛ ئەوەی تەنهایی من و ئەو جیا دەکاتەوە ڕادەی ڕۆشنبیریمانە بۆ خودی تەنهایی، دەنا هەردووکمان نێچیرێکین و جیاوازیمان لە بەهێزی و بێهێزیماندا کۆبۆتەوە، ئەوەی درک بە تەنهایی خۆی دەکات و بە ئاوی ڕۆشنبیرییەک ئاویدەدات کە لە کانیاوی ژیان دۆستییەوە دەڕژێت، هیچ لاوازییەکی نابێتە بێهێزی، بەڵکە تەنها لاوازییەک ئەوەیە کە ئێمە کەنگێ دەبێت درک بە جوانیەکانی ژیان و ماناکانی بێهێزی و بەهێزی بکەین. کەس بەهێز نییە ئەگەر ژیان جوان بێت، هەموومان بێهێزین، گەر ژیان دزێوبێت و بەشبکرێت بەسەر بەهەشت و جەهەنمدا، هەموومان بێهێزین گەر یەک حەقیقەت ڕێگامان بێت، چونکە حەقیقەتێکی هەمیشەیی نییە تەمەنی لە تەمەنی ئینسان گەورەتربێت.

ئەوەی هێزی ئەم ڕاڤەکردنانەی پێبەخشیم، جوانی و تیشکی ئەو ئەستێرانە بوو، کە ڕووی داگیرساوی ئەودیوی ڕۆژ ڕووناکی دەکردنەوە،.

کوردستان! خۆشم دەوێیت، ئەوەی منی لە تۆ دوورخستەوە ئەم شێوە بیرکردنەوەی من بوو، ئەم بیرکردنەوەیەی کە ڕۆژانێک پێموابوو دەبێت ئەردێکی ترهەبێت جێی ئارامی و ئاسودەیی ژیانبێت، هەریەک لە ئێمە گەر مانای نوێ نەدات بە ژیان، ئەوا ژیان بەیەک ماناوە تەمەن کورت و نەزۆک دەبێت و تەمەنی لە تەمەنی ئێمە کورتردەبێت. ژیان بۆ خۆی جوان نییە، گەر ئێمە جوانی نەکەین؛ خواش گەورە نییە گەر ئێمە مانای گەورەیی نەدەینێ.

لە ئێستادا شەڕی من، شەڕی شوناسێکە کە کوردبوونە. ئەو کوردبوونەی بۆ زۆر لە نووسەران و سیاسەتمەدارانی ئەم وڵاتە، دیارییەکی شاهانە و بەڕێکەوت هەڵکەوتنی قۆناغێکە، کە بۆ زۆرینەیان ئەو بەشوناسکردنەی کوردبوون لەو تەعریف و ئاستە سادەیەیدا مایەی دەستەڵاتێکە، کە پلەیەکی دەستەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێبەخشیوون؛ بۆ منیش مایەی گەڕان و عەزابێکە لە ئاستێکی تردا کە هەمیشە دەبێت باجی هەڵەکانی ئەوان من لەسەر ویژدان و هۆش و ژیانی خۆمی بدەم.

ئەوانە دێن و تەممەڵ و تەوەزل بەڵام زیرەکتر لە تەممەڵی پلەکانی ژێر خۆیان، دەسەڵاتەکانی خۆیان بەکاردەهێنن و هەمیشەش بیری ئەو توێژەی خوار خۆیان دەخەنەوە، کە ئەمەی ئەوان دەیکەن، خزمەتکردنی شوناسی کوردایەتی و مرۆڤدۆستییە.

کرتە کرتێک وەک تەڕکردنی نانێکی تیری یان دەنگی دەنووکی باڵدارێک جارجارە دەیدا لە سەر سەقف و جامی ئۆتۆمبیلەکە، هەموو شوێنێک تاریک و نووتەک دەنوێنێت، ئاسمان نەبێت، جار جارە ئۆتۆمبیلێک تێدەپەڕی و هەندێ جاریش گیزەی مێشوولەیەک یان بریسکەی چاوێک لەو تاریکیەدا دادەگیرسێ. دەنگی کرتە کرتەکە

زیادبوو، دواتر زانیم ئەوە دڵۆپی بارانە، هێندەی نەبرد تاوێکی تەنک و ناوەخت دایکردوو ناو ئۆتۆمبیلەکەی پڕکرد لە بۆنی خاک، من هێندەی تر پەنجەرەکەی لای خۆم کردەوە.

دوای کەمێک گفتوگۆ هەموومان بڕیارماندا لەو چێشتخانەیەی بەر ڕێگاکە دابەزین کە چێشتخانەیەکی نزیک بە شاری ئاکریّ بوو، ناو چێشتخانەکە چراخان بوو، خەڵکێکی زۆر نانیان دەخوارد و شاگردەکانیش بەدەم هەڵگرتنی سینی و دانانی قاپەکانەوە دەهاتن و دەچوون. هەندیّ کەسیش لەبەردەم ئەو تەلەفزیۆنەدا مۆڵبووبوون کە یاری نێوان هۆڵەنداو ئیتالیای پیشان دەدا، کە دوا یاری ئەو بەشەی کاسی ئەورووپا بوو. من دەمەوچاوم لە شوێنی دەستشۆرینەکە فێنک کردەوە، هەرزوو شاگردەکان بە خولقێکی زۆرەوە هاتنە سەرم، داوای نەفەرێک گۆشتم کرد، هێندەم زانی سینی لە دوای سینی بۆ لای من بەڕێکرا، شکم هەبوو کە دەبێت بە هەڵە ئەم شتانە لەسەر مێزەکەی من دابنێن، شاگردەکە زوو تێگەیشت و پێیووتم: ئەمانە هەمووی لەسەر ئەو خواردنەیە کە داوات کردووە. قاپێک شوتی و هەڵوژە و هەرمیّ، قاپێک ئاوگۆشت، زەڵاتەیەک، قاپێک خەیار و بیبەر و تەماتە، چەند قاژێک لە باینجانی سورەوکراو و شلەی فاسۆلیای تەڕ و چلفرایی. ماستاوێکی پڕ لەکەف و سەهۆڵی گرێگریّ، کۆکاکۆلایەکی شوشە و پەرداخێکی پڕ لە سەهۆڵ. دواتریش چوار شیش گۆشتی بەرخی ناسک و شیشێک تەماتەی برژاو و بیبەری توون. من هەرگیز ئەم شێوە خولقەم لە ئەوروپادا نەبینیوە، هەڵبەتە خولقی ئورستۆکراتیانەی وشک و بەئەتەکێتی ئەوروپا زۆر جودایە لەگەڵ ئەم گەرموگوڕی و نزیکەدڵییەی خۆرهەڵات. دەتووت چەند ڕۆژە نانم نەخواردووە، بەشەیدایی و بە زەوقەوە دەستمکرد بە نان خوارد. دواتر شاگردێک جگەرەیەکی بۆ

هێنام، سوپاسم کرد کە ئەو جۆرە جگەرەیە ناکێشم، زۆری کردو ووتی: دەبێت هەر لەم جۆرە بکێشیت، ئەمە خۆشترین جگەرەی ئێرەیە، زۆر سوپاسم کردو جگەرەکەم نا بەلالێومەوە. لە ئاوڕدانەوەیەکدا چاوم چووە سەر ئەو کوڕەی کە دەستێکی دروستکراوی هەبوو و وە لەگەڵ مندا لە ئۆتۆمبیلەکەدا بوو، دیاربوو ئەویش لە نانخواردن بووبووەوەو دەمێک بوو چاوەڕێی ئەو ئاوڕدانەوەیەی منی دەکرد. بە پەلە چایەکی پڕ لە حێلم فڕکرد و چوومە لای، بەدەم قسەکردنەوە چووینە سەر کورسیەکانی دەرەوەی چێشتخانەکە. سەرەتای قسەکردنمان بە یاریەکانی تۆپی پێ دەستیپێکرد و دواتر هەستمکرد کە سنگی پڕە لە پرسیارو دەیەوێت بپرسێت، بێدەنگییەکم لە نێوان قسەکانماندا دروستکرد، ئەو پرسی: من هەموو خەونێکم جێهێشتنی ئێرەیەو هاتنمە بۆ ئەوروپا، تۆ پێتوایە ئەم بیرکردنەوەیەم جێی زەرەرە یان قازانج؟ کاتێک کە گوێم لە زیرەکی و شێوەی پرسیارکردنەکەی گرت، هێدی بوومەوەو پێمووت: چاوەڕێی ئەوە لە من دەکەیت بەپێی حەزی خۆت وەڵامت بدەمەوە یان بەپێی قەناعەتەکانی خۆم. هەرخێرا ووتی: تۆ خۆت چۆنی دەبینی؟

من ووتم: هەموو کەس ئازادە لەبڕیاردانی خۆیدا، هەموو کوردێکیش وەک بچووکترین مافی خۆی هەقی سەفەرکردنی هەیە بۆ هەرکوێیەک بچێت کە بیەوێت، بەڵام گەربێت و سەفەر وابەستەی دنیایەک خەون بکەیت، کە پێتوابێت لەوێ لەو زەوی و وڵاتەی کە نازانیت چ شوێنێکە هەموو ئەو خەونانەت دێنە دی و ئاسودەدەبیت. ئەمەیان بەهەڵەداچوونە.

جگەرەیەکم پێشکەشکردو هەردووکمان سەرو مژی قوڵمان لێدا، وەک بەوەی دەمێکبێت هاوڕێی یەکتری بین، دەستم بۆ ئەستێرەکانی

ئاسمان ڕاکێشاو ووتم: کام لەو ئەستێرانە جوانترو بەشەوقترە لەوانی تر، گریمان ئەو ئەستێرە بەشەوقە ئەوروپایە. ئێمە هەموومان ڕەنگە لێرەوە ئەویش بەجێی ڕووناکی و ئازادی ببینین، بەلام دەبێت بزانین لەو ئەستێرەیەش جۆرە ژیانێک دەگوزەرێت کە خاوەنی گرفتەکانی خۆیەتی، کە زۆر جیاوازە لە گرفتەکانی ئێرە.

لەوێدا پەشیمانییەک گرتمی بەخۆمووت بۆ وا دەستم هەڵبڕی، کە ئەمە ڕەنگە بۆخۆی هێمایەک بێت کە بیری ئەوی بخەمەوە ئەو وەک من ناتوانێت بەدەستی ڕاستی دەست بۆ ئاسمان هەڵبڕێت. خێرا خۆم هێدی تر کردەوەو ووتم: دیارە ژیانی کوردستان زەحمەتە، سیاسەتیش لێرە لە پێناوی ئاسودەیی ئینساندا نییە هێندەی بۆ ڕەزیلکردن و پچووکردنەوەو کوشتنی خەونەکانیەتی، سیاسەت لێرە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە نییە ئەوەندەی بۆ دابەشکردن و لەتلەتکردنیەتی.

وەک ئەوەی ئەم قسانە دەقاودەق ڕازی دڵی ئەو بن ووتی: هەر تەواو وایە، بۆیە من دەمەوێت هەرچۆنێک بێت خۆم بگەیەنمە ئەوروپا، هەروەها ووتی: دوو جاری تریش خۆم لەو ڕێگایە داوە، بەلام سەرکەوتوونەبووم، دەمەوێت ئەمجارە یان بگەم یا با لەو سەفەرەدا تیابچم و نەگەڕێمەوە.

ووتم: ئاخر بزانە تۆ ژیانت لەبری چی دەخەیتە خەتەرەوە، چونکە ئەوروپا ئەوە نییە کە لێرەوە تێی دەڕوانیت. فریای تەواوکردنی قسەکانمان نەکەوتین و شۆفێرەکە هاتە لامان، ووتی با بڕۆین، تا پێکەوە چووینە نێو ئۆتۆمبیلەکەوە، ئەو ووتی: دەزانم قسەکانی تۆ هەمووی ڕاستن، بەلام ژیانیش لێرە مەحاڵە. منیش ووتم: زۆر ڕاستە.

لە ڕێگا هەموو ئەو چیرۆکانەی سەفەر کە بیستبوومن هاتنەوە یادم، ئەو چیرۆکانەی کە کوردی کۆچەری بۆ گەیشتنە ئەوروپا بەسەری

هاتوون و دێن، بەداخەوە لە هەزاردا یەکی ئەو چیرۆکانە نانوسرێنەوە، وەک هەموو خێرا تێپەڕبوونی بەسەرهاتەکانی تری کۆمەڵگەی کوردی، پێشکەش بە بێدەنگی یا حەکایەتێکی سەر زارەکی دەکرێت و تەمەنی لەگەڵ تەمەنی ئەو کەسەدا دەبێت کە خاوەنی ئەو یادوەریانەیە، ئیدی تەنها سینە دەبێتە دەفتەری ڕاستەقینەی ئەو چیرۆکانە. دیارە تا ئێستاش هیچ کتێبفرۆشی و کێتێبخانەیەک نەیکردووە بە عادەت سینەی تیادا بفرۆشرێ و بخوێنرێتەوە، وە تا ئێستاش داهێنانێکی تەکنەلۆژیای وا نەهاتۆتە ئاراوە کە ئینسان لە بری کتێب بۆ ماوەیەک خۆی بە خوێنەرێک بفرۆشێت، کە ئەو خوێنەرە لە توانایدا هەبێت بە هۆی ئامێرێکەوە سینەو خەونەکانی کەسی بە کتێب بوو بخوێنێتەوە.

هەستمدەکرد ئەو گەرمایەی بە درێژایی ئەم چەند ڕۆژە چووبووە جەستەمەوە، بەدەم ئەم کزە فێنک و بۆندارەی ئەم شەوە پڕ لە ئەستێرەیەوە، وەک هەڵاڵەی دەم گوڵ با دەیانبات بۆ ئەو شوێنە نهێنی و نادیارانەی کە ئێمەی ئینسان جارێ پەیمان بە هەموو نهێنیەکانی نەبردووە، ئەو هەستەی من هەستێکی پڕ لە شیعری وا بوو کە دەبوایە بمنووسیایە؛ بەڵام نەمنووسی بۆ ئەوەی ئەو هەموو بۆنە تا قولاییەکانی یادوەریی ڕۆچن و هەستەکانم لێوانلێو لێیانبڕژێ، جگەرەشم نەدەکێشا، تا بۆنیان شلوێ نەبن. وەک بەوەی بەدوای یادوەریەکانی تەمەنی منداڵی و هەرزەکارییەکی پڕ لە عەشقی شەرمنانەو ڕۆمانسیانەدا بگەڕێم، کۆڵانەو کۆڵان بەناو ڕووناکی و ڕێگای تریفە ڕێژی ئەو ئاسمانەدا دەڕۆیشتم، تا گەیشتمە ئەو شوێنەی کە ماڵی منداڵی لێ بوو، لەوێدا هەردوو لە پی دەستم گرتەوەو دەستم کرد بە گۆرانی ووتن بۆ ئەستێرەکان، تا یەکێکیان لە ئاسمانەوە بفڕێت و لە لەپی دەستمدا بنیشێتەوە، دواتر لەگەڵ خۆمی بەرمەوە بۆ ماڵێ و لە

جیاتی لایتی دەستی هەندێ لە منداڵەکانی هاوڕێم، منیش بیگرمە چاوی پشیلەکان و گرەوی بردنەوە لەسەر ڕەنگی چاوەکانیان بکەین. زەردەیەک لەسەر لێوم دەکشاو ئەو کزەبایە هێندە بە سەغاوەت و دەستسوکییەوە پەلی دەگرتم تا بردمی بۆ بەر قاپی هەرزەکاری، لەسەر پشت لەسەربان لەسەر جێگاکەم ڕادەکشام و چاوەکانم پڕ دەکرد لە تیشی ڕووناکی ئەستێرەکان، تا ئەو ڕێگا تاریک و ترسناکانەم لەبەرپێدا بۆ ڕووناک کاتەوە کە چۆن ئەو نامانە، یا ئەو یەک دوو ڕستە ئامادەو شەرمنانە لەبەردەم ئەو کچەدا بڵێم کە خۆشم دەوێت، بەیانی دەڕۆیشت و شەوێکی تر دەهاتەوە، شەوێکی تر دەهات و بەیانییەکی تریش لەکیس دەچوو، من نە نامە و نە قسە و نەهیچ شتم نەدەگەیاندە جێ. ئیدی کچەکان دەگۆڕان و نامەکانیش هەروەک خۆیان دەمانەوە، تەنها گۆڕانێک کە بەسەریاندا دەهات لابردنی ناوی یاری پێشوو بوو بە یاری نوێ. کچێک کە داتاشراوبوو لە خەیاڵ و فەنتازیاکانی خۆم، نەک خودی ڕاستەقینەی یار خۆی، ئەمەش بۆ سەرتاپای ژیانی من تا ئەو ساڵانەی بەرووش جێی گرفت و نائارامی دەرونی بوون بۆم، بەڵام دواتر تێگەیشتم کە سوڕانەوە لە بازنەی ئەم هەڵەیەدا، هەمووی دەستکردی خۆم نییە، بەڵکە هەڵەی ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە سنوورێک لە حەرام و ترسی دروستکردووە لەبەردەم کچ و کوڕی ئەو وڵاتەدا، ئەو سنوورەش بۆتە هۆی ئەوەی کوڕان و کچان وێنەی یەکتری لە زەینی خۆیاندا بۆ یەکتری بتاشن، نەک وێنەی ڕاستەقینەی یەکتری لە ڕێی نزیکبوونەوە لە یەکتریەوە بدوێن. ئێمەی کوڕان زۆرینەمان کچانمان بەو وێنانەوە دەویست کە نەخشی دەستی خۆمان بوو، نەک وێنەی ڕاستەقینەی خۆیان. ئەم دوو جیهانە، ئەم دوو ئاگرە هەمیشە دەبووە هۆی سووتانی پاوانی خۆشەویستی ئەوی تریان و ئەمەش کاریگەری لەسەر کەسایەتی

هەردوولا دروستدەکرد. ئەمەی کە دەیڵێم باسی زەمەنێکی بەسەرچوو نییە، هەڵبەتە ئێستاشی لەسەربێت، کوڕو کچی وڵاتی من هەروا دەژین و ئیدی ڕێکەوت و چەرمەسەری ژیان و گرفتە بەیەکداچووەکان مەگەر کەمێکێک بەیەکتریان بناسێنێت. من بۆ خۆم هیچ کچێکم بە وێنەی ڕاستەقینەی خۆی خۆشنەویستووە، جگە لەو وێنەیەی کە خۆم نەخشم کردبوو، بۆیە ئافرەتان بە گشتی بۆ زۆرینەی کوڕان دنیایەکی نەدۆزراوە بوون، هەڵبەتە بۆ کچانیش هەروەسا.

کزەی با دەیبردمەوە بۆ ماڵێک کە ماڵی حەرام و هەستکردن بە گوناه بوو، ئەو ماڵەی کە لە بێئومێدیدا ڕووناکی ناو کۆڵانی ئەستێرەکان و تۆزی وردی ڕژاوی تریفە دەبوونە سیماو جەستەی ڕووتوقووتی کچ و ئافرەتان، ئەوانەی لە فلمەکانی تەلەفزیۆن وفلمە تورکی و بیانیەکانی سینەما، وێنەی سەر گۆڤارەکانی جلوبەرگ دوورین و ئەو گۆڤارانەی کە تایبەتبوون بە سێکس، دەمبینین. ئەو ئافرەتانەی لە فەنتازیاکانی دەستپەڕکردندا، خۆشەویسترین و جوانترین بوون؛ بەڵام هەر چەند چرکەیەک دوای ئاهی گەیشتن بە تێربوون، ئیتر ئەو وێنەو ئافرەتانە دەبوونە دزێوترین و ناشیرینترین بوونەوەر کە گوناهێکیان بە من دەکرد کە نەدەبوو بمکردایە. هەستکردن بە گوناهی دوای دەستپەڕکردن، هێندەی تر شەرمن و بێدەنگتری دەکردم و دەیبردمەوە ناو خۆم، تەنها خۆم و بەس، کە لەوێوە لەگەڵ هەموو کەس دەدوام و قسەکانیشم هەمووی لۆژیکی و ئازایانە بوون، بەڵام تەنها ئەوە هەر خۆم بووم و لەگەڵ خۆم دەدوام و یەک کەس گوێی لەو قسانە نەبوو.

سەرەتاترین ئەزمونی خۆشەویستیم، کە ئێستاش جێبرینی خۆی هەرماوە، بەو شێوەیە گوزەشت. هەموو ئەو جۆرە خۆشەویستیانەش

ڕێکەوت دەیهێنانە ئاراوە، ئیدی یا بە گیربوونی نیگایەک، بینینی سەر ڕێگای قوتابخانەو لادانی پەرچەمێک، زەردەیەکی شەرمن و چاو نەوی کردن دەستی پێدەکرد.

منیش وەک زۆرینەی کوڕە شەرمنەکانی سەردەمی خۆم، بەڵکە شەرمنتر لەوانیش، گرفتاری عەشقێک بووم کە لە فەنتازیاکانی خۆمداو لێکدانەوە ڕۆمانسیکەکانمدا تا دەهات گەورەدەبوو، تا ڕادەی عەشقێکی ئەفلاتوونی، یا ڕاستره بڵێم چوون عەشقێکی شەرمنی «خۆرهەڵاتیانە»، ئیدی عەشق داگیری کردم. عاشقانە گوێم لە گۆرانی دەگرت، وەک هەموو عاشقانی دی دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێبەکانی «نوال السعداوی»، گوێگرتن لە گۆرانیەکانی «ام کلثوم و داروپش»، خوێندنەوەی شیعرە کوردییەکان بە دەنگی «شوکرەڵای بابان و پەروینی موشیر وەزیری»، گوێگرتن لە چیرۆکەکانی ئێوارانی ڕادیۆی کرماشان. ئەو سەردەمە عەشق وای لێکردم هەموو دیوانە کلاسیکیە کوردیەکانم خوێندەوە و زۆرینەی شیعرەکانم لەبەرکرد، تا عەشق «تالانی کردم». بەتەنها و شەرمن دەچوومە تەریکترین و تاریکترین کونجی مەیخانەکانی شار و بەدەم نەغمەی گۆرانییەکەوە، بەدیار بیرەیەکەوە دادەنیشتم و دەگریام و جگەرەم دەکێشا. چەند ساڵێک بوو پێشتر بە دزییەوە شیعرم دەنووسی بێئەوەی کەس بیانبینێ، ئیدی ئەو عەشقەش وای لێکردم هێندەی تر شەرمنتر و نهێنی تر بنووسم؛ بەدەم نووسینەوە دەگریام و خۆم دەدایە دەست خەیاڵاتی ڕۆمانسیانە، شەوانە بەدەم گریانەوە خەبەرم دەبۆوە، خەونم دەبینی «یار» لەلامەو شیعری بۆ دەخوێنمەوە. ڕەنگە من ئەو سەردەمە ڕۆمانسیترین کوڕی ناو هاوڕێکانی خۆم بووبم.

ئەو کچەی کە خۆشم دەویست ناوی «ئەمیرە» بوو، ڕۆژانە کە

دەهات بۆ قـوتابخـانە لە دوورەوە سـەیرێکی یەکـتـرمـان دەکـرد، نیـوەڕوانیش تا بـەردەرکی مـاڵیـان دوای دەکـەوتم، بـەبێ ئەوەی تەنـهـا وشـەیەکی لەگەڵدا بگۆڕمـەوە. ئەم عـەشـقـە مـانگ و سـاڵی لەگەڵ خـۆیدا پێچـایەوەو چەند سـاڵێکی خـایاند بێـئـەوەی چەند وشـەیـەک لەلای منی کوڕەوە کـە دەبوو دەستپێشکەربم بگۆڕمەوە، هاوڕێکانم هێزیان دەدایە بەرم تا بـچم بۆ لای و قـسـەی لەگـەڵدا بکەم. تەنـهـا جـارێک لە سـیلەی کۆڵانێکدا توانیم قسەبکەم کە ئەویش نیـوەی قسەکانم ئەو هاوڕێیەی کە لەگەڵمدا هاتبوو بۆی کردم، یەکێ لە نامە شـەرمنەکانی خۆشمم پێبوو. بەڵام وەڵامی ئەو ئەوە بـوو کـە لەگـەڵ کوڕێکی تردایـە. ئەو وەڵامـە بۆ من ئیدی ڕووخانی هـەموو خەونە ڕۆمانسیـەکانم بوو، ڕووخـانی ئاسمان بوو وەک شـووشـەیەک بـەسـەرمـداو ئەردیش وەک تێـهـەڵچـەقـینی ئەو شـووشـانەبوو بە قـاچمـدا. ئەو شکسـتـە هـێندە کـاریگەر بوو نـەخـۆشی خسـتم، هـەسـتم دەکرد دەروونم نەخـۆش کـەوتـووە، بۆیە دەسـتم کـرد بە خـوێندنـەوەی دەیەها کـتێبی دەروونـی، فرۆیدم نـاسـی و خـۆشـمـویست. شـەوو ڕۆژێک حـەوت تا هـەشت سـەعات دەمخـوێندەوە تا بوومە کـوڕێکی کـتـێـبی و واقـیـعم تەڵاقـدا. هـەفـتـەی ڕۆمـانێکم دەخـوێندەوە و ڕۆژانە دەمنووسـی، بوومـە خـاوەنی دەیـەها کـاسێـتی مـۆسـیـقـای دانسـقـە و سـەدەها کـتێبی جـۆراوجۆر. خـۆشبـەختـر لە هـاوڕێکانم بوومـە خـاوەنی ژوورێک لـە مـاڵی خـۆمـانداو ئیـدی شـەوانـە ژوورەکـەم جـێی پـشـیلە سەرگەردان و برسیـەکان بوو، تەپڵـەکی سەر مـێزەکەم هـەمیشـە دەیەها فلتـەرە جگەرەی لەسـەربوو. کـە دەمنـووسـی تووڕەدەبووم و دڵم خـێـرا لێـیـدەدا و سنگم هـەنەدەفی دەکـرد. ئەو دەمـە لە سـەفـەرێکی شـاری «بەغـداد»دا سـەرجـەم هـەمـوو نووسـینەکـانی «دسـتـویفسـکی»م کـڕی و خـوێندمنەوە. «دسـتـویفـسکی»م بەڕادەیەک خـۆشـدەویست کـە هـەسـتم

دەکـرد وام لێـدەکـات لە نـاوەوەی خـۆمـدا تووڕەتربم بـەڵام ڕوخـســارم هێـمنتـر بنوێنێ. چیـرۆکـەکـانـی «تەنهـایی» ی «شـێـرزاد حـەسـەن»م هەمووی لەبەربوو، دواتر گوڵی ڕەشیشم هێندەی ئەو عەشقە ناکامەم خۆشویست. بۆ قەرەبووی ئەو عەشقە و هەستانەوەم بە هەمان شێوازی پێـشـــووم چەند کـچـێکی تریشـم خـۆش وویست، بەڵام کـە تووشـی نائومـێـدی دەبووم لێـیــان، عـەشـقـی «ئەمــیـرە» دووبارە لە دڵمـدا سەوزدەبۆوە، وەک ئەو دێڕە نووسینەی پۆشکین کە دەڵێت لەگەڵ هەموو شکسـتـێکم لە عـشـقـی نوێدا عـەشـقـی یەکەمم بیـردەکەوێتـەوە. بۆیە زۆرینـەی شـەوانـی هـاوین، درەنگ وەخـتـانێک کـە ئەو دەم گـەڕان بەو کۆڵانانەدا جێی مەترسی بوو، من دەچوومە کۆڵانەکەی ئەوان و هەستم دەکرد ئێستا ئەو لەسەربانەو سەیری ڕووی ئەو مانگە گەورەیە دەکات کـە تریفـە دەڕژێنێتـە سـەر سـەربانەکـانی شـار، ئەو عـەشـقـە لەبیـر نەدەچۆوە. وەک خـووی هەمـوو ئێوارانێکیش بەبەردەرکی مـاڵی ئەواندا تێدەپەڕیم، هاوینان بۆنم بە ئاوڕشێنی بەر دەرگای ماڵەکەیانەوە دەکرد، بیرم لەو دڵۆپە ئاوانـەی سـەر دەستوپـەنجـەی ئەو دەکردەوە، کە تێکەڵی خـۆڵەکە بووەو بۆن و بەرامـەی کاسـی دەکردم، پایزانیش لە ژێر باراندا لە دوورەوە دوای دەکـــەوتم و بیــرم هـەر لای ئـەو دڵۆپە بـارانانە بـوو کــە دەیدا لەقژ و جـەستـەی ئەو، دوای تێپـەڕبوونی لە جێ ئاسـتی ئەودا لەو بەر بـارانە دەوەســـتــام و ســـەیری ئەو جــۆگــەلە باراناوەم دەکــرد و دەمـوویست ئەو دڵۆپـە بارانانە بناسـمـەوە کە داویانـە لە جـەسـتـەی ئەو؛ زستانانیش لەبەردەرکەی ماڵیاندا چاوم بۆ جێ پێڵاوی ئەو دەگێڕاو دڵم پڕ دەبوو لە کەسەر.

شـەوانە خـەونم پێوەدەبینی و ئەو قـسـانەی ڕۆژ کـە نەمـدەتوانی لە ئاسـتـیدا بیکەم لە خـەونمدا پێمـدەووت، شـەوان بەدەم خـەوەوە شـیـعـرم

دەنووسی و زۆرجاریش ڕادەچڵەکیم و ئەو شیعرانەم دەنووسییەوە. بە هۆی کوڕێکی خزمییەوە وێنەیەکیشیم دەستکەوتبوو، وێنەکەیم لە ژوورەکەمدا هەڵواسیبوو، ئەو وێنەیە هەمیشە لەبەرچاومدابوو، دەیەها کۆپی ئەو وێنەیەم کردبوو، وێنەکانم خستبووە نێوان لاپەڕەی ئەو کتێبانەی کە خۆشمدەویستن، چونکە هەستم دەکرد هاوڕێ نزیکەکانم کتێبەکانمن، هاوڕێ نزیکەکانم ئەو نووسەرە مردووانە بوون کە ئامادەییان لە هاوڕێ زیندووەکانم زیاتربوو. بەڵام پەرۆشی بینینی خەونێک بووم دەمویست هەربێتە دی، تا بتوانم ڕووبەڕووی خۆم ببمەوەو وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە کە هەمیشە لەبەردەم ئاستی ڕۆشنبیریمدا تووشی ئاڵۆزیان دەکردم. ئەوەبوو دوای تەواوکردنی شەشی ئامادەیی و وەرگیرانم لە پەیمانگای کەرکوک، چووم بۆ بەغداد بۆ لای ئەمیرە، کە ئەویش قوتابی زانکۆ بوو لە بەغداد. لەوێ بە هۆی کوڕێکی مامم و چەند هاوڕێیەکمەوە ڕێکەوتی بینینێکیان لە کافتریای زانکۆ بۆ دروستکرم. ئەوجارە کەمتر لە جارانی پێشووتر شەرمنتربووم، بەدەم خواردنەوەی دوو پیاڵە چاوە دانیشتین، بێ ئەوەی من بەو شێوەیە باس لە عەشقی بەسەرچووی خۆم بکەم، هەندێ باسی شیعر و ئەدەبمان کرد، کەمەکێکیش ڕووڵادان لەسەر ئەو عەشقە بەسەرچووە، ئیدی ئەوە یەکەمین و دوواهەمین دانیشتنمان بوو.

دواتر توانیم ڕووبەڕوو لەگەڵ خۆم بدوێم و وەڵامی پرسیاری ئەو عەشقە ناکامەی خۆم بدەمەوە. لەوێدا تێگەیشتم کە من ئەوم وەکو خودی خۆی خۆش نەویستووە، بەڵکە وێنەیەکی دروستکراوی ئەوم خۆشویستووە کە داتاشراوی فەنتازیاکانی خۆمە، جگە لەوەی کە من توانای ڕووبەڕووبوونەوەم نەبووە لەگەڵ خۆمدا تا بزانم چیم لەو دەوێت. چونکە ئەو لەو سەردەمانەدا لە جێی هەموو ئەو نوقسانیانە دانرابوو کە

من وەک لاوێک پێویستم پێیان بوو، یاخود ئەو بە جۆرێک لە جۆرەکان هۆیەک بوو بۆ ڕاکردن و ترسی قوڵ بیرکردنەوە. هەموومان لەو کۆمەڵگەیەدا دنیایەک نوقسانیمان هەیە هەر لە سۆز و جنس و باوەڕبەخۆنەبوونەوە بگرە تا دەیەها شتی تر کە هەریەکەمان بە ڕادەی ئاستی کەسایەتی و بیرکردنەوەی خۆی پێویستی پێیەتی. ئێستاش سەرباری توانای وەڵامدانەوەم بۆ هەموو ئەو پرسیارانە سەبارەت بەو عەشقە، هێشتا سۆزێک وەک تروسکە لە دڵمدا هەر دەسووتێت، چونکە ئەو بووە هۆی ئەوەی کە من دنیایەکی نوێ بدۆزمەوە کە ئەویش دنیای ئەدەب و فیکرە.

شۆفێری ئۆتۆمبیلەکە وەک من چۆتە خەیاڵاتەوەو شەویش تا بێت تاریکتر دەبێت، جارجارە گڵۆپ و چرای دێکانی بنار قەدپاڵ و دەشتەکان دەگرێن. هەست دەکەم یادوەریم بەم سەرەتای گەڕانەوەیە گەشاوەتەوەو چێژێکی سەیر لە بەیادهێنانەوەی یادوەریەکانمدا دەبینم. ئەو پیاوە کرمانجەی کە لە دواوەی ئۆتۆمبیلەکەوە سواربووبوو، جگەرەیەکی دامێ، منیش لێم وەرگرت و دامگرساند، تامی جگەرەکە زۆر توون و وشک بوو، کاتێک دووکەڵی جگەرەکە لە ناو تاریکیەکەدا ووندەبوو، وەک بریسکەیەک تامی ئەو جگەرەیە بۆنی دووکەڵ و توونتی ئەو جگەرانەیان بیرخستمەوە کە لە هەرزەکاریدا لەناو تاریکی سینەماکاندا ووندەبوون و بۆنێکی کەسکونیان بڵاودەکردەوە.

ئەو سەردەمانە لەگەڵ ئەو چەند هاوڕێیەمدا کە وەک من شەرمن بوون، چەند ڕۆژێک پێش چوونە سینەما دەچووین لە جامخانەی سینەماکاندا سەیری وێنەی ئەو فلمە «ئیرۆتیک»یانەمان دەکرد کە هەڵدەواسران، لە ڕوومان نەدەهات یەکسەر خۆمان بکەین بە سینەماکاندا، دەهاتینە دەرەوەو خۆمان وا پیشان دەدا تەنها سەیری

وێنەکـان دەکـەین، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک بە پەلە و بێ سـەیرکـردنی وێنەکان خـۆمـان دەکرد بە هۆڵی سینەماکەدا. دوای چەند جار چوونە سـەیرکردنـی ئەو جـۆرە فلمـانە، فێـربووین کـە دەسـڕی کلێنکس لەگەڵ خـۆمـان بەرین، تا دوای هاتنە دەرەوە هێندە بـۆنی شەهـوەتمان لێنەیەت و پەڕەی دەفـتـەرو کـتـێـبـەکـانیـشـمـان هـێندە کـەمنەبێـتـەوە. سـەرەتا هەمـوومـان شـەرمن و لارەمل لە کـورسـیـەکـاندا خـۆمـان نوقم دەکـرد، دەسـتـی ڕاسـتـمـان دەخـسـتـە شـەڕواڵەکـانمانەوەو جـارجـارەش بۆ قەرزکردنی تفێک دەرمان دەهێنایەوە. کەمجار دەمانهێشت بەیەکتری بزانین کە دەسپەڕدەکەین، مەگەر ئەو کاتانەنەبێت کە ئیدی دەچووینە لووتکەی لەزەت و شـێـوەی دانیـشـتـنمـان تێکدەچوو، دەسـتـیـشـمـان ئاشکراترو قـایمتـر شـەڕواڵەکانمانـی ڕادەتەکاند. بەڵام هەر دوای ئەو تێـربوونە هـەرچ کـاممـان بووینایە خـەم و پەشـیـمـانی دایدەگـرتین و بەبێدەنگی جێگەکەمـان جێدەهێشت و دەچووینـە چەند ڕیزێکی دواتر، مـەگـەر بە دەگـمـەن هـەوەسـی دەسـتـپـەڕکـردنێکی تر بیگێـڕاینـایەتەوە هەمـان شـوێن، دەنا بێدەنگ و کز دادەنیـشـتین و هەسـتکردن بە گوناه دایدەپۆشین. دوای تەواوبوونی فلمەکە هەمـوومـان شەرممان لەیەکتری دەکرد و زاتی سـەیرکردنی چاوی یەکـتـریمان نەدەکرد، تانیـوەی ڕێش بێدەنگ دەگەڕاینەوە و کەس قسەی نەدەکرد. من بۆ خۆم تا ئێستا هیچ کام لەم چیرۆکانەی سینەمام لە بەرهـەمێکی ئەدەبی و هونەری کوردیدا نەبینیوە، کە لە ڕاستیشدا بەشێکی گەورە لە قۆنـاغی زۆرینەی گەنجی کـۆمــەڵگەی کــوردیی پێکدێنێت، ئەمــەش نیـشــانەی نەبوونی زات و شـەرمکردنە لـە کلتـوورێک کـە تائێـسـتـاش نـاهـێڵـێت باس لە غـەریزە ئینسـانیەکانی خۆت بکەیت. ئەم بەسەرهاتە ئەو فلمە ئیتالیـە نازدار و سـەرکـەوتووەم بـەبیـردێنێـتـەوە کـە نـاوی «سـینـەمـا پەرادیسـۆ»یە و لە

دەرهێنانی « تۆرنەتۆری»ە. کاتێک کە سەیری ئەم فلمە دەکەیت هەست دەکەیت گێڕانەوەی بەسەرهاتی یەکێکە لە سینەماکانی کوردستان، فەرامۆشکردن و بەعەیبوەرگرتنی ئەم قۆناغەی زۆرینەی گەنجی کوردستان، واتا فڕیدانی قۆناغێکی گرنگ لەگەشەسەندن و دروستبوونی کەسایەتی گەنجی کورد، هەروەها خۆدزینەوە لە هێنانەدی بارێکی باشتر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. ئەم فلمە بە گشتی باس لە سینەمای دێیەکی ئیتالی دەکات، کە لەڕێی ئەو سینەمایەوە، ئێمە ئاشنای زۆر لە گۆڕانکاریە کلتووری و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی ئیتالی دەبین.

کزەی بای فێنک و پڕ لە بۆنی پوش و پەڵاش و قەرسیل و مەرەزەی سەر ڕێگا دەستبەردارم نەدەبوون، دەیان بردم و دەیانبردمەوە بۆ قولاییەکانی یادوەری، بۆ ئەو سەفەرەی یەکەم جار لەگەڵ دوو هاوڕێیمدا، کە هەموومان لە دواهەمین پۆلەکانی ئامادەیی بووین، بە نیەتی سێکس کردن چووین بۆ بەغداد. من بۆ ئەو سەفەرە ناچاربووم هەندێ لە کتێبەکانم بفرۆشم، تا لەگەڵ ئەو پارەیەی تردا کە لەلایەن ماڵەوە پێمدرابوو بەشمبکات. کە دواتر تەنانەت لەو قۆناغەشدا هەستم بە گوناهی فرۆشتنی کتێبەکانم دەکرد بۆ ئەوەی بتوانم بۆ یەکەم جار سێکس بکەم، چونکە یەکێک لەو کتێبانەم ڕۆمانی «برایانی کارامازۆف»ی دستویفسکی بوو، یەکێک بوو لەو کتێبە خۆشەویستانەم، کە دواتر خەمی هەستکردن بە گوناهی فرۆشتنی ئەو کتێبەو گوناهی یەکەم خەوتنم لەگەڵ سۆزانییەکدا دوای چەند ساڵێک بووە هۆی ئەوەی قەسیدەی «گەشتی هەشتەمی سندباد» بنووسم و جارێکیش خەون بە «دستویفسکی»یەوە ببینم. بۆ منی گەنج و هاوڕێکانم، سەفەری بەغداد واتا جۆرێک لە ئازادی و توانای گەڕان

بەدوای هەوەسی سێکس و ئافرەتدا، بە چەشنێک پێمانوابوو هاتن بۆ بەغداد واتا مسۆگەری سێکس. نەناسینی ئافرەت لە ڕووی سێکسەوە بۆ من تا ئەو سەردەمە کە تەمەنم بیست و دوو ساڵ بوو نوقسانییەکی گەورەبوو، کە دەبوو هەرچۆنێک بێت تاقیبکەمەوە.

ئەوەبوو من و هەرسێ هاوڕێکەم وەک هەموو کوردێکی تر چووینە ئۆتێلێک لە شەقامی کۆماری نزیک بە چایخانەی «کەندی». لە ڕاستیدا نەماندەزانی گەڕەکی «عەلاوی حلە» ئەو گەڕەکەی کە بە گەڕەکی سۆزانییەکان بەناوبانگە کەوتۆتە کوێی بەغدادەوە، هەڵبەتە پێش هاتنمان لەچەند کەسێکی خاوەن ئەزمونمان پرسیبوو کە چۆن بگەینە ئەو گەڕەکە. هیچ کاممان لە ڕوومان نەدەهات تاکسییەک بگرین و پێی بڵێین بمانبە بۆ «عەلاوی حلە»، ناچار بەپێ نزیکەی سەعات و نیوێک ڕۆیشتین، تا گەیشتینە گەڕەکێک کە دوودڵ بووین لەوەی کە ئێرە ئەوێیە یان نا، هیلاکی هێندە زۆری بۆ هێنابووین کە ئیدی توانای ڕۆیشتنمان نەمابوو، بۆیە دەبوو یەکێک لە ئێمە جورئەتی گرتنی تەکسییەکی هەبێت بۆ ئەوێ تا هێندە نەگەڕێین و شەکەتترنەبین. من بوومە ئەو کەسەو بە دوودڵییەوە تاکسییەکم ڕاگرت و پێمووت دەمانەوێت بچین بۆ گەڕەکی «عەلاوی حلە»، شۆفێرەکە نەیهێشت من ڕستەکەم تەواوبکەم بە تووڕەییەوە پێی بە بەنزیندا نا و ڕۆیشت. کە ئەم بەسەرهاتەم بۆ هاوڕێکانم گێڕایەوە باوڕیان پێنەکردم. یەکێکی ترمان تەکسییەکی ڕاگرت و وەک جاری پێشووی تەکسیەکە نەوەستاو ڕۆیشت، بەڵام هاوڕێکەم جیاواز لەمن، بە دەم پێکەنینەوە گەڕایەوەو بە خۆشییەوە ووتی ئیرە «عەلاوی حلە»یە. ئیدی هەموومان گەشاینەوەو بە زەوقەوە خۆمان کرد بە یەکەم کۆڵانی بەردەمماندا. هەر لەیەکەم کۆڵاندا من پێشوەخت بە سەرسوڕمانەوە دیقەتی ئەو ڕیزە سەربازەم دا کە

لەبەردەم دەرگایەکدا وەستابوون، هەر بەرامبەر ئەوانیش پیرێژنێک کە تۆپەڵە بنێشتێکی گەورەی لە دەمدا بوو، بە شێوەیەک سەیری دەکردین وەک بەوەی بڵێت: من مشتەری خۆم دەناسمەوەو وەرنە لای من. بەڵام هەموومان بەشەرمەوە بەبەردەمیدا تێپەڕبووین، دیاربوو هاوڕێکانم هێندە توانای خوێندنەوەی ئەو بینینە کوتوپڕانەیان نەبوو وەک من، بۆیە پێش من ملیان بەرەو کۆڵانێکی تر نا. هەرزوو من وەستانمن و پێمووتن: بۆ کوێ ئەچن ئەوەتا، ئەوە ماڵە سۆزانیەکەیە کە ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین! هەموویان وەک ئەوەی مژدەیەکی خۆشم دابنێ وتیان: کوا، ئەی بۆ ئێمە نەمانبینی؟! دەستم بەرەو پیرێژنەکە ڕاکێشاو ووتم: ئەوەتا، دیارە ئێوە کوێرن!؟ «ب» هاوڕێم، کە لە هەموومان بەهێزترو نا عەرەبی زانتربوو، چوو چەند ڕستەیەکی لەگەڵ پیرێژنەکەی بەر دەرگاکەدا گۆڕییەوە. بە بۆڵەوە بەرەولای ئێمە گەڕایەوە ووتی: گرانە دەڵێ بە دە دینار، ئینجا بە کەمێک فشەوە ووتی: وەرن با بچین لەگەڵ ئەو سەربازانەدا لەو ڕیزەی ئەو بەر بووەستین ڕەنگە هەرزانتربێت. هەرزوو «ب» خۆی گەیاندە دواهەمین کەسی ڕیزەکە، بۆ نرخەکە لە سەربازەکەی پێش خۆی پرسی. من و هاوڕێکەی ترم لە پیرێژنەکە نزیک دەبووینەوەو سەیری ئەو قاپە نایلۆنەی دەستیمان دەکرد کە پارەکانی تیادا دانابوو، بەدەم مڵچەی بنێشت جووینەوە پێی ووتین: یەکی دە دینار بدەن و بچنە سەرەوە. ئێمە لە پارەداندابووین «ب»ی هاوڕێشمان بە پەلە گەڕایەوە لامان و ووتی لەوێش هەر بەوەندەیە. هەرسێکمان بە دڵەخورپێ و شەرم و ترسەوە بەسەر قادرمەکاندا سەرکەوتین، گەیشتینە بەردەمی دوو ژوور کە پێش ئێمە دوو سەرباز چاوەڕێی چوونە ژوورەوەیان دەکرد. دیوارەکان چڵکن و ساڵۆنە تەسک و تاریکەکە بۆنی شێی لێدەهات. دەرگای هەردوو

ژوورەکــەش دوو پەردەی بەســـەردا دادرابۆوە، ئێـــمــە گــوێمـــان لە هەناسـەدانێکی خـێـراو پچـڕ پچـڕ بوو، هاوڕێکانم ڕەنگیـان پەڕیبـوو، دەســتــیــان دەلـەرزی، دیاربوو منیش هـەروەک ئەوان بووم و قــودرەتی بینینی خۆمم لەچاوی ئەواندا نەبوو، تا بزانم کاممان لەویترمان ڕەنگ پەڕیوتر و لەرزۆکتر و پەشۆکاوترە.

دوای چەند دەقیقەیەک هەردوو ئافرەتە سۆزانیەکە ڕێکەوت پێکەوە پەردەکـانیـان لاداو هاتـنە دەرێ، هەر دوای ئەوانیش دوو سـەرباز بەدەم ڕێکخستنەوەی پانتۆڵ و بەستنـەوەی قایشەکانیانەوە هاتنە دەرێ و بێ ورتە ڕۆیشتن. ئەو دوو ســـەربازەی تر کـــە لە پێـــشـــمـــانەوە بوون و ئامــادەباشــبــوون بۆ چوونە ژوورەوە، چەند ڕســتــەیەکـیـان لەگـەڵ سـۆزانیـەکاندا گۆڕیوە. دوو ئافرەتەکە یەکێکیان دانەکانی پێشـەوەی ڕەشـبـووبوونـەوەو نیـشـانەیەکی خـورمـا لەسـەر ڕوومـەتی چەپی بوو، سـیـمـایەکی هێـمن و حـوزنبـاری هەبوو، ئێـسـقـانەکـانی هەردوو شـەویلاگـەی نووسـابوون بە پێـستی دەمـووچاویەوە، جگەرەیەکی تازە داگیـرساوی بەلالێـوە وشکەکەیەوە نابوو، ماکسـیـەکی کـورتی پواو و بێـڕەنگیـشی لەبەردابوو. ئەوی تریشـیـان کـە نزیکتـربوو لە منەوە، بەشێکی پەردەی ژوورەکە لە سـەرشانی وەستا بوو، بنێشتی دەجوویی و پێدەچوو ئەمـیـان لەویتـریان گـەنجتـر بێت، ڕوومـەتـی ئاڵ و کـەمـێک خـرپن بوو، سیمای بێبەری بوو لە هەمـوو مانایەک، تـەنها ئەوە نەبێت بڵێت من سـۆزانییەکم و بەس. سۆزانیە دان ڕەشبۆوەکە هێمای بۆ ئەو ســـەربازەی بەردەم ســـۆزانیـــەکی هـاوڕێی کـرد و ووتی: ئەویان دیارە لاوازترە، من توانام نەمـاوە با ئەم کـەڵەگەتە بێتـە لای تۆ، هێـمـای بۆ ســـەربازەکـەی بەردەمـی خـۆی کـرد و هـەرچواریان دوو بە دوو چوونە ژوورەکـانیـانەوە. ئێـمـەش هـەرسێکمـان سـەیری یـەکتـریمان دەکـرد و

تێکەڵێک لە بزەو شەرم و ترس سیمامانی داگرتبوو، کە من هیچ کاتێک پێشتر ئەو بزەیەم لە سەر لێوی هاوڕێکانم نەبینیبوو. بۆیە هەموومان خۆمان بۆ ڕووداوێک ئامادەدەکرد کە نەماندەزانی دەگاتە کوێ و چیمان بەسەردێ. وەک جاری پێشوو هەردوو سۆزانیەکە بە چەند چرکەیەک پێش و پاش هاتنە دەرێ و دوو سەربازەکەش بە پێکەنینەوە ڕۆیشتن، کەبەسەر قادرمەکاندا بازیان دەداو دەچوونە خوارێ دەنگی تەپەی پۆستاڵەکانیان دەنگی دەدایەوە. من و «ب»ی هاوڕێم هەڵبژێردراین و «د»ی هاوڕێمان کەوتە نۆبەی دوای ئێمە. هەڵبەتە «ب» بەر سۆزانیە دەموچاو خڕین و سپیکەلانەکە کەوتوو، منیش بەر سۆزانیە دان ڕەشبۆوەکە کەوتم. سەرەتا ڕادەی پەشۆکاویم ڕێی نەدام سەیرێکی ژوورەکە بکەم، هەستمدەکرد لە شوێنێکی بێ دیوار و بەربەستدام، بەڵام تا چاوبڕکا تەمێکی سپی و ڕووناک دیارە، سۆزانیەکە هەر کە ڕەنگە پەڕیو و دەستە لەرزۆک و شەرمنەکانی منی بینی، پێیووتم: مەترسە، دیارە یەکەم جارتە؟ منیش بە شەرمەوە ووتم: بەڵێ! ئینجا پێی ووتم پانتۆڵەکەت داکەنە. ئەو داوایە بۆ من لەو کاتەدا جورئەتدانێک بوو بۆ تەماحخستنەبەری هەوەس هەستان، لە هەمان کاتیشدا داواکردنی داکەندنی پانتۆڵ بۆ خۆی قورس بوو، بەڵام ئەو هەستە لەوێدا زۆر کزبوو لە چاو هەستی گەیشتن بە نهێنییەک کە تۆزێکی تر پێیدەگەیشتم. دوای داکەندنی پانتۆڵ و دەرپێکەشم، شەرم هەر ئەو دیوارە ئاسنینە بوو بۆ من کە هەموو هەستێکی کوڕێنیمی دەکوشت. ئەو وەک سۆزانییەکی خاوەن ئەزموون دەستی هێنایە پێشەوە و دەمی لە دەمم نزیک کردەوە، ئەو حاڵەتە بۆ منێکی بێ ئەزموون و کوڕێکی شەرمن لە نێو خەونی کتێبدا هێندە زۆربوو، وەک پارچە پشکۆیەک کە دەنووسێت بە پارچە ئاسنێکی سووربۆوەی تازە لە

کوره دەرهاتووەوە، ئاوا سووربوومەوە. هەناسەکانم گەرمراهاتن وەک هەناسەی گەرمی گایەک کە ئینسان لەگەڵ بیستنیدا هەست بەگەرمی قوڵپی خوێن و ترپەی دڵی دەکات؛ ئەو خۆی لەسەر پشت ڕاخست و پێی ووتم: ئەو کاتەی کە خەریکبوو تێربیت شەهوەتەکەت لە دەرەوە بڕێژە. من لەم ڕستەیەیان هێندە تێنەگەیشتم و لەویاشدا نەمدەویست فکرم بە لێکدانەوەی ئەو ڕستەیەوە گرێبدەم، سەرم بۆ لەقاند و ووتم: باشە. لەو کاتانەدا من تەکانەکانم خێراو خێراتر دەبوو، گوێم لە زرمەیەکی توند و دەنگی پیاکێشانی شتێک کرد کە بە دیواری ژوورەکەی ئەودیودا درا. من تەکانەکانم خێرا دەبوون و هەستم دەکرد دەفڕم، دەفڕم و جارێکی تر بەسەر ئەو سەرزەمینەدا نانیشمەوە کە شەرمی لێیە، چاوەکانی ئەو توند دادەخران و دەکرانەوە، دواتر دوای چەندەها ساڵ تێگەیشتم کە ئەو ئازاری هەیەو من نازانم ئەو چاو داخستنە چ مانایەکی هەیە. دەمووویست ئەو یەک دوو خولەکە زەمەنییە هێندە درێژبکەمەوە، تا دەگەمە تەمەنی نوح، بەڵام ئەو چەند خولەکە زووتر لە زەمەنی ئاسای خۆی بەدەم گەیشتن بە لەزەت و تێربوونێک کە هەرگیز لەوەوبەر تێربوونی وام نەبینی بوو تێپەڕی. هەموو ماسولکەکانی جەستەم لێوان لێوبوون لە چێژێک، کە بە هیچ چێژێکی تر بەراوردناکرێ. ئەو نەیهێشت ئەو هەنوکە کورت و کەمخایەنە هێندە درێژە بکێشێت، خۆی لە ژێرمدا دەرهێناو بە تووڕەییەوە ووتی: پێمنەوتیت پێش تێربوونت، شەهوەتەکەت لە دەرەوە بڕێژە. یاڵا بڕۆ دەرێ دەی.

ئەو ڕستەیەی کۆتایی هێندە ناخۆش بوو کە یەکسەر بووە بادانی دەسکی ئەو دەرگایەو کردنەوەی ئەو ژووره نەفرەتییەی کە پێی دەڵێن شەرم و هەستکردن بە گوناه. وەک دیمەنەکانی پێش خۆم کە لە

چاوەڕوانی و هاتنە دەرەوەی سۆزانییەکاندا بینیم، ئەو دیمەنەش بەسەر منیشدا دووبارە بۆوە، سۆزانییەکە پێش من پەردەکەی لاداو چووە دەرێ، منیش بەدەم بەستنەوەی قایشەکەمەوە چوومە دەرێ. «د»ی هاوڕێم لەگەڵ هەمان سۆزانی کە لەگەڵ مندابوو چووە ژورێ و سەربازێکی تریش لەگەڵ سۆزانیەکەی تردا چووە ژوورێ. لەوێدا چاوم بۆ «ب»ی هاوڕێم دەگێڕا بەڵام دیارنەبوو، پێشم سەیربوو کە پێش من هاتبێتە دەرەوە و چووبێتە خوارێ. من لە چاوەڕوانی «د»ی هاوڕێمدا لە ناو ئەو مەمەڕە شێدارو تاریکەدا پشتم دا بەدیوارێکەوەو وەستام. هەستم دەکرد قاچەکانم دەلەرزن و هێشتا لەزەتی ئەو تێربوونە بەسەر ئەو ماسولکەو دەمارانەی جەستەمدا لە دابەشبووندایە، لەوێدا هەوەسی ئامادەبوونم بۆ تەماحی جارێکی تر زیاتر و زیاتر دەبوو، بەڵام جیڕەی دەرگای تەوالێتەکە کە کەوتبووە تاریکی سووچی ئەوسەری مەمەڕەکەوە هوشیاری کردمەوە. بینیم «ب»ی هاوڕێم بە توڕەییەوە جنێودەداو دەڵێت: ئەم سۆزانییە بێناموسە نەیهێشت یەکێکی لەگەڵ بکەم. منیش قەت هێندەی ئەو کاتە ئامادەباشی پێکەنین نەبووم، دووای تریقانەوەیەکی زۆر و ئاولەچاو هاتن و سوربوونەوە ووتم: بۆچی؟

– با بڕۆین، لە تەوالێتەکە دەسپەڕێکم کرد و تەواو...

بە قادرمەکاندا چووینە خوارەوە، پیرێژنەکە خوا حافیزی لێکردین و ووتی جارێکی تریش وەرنەوە، کوڕەکانم.

چەند مەترێک لەولاتر وەستاین و چاوەڕێی هاوڕێکەمان کرد. لە ڕیزە بەردەوامەکەی سەربازەکانی ئەوبەرەوە، یەکێک لە سەربازەکان کە دەستێکی بە پانتۆڵەکەیەوە بوو ڕووی لە ئێمە کردو پێی ووتین:

– گانتان کرد، خۆشبوو ها؟! قسەکەی تەواونەکردو لەگەڵ سەربازەکانی تردا دەستی کرد بە پێکەنین.

کە «د» هاتە خوارێ، هەموو گیانی بوو بوو بە پێکەنین، هەستم دەکرد هەنگاوەکانی، هەنگاوی ئەو کوڕە شەرمنە نەبوو کە پێشتر لە گەڵماندا بوو، بەرەو ڕوومان دەهات و بە پێکەنینەوە دەیووت بووم بە زاوا. سەیری «ب» دەکردو قاقا پێدەکەنی، «ب» توڕەو بێزاربوو. «د» بە «ب»ی ووت ئەوە بۆ کردیتیانە دەرەوە؟!

«ب»ی هاوڕێشمان جگەرەیەکی داگیرساند و ووتی: کە یەکەمجار خۆمدا بەسەریداو یەکدوو تەکانمدا، خێرا لەقەیەکی دا بە سنگمداو دامی بە دیوارەکەدا، ئەو سۆزانیە پێیوتم تۆ گایت یان ئینسانیت؛ ئیتر کردمیە دەرەوەو نەیهێشت هیچی لەگەڵدا بکەم. ئەوکات من ئەو دەنگەم بیرکەوتەوە کە لە دیواری ژوورەکەی تەنیشتمەوە هاتەبەرگوێم. هەموومان قاقا پێدەکەنین و ئیدی ڕەنگی شەقامەکانی بەغداد و خەڵکەکان و دووکان و گوزەرەکان وەک پێش چەند سەعاتێک لەوەوبەر نەدەبینران، هەموومان هەستمان دەکرد لە مۆتەکەیەکی گەورە ڕزگارمان بووە، کە ئەویش مۆتەکەی شەرم و ترس و نەکردنی ئەو شتە حەرامە بوو لەگەڵ ئافرەتدا، ئیدی هەرچ ئافرەتێک بێت گرنگ نەبوو، تا ئێمەش هەست بەو سیحرە پەنهانە بکەین، کە لە ڕوخساری پیاواندا دەمانبینییەوەو ئێمە درکمان بە نهێنیەکانی نەدەکرد. ئێمە بووین بەو سێ کوڕەی بۆ یەکەمجار سێکسمان کرد، ئیدی لەوکاتەوە بۆ من ئەو شێوە ئەزموونە یەکەمین و دواهەمین جار بوو.

هەمیشەش ئەم بەسەرهاتە چیرۆکێکی ترم بیردەخاتەوە کە هاوڕێیەکم بۆی گێڕامەوە، ئەوانیش چەند کوڕێک دەبن و دەچن بۆ یەکێک لە کلوپەکانی شەوانی بەغداد، لە کلوپەکەدا چەندەها ئافرەتی فیلیپینی تێیدا کاردەکەن، ئەتەکێتی ئەو کلوپەش وەک زۆر لە کلوپەکانی تر ئەوەیە بە بەبانگکردنی کچەکان بۆ سەر مێزەکەت خواردنەوەیان بۆ

دەکرێت و لەو سەمایانە دەڕوانیت کە شەوانە سازدەکرێت. بەڵام دیارە یەکێک لەو کوڕانە دوای خواردنەوە لەگەڵ کچێکدا زۆر دادەنیشێت و داوای لێدەکات کە سێکس بکەن، هەڵبەتە سێکس کردن لەو جۆرە شوێنانە لە ڕووە گشتییەکەیدا قەدەغەیە، بەڵکە تەنها خواردنەوەو دانیشتن و سەیرکردنی سەما هەیە. بۆیە کچەکە بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابێت. کوڕەکەش پێیدەڵێت: من تەمەنم سی ساڵەو تا ئێستا ئەندامی ئافرەتم نەبینیوە، بۆیە تکایە تەنها هەر پیشانم بدە. دوای مشتومڕێکی زۆر و داواکردنی خواردنێکی زۆر، کچەکە پێی دەڵێت: بچۆرە ژێر مێزەکەوە سەیری کە. هەڵبەتە ژێر مێزەکە تاریکەوە ئەو برادەرەش بۆ خۆی چاوی کزەو نیمچە شەوکورێکە، بۆیە دەچێتە ژێر مێزەکەوەو چەرخی جگەرەکەی دادەگیرسێنێت تا قوزی کچەکە دەبینێت. هاوڕێکەم دواتر لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەدا ووتی: هاوڕێکەمان بۆ یەکەمجار ئاوا ئەندامی مێینەی ئافرەتی بینی.

ئەم چیرۆکە، چەندە پێکەنین هێنەرە، هێندەش جێی ئازار و دڵڕەقی ئەو تاپۆیانەی کۆمەڵگەی کوردییە، کە بوونەتە هۆی دروستکردنی دەیەها گرێی دەروونی قوڵ لەناو ویژدانی ئینسانی کوردا.

من بۆ خۆم ڕۆژێکیان لەسەر یەکێک لەو نوکتە کوردیانە، لە قوتابخانە پرۆژەیەکی ڕیکلامم پێشکەشی مامۆستاو قوتابیە سویدیەکان کرد، کە ڕیکلامەکەی من پلەی یەکەمی هێنا لەناو هەموو ڕیکلامی قوتابیەکانی تردا؛ چونکە ڕیکلام بە پلەی یەکەم دەبێت «مزاج»ی کڕیار بجوڵێنێت تا فرۆشی بازاڕ زیادبێت.

ڕیکلامەکەی من لەسەر دژی بەکارهێنانی حەبی «دژی منداڵبوون» بوو، کە هەڵبەتە ئەم حەبە ئێستا لە ئەوروپادا زۆر بە دەگمەن بەکاردێت و لە ڕووی تەندروستییەوە زەرەر لە ئافرەتان دەدات.

ریکلامەکەی من بەم شێوەیە دەستی پێکرد: پیاوێک دەچێتە لای هاوڕێیەکی و سکاڵای ئەوەی لا دەکات کە منداڵی زۆرەو نازانێت کە چۆن نەهێڵێت چیتر منداڵی ببێت.

هاوڕێکەی پێیدەڵێت: زۆر ئاسانە، چەندەها ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی نەهێڵیت منداڵت ببێت. بۆ نمونە هاوسەرەکەت دەتوانێت، حەبی «دژ بە منداڵبوون» بخوات، یان دەتوانیت خۆت بەنەهێشتنێکی سروشتیانە نەهێڵیت منداڵت ببێت.

ئەویش دەڵێت: حەبمان زۆر تاقیکردەوە سودی نەبوو، بەڵام ئەی ئەو سروشتییە چۆنە؟

هاوڕێکەی پێی دەڵێت: کاتێک کە سێکس دەکەیت و خەریکی تێردەبیت، شەهوەتەکەت لە دەرەوە بڕێژە.

پیاوەکەش بە توورەیی و نائومێدییەوە بە هاوڕێکەی دەڵێت: قسەی قۆڕ، من ئەو کاتەی کە تێر دەبم، ئەوەندە خۆشە، حەزدەکەم هەرچی منداڵی سلێمانییە پاڵ بە پشتمەوە بنێن.

جار جارە تاسەو، ئیستۆپ و سوککردنەوەی کتوپڕی ئۆتۆمبیلەکە، یادوەریەکانیان دەپچڕاندم و هەندێ جاریش قووڵتر بە گژیاندا دەچوومەوە، وەک بەوەی ئەم ڕاوەشاندنانە بمگەیەننەوە قوڵایی، یا تا دوا چۆڕی ئەو یادوەریانە بتکێنە سەر ئەو زمانەی کە دەنگی نییە، تەنها وێنە نەبێت، کە ئەویش زمانی یادوەری و گێڕانەوەی چیرۆکی تەمەنێکە کە شاهیدی ڕاستەقینەی ژیانی ئەو سەردەمە و دۆنکیشۆتییەتی ئەو خەیاڵانەی خۆمن. ئەستێرەکان لە پەسا دەبارینە ناو چاوم، دەبارینە ناو شوێنە تاریکەکانی یادوەرییەوەو ڕووناکیان دەکردەوە. هەستم دەکرد ئیدی تەواو، من سیحری «شوێن» گرتوومی و دەمەوێت ئەو سیحرە بناسم، ئەو دووکەڵە هەڵمژم کە دەبێتە دوو باڵی

شیفۆن، یان دوو باڵ لە شوشە، دوو باڵ کە هێزیان زۆر پترە بۆ فڕین لە باڵێک کە شا پەڕ داپۆشیبێت.

ئەستێرەکان لە گەڵ فرمێسکەکانمدا دەڕژان، بەڵام نەدەکوژانەوە، ڕێگا دوورو خەون دوورو خەمیش زۆر.

فێنکی ئەو شەوە وەک دەست و پەنجەیەک بە ناسکی و ڕەحم و خۆشەویستییەوە بە سەر دەموچاو و قژم دا دەهات، لەگەڵ ساردبوونی سەر پەنجەکانیدا بە سرتە پێیدەووتم وا نزیک دەبینەوە لە «شەقڵاوە». قووڵ قووڵ هەناسەکام هەڵدەمژی و بیرم لەو هاوڕێیەم دەکردەوە کە پێشتر سۆزم پێدابوو بچمە کنی. گڵۆپەکانی شەقڵاوە لە دوورەوە وەک ئەو ئەستێرانەی کە هێزی فڕینیان نەماوەو پیربوون و هەڵنیشتوون، بە ویقارەوە دەبریسکانەوە. باخەکانی شەقڵاوە لە یادوەری منداڵی مندا هەمیشە سەوز و دەم بە میوەی ناسک و ئاودار بوون، چونکە سەردەمانێک چەندەها جار بە خاوخێزانەوە چووبووینە ئەوێ، ڕووناکی سەر گەڵای درەختەکان بۆنی ئەو کەسە ئازیزانەی لێدەهات کە ئەوکات لەگەڵمان بوون و ئێستا دیاریان خاڵییە. شۆفێرەکە ووتی: من خۆم خەڵکی سلێمانیم و بەڵام بە هۆی شەڕی نێوان دوو هێزە گەورەکەی کوردستانەوە ئێمەش ماڵمان هاتۆتە شەقڵاوە، لە بەر ئەوە من دەتبەمە لای ماڵی هاوڕێکەت. کەسمان ماڵەکەمان نەدەزانی، چەند جارێک بە پێچ و بێشەڵانی باخەکاندا سەر و خوار چووین، شۆفێرەکە لە نۆبەی دووهەمجار پرسینیدا، لەچەند کەسێکی پرسی، کە لەبەردەم دووکانێکدا یاری دۆمینەیان دەکرد: ئەرێ ماڵی ئاریان فەرەج و شاهۆ ئەمینی تەلەفزیۆن لە کوێیە؟ هەر خێرا یەکێک لە کوڕەکان بێئەوەی هیچ بڵێت، هەستایە سەرپێ و یاریەکەی بە جێهێشت و بەرەو تاریکی کۆڵانەکە چوو. ئۆتۆمبیلەکەش بە دوویدا ڕۆیشت، دوای دوو دەقیقە

کوڕەکە لە زەنگی دەرگایەکی داو ووتی: ئەمە ماڵەکەیانە. دوای کەمێک من و ئاریان باوەشمان بەیەکتریدا کرد، ئەملاولای شاهۆم ماچ کرد. جانتاکانمان داگرت و خواحافیزیم لە موسافیرەکان کرد و سوپاسی شۆفێرەکەم کرد.

ماڵە کرێگرتەکەی ئاریان و شاهۆ، چەند دار چنارێکی کەڵەگەت و دار قۆخ و هەنارێکی تێدابوو، لەگەڵ ئەو مێوە پەلوپۆ داکەوتووەی سەر ئەو کەپرەی کە لەگەڵ چوونە ژوورەوەدا بەژنی درێژی هەڵچووبوو، تا ئەوسەری ستارەی سەربانەکەو لەوێشەوە ئەنیشکی پڕ چڵ و کۆش پڕ لە بۆڵەترێی بەسەر سەربانەکەوە شۆڕکردبۆوە. هەمیشە سەرەتای گەیشتن خاوەنی سیحری کتوپڕ و دڵەلەرزەی خۆشیی خۆیەتی، ئامێز بەیەکداکردن و ئەملاولا ماچکردنەکانیش دەتووت تامی قومێ شەرابی سووەرە، کە تەمەنی هێندەی ساڵ و ڕۆژەکانی دووری منە لەم هاوڕێیەم.

مێشوولەکان گیزەیان دەهات و بایەکی فێنک سەری دارچنارەکانی ختوکەئەداو دەیلەنگاندنەوە، فێنکییەکیش وەک تریفە دەرژایە سەر ئەو دۆشەک و بەتانیە توکن و نەرمەی سەر ئەو دوو قەرەوێڵەیەی کە لە چیمەنەکەدا ڕاخرابوون، من و ئاریان بەئەنیشکدایانەوە لەسەریان ڕاکشاین. لە کوێوە دەستپێبکەین؟! هەردووکمان بێ ئەوەی ئەو پرسیارە لەیەکتری بکەین، وەڵامە گەرموگوڕەکانمان ئەوەی دەگەیاند.

با لە موسیبەتە گەورەکانەوە دەستپێبکەین تا دەگەینە ئەو خۆشییە وردانەی کە دەمانخەنە پێکەنین. قسەمان زۆرکرد، زۆرتر لە ژمارەی گەڵای دارچنارەکانی باخچەکە کە تریفەی ڕژاوی سەریان قورسی کردبوون. هێندەی ژمارەی زیکەی زیکزیکەکانیش گلەیمان لە بچووکی ڕۆشنبیری کورد و سیاسەت و عەقڵیەتی دەستەڵاتی کوردی کرد، کە

زۆرینەی گلەییەکان هی من بوون نەک ئاریان. لێرەوە ئیدی تێگەیشتم ئەو مانایانەی کە لە توێژی سەرەوەی دەسەڵاتی حیزبیدا کاری پێدەکرێت، زۆر جیاوازترە لەو مانایانەی کە لە پلەکانی خوارەوەدا کۆمەڵگەی کوردی کاری پێدەکات، ئەو مانایانەی بەساڵانێکی دورودرێژو خوێناوی لە ویژدانی ئینسانی کوردا دروستبوون؛ بەڵام حیزب دێت لەناو بۆتەی خۆیداو لە پلەکانی سەرەوەی دەستەڵاتدا بەهانەی حەقیقەتێکی تر دادەتاشێت بۆ مانەوەی خۆی، بەبێ ئەوەی گۆڕینی ئەو مانایانە بگوێزێتەوە بۆ ناو خەڵکی، بەڵکە بەهەمان بەهانەی مانا کۆنەکانەوە درێژە بە شەڕەکانی خۆی دەدات، وەک ماناکانی «نیشتمان پەروەری، نەتەوایەتی، ناپاکی....هتد»؛ بۆیە هەمیشە لۆژیکی بیرکردنەوەی خەڵکی لەبەرامبەر ئەو مانایانەدا، لە گەڵ لۆژیکی بیرکردنەوەی حیزب و کارە سەربەخۆو نهێنییەکانیدا یەکناگرنەوە. بەڵام هەمیشە حیزب لە ڕێی کەناڵی ڕاگەیاندنەکانییەوە دێت و دەیەوێت بەبەردەوامی شەرعیەت بەو هەڵوێستانەی خۆیبدات کە لەناو خەڵکیدا ئاشکرابووە، تا لە چوارچێوەی مانا کۆنەکاندا بەهانەی بۆ بتاشێ و جێی بۆ بکاتەوە. بۆیە هەرگیز لە مێژووی حیزبی کوردیدا هەڵوێست و بەسەرهاتێک نابینیت، کە حیزبی کوردی بێت و پەشیمانی دەربڕیبێت و داوای لێبوردنی بکات. ئێستاش حیزبی کوردی خۆی بە شوانی مێگەلێکی بێزمان دەزانێت و حەقی گۆڕین و گواستنەوەی هەموو پاوانەکانی هەیە لەهەرچ دەم و سەعاتێکدا بیەوێت، بەبێ وەرگرتنی ڕای خەڵکی و ئیستفتایەکی گشتی.

نازانم کەی خاوبوونەوەی دواهەمین ماسولکەی من و یەکەمین پرخەی من دەستی پێکردبێت؛ بەیانی بێ ڕوانین لە کاتژمێر و پرسین لەوەی کە چەندی مانگە، بێ دوودڵی و سەرهەڵبڕین و پرسیارکردن

لەوەی ئەم جۆرە ژیانە کەی کۆتایی دێت، لەگەڵ بێزاریە یەکبەدوای یەکەکانی تری مەنفا، ترشانی دەموچاو و هەرلەبەیانییەوە تووڕەبوون و بیرکەوتنەوەی خەونە ترسناکەکانی شەوێ، کە هەر شەڕەو دەکوژیت و دەکوژرێیت و ڕاودەنرێیت. قوقەی کەڵەشێر، گورزە تیشکی بەناو چڵ و پۆپی درەختدا ڕەتبووی سەر جێگا، هەستکردن بە ئارامی ڕۆح و باش خەوتنی شەوێ، دەنگی منداڵی کۆڵان و بەیانی باشی هاوڕێیەک لە پاڵتا، کە هاوڕێی بەشێکی گرنگی تەمەن و یەکترناسینە، کە هەرگیز لە ئەوروپادا هاوڕێیەکی وا دروستناکرێت و هاوڕێیەتیش وا نامێنێتەوە. دوای قەیرێ خۆکشاندنەوە، بینیم هەواو ئەرد و درەختەکان و کەڵەشێرەکان و باڵدارەکان، هەموویان پێش ئێمە بەخەبەربوون. لەو چرکەیەدا حاڵەتی نووسینی ئەو شیعرە کورتەی خۆمم بیرکەوتەوە، کە چەند مانگێک پێشتر لە بەر پەنجەرەی ژوورەکەمدا خەوتبووم، بەیانی زوو بوو، بەدەنگی قیرەو قیژەی نەوڕەسەکان خەبەرم بۆوە، جارجارەش جیکە جیکی باڵدارەکان دەهاتنەگوێم، هەستم دەکرد سنگم پڕبووە لە فێنکی و دەمم پڕە لە پەیڤ، هەرزوو کۆمپیوتەرەکەم داگیرساند و بەچەند دەقەیەکی کەم و بەیەک جار ئەو شیعرەم نووسی کە دواتر ناوم نا:

«دۆعایەک بۆ تەنهایی»

خودایە، خودای من..
ڕێمبدە بتبینم، ڕووتوقووت.
ئازایەتی لە ژێر پێستمدا ڕاچڵەکێنە، تا کەشتیەکەت لەو دەریای خوێنەوە
ڕاکێشمە نێو ئەو جۆگەلە ڕووناکەی خۆم.

ڕێمبدە قەڵغانەکانی جەنگ، شمشێرە خوێناویەکانت بۆ دواهەمین جار ببەخشم بە ئاگر.

ڕێمبدە هێندە عەشقی گەورەیت نەبم و بچووکیتم خۆشبووێت.

دوور لەترس گەورەیی تۆ بپەرستم.

ڕێمبدە سیمات وەک دەنکێک قۆخ، وەک تاڵێ ئاوریشم سادە ببینم.

لە ئاوی سەوزی چۆڕاوەی جێبرینی قەرسیلێکدا، بۆنتکەم.

ڕێمبدە، ڕەنگی یاخی تۆ لەتەنها گوڵێکی سەر سەرەنوێلکێکدا ببینم و.. دڵم هیچ نەکا.

ڕێمبدە، لە هەڵکردنی بایەکی فێنکدا، هەست بەنەرمی سەرپەنجەکانت بکەم.

ڕێمبدە، خودایە گوێمان لەترپەی دڵی یەکتربێت، کە ئارام باوەش بە زەویدا دەکەم و دەخەوم.

خودایە، خودای من..

ڕێبدە هەریەکەمان بە جۆرێک بتبینین، هەمووشمان بە خوای خۆمانت بزانین.

خودایە نوری خۆت ببەخشە بەهەموو عاشقێک، تا تەنهایی نەمانکوژێت.

دەموچاومان شۆرد و هەرسێکمان چووینە چایخانەیەک، بەدەم وردە پاروولوولکردن و ژەنینی بە ماستێکدا کە بۆنی خاک و سەوزی کوردستانی لێدەهات، بۆنی گوانی ئەو مەڕو مانگایانەی لێدەهات، کە سەری قەرسیل و گیاو پوشی بەئاورنگ تەڕبوو دابووی لە دووگمەی گوانەکانیان. لەگەڵ نانێکی گەرمی ڕوو برژاو ڕەنگ ئەسمەر، چایەکی زۆر شیرینی کوردانەش، کە تاناوقەدی شەکرەو بەدەم کەوچک

تێکدانەوە سەمادەکات، دواتریش لێو بەقەراغیەوە دەنێیت و هەڵی دەقورێنیت. ئاه نزیکی ساڵێک بوو دەستبەرداری جگەرە کێشان بووبووم و لەگەڵ پێنانە سەر ئەردی شام دەستمپێکردوە، بەڵام لەژێر ئەم کەپرە حەسیرە کونکونەدا کە هەتاوی ئەم بەیانیە دەبێژێتەوە، قاچ لەسەر ئەم ئاوی ئاورشێنە فێنکەی ئەم بەیانییە، دوای خواردنی ئەو نان و ماستە بۆکرۆزە، گوێ لە زرەی پیاڵەچای خولاوەی سەرمێز و قاقاو پێکەنین، هێنانەوەی یادوەریەکان لەوسەری لۆچی تاریک و لەبیرچووی زەینەوە؛ جگەرەیەکی دەوێ، سیگارێک کە لەگەڵ هەر مژێکیدا هێندەی «ئاهەکەم ڕەوان بێ هەتا خاکی کۆیی یار» بە سیەکانمدا دەڕۆیشت و دواتر دەبووە قەترانی ئارامیبەخشی ناو دەمارەکانی جەستەم.

دوای کەمێ دانیشتن، من و ئاریانی هاوڕێم بەرەو هەولێر دابەزین و شاهۆش بەرەو کاری خۆی ڕۆیشت. لە ڕێگا زۆر شتمان باسکرد، زۆریشمان لەبیرچوو باسیان کەین. هەولێر ئەو بەیانییە کەوتبووە ژێر تەم و وردەخۆڵی تەکاندنی سەرچەف و جێگای سەربانەکان، خۆڵی ڕابوونی قەڵاو بەقنگەوەدانیشتنی لەناوڕاستی شاردا. لەگەڵ هەڵچوونی پلە پلەی گەرمادا، ژمارەی دڵۆپە ئارەقەکانی جەستەش زیاد دەبوو، تا وای لێهات لە نیوەڕۆدا خۆر لە سەر قەڵا وەستاو بەدەم سەیرکردنیەوە لەو شارە کۆنە چەند سەعاتێکی زۆر مایەوە تا چاوی ماندووبوو، ئەوسا کەوتەوە ڕێ و ئەودیوی دامێنی زەوی گرت و وەک هەنار لە شەوقی پرواندندا ڕەنگی تکا و سووربوو. ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئاریاندا چووینە دەزگای گولان و کاک «ئازاد عەبدولواحید»م بینی، بەدەم چەند پیاڵەچایەکەوە قسەمان زۆرکرد، ئەو ژمارانەی «ڕامان» کە پێشتر نەمبینی بوو لەگەڵ خۆم هێنام، هەروەها لە هەستانیشماندا هاوڕێیان

جەبار جەمال غەریب و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و سەباح ڕەنجدەرم بینی. شەوێکی کەش لای ئاریان فەرەجی هاوڕێم و شاهۆ مامەوە، شەومان لەگەڵ تریفەی مانگ و بریسکەی ئەستێرەکاندا تەواوکرد و سبەینێ بە ئۆتۆمبیلەکەی شاهۆ لە شەقڵاوەوە چووینەوە شارە کۆنەکەی هەولێر. شاهۆ هەواڵدەری تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کوردستانە و ڕۆژانە دەچێتە هەولێر تا ڕاپۆرت لەسەر ڕووداو و بۆنە هەمەجۆرەکان بۆ تەلەفزیۆن ئامادەبکات. بە دووری ڕێگا باسمان لە هونەری دروستکردنی ڕاپۆرت و جیاوازیەکانی دروستکردنی جۆری ڕاپۆرتەکان کرد.

لە هەولێر چومە کن هاوڕێی خۆشەویستم ڕێبوار سیوەیلی، لەگەڵ یەکتر بینیندا، بەدەم قاقاو ماچکردنی یەکترییەوە پێمووت: هاوڕێم، توتنی پایپ و نامەم بۆ هێناویت، لەگڵ سڵاوی هاوڕێیاندا.

هەولێر تا دەهات تا دەیگرت، ئەو ڕۆژە ڕێژەی گەرما +٤٤ پلە بوو. سیوەیلی وەک پیشەی هەمیشەیی کە خانەخوێیەکی سنگ و سفرە فراوانە، قاپێک میوەی گەورەی ساردو سڕی هێنا، قاژە شوتیەکان ئاویان دەزاندە دەممەوە، دەنکە هەنجیرە قورس و لاربۆوەکانی ئەملاولای قاپەکەو هەڵوژە قایرییە ڕەش و بەبۆنەکان، قۆخ و بۆڵی ڕەش و سپی ترێکان، چەند ترۆزییەکی توکن کە تا دوا دەنکی هەناویان ساردبووبوون، چاوی منیان هەمیشە بەلای خۆیاندا ڕادەکێشا. تاوام لێهات ووتم: هاوڕێم ئەم هەموو میوە جنسی و حەرامە چییە داتناوە، خۆ پیاو حیزدەبێت بۆیان. سیوەیلیش بەبزەوە ووتی: هیوا قایر، بخۆ، تاموبۆی هەموو میوەی ئەوروپا ناگاتە چێژی نیوە قەپێک لەو قۆخە ئاودارە.

منیش بەقسەیم کرد و ئیدی تا ئەو ماوەیەی لە کوردستان بووم،

زۆربەی کات مـیـوەم دەخـوراد. دەبوو کـەمـێک ڕابکشـێم و سـەرخـەوێک بشکێنم، بەڵام چەندم کـرد نەمـتـوانی. ووتم: سـیـوەیلی دەڵێی چی، ئەو پێشـەکیـەی کە بۆ دیوانە شـیـعرییـە نوێکەتم نووسـیـوە لەگـەڵ هەندێ شیعری نوێی خۆمدا بۆت بخوێنمەوە.

– هەزار جار. سیوەیلی وای ووتو چوو پایپ و توتنەکەی هێنا.

تا سـیـوەیلی توتنەکـەی لـە پایپـەکـە کـرد، منیش لاپەڕەکـانم لە جانتاکەم دەرکرد.

سـیـوەیلی لەگـەڵ مژ لـە دوای مژی پایپـەکـەیدا، ئاگـری سـەر ئەو دەنکە شـقـارتەیەی ڕادەکـێـشـایە نـاو دەمی پایپـەکـەوە، سـەرەتا تـەنکە دووکـەڵی کـەم و دواتر خـەسـتـە دووکـەڵێکی بۆندار لە دەم و لوتیـەوە سـەریکرد، هێدی هێدی لەگەڵ سـەرەتای بەدەنگهاتنی خـوێندنەوەکەی من کە پێـشـەکییـەک بوو بۆ قـەسـیـدەیەکی درێژی ئەو، مـاسـولکەکانی دەمـوچاوی هێـدی و ئارام بوونەوە. من بە دوودڵی و هەندێ جـاریش بە وردە هەڵەو چاوهەڵخلیـسکان لەسـەر ڕسـتـەکـان بەردەوامـیـم بە خـوێندنەوەکـەم دا، بەڵام کـە سـەرەلەقـێکانی سـیـوەیلم بینی ئیـدی تێگەیشتم پێویست بەو دوودڵییـەی من ناکات، هێندە دووکەڵی بۆنداری پایپـەکـە بـە بەر لووتمدا هـات، تەمـاحـی داگـیـرسـانی جگەرەیەکـیـان خـسـتـەبەرم. منیش لەگـەڵ هەر مـژێکی جگەرەکـەمـدا چەندەها دێڕم دەخـوێندەوەو سـەرنەوی لەگەڵ مـانـای ڕسـتـەکاندا دووبـارە دەژیامـەوە، لەیەکێک لەو جارانەدا کـە سەرم هەڵبڕی و لە سیمـای سیوەیلم ڕوانی، چەند فرمێسکێم لە چاوەکانیدا بەدیکرد کە لەوەدابوون هەڵبخلیسکێن، بەدەست خـۆم نەبوو، خلیـسکانی فـرمـێـسکەکـان ئەو تۆنی دەنگی منیـشـیـان لە خـوێندنەوەکـەدا گـۆڕی، بەڵام ئیـدی بەردەوام بـووم تا تەوابـوون. دواتریش چەنـد پارچـەیەک لـە چەنـد شـیـعـرێکی خـۆمم

خوێندەوەو گفتوگۆکەمان درێژەی کێشا تا فینکە عەسرێک، ئیدی بە تەکسییەک چووین بۆ ماڵی «شەرەفخانی بەدلیسی»، لەوێ فەرهاد پیربالّ و هاورێیان عەبدولموتەلیب و چەند کەسێکی ترمان بینی. ئێوارەش چووین بەرەو نادی «مامۆستایانی» هەولێر و تا درەنگە شەوێک ماینەوە. مانەوەی ئەو چەند رۆژەم لە هەولێر، هەم بۆ پشودەرچوونێکی رێگاو بەسەرکردنەوەی یادوەریەکان بوو هەم بۆ بینینی سیوەیلی و رەواندنەوەی ترسی چوونەوەی کتوپڕ و بینینی کەسوکاربوو، کە هەستم دەکرد توانای ئەو بینینە کتوپرەی سلێمانیم نییەو پێویستم بە کەمێک حەوانەوەیە.

رۆژی دواتر بە تەنیا کەمێک لە هەولێردا گەرام و لە چایخانەی مچکۆوە لەگەڵ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و عەبدولموتەلیبدا چووین بەرەو باخچەی گڵکەند؛ دەمویست جارێکی تر گڵکەند ببینمەوە، ئەو باخچەیەی کە شاهیدی یەکەم ماچ و عەشقی راستەقینەی من بوو. لەو باخچەیەدا کە منداڵە دەستگێڕ و سەرخڕەکانی هەولێر نەیاندەهێشت لە ژێر پەرژین و پەلی شۆرەبییەکاندا پڕ بە سینە هەوا هەڵمژم و وەک عاشقێک بەدەم هەڵمژینی بۆی گوڵەباخە ئاڵەکانەوە ماچی خۆشەویستەکەم بکەم، منداڵەکان لە شوێنە نادیارو کارکەنارەکاندا هێندە مازو خڕە بەردیان تێدەگرتین، نەیاندەهێشت لیکی ماچەکان بگەن بەلەزەتی هەڵمژینی بۆنی پێستی یەکتری. بەڵام بەهۆی گۆڕانی زۆر جێی باخچەکەوە نەمدەتوانی ئەو شوێنانە بدۆزمەوە کە جێژوانی ساڵانێکی تێپەڕیووبوون.

بەدەم سەرهەڵبڕین و جێهێشتنی گڵکەندەوە وەک لە هاتنەژوورەوەشمدا، ئەو جێ فیشەکانەی کە بەسەر ئوتێل «شیراتۆن»ەوە بوون بینیمن، جارێکی تریش بۆ چەند ساتێک ئەو شەڕ

و پێکدادانەی ٣١ی ئابیان بیرخستمەوە، کە هێندەی جێ فیشەکی ئەو ئاپارتمانە زەخــمـی لە جــەســتــەو فکری مندا بۆ هەمــیــشــەیی دروستکردووە. ئەو بەسەرهاتەی کە بووە هۆی گۆڕینی هەموو ماناکان و تالآنکردنی دنیـایەک لە خـۆڕاگـری. ئەو بەسـەرهـاتەی کـە لە ڕادیۆی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە ستۆکهۆڵم وەک سەرکەوتنێکی گەورە باسدەکراو دەیانووت ئێستا لە پایتەختی کوردستاندا خەڵکی بە بۆنەی ڕزگاربوونی شاری هەولێرەوە «پاقلاوە» دەبەخشنەوەو شایی دەکەن.

ئەو ئێوارەیە یەکێک لە کافیتریاکان «ئازاد سوبحی»مان بینی و دواتر چووین بۆ نادی مـامـۆسـتـایان، لەوێ لـەگـەڵ هاوڕێی شـیـرینم «جەبار جەمال غەریب» و هاوڕێیانی تردا تا درەنگە وەختێک دانیشتین.

بەیانی کـەمێک زوو، پێش ڕۆیشتنم، کـۆمـپـیـوتەرە جـانتـاییـەکەی سیوەیلیم قەرزکرد، تا بتوانم ڕۆژانە سەفەرنامەکەمی پێ بنووسمەوە، سیوەیلیم ماچ کـرد و چووم بۆ گەڕاجی سلێمانی. لەوێ ئۆتـۆمـبیلێک ئامـادەبوو، لەگـەڵ پیـاوێکی کـامـڵی مـشکی بەسـەردا کـە شـاڵێکی خـورمـایی لەبەردابوو لە پێشی ئۆتۆمبیلەکەوە سواربووم، سێ نەفەری تریش لە پشتەوە سواربوون. هەر لەسەرەتاشەوە پیاوە کاملە مشکی بەسـەرەکەی پاڵم، هێندە لنگی بلاوکـردبۆوە منی لەگەڵ شـۆفێـرەکەدا جـووتکردبوو. لـە خـاڵی پشکنینی هەولێـر چێکی پسـوڵەو ناوەکـانیـان کردو دوای چەن دەقـەیەک بەڕێیان کردین. ڕێگاکە تا دەهات تا دەیگرت و ئێمەش عـارەقـەمان دەردەدا . لە ڕێگا هێندە قسـەم نەکردو نەموسیت بزانرێت کـە لە ئەوروپا هـاتـوومـەتەوە، دەنا دەمـزانی هێندە پرسـیـاری زۆرم لێدەکـرێت و منیش مـەجبووری شـێـوە وەڵامـدانـەوەیەک دەبم، کـە بێگومـان بە دڵی ئەوان نابێت، بۆ یە نەمووسیت کێشە بۆ خـۆم دروست بکەم کـرِ و بێـدەنگ دانیـشـتم، چونکە دەمـزانی من هەرچی بڵـێم لە

وەڵامەکانمدا دەربارەی ژیانی ئەوروپا باوەڕم پێناکرێت، لەبەرئەوەی بەگشتی خەڵکی کوردستان وێنەیەکی نەگۆڕ و پڕ لە فەنتازیایان سەبارەت بە شێوە ژیانی ئەوروپا لەلای خۆیان دروستکردووە، پێش وەختیش بڕیاریان داوە هەموو وێنەیەک و وەڵامێکی جودا لەو وێنەیەی کە لەلای خۆیان هەیە، جێگەی گومان و باوەڕپێنەکردن بێت.

دیمەنی ڕێگاکە لەگەڵ ساڵانی بەرەوودا هێندە نەگۆڕدرابوو، ئەوەی جێی خۆشحاڵی بوو، ناشتنی ئەو نەمامانەی نزیک ڕێگاکان و سەر گردۆڵکەکانی دەوروبەری شاری هەولێربوو. کرێکارەکان لە زۆرینەی ئەو باخچانەدا خەریکی ئاودان و کێڵان و چێکردنی درەختەکان بوون. ئۆتۆمبیلەکە بەناو هاڵاوی تراویلکەی جادە قیرەکەدا دەڕۆیشت و گردۆڵکەکان یەک لەدووی یەک درێژ دەبوونەوەوە. لە بناری هەندێ لە گردۆڵکەکاندا ئەو نیشانانە دانرابوون، کە هێمابوون بۆ بوونی مین، لە هەندێ جێشدا کەسانێک بە جلی خۆپارێزی و کڵاوەوە خەریکی دەرهێنانی مینەکان بوون؛ لە ئاوڕدانەوەیەکدا شۆفێرەکە ووتی: چەند ڕۆژێک لەوەوبەر مینێک بە یەکێک لە کرێکارەکاندا لەویادا تەقییەوەو کوشتی.

منیش بەدەم خۆمەوە ووتم: یەک ئینسان، تەنها ئینسانێک؟!

زۆرن ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی کە باس لە کوشتنی تەنها ئینسانێک دەکەن، زۆریشن ئەو داستان و فلم و ڕۆمانانەی باس لە مەرگی ملیۆنان دەکەن. بەڵام من بۆ خۆم جیاوازی مەرگ لە ژمارەکاندا نابینمەوە، چونکە پێموایە مەرگی ئینسانێک یەکسانە بە مەرگی هەموو مرۆڤایەتی، کە یەکێک دەکوژرێت وەک وایە هەموو مرۆڤایەتی کوژرابێت، چونکە لە گەڵ مەرگی ئەو تەنها کەسەدا هەموو دنیا کۆتایی پێدێت. مەرگی کەسێک یەکسانە بە مەرگی من، تۆ، ئەو، بەڵکە

ملیۆنەها ئینسـان. گەر ئێمە لەبری ئەو ئینسـانە بین کە دەکوژرێت، ئیدی بەهەرچ هۆیەکەوە بێت، ئەوا لەگەڵ مـەرگمـاندا دنیاش کـۆتایی پێدێت.

لەخـۆم پرسی ئەگەر من ئەو ئینسانە بوومایە، ئێستا لەبری من کـەسێکی تر لە پێشی ئەم ئوتۆمـبیلەدا سـواردەبوو، وەک تۆزێک لەمەوبەر گوێی لە هەواڵی مەرگی کەسێک دەبوو، ئەو کەسە کوژراوەش من دەبووم. منێک بە هەموو یادوەری و فەنتازیاو فیکر و دنیابینینمەوە بۆ ژیان، هەڵبەتە کەسە کوژراوەکەش هەمان ئەو شتانەی کە من هەمە ئەویش هەیبووە. ئەم بیرکردنەوانە سەرتاپای مێشکمی داگیرکردبوو، هەناسە قوڵەکانم لەناو گەرمای ئوتۆمبیلەکەدا گرێ گرێ دەهاتنە دەرێ و دڵم پڕبووبوو لە حـوزن. جەنگ وای لەم وڵاتەکـردووە کە کـوشتنی ئینسانەکان دەهشەو پرسیار دروستنەکات، بەچەشنێک کوشتن بۆتە ڕۆتینترین حاڵەتی هەواڵەکان، ئەوەش هێزی هەموو تێفکرینەکان لە هۆکـاری مـەرگ و پرسـیـارکـردن لە بەرامـبـەر مـەرگـدا دەکـوژێت، بچووکترین ووشەی زمانی کوردیی کە پرسیاری «بۆ؟»یە، کە دەکرێت زیرەکی ئەم پرسـیـارەو جورئەت و بەدوواداچوونی لە فـەراهەمـبـوونی دنیایەکی جوان نزیکمان بکاتەوە. شێوەکانی کوشتن لە کۆمەڵگای کوردیدا، دەیەها ماناو تێفکرینی دینی و سیاسی و حیزبی هەیە، ئەو دەمـانەی مـاناکانی شۆڕشگێڕی لە سەردەمی زێڕینی خـۆیدا دەژیا، کوشتن پلەیەک بوو لە شەهادەت و دووبارە دەستپێکردنەوەی ژیان لە ویژدانی کـۆمـەڵگادا، ئەو جـۆرە مـەرگە دەبووە پێدانی پیـرۆزی بەناوی کەسی شەهید و لەویشەوە بۆ حیزب و هەموو ئەندامانی خێزانی پلە یەک و پلەکانی تر، تا درێژدەبۆوە بۆ پیرۆزیدان بە جێگای لەدایکبوون و ژیان و مـاڵ و گەڕەک و هاوڕێ و دەیەها شتی وردی تر، کە تایبەتبوون

به کەسی کوژراو و خێزانی کوژراوەکەوە. ڕەگی ئەم بە پیرۆزکردنەش ڕەگێک بوو لە ماڵی حیزبەوە ئاودەدرا، بەڵام بە ئاوی دین، تا دەهات گەشەی دەکرد و دەیەها کەسی تر لەژێر ئەو پلە و ڕەمزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەدا، لە ناو عەشیرەت و حیزب و خێزاندا دەبوونە جۆرێک لە دەسەڵات. بەڵام ئێستا ماناکانی کوشتن تا بێت ڕوتوقوتر دەکرێتەوە لەو بەها بەدەستهاتووانەی دوای مەرگ. لە داوای ڕاپەڕین و دەتخستنەخوێنی یەکتری حیزبەکانی کوردستانەوە، بەتایبەتیش دوای هێنانی سوپای پاسداران و کارەساتی ٣١ی ئابەوە ماناکانیش لەبەرامبەر کەسی کوژراودا گۆڕدران، چونکە ئەو ڕووداوانە بوونە هۆی دۆڕاندنی سەردەمی زێڕینی ئەو مانایانە. لێ تا ئێستاش حاڵەتی کوشتن هێشتا لە ئاستە سادەو ڕۆتینییەکەی خۆی دەرنەچووەو نەبۆتە پرسیارێکی بە جورئەتی ئاوا، کە هۆڵی دانیشتنەکانی سەردکردایەتی حیزبەکان، ناو خێزانەکان، ناو کۆبوونەوەی هەموو گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، کۆڕەکان و ڕووبەری میدیای کوردی «کە حیزب مۆنۆپۆلی کردووە» پڕکات لە بۆ؟ بۆ کوشتن؟ بۆ مەرگی هەرزان؟ بۆ خۆکوژی؟ بۆ خوێن؟.....

من بووبوومە کەسی مین پیاتەقیوو، لە پێشی ئوتۆمبیلەکەوە دانیشتبووم و خوێنم لەبەر دەڕۆیشت، خوێن لە درزی دەرگای ئۆتۆمبیلەکەوە قەترە قەترە دەتکایە سەر جادە قیرتاو و گەرمەکە، هاڵاوی خوێنی من تێکەڵ بە هاڵاو و گڕەی ئەو پێش نیوەڕۆیە دەبوو، جادەیەکی سوور و دەشتێکی وشک و کرکای کرکی پڕ لە دڕک و داڵ. منی کوژراو بەو هەموو خوێنەوە جگەرەکانم یەک لە دووی یەک دادەگیرساند. ئۆتۆمبیلەکە لە خاڵێکی پشکنین نزیک بۆوەو کەمێک وەستا، لە دووبارە پێ لەسەر بەنزین دانانی شۆفێرەکەدا، شۆفێرەکە

ڕووی لە من کـردوو، ووتی: لێـرەوە نـاوچەی پارتـی کـۆتـایی دێت، ئەم دەشتەش سنووری نێوانیانە، تا دەگەینە خاڵی پشکنینی یەکێتی.

بێـدەنگییـەک، لە بێدەنگی ماسـی دەچوو، هـەر هـەمـوومـانی لە نـاو ئۆتۆمـبـیلـەکـەدا کـڕ و مـاتکرد. تراویلەکـەی ناو دەشـتـەکـە، دارتێلە گـەورەکانـی لەبەرچاوی مندا دەنوشـتـانەوە، لەو دەڤـەرەدا تاکـو تەرای باڵدارەکـان لەمـلاو لەولای ڕێگاکـەو سـەر جـادە قیـرەکـە هەڵدەفـڕین و دەنیشـتنەوە، پێـدەچێت باڵدارەکانیش لەم سنوور و نێـوانە نەفرەتیـەدا کـۆچیـان کـردبێت، حـیـزبە کـوردیەکـان و خـودا دەزانێت لەم دەشـتـە ڕووتووقـووتـەدا چەند کـەس خـوێنیـان بەسـەر ئەو بەردو گـردۆڵکانەدا ڕژاوە و جـێـمـاون. لە دووری دوورەوە تەپـۆڵکە سـوورەکـانی نـاوچەی یەکێتی لەناو ئـەو تراویلکەیەدا وورده ووردە خۆیـان نیشـان دەدا. چۆڵی ئەو ڕێگاوبانە هەمـوو بیری منی ڕووتووقـوتکردەوە لە یادوەریەکانم، ئەو یادوەریانەی لە گەڵ گەیشـتنمـەوە بۆ کوردسـتـان وەکو تۆپی پەمـوویەک تـەقین و سـپـی و تەڕ دەرکـەوتن، وەک قـۆزاخـەیەک درزی بـردوو پەپوولەیەک بەدەیان ڕەنگی سەرباڵیەوە کەوتە فڕین. شـەڕ تەنها جەستە ناکوژێت، بەڵکە ئاوی پێی هەنگاوی یادوەریەکانیش دادێنێت و سست و سـڕ وەک بـەرد لەسـەر پشت دەیاندا بەئەردا. هەسـتـم بە بـریسکەی ئازاری سـەریەشـەیەک دەکرد، کە تەنـها لایەکی سـەرم گـەرم ڕادەهات و دەیەشا.

ئەو دەمـەی هـالاوی تراویلکەکـە لـە مـینای چاوی دەدام، لە دوورەوە تـارمـایی پیـاوێکم لـەپاڵ چـەند تـاوێرە بەردێکەوە بـەدیکرد، تارمـای جـەسـتـەی پیـاوەکـە لـەناو هالاوی گـرێ گـرێ و هەڵچـووی تراویلکەکـەدا لـەتوپـەت دەبوو دیسـانـەوە یـەکی دەگـرتەوە، دەتووت جـەسـتـەیەکی سـیـحـرییـەو تینی نیگاکانی چاوی من تاقی دەکـاتەوە.

ئۆتۆمبیلەکە تا دەهات نزیکتر دەبۆوە لێی، پیاوێکی بەژن مامناوەند و لاواز، لەبەر ئەو گەرمایەدا بەدەم ڕەنگکردنی کۆمەڵێ تاوێرەبەردەوە شپرزەو ماندوو، هەر دەستی دەجولاو ڕەنگی فڵچەکانی دەستی دەدا لە ڕووی تۆزاوی و ئاڵ هەڵگەڕاوی ئەو تاوێرە بەردانە، ئۆتۆمبیلێک و چەند کەسێکیش نزیک جادە قیرتاوەکە وەستابوون و سەرقاڵی قسەکردن بوون. وەلامێک لە قوڵترین خانەکانی زەینی منەوە گەیشت و خێرا ناسیمەوە، ئەوە "ئیسماعیل خەیات"ی هونەرمەندە، بەخۆم نەبوو چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسک، نەفەرەکانی ناو ئۆتۆمبێلەکە لەگەڵ خۆیان کەوتنە مقۆمقۆ، لەوێدا موچڕکەیەکی خۆشی هەموو جەستەمی داگیرکرد، بەسایەقەکەم ووت هۆڕنێکی بۆ لێدە، لەگەڵ هۆڕنەکەدا من دەستێکم لەپەنجەرەکەوە دەرهێناو دەستێکم بۆ بەرزکردەوە؛ زانیم ئەوە ئیسماعیل خەیاتەو دەیەوێت بە کارێکی هونەری قەشەنگ بەهۆی ئەو تاوێرانەوە ئەو سنوورە پڕکات لە ڕەنگی سپی و سەوزو زەرد و دەیەها ڕەنگی تر، ئەو ڕەنگانەی کە دژی جەنگن و هاواری ئاشتی دەکەن. ئەمجارە جیاواز لە جارەکانی تر جگەرەیەکم پێکرد و سنگم پڕ بوو لە شادی، یەک دوو جوڵەم لە جێگاکەی خۆم کرد و ماسولکەکانم پڕ بوون لە هێز.

چەند گردۆڵکەیەکی توورەکەڕێژ و دەمە شۆفڵ لە گڵی سوور لەسەر جادەکە دانرابوو، بەسەر یەکێک لەو گردۆڵکانەشەوە ئاڵەیەکی سەوز بە دارێکی خوارەوە چەقێنرابوو، چەند جارێک ئۆتۆمبیلەکە پێچاو پێچ گردۆڵکەکانی بڕی، لەژێر یەکێک لەو درەختە بالا کز و کورتانەدا چەکدارێک لەژێریدا دانیشتبوو، چەند سەد مەترێکی تر ڕۆیشتین و گەیشتینە ئەو دووڕیانەی کە جێگای خاڵی پشکنینی ڕێگای کۆیەو کەرکوک بوو. چەند چەکدارێک بە جلی سەربازییەوە ئۆتۆمبیلەکەیان

ڕاگـرت، بە شـۆفـێـرەکـەیان ووت: سندوقی دواوەوەی ئۆتۆمـبـیلەکـە بکەرەوە. دوای چەند دەقـەیەک یەکـێک لە چەکـدارەکـان ئەو زەرفـەی بەدەستەوەبوو کە سیوەیلی کۆمپیوتەرە جانتاییەکەی بۆ تیادانابووم، لەوێدا ئەو قسەیەی سیوەیلیم بیرکەوتەوە کە پێی ووتم: کۆمپیوتەرەکە لە ژێر قـاچی خـۆتدا دابنێ، تا تووشـی کـێـشـە نەبیت. من چوومـە خوارەوەو دوای سڵاوکردن لە چەکدارەکە ووتم: ئەوە هی منە.

چەکـدارێکی تر بە جلی کـوردییـەوە هاتە پێـشـەوەو دەیووست کۆمپیوتەرەکە بکاتەوەو بزانێت چییە. بەسەر سوڕمانەوە ڕووی لە من و هاوڕێکانی خۆی کرد و ووتی: ئەمە چییە؟ ئیدی هەریەکەیان دەهاتن و دەیانویست بیکەنەوە. ناچار خـۆم لەدەسـتـم وەرگـرتن و ووتم: ئەوە کۆمپیوتەرە، من نووسەرم و لەگەڵ خۆم هێناومەتەوە تا نووسینەکانی خـۆمی پێ بنووسم، لەوێدا ترسـام بڵـێم لە هەولێـرەوە هێناومـە، تا تووشی کێشەی چاوەڕوان نەکراو نەبم.

بەهەرحاڵێ نزیکەی دە دەقەیەک ڕایان گرتین و دواتر ئەو کەسەی کە سەرپەرشتیاری چەکدارەکان بوو، ووتی سەربازێکتان لەگەڵدا دەنێرین، تا لە دائیـرەی گـومرگ لە کـۆیە گـومرکی بکەن. من ووتم هەڵبەتە دەچین، بەڵام ئەو سەربازە لەگەڵ ئێمەدا جێگای نابێتەوە. ئەو ڕازی نەدەبوو دەیووت: هەردەبێت سەربازەکە لەگەڵتانبێت. ناچار من لەگـەڵ سێ نەفـەرەکـەی پشـتـەوە هەرچۆنێک بوو بە هەڵواسـراوەیی جێگەی خۆم کردەوە، سەربازەکەش لەگەڵ پیاوە مشکی بەسەرەکەدا لە پێشەوە لە جێگاکەی مندا سواربوو. نەفەرەکانی پشتەوە پێیان ووتم، کە تۆ شـتێکی وات پێ بوو بۆ قـسـەت نەکردوو! تا هیچ نەبێت لە ژێر قـاچمـاندا دایبنێین، چوونکە ئێـسـتـا لەوێ زۆر ڕامـان دەگـرن. سـەربازەکـەش هەندێ پرسـیاری لە کوێوە هاتوویت و بۆ کوێ دەڕۆی

لێکردم، منیش ووتم تۆ ناوت چییە؟ ووتی من ناوم مەریوانە. مەریوان دواتر ووتی دەبێت بیست و پێنج دینارم بەیتێ چونکە من لەوسەرەوە بەسەیارەی کرێ دەگەڕێمەوە. پێش ئەوەی من وەڵام بدەمەوە، یەکێک لە نەفەرەکانی دواوە بە تووڕەییەوە پێی ووت: بیست و پێنج دینارت بۆ چییە، تەنها بۆ گەڕانەوە، کە خۆشت دەزانیت لەوسەرەوە سەیارەکان هەڵتەدەگرن و کەسیشیان پارەت لێوەرناگرن. بەهەرحاڵی من لە کردنەوەی جزدانەکەمدا بووم؛ ئەو کوڕەی کە وەڵامی مەریوانی دایەوە پێیووتم: دە دیناری بەرێ و با وازمان لێبێنێت. مەریوان دە دینارەکەی وەرگرت و بێ سوپاس کردن خستیە گرفانیەوە.

گەیشتینە دائیرەی گومرگ، لەیەکەم ژووری بەردەرگاکەدا کۆمەڵێ کەسی لێبوو، دوای سڵاوکردن ئەوان خێرا دەستیان کرد بە کۆمەڵێ پرسیارکردن، فریای وەڵامی هەموویان نەدەکەوتم، یەکێکیان دەیوویست کۆمپیوتەرەکە بکاتەوەو بۆی نەدەکرایەوە، ناچار بۆم کردەوە، ئیدی ئەو کەوتە باسکردنی ئەم جۆرە کۆمپیوتەرانە بۆ ئەو کەسانەی تر کە لە ژوورەکەدا بوون، بە مەرجێ هیچ کام لەو قسانەی ئەو ڕاست نەبوون و هەموو زانیاریەکانی لەسەر ئەو جۆرە کۆمپیوتەرە هەڵەبوو، دانم بەخۆدا گرت و هیچم نەووت، بەیەکێکیانم ووت: ئێستا من چی بکەم؟ وەسڵێکیان دامێ و ووتیان بیبە بۆ ژووری «هەڵسەنگاندن»، ووتم باشە بەڵام دەتوانم پێشوەخت لەگەڵ بەڕێوبەرەکەتاندا قسەبکەم، ژووری بەڕێوبەریان پیشاندام، دوای لەدەرگادان چوومە ژوورەوەو تەوقەیەکم لەگەڵ بەڕێوبەری دائیرەکەدا کرد و خۆمم پێناساند، بەڕێوبەرەکە کوڕێکی گەنجی ڕەش ئەسمەری سمێڵ ڕەش بوو؛ سەرەتا پێمووت: کە من نووسەرم و لە سویدەوە هاتوومەتەوە، ئەم کۆمپیوتەرەش لەگەڵ ڕۆیشتنمدا دەیبەمەوە، بۆیە تکایە کارئاسانیەکم بۆ بکە، تا هەم خۆم و

نەفەرەکانی تریش کە لەگەڵمدان دوانەکەوین.

ئەو زۆر بە خوێن ساردییەوە وەڵامی دامەوەو ووتی: بیبە بۆ ژووری «هەڵسەنگاندن». دوای چەند دەقەیەک گفتوگۆ سوودی نەبوو، بۆ دواهەمین جاریش تکام لێکردەوەو سۆزی گەڕانەوەی کۆمپیوتەرەکەم پێدا، هەر بێسودبوو، دواتریش ووتی: ئەگەر لە ئەوروپا نەهاتیتایەتەوە خۆم دەمزانی چیت لێدەکەم.

منیش ووتم: ئافەرین و زۆر سوپاس. بەڵام ئەو کوڕە کراس و شەرواڵ لەبەرەی کە دەمانچەیەکی ڕووتی کردبوو بە ژێر پزووی شەرواڵەکەوەو لەکاتی قسەکردنەکانماندا هاتەژووێ، بە تووڕەبوونەوە بە منی ووت: دەی بڕۆ دەرەوەو لەوە زیاتر مەڵێ.

ناچار بەدڵ شکاوییەوە هاتمە دەرێ. پۆلیسی بەردەرگاکە ناردمی بۆ ژووری بەرامبەر ژوورەکەی بەڕێوبەر، ژوورێکی ڕووتووقوت، دوو مێز و چەند کوردسییەک و کارمەنێکی لێبوو، دیاربوو ئەو کارمەندە ئاگای لە قسەکانی من و بەڕوێبەرەکەی بوو، پێی ووتم: کاکە بۆ پەلەمان لێدەکەن، خۆ ئێمە عەشایەر نین و ئەم کارانە بە عەشایەریی ناکرێت. زۆرم لە خۆم کرد کە هێمنی خۆم بپارێزم، بەڵام ناچار چەند ڕستەیەکم ووت: کاکە گیان، کەس باسی عەشایەری نەکردووە، منیش پارتی نیم و تۆ من بە عەشایەر بزانیت و خۆت بە مۆدێرن؛ تەنها تکایەکم لە تۆ ئەوەیە کارەکانم زوو بۆ بەڕێ بکەیت. کارمەندەکە دوای پرسینی جۆری کۆمپیوتەرەکە، ووتی لە لیستی ئێمەدا ئەم جۆرە کۆمپیوتەرە نییە، بۆیە نازانم بە چ بڕە پارەیەک تەخمینی بکەم؟ پێمووت: ئەمە جۆری کۆمپیوتەری جانتایی «بەرباری» پێدەڵێن. دواتر ووتی باشە ئەمەی بە تۆیە هەر شاشەکەیەتی. ووتم: نا، ئەمە هەموو کۆمپیوتەرەکەیە. ووتی تایپەکەشی لەگەڵدایە، ووتم: نا. کارمەندەکە دامابوو نەیدەزانی چی

بکات، ووتم: تکایە بەھەرچ برە پارەیەک دایدەنێی داینێ و با ڕزگارمان بێت. وەرەقـەکـەی ئیـمـزاکـرد و پێـیـووتم بـچـۆ بۆ ژووری «ژمـێـریار» لەسەرەوە، بە قادرمەکاندا سەرکەوتم و چوومە ژووری ژمێریار، ئەویش سەرلەنوێ دەستی کرد بە پرسیارکردن لە جۆری کۆمپیوتەرەکەو خۆم و ئەو وڵاتەی کە لێوەی ھاتووم. ژوورەکەی ئەو چەند سندوقێکی تێدابوو کە پڕبوون لە مەلەفی بەسەریەکدا کەڵەکەکراو و مێزێک و دوو کورسی، بە دیوارەکـەی پشـتـیـشـیـەوە وێنەیەکی سـەرۆک وەزیرانی سلێـمـانی «کۆسرەت ڕەسوڵ» ھەڵواسرابوو. ئەویش ناردمییەوە بۆ یەکەم ژووری بەردەرگـاکـە. لەوێ دوو کـارمـەندیان ئیـمـزایـان کرد و یـەکێکیشـیـان مـۆرێکی لە وەرەقـەکـەم دا. ناردمـیـان بۆ ژووری «تۆمـارکـردن»، لەوێ جۆری کۆمپیوتەرەکەیان تۆمارکرد و ناردمیانەوە بۆ ژووری «ژمێریار»، کارمەندەکە ووتی: چاوەڕوانبکە چونکە دەفتەری وەسڵەکان لە ژووری «خـەزێنەیە»، لەوکـاتـەدا یەکـێـک لە نـەفـەرەکـان ھـات بە دوامـداو بە بێـزارییـەوە پێی ووتم: گـەرمـا کـوشـتـینی، ھێندەمـان چاوەڕوانکرد، چیـتکرد بۆ تەواونـەبوویت؟! لـە وەڵامـدا ووتم: چاوەڕوانی گـەڕانەوەی دەفـتـەری وەسـڵـەکـانم لە ژووری خـەزێنە. ھەرلـەویاشـدا زۆر داوای لێبـووردنم لێکرد کـە من بوومـە ھۆی دواکـەوتنی ئەوان. دەفـتـەرەکـە ھاتەوەو بە چوارسەد و بیست و پێنج دینار کۆمپیوتەرەکەیان خەمڵاند، ئەوسا کارمەندەکە ناردمی بۆ ژوورەکەی تەنیشتی کە ژووری خـەزێنە بوو. لەوێ دوو کـوڕ و کـچـێکی لێـبـوو، یەکێک لـە کوڕەکـان پرسـیـاری ئەوەی لێکردم کـە لە چ وڵاتێکم؟ دواتر بـەزەردەخـەنەوە ووتی: ئێـوەی ئەوروپا قـەپاتن و ڕزگـارتانبوو، دەبینیت لەم ژوورە گـەرمـەدا ئێمـە چۆن دەژین، تخوا ئەمە ژیانە!

دوای کەمێک پارەکەیان لێوەرگرتم و ووتیان بیبەرەوە ژووری یەکەم

له خوارەوە. چوومەوە ژووری یەکەم، یەکێک لە کارمەندەکان وەرەقەکەی لێـــوەرگــــرتم و بە تـەیپـــێکی ئاوی ئەو دێڕانەی کـــە ناوی خــــۆم و کۆمپیوتەرەکەو بڕی پارەکەی لەسەر نووسرابوو، داپۆشی. بەشەکەت و ماندووبوونییەوە، چوومەوە بۆ لای ئۆتۆمبیلەکەو زۆر داوای لێبووردنم لە شۆفێرەکەو نەفەرەکان کرد.

پەســـتـــیـــیــەکی قـــورس گـــرتمی و تووڕەبوونێک لەناوەوەمــــدا ڕایدەتەکاندم و دەستەکانم دەلەرزین، لەویادا بیرم لە ئیسماعیل خەیات ئەکردەوە کە ئێستا لەژێر تیشکی ئەو خۆرە گەرمەدا، ڕەنگەکان و ئارەقەی دەرژێنێت بەسەر ئەو تاوێرە بێدەنگانەدا و دەیانکاتە قاسدی ئاشتی، دیارە ئەویش لە وەفای بێدەنگی بەرد و زمانیان گەیشتووە بۆیە بەردی لەبری ئینسانەکانی ئەم دەڤەرە کردۆتە قاسدی ئاشتییەک کە خەونی هەموومانە.

شـــارەکـەی کـۆیە وەک جـاران ڕەنگ ئاڵ و پڕ لە ژیان بوو، خـۆڵە ســـوور وســـــەئاســـاکـــەی باواجی بەســـەر مـــاڵەکـــان و درەخت و ئینســـانەکـــاندا، وەک گــەردی ســـەر باڵی پەپوولە دەباری، هەمـــووان ڕەنگێکی برۆنزیان پۆشی بوو. شـــاری «باکـوری»ی و تیـپی «باواجی کۆیە»، کە بە منداڵی هەمیشە گۆرانی «بزمارەو بزمارە»مان دەووتەوەو سنگمان پڕ دەبوو لە خۆشی؛ ئەو شارەی عاشقترین گۆرانیبێژی ئێمە «سێوە» کە وەک سەبا «ئەوەل سەحەرە و ئەوە گوڵێ»و چەندەها گۆرانی زیندووی بۆ کچە ئامۆزاکەی لە چایخانە و دێرەکانیدا چڕیوە.

ئۆتۆمـبـیلەکـە بە کەمـێک هەناسەبڕکـێوە، بەسـەر لۆفە بە پێچ و دەورەکـەی «هەیبـەت سـوڵتـان»دا سـەردەکـەوت و من بیـرم لە «حـاجی قـادر»، ئەو شـاعیرە تووڕەیە دەکردەوە، کە دەبێت چەند جاران لەسەر قـوتەی هەیبـەت سـوڵتـانەوە هەسـتی بە تەنهـایی خـۆی کـردبێت، ئەو

شاعیرەی کە جنێوی خستە شیعری کلاسیکییەوە لەبەرامبەر بە کەمزانینی هەیبەتێک بۆ شوناس و زمانی کوردی.

لە چوونەخوارەوەی ئوتۆمبێلەکە بەودیووی چنارۆکدا، بەخۆم نەبوو، ئەو ڕۆژانەم هاتنەوەبیر، کە ئەو لاپاڵە پڕ بوو لە درەختی هەنار و بەڕوو، سەیرانکەران بە جلی ئاڵو واڵاوە گۆرانیان دەوت و سەمایان دەکرد، بەڵام ئێستا هەوارێکی خاڵی، خاڵی لەو دارهەنارانەی کە من بە منداڵی خۆم نوقمی ڕەنگی گوڵنارەکانی ئەکرد و تاس دەیبردمەوە، ئەو ڕۆژانەی کە هەڵم و هاڵاوی قوڵپە قوڵپی مەنجەڵەکان و دووکەڵی مقاڵیە پڕ لە گۆشتەکان لیکی نەوسێکی پڕ لە شەهیەی پێ دەڕشتین؛ ئەو ڕۆژانە گوزەشتن و ناگەڕێنەوە. ئەو لاپاڵە لەچاوجاراندا تاکوتەرا درەختی بە پێوە وەستاو و قیرسچمەی تیادا مابوو، کە سووکە بایەک دەیلەرەندنەوە. جەنگ درەختەکانیشی بڕییەوە، برسێتی گەڵاو چڵەکانی سووتاند، نائامادەیی عەشق سەوزاییەکانی نەهێشت و لەرەی دەنگی گەڵاکانی خنکاند و باڵدارەکانی بێ لانەکرد.

دوای پێچکردنەوە لە دووڕیانی کۆیەو ڕانیە، بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتین. تا گەیشتینە چێشتخانەکانی کانی وەتمان، من سەیری ئەو قەراخ ڕێگاو کێڵگانەم دەکرد کە بەمین چێنرابوون. لەولاتریشەوە کێڵگە گوڵەبەڕۆژەکانم دەبینی کە تەنها لاسکە درێژەکانیان بە پێوەمابوو، هەمووان بەیەک ئاڕاستەی یەکەم ساتی ڕنینیان ملیان لاربووبوەوەو بەپێوە وەستابوون، کە هەردەتووت ئەو کێڵگانە کێڵگەی سەدەها سەربازی بێسەر و نەناسراون. لەیەکێک لە چێشتخانەکان نانمان خوارد و دووبارە سواربووینەوە. کەپرەکانی سەر ڕێگا، سەتڵە سوور و سپیە پڕ لە ماست و پەنیرەکانیان پێوە هەڵواسرابوو. لە دوورەوە ئەو زنجیرە شاخەی کە دەگەیشتەوە شاخی پیرەمەگروون

لووتکەکانیان دەرکەوتن. بیرم لە «تۆفیق وەهبی» ئەو منەوەرە زمانزان و پیـــرەی کـــورد کـــردەوە، دوای ســـاڵانێکی زۆری دوورە وڵات، لەســـەر وەسیێتی خۆی لە شاخی پیرەمەگرون ناشتیان. ئەو ڕۆژانە و شەوانی ئاهەنگێڕانی ئەو سەروەختەم بیرکەوتەوە، کە هەر ئێوارەی لێدەهات بە درێژی هەفـتـەیەک خـەڵکانی شـار دادەبارینە سـەر شـەقـامـەکـان و ئاهەنگیان بە بۆنەی ڕێکەوتنی «حکومەتی عێراقی و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە» دەگێـڕا. گەورەو بچوک سروودەکانی شاخ و هوتافە نووسراوەکانی سەر دیوارەکانیان دەووتەوە. ئەو شەوانە هوتافی هەموو حـیــزبەکـان لە دەمی منداڵەکـانەوە بەبێ سـڵـەمـینەوە دەوترانەوە، پیاوەکـانی ئاسـایشـیش بە بێ ترس وێنەی ئەو حـەشـامـاتە زۆرەیان ئەگـرت؛ کەم کـەس هەبوو بەحـەزەرەوە لە دوورەوە سـەیری ئەم گـۆڕانە کتوپڕە نەکات، لە قوتابخانەکانیشدا ڕۆژانە خۆپیشاندان سازئەکرا.
من ئـەو ســەروەخــتــە لە ئامـادەیی سلێـمـانی بووم، لەیەکـێک لەو بەیانیانەدا، سیمای قوتابیەکان و ڕۆتینی دەرسوتنەوەی مامۆستاکان جــۆرێکی تر بوو. بۆ یەکــەمــجــار قــوتابیــەکــان توانیــان لەکــاتی دەرســوتنەوەی مــامــۆســتــاکــاندا بێ پرس بێنەدەرێ. ســەرەتا وێنە هەڵواســراوەکـانی «ســەدام حــســێن» کـە بە دیواری ژوورەکــاندا هەڵواسـرابوون شکاندمـانن، وەک شـەپۆلێکی تاین نەبوو، پەلامـاری ژووری ڕێکخـسـتنی قـوتابیـانمان دا، دوو وێنـە گـەورەکـەی «ســەدام حسـێن»مـان شکاند و ئاگرمـان لە پەردەی ژوورەکە بەردا. بەڕێوبەری قوتابخانەو مامۆستاکان ڕەنگیان پەڕیبوو، بۆ یەکەمجار قوتابیەکان بێ گوێپێدانی مـامـۆسـتـاکـان دەسـتـیـان کـرد بە گـۆرانی «ئەی ڕەقـیب»، جـەسـتـەی قـوتابیـەکـان بوو بووە پارچەیەک لە ئاگـر، ئاگـرێک کـە نەماندەزانی کێی پێ بسوتێنین؛ هەڵبەتە لەو ساتانەدا هیچ لۆژیکێک و

بیـرکـردنەوەیەک ئامـادەیی نـابێت هـێندەی ئەوەی هێـزێک تا بێت لە دەرونـدا هەڵدەچـێ و هـەمـــوو شـــتـــێک تێکوپێک دەدا. بـەڕێوبـەری قوتابخـانەکە «مـامۆستـا عوسـمان»، لە ترسـی تێکهـەڵچوونی قـوتابیان و سـەربازەکانی سـەر شـەقـامەکە، دەرگـای قوتابخـانەکەی داخـست. بەڵام شـەپۆلی هـەڵچـووی قـوتـابییـە تووڕەکـان لە دیوارەکـان و دەرگـاکـانەوە دابارینە سـەر شـەقـامەکە؛ قوتابیـە کچەکانی قـوتابخانەی «خـانزاد»یش تێکەڵ بە قـوتابیـە کوڕەکانی ئامـادەیی سلێمانی بـوون. سـەربـازەکـان لە ســـەرەتـاوە پاشـــەو پاش دەکـــشـــانەوە و جـــارجـــارەش چـەند ڕیـزێک فیشـەکیان بە ئاسمانـدا دەکرد. ئاگامان لێبوو سـەربازەکان چواردەوری قـوتابخـانەی ئامـادەیی سلێـمـانیـان داو ژمـارەیەکی زۆریان چـوونە ژوورەوەو لە دوای خۆیانەوە دەرگاکەیان پێوەدا. تازە ئێمە ئەو شـەپۆلانە بووین کە هیـچ بەربەسـتێک ڕاینەدەگرتین؛ چەند جارێک تێکهـەڵپـژان لە نێـوان ئێـمـــەو ســـەربـازەکـاندا دروســـتـبـوو. یەکـێک لە قـــوتـابیـــەکـان لەئـەردەکـــەدا کـــەوتوو بە گـــوللەیەک بـریندارببوو، ژمـــارەیەکـی زۆریش کـەوتـنەژێر شـاڵاوی زەبـروەشـانـدنی کـێـبـڵـەکـان، ئیـدی هـەمـــووان لە کۆڵانەکانی دەوروبەری گەڕەکی چوارباخدا خۆمان ونکرد.

ئەو ڕۆژانە ئەم ڕێگایە پڕ بوو لـە ئۆتۆمبیلەکان و هـەمووان سـرود و گـــۆرانیـــان دەوت. «مـــام جـــەلال» لەســـەر ســـەکـــۆیەک لە نزیـک قـــەدپاڵـێ گـردێکدا خـوتبـەی دەدا، هێندەی نەبرد لەناو حـەشـامـاتەکەدا هـاوارکـرا ئەوە «مـامـە ڕیشـەیە»؛ خـەڵکەکە بەر سـەکۆکەیان جـێهـێشت و لەولاترەوە گـێژاوێکـی بـێ لەمپـەر دروسـتبـوو، دەسـتکرا بە چـەپڵـەلێدان. ئەو ڕۆژانـە وێنەکـــانـی «مـــامـــە ڕیـشـــە» لەســـــەر شـــۆســـتـــەکـــانـی بەردەرکـی ســـەرەدا دەفرۆشرا. کچـان و کوڕان وێنەکانیان دەکڕی. بەڵام ئیدی ئەو خـۆشییە سـادەدڵییـەی خـەڵکی درێژەی نەکێشاو، خـەڵکانێکی زۆر بوونە قـوربانی

خـۆپیــشــاندانەکــان، کـاتێکیش قـوتابیــەکـانی زانکۆی هەولێـر بە نائومــێــدییـــەوە دوای کــوژرانـی ژمــارەکی زۆریان هـەڵاتن و چوونە «سـورداش»، لەوێش هـێندەی تر بە ئامـۆژگـاریە چاوەڕواننەکـراوەکـان ئومـێدیان لەبەربڕا و کپکرانەوە؛ ژمارەیەکی زۆریش کە لە شـاردا کاری نهـێنیـان دەکـرد لەلایەن حکومـەتی عـێراقـییـەوە ئاشکرابوو. جـارێکی تریش شکستێکی تر، جیاواز لە شـکستی سـەربازی، شکستێکی ڕۆحی و ناوەکی لەدەرونی ئینسـانی کـوردا، وێنە پیـرۆزو سـەرەتاییـەکـانی شۆڕشی شکاند و هێزی بەرەنگاربوونەوەی سست و لاوازکردەوە.

لەتێـفکرین بەدەم ئەو هـێـزە پەنهـان و خـەفـەبووەی ئینسـانەوە گـەڕامــەوە بۆ یەکی ئـایاری سـاڵی ١٩٩٩ی شـاری سـتـۆکـهـۆڵم. «هەندرێن»ی هـاوڕێم بـەتەلەفـوون ئاگـاداری کــردمـــەوە، کـە خــۆ پیـشـاندانێک جـیـا لـە خـۆپیـشـاندانی سـەرتاسـەری، لە گـۆڕەپانی «مـاریا»دەکـرێت کـە خـەڵکە فـەوزەوی و «ئەنارشـست»ەکـانی سـوید سـازیدەکەن. کـاتێک گـەیشـتـمە گـۆڕەپانی «ماریا»، نزیکەی پێنج شـەش هەزار لە فـەوزەویەکان بـە خـۆیان و «شـیـعـارە» هەڵگرتووەکـانەوە وەک گێژەڵوڵکە بەناو یەکدا دەهـاتن و دەچوون، جلوبەرگی ئەنارشسـتـەکان ئاڵوواڵا و جودا لە جلوبەرگی ئاسـایین، دەیەهـا کەس مۆسیـقایان لێدەدا و هەمـووان سەمـایان دەکرد، گروپێک لە مۆسـیقـارەکـان کە هەندێکیـان ئەفـەریقی بوون، دەسـتـیـان کرد بـە لێدانی ئەو تەپڵـە گـەورانەی کـە بە ملیـانەوە شۆڕبووبوونەوە. هیـچ کـاتێک هێندەی ئەو سـاتە حـەزم بەسـەما نەکردبوو، من و هـەندرێنـی هـاوڕێم لەگـەڵ ئەواندا کـەوتینە سـەمـاکردن، بەبێ خۆبەستنەوە بە هیچ جۆرە یاسایەکی تایبـەتی  یا گشتی سەماوە، نزیکەی سەعـاتێک سەمامان کرد. لەوێدا لە خۆم پرسی دەبێت چی بێت ئـەو هێـــزە پـەنـهـــانەی لـە دەروونـی منـدا ئـاوا بڵاچـەدەدات و دەیەوێت

بێتـەدەرێ؟! هەمـان پرسـیارم لە هـەندرێن کـرد، ئیـدی تێگەیشـتم کـە سیستەمی جۆرە ژیانی ئەوروپا وای لە هەمووومان کردووە کە ئەو هێزە هەڵچوو و توورەیەی دەروونمان تا بێت بەرەو خەفەبوون و مردن بەرێت.

ئەنارشستەکان سەرەتا کەوتنە هاویشتنی قوتوو شوشە بیرەکان لەو پۆلیسـانەی کە بەترسەوە لە دوورەوە سـەیری ئەو ژمارە چاوەڕوان نەکراوەیان دەکرد، دیوارەکان و شووشەی مارکێت و دووکانەکانی ئەو دەوروبەرە لە ماوەیەکی کەمدا هەمـووی بەو هوتافانە ڕەشکرایەوە کە ڕەخنەی لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی سوید ئەگرت. ئەو ڕۆژە یەکێک بوو لە ڕۆژە چاوەڕوان نەکراوو خۆشەکانی تێکەڵبوونی هەموو کلتوورەکان و تەنفیسکردنی بێزاری و ماندووبوونەکانی مەنفا؛ بۆ شەوێ لە هەواڵەکانی تەلەفزیۆندا ئەو خۆپیشاندانە پیشاندرایەوەو مەزەنە کرا کە زەرەری زیاد لە دە ملیۆن کرۆن لە دیوار و شەقام و جامخانەی مارکێتەکان دراوە.

ئۆتۆمـبـیلەکـە، بە ڕێگاکـەدا دەڕواو من لە خـۆم دەپرسم: ئەم ئۆتۆمبیلە چۆن دەتوانێت من بەم هەموو یادوەریانەوە هەڵبگرێت و ئاوا خێرا تێپەڕێت؟

یادوەریەکان خێرا دەهاتن و زیاد لە خێرایی تیشک تێدەپەڕین و من فریای گرتنی هەموویان نەدەکەوتم.

ئێستاش وەک جاران سەیری ڕووی ئەو شاخە ڕووتەن و قوچەی لاتەنیشتی پیرەمەگرون دەکەم و چاو بۆ ئەو مارە بەبەردبووە دەگێڕم، کە تا ئێستاش نەمتوانیوە لەسەر ڕووی ئەو شاخە بیبینم، هەمووجارێ کە دەهاتین بۆ سەیران، هەریەکەو سەری پەنجەی بۆ سەروناوقەدی ڕووتەنی ئەو شاخە درێژ دەکرد و دەیانووت: ئەها ئەو مارەی کە خۆی درێژکردووەو بەرەو سەر شاخەکە هەڵدەکشێ. بەڵام من هیچ کاتێک لەو

جارانە نەمتوانی بەدیبکەم، ڕەنگە چینێکی دەرپەڕیوو خزاوی ئەو شاخەبێت کە وەکو مار خۆ دەنوێنێت و هەمووان لێیان بووە بە مارێکی بەبەردبوو.

کاتێک ئۆتۆمبیلەکە دەگاتە ئاستی باخچەکان و کەمێک ڕێگاکە بەرەو نەویبوون دەچێت، هالاوێکی فێنک و شێدار لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکەوە خۆی دەکات بەژووردا، لووتم پڕ دەبێت لە بۆنی پونگەو نەعنای قەراخ مەرەزەکان. لە کەپرەکانی کەنار ڕێگاکەدا بەرچینە هەنجیرو ترێ دانراون، هەندێ لە ئۆتۆمبیلەکان لەئاستیاندا دەوەستن. ئۆتۆمبیلەکە دەڕوات و من گوێم لە گۆرانی «ئامینێ» دەبێت بە دەنگی «عەدنان کەریم»، یارمەتی لە شۆفێرەکە وەردەگرم و کەمێک دەنگی گۆرانییەکە زیاد دەکەم. سنگم پڕ دەبێت لە ئارامی و دەمەوێت بە هێمنی، دیمەنی ترازانی دەرگاو چوونەژوورەوەم بۆ ماڵەوە بهێنمە بەرچاوم؛ هەرچەندەکەم فرمێسکەکانم بۆ ڕاناگیرێت. وەک تەبەقێکی گەورەی شوشە درزم تێدەبێت و ناتوانم خۆم ڕاگرم و هاڕەنەکەم، دیارە چەند ڕۆژی مانەوەم لە هەولێر بەپێی پێویست هێدی نەکردمەوە بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە کە لێی دەترسام، لەهەمان کاتیشدا دەزانم ئەو ساتە دەبێتە چرکە پڕ لە موچڕکەکانی خۆشی و بەدیداری یەکتر شادبوونەوە.

لە خاڵی پشکنینی سێڕیانی سلێمانی، دووکان، کەرکوک، کەمێک وەستاین و ئۆتۆمبیلەکە کەوتەوە ڕێ؛ لە دوورەوە سلێمانی لەناو هالاو تراویکەدا تەنک تەنک دەردەکەوت، ئەو کەپرانەی قەراخ ڕێگاکە کە جێگای بەنزینفرۆشتنبوون، لە ڕیزی یەک درێژبووبوونەوە، لە ژێر کەپرەکاندا دەیەها مەتارە و بەرمیلی بەنزین لەسەریەک دانرابوون؛ زۆرم پێ سەیربوو لە ژێر تیشکی گەرمی ئەو هەتاوەدا، چۆن ئەو مەتارە

بەنزینانە ناتەقێنەوە، لەهەمووشی سەیرتر جگەرەی لالێوی هەندێ لەو بەنزینفرۆشانەبوو، کەلە ژێر سیبەری کونکونی ئەو کەپرانەدا فیشکەی دووکەڵیان دەهات. هەڵبەتە ئەو کەپرانە هەمیشە جێگای مەترسی چەندەها ڕێکەوتن بۆ ئۆتۆمبیلەکان، کە ڕەنگە تەنها لەخۆپیاکێشانی ئۆتۆمـبیلێک بە یەکێک لەو کەپرانەدا ڕووداوی جەرگبڕ و چاوەڕواننەکراوی لێبکەوێتەوە. لێ خەڵکی ئەم ولاتە تازە بوونەتە هاوڕێیەکی دێرینە لەگەڵ هەموو پێشهاتە جەرگبڕو ناوەختەکاندا.

تا دێت نزیک دەبینەوەو من دڵم زیاتر لێدەدات، لە ئاوڕدانەوەیەکدا چاوم بە «سەربازخانەی سەلام» دەکەوێت. ئەو ڕۆژە تەڕوتوشانەم بیردەکەوێتەوە، کە لەدوای وەستانی جەنگی عێراق و ئێران، بە بڕیارێک هەموو ئەو سەربازە هەڵاتووانە جەنگ، بەبیانووی دەسبەردارکردنی یەکجارەکی لە سەربازی، چەند مانگێک ڕاپێچکراینە ئەم سەربازخانەیەوە؛ بەیانیان بەتاریک و لێڵی هەزارەها کەسی بەزۆرەملێ سەربازکراو لە بەردەمی ئەو دەروازە گەورەیەوە دەچووینە ژوورێ، بە درێژی دوو کیلۆمەتر بە پێ دەبوو بڕۆیشتینایە تا دەگەیشتینە ئەو گۆڕەپانانەی کەجێگای مەشقکردنبوون؛ کە بەیانیان بەڕێ دەکەوتین لەبەر زۆری ژمارەمان تەنها ڕێگای هەنگاوێک دوای ئەوەی پێشمانەوە هەبوو تا قاچمانی لێدانێین، من گوێم بۆ چڵقەچڵقی ئەو پۆستاڵانە ڕادەدێرا کە بەجارێک هەزاران کەس پێکەوە هەنگاویان لەناو ئەو تاریکییەدا هەڵدەهێنایەوە و بەڕێدەکەوتن، سەربازەکان جگە لە دانیشتوانی شار زۆرینەیان خەڵکی ئەو دێیانە بوون کە لە «ئەنفالەکان» ڕزگاریان بوو بوو، یا دەستگیرنەکرابوون. بەیانیانی سەرەتا تاریک و تەڕوتوش بوو، هەڵاوی هەناسەکان و دووکەڵی جگەرەکان، لە هالاو و هەڵمی مارێکی درێژبوو مردووی سەر ڕێگایەک دەچوو، کە جەستەی پڕ

بێت لە تەڕی مێرگەکان. ئەو چەند مانگە بۆ من، بووە عەزابێکی وا، کە ڕۆژانە هەستم دەکرد شتە جوانەکانی نێو دەرونم دەدۆڕێنم و پارچە پارچە جەستەم دەڕزێت و دەکەوێتە خوارەوە؛ بەڵام هیچ ئەگەرێکی تر بۆ قوتاربوون لە ئارادا نەبوو، ئەنفالەکان تەواوبووبوون، شۆڕشی شاخیش بەیەکجاری شکستخواردوو بوو بوو، ئەو ڕۆژانە هەمووومان شکستمان هێنابوو؛ تروسکەیەک بەدی نەدەکراو هەمووان لەلێواری مەرگێکی کۆمەڵ کوژیدا چاولەڕێی نۆبەتی بەپیرەوهاتنی مەرگبووین. هەرە قۆناغی خەست و چڕی خەمۆکی من لەو ڕۆژانەدابوون، کە هێندەی ئومێدی مێرولەیەک بۆ چڵێ پوش لەناو زەریایەکدا لە دڵ و فکری مندا نەبوو.

لەیەکەم ڕۆژی وەرگرتنی جل و بەرگی سەربازییدا، بەڕێکەوت تاکی یەکێک لە پۆستاڵەکانم ژمارە هەشت و ئەویتریشیانم ژمارە دوازدەبوو، بۆیە هەمیشە قاچێکم بەدووی خۆمدا ڕادەکێشا، من ڕەنگە ئەو کات یەکێک بووبم لە پەڕپوتترین سەربازی ناو ئەو سەربازخانەیە، کە هەمیشە چمکی کراسەکەم لە پانتۆڵەکەمەوە هاتبووە دەرێ، زۆربەی کاتیش نەمدەتوانی بێریەکەم لەسەر بکەم، کاتێکیش بە ناچاری لەسەرم دەکرد، بەخواروخێچی دامدەناو جارناجاریش لەسەرم دەکەوتە خوارەوە. زۆرجار لە ڕیزەکانی مەشقکردن و پشوداندا، خەیاڵی شیعرێک دەستی دەدایە باڵم و بۆ چەند ساتێ لە سەربازخانەکە ڕزگاری دەکردم.

گەیشتینە ئاستی ئەو بەرزاییەی کە دەڕوانێت بەسەر باخی بەختیاریدا، لەوێوە توانیم بەژنی سلێمانی ببینم، دڵم تا دەهات هەنەدەفی بەسنگم دەکرد. کاتێک گەیشتینە سەر پردی قلیاسان، تەنکە ئاوێکی لە جۆگەلەچوو، بەناو خڕە بەردەکانی ژێر پردەکەدا دەڕۆیشت.

هەستم کرد هەموو جلەکانم تەڕبوون، شووشەیەکی پڕ لە سەرەمێکوتە و تاڵە قــەوزە بەدەســتــمــەوەیە؛ ئەو ڕۆژانەی منداڵی چەندە شــیــرین و ناسک و پڕ لە فەنتازیابوون، چەندە دڵڕەق و کوشندەو بەزەبریش بوون. لەبیرم دێت لەگەڵ هاوڕێکانی گەڕەکدا دەهاتینە ژێر ئەم پردە، دواتریش دەچووینە ناو ئەو قــامــیــشــەڵانانەی کە ئاوێکی فــێنک تا ناوقــەدیان هاتبوو؛ سەرپەنجەی چڵی شۆڕبۆوەی شۆڕەبیەکان، هەمیشە بە سەر توێی ئاوە بەخوڕ و سازگارەکەی سەرچناردا ژەنرابوون. لەسەر خڕە بەردەکانیش کە زۆربەیان بەرگی قەوزەیان پۆشیبوو، کیسەڵەکان ســەریان بەرزدەکــردەوەو خــۆیان دەدایە بەر خــۆر؛ ئێــمــەی منداڵان گرەومــان لەســەر ئەوە دەکرد کە چۆن بتوانین بەبەرد پشــتی زۆرینەی کــیــســەڵەکان بشکێنین، بە بەردە خڕو خۆشدەســتــەکان دەکەوتینە شەقکردنی ڕەقێنەی پشتی کیسەڵەکان، مەگەر دۆزینەوەی گۆمێکی پڕ لە ســەرەمێکوتە وازی لەبەرد هاویشتن پێبــهــێنایینایە، کە پێمــانوابوو کەوتووین بەسەر چۆمێکی پڕ لە ماسیدا، دەنا هەر بەردەوام دەبووین لە کوشتنی کیسەڵەکان. لەنەرمەڵان و جێ خــڕەبەردی خــزاوی قــەراخ چەمەکەشدا قرژاڵەکانمان لە کونەکان دەهێنایە دەرەوە، من هەمیشە بەدووی چاوی قــرژاڵەکاندا دەگــەڕام و تاس دەیبردمــەوە، بەڵام هەرزوو لەگەڵ ئەوانیشــدا دەکەوتینە بەردهاویشتن، کاتێک کە بەردەخڕەکانی دەستمان قرژاڵەکانی دەپێکاو کوتکوتی دەکردن بە خۆشییەوە گوێمان لە قرچەی شکاندنی پەلوپۆیان دەگرت؛ تەنها شــتێک کە نەماندەتوانی زەرەری لێبــدەین، ئەو پۆلە حــاجی لەقلەقــانــەی ناو ئاوەکــە بوو، کــە دەهاتنە ناو ئاوەکــەوەو بە دەنووکــە درێژەکــانیــان ئەو مــاســیــانــەیان ڕاودەکرد کە ئێمە هەرگیز بۆمان ڕاونەدەکران، بە خۆشیشەوە سەیری حــاجی لەقلەقەکانمان دەکرد کە بۆقە سەوزەکانیان بەسەری دەنووک

کەمێک بەرزدەکردەوەو ئەوسا گەرویان دەکردەوەو قوتیان دەدان؛ حاجی لەقلەقەکان بۆ ئێمەی منداڵ ئەو باڵدارە موبارەکانەبوون کە چووبوونە حەج، بۆیە نەدەکرا کەسمان بەلایاندا بچین و عەزێتیان بدەین؛ فێڵی ناولێنانی ئەم باڵدارە و بەپیـــــرۆزکـــــردنی بووبووە هۆی ئەوەی سەربەستییەکی تەواو بەدەستبهێنن و سڵ لە چەتونی ئێمەی منداڵ و تەماحی گەورەکان نەکەنەوە.

جارجارەش خۆمان ڕوتدەکردەوەو خۆمان لەو ئاوە بە گۆمبوانە هەڵدەکێشا، شووشەکانمان لەبری ماسی پڕ دەکرد لە سەرە مێکوتە. تەنها بەوەوە نەدەوەستاین و هەڵدەگژاین بەبەژنی شۆڕەبییەکاندا و زەڕنەقووتەی ناو هێلانە چۆلەکەکانمان دەردەهێناو لەگەڵ خۆمان دەمانبردەوە بۆ گەڕەک، کاتێکیش چۆلەکە دایکە و باوکەکان دەکەوتنە جیکەجیک بەسەرمانەوە، بە بەردی ناو قۆچەقانی و دارلاستیکەکانمان ئەوانیـــشـــمـــان ڕاودەنا. بە ووردی چاومـــان بەســـەر قـــەد و بەژنی قامیشەڵانەکان و قەرسیلەکاندا دەگێڕاو «کوللە» لۆق درێژ و چاو گـــەورەکـــانمان دەگـــرت، بەپەتی بەکـــرە دزراوەکـــانی نێـــو گـــرفـــانی شەڕواڵەکانیشمان، قاچێکیمان دەبەست و دەمانخستە سەر سەر و قۆڵمان و خەنی دەبووین. لە ڕاستیدا تا ئێستاش پڕاوپڕ نەمتوانیوە وەڵامی ئەو چەتونی و دڕییـــەی کـــاتی منداڵی خـــۆم و هاوڕێکانمم بدەمەوە.

لەســـەرەتای گـــەیشـــتنم بۆ ئەوروپا هەندێک جـــار باسی ئەو یادوەریانەم بۆ بارانی کچم دەگێڕایەوە، بەڵام لەو ڕۆژەوەی کە باران باسی چیرۆکی سەرەمێکوتەکەی خۆی و هاوڕێکانی لە باخچەی منداڵان بۆ گێڕامەوە، ئیدی شەرم گرتمی و وازم لەو گێڕانەوانە هێنا. باران گێڕایەوە: کە ڕۆژێکیان لە دارستانێکدا سەرەمێکوتەیەکیان

لەگەڵ خۆیان هێناوەتەوە بۆ باخچەی منداڵان، لەوێ لە تەشتێک ئاودا دایان ناوەو خواردنیان داوەتێ تا پێڕەوکە بووەو بۆتە بۆقێک، دواتر لە شێوەی ئاهەنگێکدا ڕۆژێک، منداڵان و دادەکانیان، هەریەکەی بەخۆیان و چڵێ گوڵەوە چوون بۆ دارستان و بۆقەکەیان ئازادکردووە، لەماڵئاوایکردنیشیاندا هەریەکەیان چڵە گوڵەکەی بۆ بۆقەکە هەڵداوەو خواحافیزی یەکجارەکییان لێکردووە.

گەیشتینە دووڕیانی سەرچنارو نەفەرەکان دابەزین، بەشۆفێرەکەم ووت کرێی ناوشارت دەدەمێ و بمگەیەنەرەوە بۆ گەڕەکی چوارباخ؛ ئەویش ڕازی بوو، بەرەو ناوشار بەڕێکەوتین.

بەووردی چاوم بە هەردوو بەری ڕاستەڕێی شەقامەکەدا گێڕا، هەندێ خانوبەرەی نوێ و بازاڕ و دووکانم بینی، کە پێشتر نەبوون. جگەرەیەکم پێکرد و هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا، دەمویست خۆم زیاتر هێمن بکەمەوەو لە پریشکی تەقینەوەی پارچەکانی ئەم یادوەریانە خۆم لادەم، کە لەگەڵ هاتنەوەمدا وەک بیرێکی نەوت تەقینەوەو ئاگریان تێبەردام، دەمویست بە سیمایەکی هێمنەوە لە قاپی ماڵەوە بچمە ژوورێ. کە گەیشتینە سەرەتای ئەو شەقامەی کە بە «سەهۆڵەکە» بەناوبانگە، یادوەریەکان دیسانەوە داگیریان کردمەوە، ئەو شەقامەی کە سەردەمێکی زۆر جێی سەرکەوتن و کەوتنەخوارەوە سیزیفیەکانی من و هاوڕێکانم بوو، لە پیاسەکانی ئێوارانداا باسمان لە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و عەشقە شەرمنەکانی خۆمان دەکرد، خەممان بۆ بەهەدەرچوونی قۆناغی گەنجێتی خۆمان دەخوارد، چونکە تا دەهات ئەو وڵاتە دەبووە قەفەزێکی تەنگەبەر و جێگای باڵمانی تیادا نەدەبۆوە، جەنگ لە هەموولایەکەوە پەڕوباڵی خۆمان و خەونەکانمانی کردبوو، تەنها پەنجەرەیەک کە جێی ئومێدبوو بۆ تێڕوانین بەسەر

دنیایەک خەونی ڕەنگاوڕەنگ و بەدینەهاتووی ناو کوردستاندا ئەوروپا بوو. هەزارەها چیرۆکی خەیاڵی و بەفەنتازیاکراومان دادەڕشت و دەماری ئەو ساتە پڕ لە حوزنانەمان پڕ دەکرد لە ئەفیون. بۆ ئێمەیەکی گەنجی ساتەکانی سووتان و ترانجاوی ژێر بەرداشەکانی جەنگ، کە هەموو ڕێگای گەیشتنی زانیاریەکان بۆ کوردستان لەسەر ئەوروپا مینڕێژ کرابوو، تەنها خەیاڵمان شکدەبرد و تەنهاوتەنها ئازادییەکی بیرکردنەوەش ئەو خەونە بە یۆتۆپیاکراونەبوون کە هەرگیز نەهاتنە دی، ئێمە بە چاوی سەدەکانی ڕابردوو لە ئەوروپامان دەڕوانی، ئەوروپای ئەدەب و مۆسیقا و فیکر. کە ئیدی پێمان وابوو ئەوروپا ئەو بەهەشتە ڕاستەقینەیەیە کە هەموو خەونەکانمان فەراهەم دەکات و دەگەین بە ئازادی و کۆتاییهێنان بەو هەموو عەزابانەی کە خستبووینیە قۆناغی پیری و «شەیخوخە»وە.

شۆفێرەکە هێنامیەوە هۆش خۆم.

– لە کوێوە لادەم؟

– لەو کۆڵانەی پێش ئاپارتمانی «حەسیبساڵحەوە».

سەرەتای کۆڵانەکە دەستی پێکرد، ئەو کۆڵانەی شاهیدی هەموو یادوەریەکانی قۆناغی منداڵیمە.

دیوارەکان چڵکن و دەرەختەکان ڕەنگبزڕکاو جادەکە خۆڵاوی، بە شۆفێرەکەم ووت: لەبەردەمی ئەو درەختەدا دامبەزێنە.

هەستم دەکرد، دڵم زیاد لە پێویست لێدەدات، مەچەکم لەکاتی داگرتنی جانتاکاندا شل و بێهێزبوو؛ وەک هەموو جارێک قاپیەکە کرابۆوە، بە ئەسپای جانتاکانم خستە ئەودیوی دەرگاکەوەو چوومە ژووری؛ حەوشە هەمیشە سەوزو فراوانەکەم بینی، دوای چەند هەنگاوێکی تر، باوکم لە ژێر سێبەری کەپری دارمێوەکەدا لە سەر

کورسییەک دانیشتبوو، وەک پیشەی هەموو جارێکی لە خەیاڵەکانی خۆیدا نوقمبووبوو.

– بابە گیان، چۆنیت؟

خوشکەکەم لەوبەرەوە هاواری کرد، بابە ئەوە هیوا هاتەوە.

لەسەر چۆک دانیشتم و دەموچاوم خستە ناو لەپی دەستییەوەو دەستم کرد بە گریان.

باوکم بەدەم هەنسکەوە دەیووت: ئۆی بابە گیان، ئەوە تۆیت، هیوا گیان.

لەگەڵ هەموو خوشکان و برایاندا وەک تاوە بارانێکی کتوپڕ باوەشمان بەیەکتریدا کرد و قەیرێک گریاین.

باخچەکەی باوکم سەزو پڕ لە گوڵی هەمەڕەنگە بوو، دارگوێزە گەورەکە بڕابۆوە و جۆلانەیەک لە حەوشەکەدا دانرابوو، لاولاوە چنگ بە دیوار کردووەکەش هێندەی تر بە چواردەوری ماڵەکەدا هەڵزنابوو، دیوارەکان وەک دڵی هەمووومان درزی بردبوو، بۆیاخی ژوورەکان پواو و ڕەنگبزڕکاو، سیمای خوشک و برایان چرچ و لۆچ و قژ سپی، باوکیشم پیرتر و بێهێزتر بووبوو. هەمووشتێک گۆڕدراوە، مناڵەکانی براکەم گەورەبووبوون و بەزەحمەت سیمای یەکەم جاریانم بیردەکەوتەوە. دارمێوەکە وەک هەموو جارانی تر هێشووە قورس و تۆزاویەکانی وەک دووگمەی گوانی پڕ لە شیری مانگا قورس و داکەوتوو بوون. تا دەهات تاوە گریانەکە خۆشی دەکردەوەو وەک دەرکەوتنی گورزە تیشکی هەتاو پێکەنین و زەردە لە سەر سیماو ڕووی هەمووومان خۆی دەردەخست.

سەرەتاکانی گەیشتنەوە، لە چاوکردنەوەو هێنانەوەهۆشی بێهۆشێک دەچێت، کە هەموو شتەکانی دەوروبەری بە دیمەنێکی نوێ دەبینێ، بەڵام وڕوکاس و بێهێز، وەک بەوەی بەدەم خەوەوە قسەبکات و

دیمەنەکـان لەودیوی پەردەیەکی تەنکەوە ببـینی؛ منیش ئاوا یەک دوو سەعاتی سەرەتام لێگوزەشت.

زەنگی تەلەفون بەردەوام لێیدەداو، خوشکان و هاوڕێیان، بەگەرمی لەودیوو تەلە بێهیز و خشەخشکەرەکانەوە دەدوان و بەخێرهاتنەوەیان دەکردم، منیش تا دەهات سنگم پڕدەبوو لە شادی.

دوای چەند سەعاتێک دانیشتن و هەواڵپرسین، بە قادرمەکاندا سەرکەوتم، بە ترسەوە دەرگای ژوورەکەمم کردەوە، کتێبخانەکەم وەک جاران لە جێگای خۆیدا بوو، هاوڕێ کۆنەکانم، کتێبە دانسقە و خۆشەویستەکانم، وەک سپی بوونی قژی من ئەوانیش پەڕەکانیان زەرد و وشکهەڵاتووبوون. پەنجەیەکم بە خۆڵی نیشتووی سەر شوشەی کتێبخانەکەدا هێنا و بۆنم کرد، سەرپەنجەم بۆنی ڕۆژگارێکی لێدەهات کە پڕبوو لە یادوەری ساتەکانی نووسین و گریانەکانی ئەم ژوورە. هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشاو چوومە دەرێ، وەک جاری جاران خۆمدا بەسەر شیشەبەندی سەربانەکەدا؛ دەتووت بە مۆڵەت لە مردن گەڕاومەتەوە و دەمەوێت تا دواچۆڕ لەزەت لە هەموو شتەکانی دەوروبەرم ببینم. لە دوورەوە گردی سەیوان کێلە سپیەکان و چەتری سەرگۆڕەکانی لە ژێر تیشکی خۆری ئەو دوانیوەڕۆیەدا بریسکەیان دەهات؛ ئەو شەوانەم بیردەکەوتەوە کە لە کاتی تەقەکردن و هاتنی پێشمەرگەکان بۆ ناو شار، بە ئەنقەست دەهاتم و بێ ترس لەبەردەم ئەم شیشە بەندەدا دەوەستام و سەیری گڕی ئەو گوولە ئاگرینانەم دەکرد کە تاریکی شەویان شەقدەکرد؛ لەوکاتانەدا دیمەنی ئەو پێکدادانانەم دەهێنایە بەرچاوی خۆم و موچڕکە بەدەمارەکانی جەستەمدا دەهات، ئەو شەوانە دەپێکرام و دەکوژرام، هەڵدەستامەوەو بەرەو شاخ دەگەڕامەوە.

دواتر یەک بەیەکی ژوورەکـانی مـاڵەوە گـەڕام، هەسـتـمـدەکـرد ژوورەکـانیش پیـربوون، یادوەریەکـان وەک قـارچک هەڵدەتۆقین و دەهاتنەوە بەرچاوم، هەستمدەکرد شالاوی یادوەریەکان تابێت بێهێزو مـاندووم دەکەن، بۆیە دوای تاوێک گەڕان بە ژوورەکـاندا چوومـەوە ناو خـوشک و برایان و کـەوتینەوە پرسـیـارو باسکردنی ڕووداوەکـانی ئەو چەند ساڵەی کە  لە یەکتری دووربووین.

ئەم یادوەریانەی کە بەسەخاوەتەوە دێنەوە یادم، کاریگەری شوێنە، دەنا بەدەگمـەن ئەم ڕووداوانە لە سـالانی دووریم لە نیـشـتـمـان ئاوا هوروژمیان بۆ هێناووم و داگیریانکردووم. شـوێن، یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی بۆ پێناسـاندنی شوناسی کەسی تەراوگەکراو، بۆیە کەسی تەراوگەکراو هـەمیشـە شوێنی زێدی خۆی لە ناو جانتاکانی سەفەر و گـرفـانی جلـەکـان و لۆچەکـانی هـزردا هەڵدەگرێت و بێـمنەت بۆ کـوێ بڕوات لەگـەڵ خـۆی دەیانبـات. تەنانەت ڕێژەی هەرە زۆری خـەونەکـانی مـەنفا پڕن لە سیحرەکانی شـوێن، شـوێن لە ڕێگەی خـەونەوە هەمیشـە جـەخت لـەپیـشـاندانەوەی خـۆی دەکـات، وەک بەوەی هـەمـیـشـە لەڕێی خـەونەکانەوە پارێزگاری لە شێوە جوگرافی و سروشتییەکەی خۆی بکات. بـەردەوامـی هاتنـەوەی یادی شــوێن وەک ســاتـی یەکـــەم بە جـێـهـێشـتن، دەبێتـە وێنەیەکی نەگـۆڕ و دژ بە هـەمـوو ئەو گـۆڕانانە دەوەستێتـەوە کە زەمـەن و گۆڕانە سیاسی و کۆمـەلایەتیـەکان بەسـەر شوێندا دەیهێنن. ئەمـەش جۆرێک لە «خۆویستی» شوێن وەک ئەوەی کە هـەبـووە، خـۆی دەسـەپێنـێ و هێندەی تر خـۆی بە کـۆنکرێت دەکـات. بیـرکـردنەوە لـە نەگـۆڕانی شــوێن وەک ئەوەی کـە هـەبووە، دەکـرێت لە زۆرینەی جـاردا دژی خـواسـتـە ڕۆشـنبیـریی و ئینسـانیـەکانی کـەسی تەراوگەکـراویش  بوەستێتـەوە، چونکە گۆڕانـی شـوێن دەبێتـە مـایەی

ئاڵۆزییەکی دەروونی بۆ کەسی تەراوگەکراو؛ بە چەشنێ ئەو گۆڕانانە هەمـوو حـەقی هەست بە خـاوەندارێتی شـوێن لـە کەسی تـەراوگەکـراو دەســـتــێننـەوە، وەک بەوەی قـــۆنـاغـــێکی درێژ لە تـەمـــەنی کـــەسی تەراوگـەککراو بە دەسـتی ئەنقـەسـت فـەرامـۆشـبکرێت. بەگـشـتی ئەم گـۆڕانانە لە شـوێندا زیاتر دەبێـتـە هەسـتکردن بـە تەنهـایی کـەسی تەراوگەکراو، چونکە بەشی هەرە زۆری ئینتماکانی کەسی تەراوگەکراو بە وێنەی ئەو شـێنانەوە بەندە، کە کاتی خـۆی بەجـێیـهـێشـتوون. لێرەدا گـۆڕانی شـوێن واتا لاوازکـردنی هێـزی ئینتـمـا و زیاتر تەنهـا کـردنی کەسی تەراوگەبوو. بۆیە ئاسـاییـە کـەسی تەراوگـەکراو کـە دەگـەڕێتـەوە نیشـتـمـان دوای هەفـتـەیەک مـانـەوەی بێزاری لە سیـمـایدا ببـینرێت و داوای گـــەڕانەوە بـۆ تەراوگـــە بکاتەوە «ئـەو تەراوگـــەیـەی کـــە هەمـــوو خەونەکـان بێرەوە دەبینێت، نەک بە دیمەنەکانی شوێنـی نیشتەجێبوونی ئەوێوە»، تێگەیشتن لەم حاڵەتە دەروونیـیـەش پەیوەسـتـە بە تێگەیشتن و خوێندنەوەمـانەوە بۆ شوێن، نـەک تۆمەت دانە پاڵ کەسی تەراوگەکراو و ســـەیرکــــردنی وەک کــــەســـێکی بـە «ئـەوروپی»بـوو، هـەڵبـــەتە ئـەم هەسـتکردنـەش ڕێژەییـەو دەکرێت هەمـوو ئەم دیدانـەی من کـە بۆ شـوێن هەمە بە هەمان ڕێژە لای هەمووان بوونی نەبێت.

کـەسی گەڕاوە لە ئـەوروپا هەمیشـە جێی دیقەتدان و تێبـینیکردنە، من لێرەدا مەبەسـتم کەسێک نییە کە تەمسیلێکی درۆزنانەی کەسێکی شـارسـتـانی و گەڕاوە بکات لـە ئەوروپا، بەڵکە مـەبەسـتم ئەو مرۆڤـەیە بەبێ هـەسـتکردن بەو گـۆڕانکاریانەی قـسـەکـردن و هەڵسـوکـەتکردن لەگەڵ کەسـانی وڵاتنشـیندا جێی تێبینی و دیقـەتدانە، کە هەڵبـەتە ئەو گۆڕانانەش بەپێی ڕادەی ڕۆشنبیری کەسەکە دەگۆڕدرێت، مەبەستم لەو گـۆڕانکاریـانەش، ئەو گـۆڕانکارییـە هەسـتـپـێنەکـراوانـەیە لای کـەسی

تەراوگـەکـراو، کـە زەمـەنـی نیـشـتـەجـێـبـوون و فـێـربوونی زمـان و بەریەکەوتنی لەگەڵ کلتورە جیاکانی تردا بۆتە هۆی کۆمەڵێک گۆڕان لە کەسـایەتی و شـێوەی ئاخـاوتن و هەڵبـژاردنی ڕەنگەکـانی جلوبەرگ و چەندەها شـتی تر، بەبێ ئەوەی لە زۆر حـاڵەتدا بەبەرچەسـتـەی کەسی تەراوگەکراو هەست بەو گۆڕانانە بکات، چونکە گۆڕانەکان، گۆڕانێکی شەوو ڕۆژیی نین، بەڵکە گۆڕانەکان لە زەمەنێکی درێژی دوورکەوتنەوەدا ڕوویانداوە.

ئەم گۆڕانانەش بە جۆرێک لە جۆرەکان لە کەسی تەراوگەکراودا، دەبنە هۆی ئاڵۆزییـەکی دەروونی لەبەرامـبـەر گـەڕانی بۆ ئەو یادوەرییـانەی کە لەگـەڵ شـوێندا هەیەتی. چونکە تازە کەسـی تەراوگە کـراو ئەو (کـوڕە یا ئـەو کـچـە)ی جـاران نیـیـە بەهەمـان خـەسـڵـەت و کەسایەتی جارانی خۆیەوە، بۆیە شوێنیش دەکەوێتە دژایەتیکردن لەگەڵ کەسی تەراوگەکراودا، لێرەوە ئیدی وێنەی «بێگەرد»ی شوێنی هەڵگیراو لە زەینی کەسی تەراوگەکراودا گەردی لێدەنیشێت و درزدەبات. ئەمانە هەموویان دەبنە جێی نائارامی و خەم و تۆتکەنەگرتنی کەسی گەڕاوە، وەک بەوەی گۆڕانی شوێن خیانەتیکردبێت لە وێنەی جارانی شوێن، ئەو کـاتانەی کـە «شـوێن» شـاهیـدی قـۆناغـێکی تەمـەن و دیمەنە هەمەڕەنگەکانەنی ژیانی ئەو بووە.

حـاڵەتێکی تریش کـە لەدەرەوەی لۆژیکەوە وەسـتـاوە و جـێی باوەڕنەکـردن و سـەرسـوڕمـانە، ئەویش گـۆڕانی سـیـمـای کـەسـەکان و گـەورەبـوون و پیـربـوونیـانە، بەتـایبـەتی ئەو منداڵانەی لە سـەردەمی بەجێهێشتندا تەمەنیان لە تەمەنی پەنجەکانی دەست تێنەپەڕیووە، کە چی دوای چەندەها سـاڵ لە هـاتنەوەدا و بینینیـان لە تـەمـەنێکی گەورەتردا جـێی بڕوانەکردن و نەناسـینەوەی سـیـمـایـانە؛ هۆی زیاتری

ئەم سەرسوڕمانەش ئەوەیە کە کەسەکان بەتایبەتی «منداڵەکان»یش وەک شوێن لە یادوەریەکاندا تەنها وێنەی دواساتی بەجێهێشتنیان لەلای کەسی تەراوگەکراو جێگیربووە؛ ئەمەش مانای ئەوە نییە کەسی تەراوگەکراو بیری لە گەورەبوون و پیربوونی کەسەکان نەکردبێتەوە، نا بەڵکە ئەم حاڵەتە نا لۆژیکییە، بەعەزرەتبوونی کەسی تەراوگەکراو دەردەخات بۆ شوێن و کەسەکان، یا لەهەمان کاتیشدا ترسی لەدەستچوونی ئەو زەمەنە یە ڕەنگە زەمەنی زێڕینی شوناس و ئینتمای کەسی تەراوگەکراو بووبێت لە خێزان و کۆمەڵگادا. زەمەنێک کە هەرگیز کەسی تەراوگەکراو نایەوێت بپچڕێت لێی، چونکە پچڕانی واتا تەنهایی و دوورکەوتنەوەی، بەدیوێکی تریشدا ونبوونی دیمەنەکان و گۆڕانی سیماکان ڕەنگە مانای دۆڕانی بەشێکی زۆری شوناس بگەیەنێت لای کەسی تەراوگەکراو.

ئێوارە بەدەم خرمەی شەقکردنی شوتیەکان و بۆنی توێکڵی کاڵەکەکان و نمەئاو پێوەبووی بۆڵەترێکان، لەگەڵ قەرابالغییەکی زۆری دۆست و ئازیزاندا تێپەڕی، ئەم شێوە قەرەباڵغییەی کە هەرگیز لە ئەوروپادا دروستنابێت؛ گەر دروستیشبێت، ئەو کەش و هەوا پڕ لە محیبەت و سادەدڵییەی ئێرەی نییە. زۆرینەی دانیشتنەکانی ئەوێی ناو خێزانە کوردەکان قسەکردنە لەسەر یادوەریەکان و فەرامۆشکردنی ساتە هەنوکەییەکانی ئەوروپا بە هەموو گۆڕانە سیاسی و کلتورییەکانیەوە. لەرێی جۆری دروستکردنی خواردنەکانەوە خێزانی کورد لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ یادوەریەکان و لەگەڵیان دەژی؛ تەنانەت زۆرجاران لەبەر حەزی ئەو جۆرە خواردنانە نییە کە دروستدەکرێت و میوانداری پێدەکرێت، بەڵکە زیاتر تەنها بۆ دروستکردنی کەشێکی پڕ لە گێڕانەوەو گۆڕینەوەی یادوەرییەکانی نیشتمانە لەگەڵیەکتریدا.

سەربارى بڕياردانى داخستنى سنوورى زۆرينەى خێزانى منداڵدارى كورد، لەبەردەم كلتورو شێوە ژيانى ئەوروپادا؛ كە ئەمەش يەكێكە لە گرفتە هەرە گەورەكان و تا دێت دەيەها ڕووداوى ناجيزەو تراژيدى ئەو خێزانانە لەناو كەناڵەكانى ئەوروپادا پەردەى لەسەر هەڵدەماڵرێ، ئيدى هەر لە نەهێشتنى تێكەڵبوونى كچان و كوڕانى ئەو خێزانانە بە شێوە سيستەمى كۆمەڵگاى ئەوروپى تا دەگاتە لێدان و كوشتن و ماڵبەجێهێشتن. هەرە خاڵى دژوار و ترسناكى خێزانى كورديش دەگەڕێتەوە بۆ نەتوانينى دەستبەرداربوون لە هەندێ بەربەستى كۆمەڵايەتى، يا بێتوانايى لە خۆگونجاندنيان لەگەڵ شێوەى پەروەردەكردن و ئازادى دان بە تايبەتى بەو كچانەى كە لەتەمەنى مێردمنداڵى و هەرزەكاريدان. كە من پێمواية دەساڵى داهاتوو دەبێتە ساڵەكانى باسكردنى تراژيدياكانى خێزانى كوردى نيشتەجێى ئەوروپا لە كەناڵە جۆربەجۆرەكانى ميديادا.

بە ديوێكى تريشدا كەناڵە كوردييە ئاسمانييەكان بە گشتى دەورێكى «سلبى» دەبينن، لە هێزى بەردەوامى دان بۆ دوورنەكەوتنەوە و ژيان لەسەر ئەو جۆرە يادوەريانەى كەوا لە ئينسانى كورد دەكات زياتر دڵسۆزى بۆ ئەو ئينتما حيزبييە هەبێت كە پرسيارى تيادا ناژى، بەتايبەتى ئەو خيتابە سياسى و بانگەشە حيزبيانەى كە پڕە لە پتەوكردنى ديوارەكانى ڕق و تۆڵەكردنەوە لەيەكترى، ئەم حاڵەتە زياتر خێزانە كوردەكانى نيشتەجێى ئەوروپا بەرەو خێزانى ميليتارى و هيستيرى دەبات. ئەمەش هەموو هێزێكى بەتەنها بيركردنەوە و بڕياردان، لەبەردەم ئەو بەكۆ بيركردنەوە بانگەشەكراوانەى كەناڵەكاندا بێهێزدەكات و سەرەتاى قۆناغەكانى دروستبوونى تاك «ئيندڤيد» لەناو كوردى ئەوروپادا دەشێوێنێ. هەڵبەتە پێگەيشتنى هەندێ لە

هەواڵەکانی کوردستان و گوێگرتن لە مێزگرد و لایەنە کلتوریەکانی تری کوردی، بۆخۆی جێی دڵخۆشییە. بەڵام دیاردەی مۆڵەقبوون و پێدانی بەشی هەر زۆری کاتی پشوودانی خێزانەکان بە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان، کە لە کاتێکدا زەمەنی ئەوروپا زۆر بە خێرای تێدەپەڕێت بەراورد بە کوردستان، کاری کردۆتە دوورکەوتنەوەی خێزانی کورد لە کۆمەڵگەی ئەوروپی و دروستکردنی بەربەست لەبەردەم سودوەرگرتن و خۆڕۆشنبیرکردنی هەرە زۆری ئەندامانی خێزانەکان؛ تێپەڕبوونی کات لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆنەکاندا واتا دوورکەوتنەوە لە فێربوونی زمان و بەشدارنەبوونی ئەو خێزانانە لە گفتوگۆکردنی ئەو گرفتانەی کە خودی خێزانی کورد لە ئەوروپا پێیەوە گیرۆدەیە. هەڵبەتە زۆرینەی ئەو هەواڵە جیهانیانەی کە لە کەناڵە کوردیەکاندا پەخشدەکرێن، هەواڵی لاوەکی و کەم بایەخن بەراورد بەو هەواڵانەی کە لە دنیادا ڕوودەدەن و کاریگەرییان لە سەر سیاسەتی دنیا هەیە، ئەمەش دیارە هۆی گرنگی پێنەدان و ویستی هەرزان دەستکەوتنی ئەو هەواڵانەن لەلایەن بە ڕێوبەرانی ئەو کەناڵانەوە.

دیارە هۆی هەرە ئاشکرای ئەم لاوازیانەش، بچووکی خەونی ئەو حیزبە کوردیانەیە کە خاوەن کەناڵەکانن، کە لەڕاستیدا زیاتر ئەو کەناڵانە بە کەناڵی لۆکاڵی و بچووک دەچن، بەڵام خاوەنی پەخشێکی ئاسمانین. خاوەنی کۆمەڵێ بەرنامەی لاوازن، بەبێ بیرکردنەوە لە زۆری بڕی ئەو پارەیەی کە بۆ هەریەک لەو بەرنامە لاواز و حیزبیانە دادەنرێت. پێدەچێت حیزبی کوردی بیەوێت کۆمەڵگەی کوردی ئەوروپاش لە هەمان سنوور و دنیابینی خۆیدا قەتیسبکات، تا خۆی لە مەترسی هەموو گۆڕانەکان قوتاربکات، هەروەها مانەوەی بەکۆنکرێتبوون و نەگۆڕی خۆی درێژەپێبدات. لە هەمان کاتیشدا لە

ڕێگەی مـۆدێلە مـۆدێرنەکـانی «کـۆمـێنیکاشـونەوە» کـە کـەناڵە ئاسمانیەکانن، بیەوێت هێندەی تر تەمەنی سەرکردەو کاریزماکانی خـۆی درێژتر بکاتەوەو هێزی پرسـیارکـردن لە کـۆمـەڵگەی کـوردیدا هێندەی تر زیندەبەچاڵ بکات.

ڕۆژە گەرمەکانی سەرەتا تێپەڕین؛ شەوان ئاسمانی سلێمانی پڕ دەبوو لە ئەستێرە و نیازکەکان دەکشان، درەنگانێک لە گەڵ خشەو جوڵانەوەی گەڵای گوڵەکانی باخچەکەدا گوێم لە کۆکە کۆکی باوکم دەبوو. لە یەکێک لەو شەوانەدا ئەو شیعرە وەرگێدراوەی «فـروغی فـروغـزاد»م بیـرکـەوتەوە، کـە هاوڕێم ئازاد بەرزنجی وەریگێڕاوە بۆ کوردی و لەیەکێک لەو ئێوارانەدا بۆی خوێندمەوە.

حەوشەکەی ماڵی ئێمە تەنیایە
حەوشەکەی ماڵی ئێمە
لە چاوەڕوانی بارینی هەورێکی نەناسا
باوێشک ئەدا
حەوزی ماڵەکەشمان خاڵییە
ئەستێرە بچووکە بێئەزموونەکان
لە بەرزایی درەختەکانەوە ئەکەونە سەر زەوی و
لە پەنجەرەی ڕەنگ پەڕیوی ماڵی ماسیەکانەوە
شەوانە دەنگی کۆکە دێ،
حەوشەکەی ماڵی ئێمە تەنیایە
باوکم ئەڵێ:
"لە من ڕۆیی
من باری خۆمم برد
من کاری خۆمم کرد"

حەوشەکەی ماڵی ئێمە تەنیایە....

باوکم پیربووە، هەستمدەکرد لە خۆئامادەکردندایە بۆ مردن و هەموو هێزێکی بەرەنگاری و مانەوەی لە دەستداوە؛ بۆ من کارێکی ئەستەمە دزەبکەمە ناو بیرکردنەوەکانی پیاوێکی بەتەمەنی نەوەد ساڵەوە، نەوەد ساڵ یادوەری و ژیان. باوکم ئێستاش خاوەنی «زاکیرە»یەکی بەهێزەو لە توانایدا هەیە هەموو ڕوداوەکان بەسات و سەردەمی خۆیەوە بگێڕێتەوە، ئێستاش وەک جاران دێڕە شیعرەکانی «حافز و مەولەوی و نالی» تێهەڵکێشی قسەکانی خۆی دەکات. وورده وورده ئەو ڕۆژانەم بیردەکەوێتەوە کە باوکم لەگەڵ هاوڕێکانی خۆیدا لە دووکانە گەورەکەی قەیسەری «سەلاحەدین»، بەدەم زڕەی تێکدانی پیاڵەچاکانەوە دەکەوتنە گێڕانەوەی بەسەرهاتی شاعیران و لێکدانەوەی شیعرەکانیان؛ من لەو سەردەمەی منداڵیمەوە ناوی زۆربەی شاعیرەکانم دەزانی و دڵخۆشدەبووم بە گوێگرتن لە شیعرەکانیان. باوکم «قانع»ی لە ناو هەموو شاعیرەکانی تردا خۆشتر دەویست و زۆرجار ئەو یادوەریانەی کە پێکەوە هەیانبووە بۆ هاوڕێکانی دەگێڕایەوە. من منداڵێکی شەرمن بووم و لە سووچێکی دووکاناکەدا دادەنیشتم و گوێم دەگرت، هەندێک جاریش کە باوکم نیوەڕوان خەوی لێدەکەوت، کتێبە کۆن و پەڕە ڕەنگزەردەکانی دیوانی قانع و حەکایەتی شیرین و فەرهاد و لەیل و مەجنوون و خەونامەم دەخوێندەوە، بەڵام بەحونجە خوێندنەوەکانی من هێندەی خوێندنەوە پڕ لە مۆسیقاکانی ئەوان خۆش نەبوو. یا ئەو خوێندنەوانەی کە شەوانی بێ کارەبای زستان لە ماڵەوە، برا گەورەکەم لەسەر دۆشەکەڵەیەکی گەورە دادەنیشت و لەبەردەم تیشکی چرایەکی ڕەنگ زەردا دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی «ڕۆستەمی زاڵ و شیرین و فەرهاد»، هەموو

ئەندامانی خێزانەکەمان کە ژمارەیان بە دوو دایک و باوکێک و خوشک و برایانەوە، لەگەڵ دوو خوشکی ترم کە لە ماڵی خۆیان دەژیان چواردە کەس بووین؛ هەموومان گوێقوڵاغ و بێ جوڵە دادەنیشتین، لەگەڵ دیمەنی چیرۆکەکاندا گا دڵخۆش و گا نارەحەت دەبووین. ئەم چیرۆکانە شەوانە بە زنجیرە دەخوێندرایەوە. ئەو شەوانەش کە تەقە و پێکدادانی پێشمەرگەکان و سەربازەکان ڕێی لە خوێندنەوەی چیرۆکەکان دەگرت، هەموومان دەچووینە ژێرزەمینەکەوە، ئەو ژێرزەمینەی کە سەرەتا جێی زەخیـــرەو هەڵگرتنی گـــەنم و ئارد و برنج بوو، بەڵام دواتر لەبەر بەردەوامی پێکدادانەکانی شەوان؛ ژێرزەمینەکە فەرشی تێدا ڕاخراو زۆپای تێدا دانرا، تەلەفزیۆن و ڕادیۆکەشی تێدا خرایە سەر مێزێک، ئیدی شەوانی چیرۆک خوێندنەوە گۆڕدرا بە شەوانی گوێگرتن لە کـــەناڵی ڕادیۆی شـــاخ، ئەو ڕادیۆیەی بووبووە تاکـــە ســـەرچاوەی پێبەخشینی خەون و خۆشی. لەگەڵ خشەخشی ڕادیۆکە و ئەو هەزاران هەزار گـــوللانەی کـــە دەنران بەئاســـمـــان و دیوارەکـــان و شوێنەسەربازیەکانەوە. لەگەڵ ناڵەی تەقینەوەی دەیەها قازیفە و هاوەن و گوللە دۆشکەکاندا، شەوانە تێدەپەڕین و ئیدی شیعر و چیرۆک نەدەخوێنرانەوە. لەگەڵ یەکەم دەستپێکردنی تەقە و پێکدادانەکانیشدا هەرچ کامێکمان پێشتر بترسایەو ڕایبکردایەتە ژێرزەمینەکەوە، دەبوو ئەو نێرە کەوەی باوکیشم لە قەفەزەکەیدا لە گەڵ خۆی بەرێت. کەوەکە لە ڕیزکردنی تەقینی تفەنگەکاندا دەیکردە قاسپەقاسپ و ئەوەندەی تر منی منداڵی دەترساند و خۆم دەنووساند بە باوەشی دایکمەوە، یا دەچوومە کونجی ئەو سەری ژێرزەمینەکەوەو خۆم دەدایە پاڵ ئەو قوڵینە نانەی کە هەمیشە کرتەی دەهات و پڕبوو لە نانی تیری. بەڵام لەیەکێک لەو شەوانەدا کە هەمووما لە ژێرزەمینەکەدا خۆمان متکردبوو، دەنگی

زنجیری دەبابەیەکمان دەهاتەبەرگوێ کە بە کۆڵانەکەدا تێدەپەڕی و هەزاران فیشەکیش بەجارێک دەتەقین، کەوەکە ئەو شەوە لە حەوشە گەورەکەدا بە تەنها بەجێمابوو، ئەویش وەک ڕیزی فیشەکەکان دەیخوێند، باوکم چاوی بە هەمووماندا گێڕاو ڕووی لە من کردوو پێی ووتم، کە بچم کەوەکە لە حەوشەکەوە بێنمە ژێرزەمینەکە. سەرەتا بێدەنگبووم و هیچم نەووت، داواکەی باوکم دووبارەبۆوە، دایکم ووتی: ئەو منداڵە مەنێرە گووللەی وێڵ دەیپێکێت. باوکم سێ بارەی کردەوەو چاوێکیشی لێ بزکردمەوە.

منیش بەترسەوە خۆم کوڕکردەوەو بەسەر قادرمەی ژێرزەمینەکەدا سەرکەوتم، کەوەکە لەو سەری حەوشە گەورەکەوە لە قەفەزەکەیدا دەیخوێندو لە ترساندا خۆی بە توڵی قەفەزەکەدا دەکێشا. هیچ کاتێک هێندەی ئەو شەوە نەترسام، بەخێرایی ڕامکرد، لەو کاتەدا دەنگی پێشمەرگەکان و سەربازەکان لەبەردەرگاکەی ماڵی ئێمەوە دەبیسترا، یەکێک لە سەربازەکان هاواری دەکرد «خاتر ئەڵلا»، هەستمدەکرد ڕیزە یەک لە دوای یەکەکانی فیشەکەکان بەمنەوە دەنرێن، گوللەکان بەر قاچ و سەر و سکم دەکەوت، بە خێرایی قەفەزەکەم هەڵگرت و ڕامکرد، وام زانی گوللەیەکیش بەر گونم کەوتووە چوونکە هەستم دەکرد دڵۆپ دڵۆپ میز بە پانتۆڵەکەمدا دێتەخوارێ. قەفەزی کەوەکەم نا بە سنگمەوەو بەیەک قەڵەمباز لە قادرمەکانەوە خۆم هەڵدایە ناو ژێرزەمینەکەوە. کە هەموویان منیان بەو ڕەنگ زەردی و ترسەوە بینی دەستیان کرد بە پێکەنین، تەنها دایکم هات باوەشی پیاکردم؛ بە دایکم ووت چەند فیشەکم بەرکەوتووە، ئەویش دەستی بەسەرمدا هێناو ووتی هیچت بەرنەکەوتووە، بەس ترساویت. دوای تۆزێک حەوانەوەو خواردنەوەی جامۆڵکەیەک ئاو، بە برا گەورەکەم ووت «خاتر ئەڵلا» یەعنی چی.

ئەویش ووتی «بۆ خاتری خوا».

ئەو ساڵانە من لە پۆلە سەرەتاییەکانی قوتابخانەی «مەولەوی» بووم، بۆیە کە بەیانیان دەچووینە قوتابخانە هەریەکەمان دەستی دەکرد بە گێڕانەوەی چیرۆکی تەقەکردنەکانی شەوانی ناو کۆڵانەکانی چوارباخ، بەهۆی نزیکی ماڵی ئێمە لە فەرمانگە و ناوچە سەربازیەکانەوە، هەمیشە من یەکێک بووم لەو قوتابیانەی کە زۆرینەی چیرۆکەکانم بە تێکەڵێک لە پاڵەوانێتی و فەنتازیاکانی خۆمەوە دەگێڕایەوە.

لەو شەوەوە ئیدی بۆ ئەوەی هێنانە ژوورەوەی کەوەکە لە گەرمەی تەقەکردنەکاندا نەکرێت بە تووشی منەوە، زۆرینەی جار من کەوەکەم لەگەڵ خۆم دەبردە ژێرزەمینەکە. هەموومان لە ژێرزەمینەکەدا خۆمان مات دەکرد و ترس دایدەگرتین، تەنها ئەو جارانە پێدەکەنین کە دەنگی جنێودانی پێشمەرگەکانمان لە ڕادیۆکەدا گوێلێدەبوو، بەتایبەتی کاتێ ڕادیۆکە دەنگی لاسرکی پێشمەرگەکانی ڕادەکێشاو لەو دیوو خشەخشێکی زۆرەوە گوێمان لە جنێوەکانیان دەبوو، ئەو جۆرە جنێوانەی کە لەماڵی ئێمەدا قەدەغەبوو بەدەمی هیچ کەسێکدا بێت، تەنها باوکم نەبێت.

باوکم زۆر دەکۆکێ و کە دەشخەوێت گوێم لە پرخەیەتی، لە گەرماندا زوو زوو قومێک لەو دۆلکە بەفراوەی تەنیشتی خۆم دەدەم، جارجارەش دەموچاوی پێ تەڕدەکەم، دەنگی زیک زیکەکان و گیزەی مێشولەکان، کەمجار دەهێڵن بخەوم. ڕەنگە هیچ کاتێک هێندەی کاتی خەوزڕان ئینسان بیر لە دیمەنە دژەکان و یادوەریە تێکەڵوپێکەڵەکان نەکاتەوە. هەڵدەستم و لە ستارەی سەربانەکەوە کە دەڕوانێت بەسەر ماڵەکانی پشتەوە دەوەستم، لەوێشەوە دیوارو ژوورەکانی قوتابخانەی

"مەولەوی" م لێوە دیارە.

یەکەم ڕۆژی قوتابخانەم بیردەکەوێتەوە، کە باوکم پەلی گرتم و لەبەردەمی پۆلێکی قوتابخانەکەدا لەگەڵ مامۆستاکەدا چەند ڕستەیەکیان گۆڕییەوە، من بەشەرم و ترسەوە چوومە ژوورەوە؛ ئەو ڕۆژە یەکەم ڕۆژی وانەی کوردی بوو، مامۆستاکەمان ناوی «موحەمەد» بوو. ئەو مامۆستایە تا ئێستاش خۆشەویسترینە لەناو دەیەها مامۆستاکانی تری قۆناغەکانی خوێندنمدا. لە بیرم دێت یەکەم ڕۆژی خوێندنم توانیم بنووسم «دارا»، بۆ تەنها نووسینی ئەم ناوەش چەند دەقەیەکم وویست تا لەسەر تەختە ڕەشە لووس و جیکە جیک کەرەکە بە پیتێکی گەورە بنووسم، تا ئەو ئاستەی دەستم دەگەیشتە تەختە ڕەشەکە، وە دوا چوکڵەی پیتی «ر» و دوا «ا»ی ناوەکە، کەمێک لە تەختە ڕەشەکەش هاتبوونە خوارەوە، مامۆستا بەهەموویانی ووت: چەپڵەی بۆ لێدەن. زۆر شادمان بووم، تا ئەو کاتە من چەپڵەم بۆ لێنەدرابوو؛ دواتریش مامۆستا موحەمەد ووتی: مادام هێندە زیرەکی وەرە بۆنی ئەم گوڵەباخەش بکە. بەشەرمەوە لووتم خستە ناو ئەو پەڕە زەردو ئاودارو بۆنخۆشەی گوڵەباخەکەوە؛ بڕواناکەم تا ئێستا هیچ گوڵێکم هێندەی بۆنی ئەو گوڵەباخە زەردە پێخۆشتربووبێت. ڕەنگە یەکێک لە هەرە هۆکانی حەزی من بۆ ڕەنگی زەرد لە ڕەنگی ئەو گوڵەباخەوە بێت.

ڕۆژەکانی ئەو قوتابخانەیە، بەیاری و شەڕەشەقی نێوان قوتابیانی پۆلەکانی تر زوو تێدەپەڕی. ڕۆژانی پێنج شەممان ڕیزدەکراین و دەستمان دەکرد بە ووتنی سرووودەکان، ئەو سروودانەی کە شاعیرانی هۆشیارکەرەوەی سەردەمێک بۆ کۆمەڵگەی کوردی ووتبوویان. بەڵام ساتە ناخۆشەکانی ئەو ڕۆژانە ئەو کاتەبوو، کە چەند مامۆستایەک بەدارەوە بەناو ڕیزەکاندا دەگەڕان و سەیری نینۆک و دەستو پەنجەی

قڵیشاوی ئێمەیان دەکرد، دەیەها جار چمکی فالینە سپیەکانی ژێرەوەو پشتوێنەکانمان دادەدڕی و لەبری دەستەسڕ دەمانگرت بەدەستمانەوە، نینۆکەکانیشمان هەر لەوێدا بەدان دەقرتاند. هەرە وانە خۆشەکانمان وانەی سروود و وەرزش بوو. لە دواساڵەکانی خوێندنی سەرەتایشدا چەند گروپێکی «کەشافە» لە قوتابخانەکەدا دروستکراو، منیان کرد بە «بێچووەشێر»، شۆرتێک و کلاوێک و کراسێکی سپی و بەرملێکی زەردم وەرگرت. جارێکیان بە گروپ بردینیان بۆ نزیک «کاکەحمەدی بۆنخۆش» و جارێکی کەش بۆ «سەرچنار». دیارە دیاردەی بە «کەشافە»کردنی قوتابیەکان ترادیشونێکی ئینگلیزەکانە و لەسەردەمێکی کۆنەوە لە کوردستان و عێراقدا لە قوتابخانەکاندا پەیڕەوی دەکرا، دواتر حکومەتی «بەعس»، گۆڕی بە «طلائع» و بەرنامەی بە میلیتارکردنی منالآن لەو تەمەنەوە دەستی پێکرد.

من یەکێک بووم لەو قوتابیانەی کە هەرگیز حەزم بە وانەی «ماتماتیک» نەدەکرد، لە مێشکی خۆمدا دەمووت چۆن دەبێت کفتەکەی باوکم و کفتەیەکی من، یان سێوێکی سەوزو و سێوێکی سور بکاتە دوو. ئەوەی زیاتر وای لێکردم کە ڕقم لە وانەی ماتماتیک ببێتەوە، توندی و بێڕەحمی مامۆستاکانم بوون. لە بیرمە ڕۆژێکی زستان بوو، کە دەبوو ئێمەی قوتابیان خشتەی لێکدانمان لەبەرکردایە. نۆبە هاتە سەر من و نەمتوانی وەڵامی پرسیارە حسابیەکانی مامۆستا «غەنی»، کە لە هەمان کاتدا وانەی وەرزشیشی پێدەووتین، بدەمەوە، ئەوەبوو من و چەند قوتابیەکی تری بردە دەرەوەو مراقبی پۆلەکەی نارد کە دارەکەی ژووری بەڕێوبەری بۆ بێنێت، هەموومان لە ترسان و لە سەرمان لەپی دەستمان لە یەکتری دەخشاند و خۆمان بۆ دارە بەزەبرەکانی مامۆستا غەنی ئامادە کرد، موراقیبەکە هەر نەهاتەوە، مامۆستا غەنی هێندەی

تر تووڕەبووبوو، پێی ووتین هەریەکەمان تۆپەڵێک بەفر دروستبکەین، لەسەرەتادا وامان دەزانی پەشیمانبۆتەوەو پێماندەڵێت، دەستبکەن بە شەڕە بەفر، مراقیبەکە دوای کەمێک هاتەوە و مامۆستا غەنی هەمان داواشی لەو کرد، چاوەڕوانمان کرد تا ئەویش تۆپەڵێ بەفری خستە دەستیەوە. ئەوسا لەپی دەستی پێکردینەوەو یەکی دە داری بەو دارە درێژ و گرێگرێیەی بەڕێوبەری کێشا بە ناو لەپی تەزیوو و بچکۆلەی ئێمەدا، هەموومان دەستمان کرد بە گریان، لەناو هەمووشیاندا گوێچکەی منی گرت و ووتی: تەممەڵ تۆ ساڵێ پاریش لە ترسی وانەی ماتماتیک نەهاتیتەوە بۆ مەکتەب، ئێستاش خشتەی لێکدانت لەبەرنییە. من بەو گوێڕاکێشانە برینی ساڵی پاریشم کولایەوە. پاریش مامۆستایەکی توڕن و خڕیلانەی ماتماتیکمان هەبوو، لەناو هەموو قوتابیەکاندا منی هەستاند و دوای ئەوەی لێکردم ئەو پرسیاری زائید و ناقیسانەی سەر تەختەکەی بۆ حەلبکەم، بەڵام دۆش دامام و هیچم نەزانی. مامۆستاکە زۆر تووڕەبوو، بۆکسێکی کێشا بە سنگمداو پشتی نووساندم بە تەختەڕەشەکەوە، ئینجا هەردوو پەنجەی دۆشاومژەی لە تاڵەدرێژ و زەردەکانی بەردەم گوێچکەم ئالاندو چەند جارێک بایداو ڕایکێشا، ئینجا بەوشێوەیە چەند بستێک لە زەویەکەی بەرزکردمەوەو چوار پێنج جار پشتی سەری کێشام بە تەختەکەدا، هەرچی تف و بەڵغەمی قوڕگیشی بوو بە کۆکەیەک پاکی کردەوەو گرتیە دەموچاوم، ئینجا پێی ووتم: هەی کەری کەرباب بڕۆ دانیشە. کە ئەو جوێنەی پێدام، منیش بە قوڕگی گریانەوە پێمووتەوە: تۆ کەری کەربابی سەگباب. ئەمەم ووت و وەک تیسکەی تفەنگ لەدەرگای پۆلەکەوە ڕامکرد، بەگریان نەوەستام تا چووم بۆ بازاڕ بۆ لای باوکم و بۆمگێڕایەوە. کە بە باوکم ووت: مامۆستا جنێوی پێداویت و لە منیشی

داوه. دەستی هێنا بەسەرمداو ووتی قەیناکا، ئەم ساڵ مەچۆرەوە بۆ قوتابخانە. ئەو بڕیارەی باوکم هێندە لەبەر دڵم خۆشبوو کە بەهەمان هێزی ڕاکردنەوە بەڵام بە پێکەنین و خۆشییەوە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە؛ بەڵام لەماڵەوە هەمان پێشوازیم لێنەکرا، چونکە دیاربوو ئەوان دەیانزانی کە باوکم مرخی لەوە خۆشکردووە بمنێرێت بۆ حوجرەو بمکات بە فەقێ.

کاتێک مامۆستا غەنی هەستیکرد، لێدانێکی زۆری لێداوین و ژیرنابینەوە، وازی لە وانەکە هێناو ووتی: با نیوەی وانەی ئەمڕۆمان بکەین بە گۆرانی ووتن، ڕووی لە من کردوو پێیووتم: هەستە، هەر لە پشیلە سوورە دەچی، وەرە شیعری پشیلە سوورەمان بۆ بڵێ. هەمیشە مامۆستا غەنی بۆ ووتنی ئەم شیعرە منی هەڵدەستاند و دەیووت تۆ لە هەموو قوتابیەکانی تر شیعرەکانت باشتر لەبەرە.

مامۆستا غەنی و مامۆستاکانی تری ماتماتیک، هەموو ڕێڕەوی ژیانی منیان گۆڕی، بۆیە تا ئێستاش «خشتەی لێکدانەوە»م لەبەر نییەوەو هەموو لێکدانەوەیەکی حسابی بە پەنجەکانم دەیژمێرم. تەنانەت دوای خوێندنی ساڵێکیش لە پۆلی پێنجی ئامادەیی بەشی «عیلمی»، وازم لەو بەشە هێناو گەڕامەوە بۆ بەشی ئەدەبی قوتابخانەی «هەڵگورد». لەڕاستیدا من کەم جار ڕێکەوتی مامۆستایەکی دڵفراوان و میهرەبانم لە قوتابخانەدا کردووە، ئەو مامۆستایانە ڕێڕەوی ژیانی هەموومانیان لە قۆناغەکانی خوێندندا گۆڕی. وایان لێکردین هەمیشە ترسێکی لێپرسینەوە لە پشتی چوونە قوتابخانە ئامادەییەکی بەزەبر و دڕندەی هەبێت؛ سەدەها قوتابی لەبەر زەبری مامۆستاکان وازیان لە قوتابخانە دەهێنا، سەدەهاش لەو قوتابیانە هۆکاری پاڵپێوەنانیان بۆ بوون بە پێشمەرگەو پیاوی میری ئەو مامۆستا دڵڕەق و ناهۆشیارانە

بوون. هەڵبەتە مامۆستاش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پلەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆی پێدراوە کە هەموو هەوڵدانێک بۆ بەرپەرچدانەوەیان دەخرێتە خانەی حەرامەوە. ئەدەبی کوردیش بۆ خۆی هۆکارێکی هەرە خراپی بە سومبلکردن و بەرزکردنەوەی پلەی دەستەڵاتی مامۆستایە، ئێمە دەیەها شیعرمان هەیە کە بەسەر ڕۆڵی مامۆستادا هەڵدراوەو پلەی کۆمەڵایەتی یەکسان دەکات بە دەستەڵاتی باوک. ئەو باوکە کوردەی کە لە پشتی هەموو نوشوستی و گرێ دەروونییەکانی ئێمەوەیە. بۆیە کۆمەڵگەی ئێمە تەنها کۆمەڵگەی دیکتاتۆرە گەورەکان نییە، بەڵکە کۆمەڵگەی ملیۆنان دیکتاتۆری بچووکی ئەو جۆرە دیکاتۆرانەیە کە ڕۆڵی ڕاستەقینەی دیکتاتۆرە گەورەکان لە سنوری خۆیاندا دەبینن.

قوتابخانەی مەولەوی بۆ من سەرەتای چەکەرەکردنی بیرکردنەوە و خەیاڵاتەکانم بوو، سەرەتایی ژیانی من بوو لە گروپێکدا کە ئەویش گروپی پۆل و قوتابخانەی مەولەوی بوو. ئێمەی منداڵان لەگەڵ کۆتایی وانەکانمان و هاتنە دەرەوەماندا لەگەڵ قوتابیانی قوتابخانەی «بێکەس»دا کە لە هەمان قوتابخانەدا نیوەڕوان دەیانخوێند، لەبەردەروازەی قوتابخانەکەدا تێکەڵدەبووین و دەستمان دەکرد بەشەڕ، ئێمەی منداڵ پێمانوابوو دەبێت بە وەفابین بۆ قوتابخانەکەمان و گروپی خۆمان لەهەموو گروپێکی تر بەباشتربزانین. بۆیە هەموومان پێکەوە دەمانکێشا بە جانتاکانماندا و هاوارمان دەکرد «بێکەسەو کەسی نییە»، ئەوانیش لە وەڵامدا دەیانووت: «مەولەوییەوە و لەبلەبییە». زۆرجاران پێکدادانی وا لەنێوان قوتابیانی هەردوو قوتابخانەکەدا ڕوویدەدا، کە قوتابیەکان سەرو باڵ و دەستیان بشکێت.

دوای ڕزگاربوونمان لە وانەکانی قوتابخانە و تەواوبوونی نۆکاوی سەر عەرەبانەکەی «مامەی لولاق»ی بەردەرگاکە. من هەرزوو دەچووم

کتێبەکانم لە ماڵەوە دادەناو لەسەر سووچی کۆڵانەکەدا چاوەڕێی مامەی لولاقم دەکرد. ئەویش بەخۆیی و عەرەبانەکەیەوە دەهات، بۆ من و چەند منداڵێکی تر دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی چیرۆک و حەکایەتییە دینیەکان. ئێستاش زۆرینەی ئەو حەکایەت و چیرۆکانەم لەیادە؛ ئەو سەردەمە خۆشترین چیرۆک بۆ من چیرۆکەکانی «ئیمامی عەلی» بوو. مامەی لولاق دەیووت: ئیمامی عەلی «درودی خوای لەسەربێت»، زۆر کەڵەگەت و بەشان و شەوکەت بووە، بە چەشنێ سەری داوێتی لە هەورەکان، شمشێرەکەشی هێندە قورس و گەورەبووە، تەنها ئەو توانیویەتی بیوەشێنێت، کە بەجارێک سەری دەیەها کافری پەڕاندووە. من هەمیشە لەگەڵ ئەم چیرۆکەدا دەموویست بەتەواوەتی بزانم شمشێرەکەی ئیمامی عەلی چەند مەتر و چەند کیلۆ بووە. بۆیە هەمیشە لە مامەی لولاقم دەپرسی: نازانیت شمشێرەکەی چەند مەتر بووە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەیووت: ئەگەر دەسکی نقێماوی شمشێرەکەی لە جێگای ئێستای ئێمەدابێت، ئەوا نووکی شمشێرەکەی تا سەری ئەو کۆڵانەی سەرەوە درێژبووە. منیش سەرم سوڕدەماو دەمم دادەپچڕی و دەمووت: ئەی باوکە گیان چەند درێژبووە! لەویادا بەغیلیم بە بەهێزی و گەورەیی ئیمامی عەلی دەبرد و ئەو کاتانەم بیردەکەوتەوە، کەدایکم دەیبردمە حەمامی ژنانی چوارباخ و ژنەکان بە دایکمیان دەووت: ئەم کوڕەت زۆر زەرد و لاوازە، بۆچی نایبەیت بۆ لای دکتۆر ڕەنگە نەخۆشبێت!

من نەخۆش نەبووم، بەڵام زۆر لاوازو بێهێزبووم، لەگەڵ هاتنی هەر پەتایەکیشدا من چەند هەفتەیەک لە ماڵەوە دەکەوتم، بۆیە ئێستاش هەستدەکەم من هەرچی جۆری نەخۆشی دنیا هەیە گرتوومەو لەهەمووشیان ڕزگارم بووەو چاک بوومەتەوە. من نەخۆش نەبووم، بەڵام

زۆری بیرکردنەوەکانم و ناجۆریم لەگەڵ منداڵانی تردا وای لێکردبووم کە هەمیشە وەک منداڵێکی غەریب و ناهاوشێوە سەیربکرێم. بۆیە لە ماڵیشەوە هەر هەمان حسابم بۆ دەکراو و وەک منداڵێکی نەخۆش سەیردەکرام، ئەوەش بۆ من چەند مایەی نارەحەتی بوو، هێندەش بەسوودبوو بۆ هێنانەدی زۆرینەی ئەو داوایانەی کە ڕووبەڕووی دایک و باوکمم دەکردەوە. لەکاتی نەخۆشیشدا سۆزێکی زیاترم پێدەدرا، ئەمەش هێندەی تر سنوری نازەکانی منی گەورەتر دەکرد.

باوکم هەر دەکۆکێ و منیش جارێ هەر لەو تاریکیەدا چاوم لەسەر دیوارو پەنجەرەی ژوورەکانی قوتابخانەی مەولەوییە، ئەو قوتابخانەیەی کە لەسەرەتای هەشتاکانەوە کرا بە مقەڕی «استخباراتی عەسکەری»، ئیدی لەبری دەنگ و هاواری منداڵان، شەوانە ئێمە گوێمان لە دەنگ و هاواری ئەو زیندانیانە دەبوو کە ئازاردەدران. مامۆستا «سەردار»یشم بیردەکەوێتەوە کە دوای ساڵێک ووتنەوەی وانەی «کوردی» لە پۆلی چواردا، لە دوای پشووی نیوەی ساڵەوە دیارنەما، دوای چەند مانگێک زانیمان کە لە شەڕێکی نێوان پارتی و یەکێتیدا کوژراوە. کوژرانی مامۆستا سەردار بۆ من کەسەرێکی زۆری لە دڵ و بیرکردنەوەمدا بەجێهێشت. ڕۆژانە لەگەڵ خۆم دەدوام و دەمووت: مامۆستا سەردار ئیتر ناگەڕێتەوە؟! لەو ڕۆژانەوە من زەبری کوشندەی مردنم ناسی و لە مردن ترسام، لەو دەمەدا مردن چەندە ترسناک بوو بۆ دڵ و سەری منداڵێکی بچکۆلەی وەک من. دواتر کە گەورەبووم و هەزارەهای وەک مامۆستا سەردار کوژران و ئێستاش بەردەوام دەکوژرێن، لە خەتەری بەجێهێشتنی ئەو ڕووداوانە تێگەیشتم؛ کە دیارە هەرگیز حیزبی کوردی لەبەر مانەوەی خۆی نەدەیەوێت تێبگات، نە هەست بە قورسی ڕێژەی ئەو برینانە دەکات کە دەیخاتە فکر و ڕۆحی هەریەک لە ئێمەوە.

هەریەک لە ئێمە دەبێت زەریبەی هەڵەی ئەو حیزبانە بدەین کە زۆرینەی زۆرمان بێبەرین لێی. لە دوای ڕاپەڕینەوە هەزاران هەزار منداڵ لەدایک بوون و لەژێر بارینی موسیبەتەکانی ئەو حیزبە کوردیانەدا گەورەبوون، دەبێت زەخم و ئازاری ئەو منداڵانە چەندە گــەورەتر بێت لە زەخم و ئازاری کوشتنی مامۆستا «سەردار»کەی من. زەریبەی هەموو هەڵەو نوچدانەکانی حیزبی کوردی ئێمــە دەیدەین، نەک خـودی حیـزب و سەرکـردەو دەسـەڵاتدارەکانی. حیـزبی کـوردی ئەو «شـوان»ەی کە دەیەوێت کۆمەڵگەی کوردی بۆ هەرچ پاوانێک ئەو دیاریبکات وەک پەز لێبخـوڕێت، بەناوی شـەهادەت و کوردایەتیـەوە ملی هەزاران هەزار دەشکێنێ و بەفەتارەیان دەدات، دواتریش حەقی بڕیاردانی ئاشتی و شەڕ هەر لە ژێر دەستی ئەو دایە نەک کۆمەڵگە. دەبێت کەی کۆمەڵگەی کوردی و سـیاسـەتمەداری کـورد، سـیـاسـەتکردن وەک کارکـردنی «فەرمانبەرێک» تەماشابکات، کەهەرچ ناڕێکییەک لە کارکردنیدا ببێتە هۆی لابردن و کارکەنارکردنیان. دیارە ئەم بڕیارە لە دەستی کۆمەڵگەی کوردیدایە، دەنا هیچ کـاتێک سـیـاسـەتمەدارێکی کـورد خـۆی وەک فـەرمانبەرێک نابینێت، بەڵکە لەسـەروو هەموو ئەمانەشـەوە خـۆی بە خاوەنی «شەهیدەکان» لە قەڵەم دەدات، بەپێی ژمارەی شەهیدەکانیش خۆی لە پلەکانی بەرپرسیاری دوور ڕادەگرێت، وە داواکانیشی دەبێت لەسەروو ڕەتکردنەوەوە دابنرێت.

ئەو شــەوە بەهەمـوو ئەو پرسـیــار و یادوەریانەوە خــەوم لێکەوت، بەیانی درەختەکان و هەوا و خوشک و براکانم پێش من بەخەبەربوون. گەرما لە درزی دیوارەکان و قلێشی شکاوی کاشیەکانەوە وردە وردە کەوتە قوڵپدان، ئاسمانیش بەجارێک لەگەڵ هەڵکشانی خۆردا گڕی دەباراند. هیچ کاتێک کوردستان وەک ئەمساڵ و یەک دوو ساڵی پێشوو

وشکەساڵ و گەرمای وای بە خۆیەوە نەبینیووە. سلێمانیم بە جەستەیەکی دەرزیئاژن و کون کون کون دەهاتە بەرچاو، چونکە لەم چەند ساڵەدا سەدەها بیری گەورەو بچووک لێدراوە؛ کاریزەکان وشکیان کردووە و ئاوی مزگەوتەکانیش داویانە لە کزی. ڕۆژانە ڕێکەوتی خەڵکانێکی زۆرم دەکرد، کە دەچوون لە کاریز و بیرەکان ئاویان دەهێنا، یان بە تەنکەر ئاویان دەکڕی. یەکێک لەو دیاردە شارستانی و جوانانەی کە بۆ ئەم کەمئاوییە بینیم، ئەو «تایتڵە»ە نووسراوانە بوو کە لە پشتی زۆرینەی پاسەکانی هاتوچۆی ناوشاردا دانرابوو، کە داوای لە دانیشوانی شار دەکرد ئاو بەفیڕۆنەدەن و هێندەی پێویستی خۆیان بەکاری بێنن. هەڵبەتە هەڵبژاردنی ئەم جۆرە داواکردنە بە شێوەی ئامۆژگاری، وەک سەرەتا کاریگەرییەکی باش لە بیرکردنەوەی دانیشتوانی شاردا بەجێدەهێڵێت.

ڕۆژانە بەهەموو ئەو کۆڵان و گوزەرانەدا ڕەتدەبووم، جەستەم بووبووە چاوێکی گەورە، چاوێک کە بەهەموو هەستەکان ببینێت، چاوێک تینوو بە بینینی هەموو دیمەنێک؛ هەستمدەکرد، دیوار و خانووەکان و درەختەکانی شار تێکڕا پیربوون، پیرییەک وەک پیری باوکم تەسلیم بە مردن بووەو چاوەڕوانی کردنەوەی ئەو دەرگایەیە تا بەیەکجاری بڕوات و نەگەڕێتەوە، درەختەکان پەژموردەتر، دیوارەکان چڵکن و کەلێن و درزتێبووتر لە جاران، هەموو شتێک گۆڕدراوە. کوڕو کچی سەر شەقامەکان ناناسم و هەست بە تەنهایی و غەریبی دەکەم، کەم کەس دەمناسێ و وەک جاران سڵاوی گەرم و ماچوموچی پڕ لە خۆشەویستی نەماوە؛ قوڕگم پڕ لە گریان دەبوو کاتێک هەواڵی هەرچ کەسێکم دەپرسی، دەیانووت چووە بۆ ئەورووپا؛ هەمووان کۆچ دەکەن، کۆچێکی نادیار و پڕ لە مەترسی ڕێگا. دەمووویست لە ڕێگای

یادگـاریەکـانمـەوە ئەو شـوناسـە دوورەدەست و وونبـووەم جـارێکی تر نوێبکەمـەوە، بەکۆڵانەکاندا دەڕۆیشـتم، بەدزییـەوە بە کـامیـرا وێنەی ئەو منداڵانەم دەگرت کە بە بەرد و خۆڵ و یارییـە شکاوەکانیـان، سـەرقاڵی بەفەنتازیاکردنی ژیان بوون.

«شەباب»م بینی، ئەو شێتە ڕووخۆش و هەمیشە سەلام کەرەی، کە بۆتـە بەشـێک لە کلتـووری ئەم شـارە. کـە چووم بە «شــەباب»م ووت: وێنەیەکت بگرم. یەکسـەر بە چاکەتە سـورەکەی و ڕووە خـۆشـەکەیەوە سەلامێکی بۆ کردم و منیش چەند وێنەیەکم گرت. دوایی دەستی کرد بە گرفانیداو پانزە دیناری دەرهێنا، ووتی: ئەوەش بـۆ تۆ. سوپاسم کرد و ووتم نا مـن نامـەوێت، هەڵیگرە بۆ خـۆت. دواتر «جـەمـال ڕینگۆ»م لە شـوێنی هەمـیـشـەیی پیـاسـە سـیـزیفـیـەکـانی خـۆیدا، لە شـەقـامی «مـەولەوی»ی بینی؛ جەمال پیربووە و دەشەلێت، سـووک سـووک دەڕواو وەک جاران بووز بە کوڕەکانەوە ناکات، چاوێکی کوێربووەو نیشـانەی ئەو قـەمـەیـەی کـە دراوە لە چاوی، چاڵێکی گـەورەی لە دەمـوچـاویدا بەجـێـهـێـشـتـووە. جـەمـال لە ڕەوە مـەزنەکـەی دوای ڕاپـەڕیندا، دوای چۆڵکردنی شـار و هـەڵهـاتنی هەمـوومـان، ئەو یەکـێک بـوو لە کـەسـە تەنهاکان کە ئەم شـەقامـانەی جێنەهێشتبوو، وەک ئەوەی ویستبێتی پیاسـە هەمیشەییەکانی ئەم کۆڵانانە نەدۆڕێنێت و جێیاننەهێڵێت، بۆیە لەلایەن سەربازە عێراقیەکانەوە قەمەیەکیان دابوو لە چاوی و قاچێکیان شکاندبوو؛ چەند وێنەیەکی ئەویشم گرت. بیرم لەو ڕۆژانە دەکردەوە، کە لە جەمال دەترسام تا لەپەنایەکدا بووزێکم پێوەنەکات. بەڵام وەک بەوەی ترسـی من سـیگنـاڵێکی نهـێنی بێت بـۆ جـەمـال، لە هەمـوو سـاتی ترسـدڵـیـەکـانی مندا ڕێکەوتم دەکـرد و وەک هەمـوو کـەسـێکی تر دەسـتێکی بۆ دەبردم، منیش ڕادەچڵەکیم و دەترسـام. جـەمـال تەنهـا

کەسێک بوو کە ئەو ڕۆژانە بێ ترس و ئاشکرا جنێوی بە حکومەتی عێراقی و «سەدام حسێن» دەدا، ئێستاش کە تووڕەدەبێت بێترس جنێو بە «مام جلال و مەسعود بارزانی»دەدا.

شەقامەکانی شار قەرەباڵغەو خەڵکێکی زۆر لەشاردا دەژین، زۆرجار ئەو قەرەباڵغیە لە خۆمی وون دەکردم و ماندوو دەبووم، بۆیە خۆم دەکرد بە کۆڵانە تەسک و تەنگەبەرەکانی گەڕەکەکاندا، ئەو کاتانەم بیردەکەوتەوە، کە منداڵ بووم و هەمیشە حەزم بەسەفەر و دوورکەوتنەوە بوو لەماڵەوە، بێ پرس دەڕۆیشتم، هەندێ جار هێندە دووردەکەوتمەوە لەپێچی کۆڵانەکاندا ووندەبووم، بەڵام بێ خەم بووم لە دۆزینەوەی ماڵەوە، چونکە لە هەموو سەر هەڵبڕینێکدا ئاپارتمانە بەرزەکەی «ئوتێل سلێمانی» کە بە حەسیب ساڵح بەناوبانگە لە دوورەوە دەمبینی، سەفەری ناو ئەو کۆڵانانە بۆ منی منداڵ، سەفەری دوورکەوتنەوە لە کۆڵانی خۆمان و بینینی شتی نوێ بوو. هەمیشە حەزمدەکرد دووجار بە کۆڵانێکدا نەڕۆم، بەڵکە هەرجارەی لە ڕێگایەک و کۆڵانێکی نوێوە بڕۆم، ئەگەرچی ڕێگاکەشم دوورتر بکەوێتەوە. ئێستاش بە گەورەیی هەمان خووم تەرک نەکردووە، زۆرجار لە ستۆکهۆڵمدا تووشی کێشەی دوورکەوتنەوەو کات لە کیسچوون دەبم، بە هۆی ئەم خووەی کە نایەوێت لە مندا گەورەبێت. کە گەورەش بووم، لە تەمەنی «مێردمنداڵ»یمدا فێری خوویەکی خراپتر بووم، ئەویش ئەوەبوو بە چەند سەعات دەچوومە گردی سەیوان و شەهیدان، لە پاڵ کێلەکان و ژێر سێبەری ئەرخەوانەکاندا دادەنیشتم، هەستمدەکرد حوزنێکی گەورە کەوتۆتە قوڵایی دڵمەوە، لەگەڵ گریان و لاواندنەوەی تەنهایی دایکەکاندا، منیش لەناوەوەی خۆمدا دەگریام. تا وای لێهات هەندێ جار بۆ خوێندنەوەو هەندێ جاریش بۆ سەعی کردن دەچوومە

ناو ئەو مردووانە و دەمخوێندەوە، جارجارەش کێلی سەرقەبرەکانم دەخوێندەوەو خەمم بۆ ئەو مردووە کەم تەمەنانە دەخوارد کە زوو مردوون. سەرقەبران بۆ من هێمنترین شوێن بوو بۆ تێڕامانەکانم، هێمنییەک کە دەمتوانی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە کە لە قەرەباڵغیەکاندا بۆم نەدەدرایەوە. بە تێڕامان لەو شارە مێرولانەی کە لەپاڵ گۆڕەکاندا هەڵدەتۆقین، کات تێدەپەڕی، زۆرجار دیقەتم لەو دەنکە خۆڵە وردانە دەدا کە بەدەمی مێروولەکانەوە دەهاتنە دەرێ، لەوێدا فکرم بۆ ئەوە دەچوو کە ڕەنگبێت، ئەو دەنکە خۆڵانە، خۆڵی جەستەی ئەو مردووەبێت کە ڕۆژانێک وەک من ژیاوەو بیری کردۆتەوە؛ ئەو دەنکە خۆڵانە هەمان پرسیاری کەللەسەرەکەی شانۆگەری «هاملێت»یان بەجۆرێکی تر تێدادەڕواندم، ئیدی لەو تەمەنەوە مردن لای من مانای تری لە مانا گشتییەکەی وەرگرت، لەو کاتەوە شیعری شاعیرە «متەسەوف»ەکان و ئەوانەی خاوەنی «شەتەحاتی سۆفیگەریانە»بوون، بوونە سەودا هەمیشەییەکانی تێفکرین و خوێندنەوەم.

لە هەفتەی یەکەمی سەفەرەکەمدا، بەرەبەیانێکی زوو دوای چنینی چەند چڵە ڕێحانەیەک لە باخچەکەی باوکم، لە ماڵ چوومە دەرێ، بەدەم بۆنکردنی چڵە ڕێخانەکانەوە سنگم پڕ بوو لە فێنکی. کە گەیشتمە سیلەی کۆڵانەکە، لەپاڵ ئوتوی هەڵمی «مەولەوی»دا، سەیری ناوەڕاستی هەردوو بەری جادەکەم کرد، وەک بریسکەیەک وێنەی ئەو پیرەمێردو منداڵەم هاتەوە بەرچاو، کە لە سەعاتی یەکەمی ئەو بەیانیەی یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕیندا کوژرابوون، کاتێک کە گەیشتمە ئاستیان، هەموو جەستەم پڕ بوو لە موچڕکە، هەرگیز لە ژیانمدا ڕووبەڕووی دیمەنێک لەو چەشنە نەبووبوومەوە، پیرەمێردەکە دەستی لە ملی منداڵەکەدابوو، جۆگەلەی خوێنی هەردووکیان تێکەڵ بەیەکتری بووبوون، پێلاوە

لاستیکە ڕەشەکەی پیرەمێردەکە کە لەپاڵیا کەوتبوو پڕ بوو لە خوێن، ئەو دیمەنە وەک تەقینی بورکانێک غەرقی ئاگر و فرمێسکی کردم، دەیەها شەو ئەو دیمەنەم لە خەونەکانمدا بە شێوەی جیاجیا دەبینییەوە، شێوەی کەوتنی ئەو پیرەمێردو منداڵە دەکرێت پڕ لە حوزنترین و مەزنترین سومبلی ئەو ڕۆژانەی ڕاپەڕین بن.

دیمەنی ئەم شەقامە لە ئێوارەی ڕۆژی پێش ڕاپەڕیندا، دیمەنێک بوو کە هەرگیز من بۆ خۆم ئەم شەقامە ترسناکەم وا نەبینی بوو، هەر لە سەعاتی پێنجی ئێوارەوە شەقامەکە چۆڵ بووبوو، ئۆتۆمبیلەکانی پیاوانی حکومەت لەمبەروئەوبەری شەقامەکەدا وەستابوون، موسەلەحەکان چەکە قورسەکانی لەسەر دانرابوون و سەربازەکان دەستیان لەسەر پەلەپیتکەکان بوو، تانکەکان لە سووچ و سیلەی کۆلانەکاندا وەستابوون، سەربانەکان بە سەربازەکان تەنرابوون؛ جیاواز لە هەموو جارێکی تر نیگای سەرباز و چەکدارەکان وەک جاران لە ڕێبوارانیان نەدەڕوانی و سیمایان ترسی لێدەچۆڕا، ترسێک کە هەم ئێمەو هەم ئەوانیش دەمانزانی ئەمڕۆ و سبەینێ وەک ڕۆژەکانی تر نین و شتێک بە ڕێوەیە ڕوودات. ئەو ئێوارەیە من یەکێک بووم لە ڕێبوارە تاک و تەراکان کە بەرەو ماڵ دەگەڕامەوە، ئەم دیمەنانەم هێندە لەبەرچاو سەیربوو نەمدەتوانی لەسەر هیچ کام لە پێشبینیەکانم ئۆقرەبگرم. کە گەیشتمەوە ماڵێ، وەک ڕۆژانی پێشوو باوکم گوێی بەڕادیۆکەیەوە نابوو، ئەو ڕادیۆیانەی مێژوویەکە لە بری ژن و منداڵەکان باوکەکان لە باوەشیاندایەو گوێی لێدەگرن. ماڵی ئێمەش وەک سەر شەقامەکە بێدەنگ و خامۆش بوو، قرچەی تەقینی گەردە ئاوەکانی ناو مۆمەکان کە دەسووتان دەنگیان لە دەنگی ئێمە زیاتر بوو، جار جار دەنکی کۆکە کۆکی دایکم دەبیسترا و شەوقی مۆمەکانیش

لەســـەر ڕووی پەنجـــەرەکـــان بە کـــزی و ترســـەوە دەیاندا لە ڕووی شـــووشـــەکـــان. لە پڕ دەنگی پـەروانەی ترســـاوی ئـەلیکۆپتـــەرێک ئەو بێـدەنگیـەی شـڵـەقـاند، من ڕامکردە سـەربـان، هەلیکۆپتـەرەکـە لە ناو «حـامیـە»دا نیشتـەوە، بەڵام هـەرزوو دوای یەک دوو دەقە هەڵفـڕییـەوەو بەخـێرایـیەکی نـائاسـایی لـەتاریک و لێـڵـی ئەو ئێـوارەیەدا وونبـوو. ئەو دیمەنە بۆ من جێگای خۆشی بوو، کە ئەوەش نیشانـەبوو بۆ پێشهاتێک کە بەڕێوەیە. کە گەڕامەوە خوارەوە، باوکم هەرزوو بە دەست هەڵبڕینێک هێـمـای بـۆ کـردین کـە بێـدەنگ بین. لە ئێـزگـەکـەی شـاخـەوە دەوترا: «هەنارەکـان بشـارنەوە، سـبـەینـێ زەمـاوەندە»، ئەم دێڕی شـفـرەیە بە درێژایی چەند سەعاتێک لە نێوان قسەکان و شفرەکانی تردا زوو زوو دەخـوێنرایەوە. بەڵام مـن لە خـۆم دەپرسی: هیچ هـێزێکی پێـشـمـەرگـە هێندە نزیک نیە لە شارەوە، تا ئەم شفرەیە بۆ ئەوان بنێردرێت! هەڵبەتە ئەم شـفـرەیە بـۆ ڕووبەڕووکردنەوەی ئەنـدامی ڕێکخـراوەکانی شـاریش نـانێـــردرێت، چونکە ئەوانـیش هەمـــوو پـەرت پـەرت و هەڵوەشـــاون. نەمدەتوانی هیچ وەڵامێکی لۆژیکی بۆ پرسیارە لەیەک نەچووەکانی خۆم بدۆزمەوە، هێندەی ئەوەی کە دەمزانی پێشهاتێک بەڕێوەیە، پێشهاتێکی خوێناوی و ترسناک کە هەواڵی مەرگی هەزاران هەزاری پێیە.

ئەو شـەوە هەمـوومـان نە بێـداربووین نە خـەوتوو، هەمـوو شـتـێک بێدەنگ بوو، دەنگی پێچکەی ئۆتۆمـبیلەکان و پێڵاوی ڕێبوارەکان وەک شەوانی تر نەدەهات، هەرگیز من شەوانی شارم لە بێدەنگیەکی قورسی وادا نەبینی بوو، بەرەبەیان هەمـوومـان بەخـەبەربووین. هـەرزوو سـەری سـەربـازەکـان و لوولـەی تفـەنگەکـانیـانم لەسـەر سـەربـانی ئاپارتمانە بەرزەکـەی «حـەسـیب سـاڵـح»ەوە بینی. بەکـاتـی ئەو بەیانیـە ترسناکـە ســەعـات بـوو بە شـــەش و بیـست و پێنج دەقـە، دەنگی تەقـینی چەند

فـیـشـەکـێک و چەند هاوارێک بەرزبۆوە، پێـدەچوو دەنگەکـان لە لای قوتابخانەی خـانزادی کچان و کۆڵانەکانـی حەمامی «چوارباخ»ەوە بێت. لوللەی تفەنگەکانی سەربازەکانی سـەر ئاپارتمانەکەی «حەسیب ساڵح» کەوتنە تەقەکردن، دوای کەمێ وەڵامی تەقـەکانیان درایەوە، تەقەکان تا دەهات زیاتر و نزیکتـر دەبۆوە، گـوێمـان لە چەند هوتافێک بوو، دواتر هەستمکرد فیشەکەکان دەنرێن بەماڵی بەرێوبەری پۆلیسەوە کە چەند ماڵێک خـوار مـاڵی ئێـمـەبوو. لە سـەرهەڵبـڕینەکـامـدا خـۆڵـی ئەو جێ گوللانەم دەبینی کە لە کۆڵانەکانەوە دەنرا بە ئاپارتمانەکەی «حەسیب ساڵح»ەوە، لوولەی تفـەنگی سـەربازەکانی سـەر ئاپارتمانـەکە بێـدەنگ بوو، بـەڵام دەنگـی تەقـیـنەوەو هـاوارەکـان تا دەهـات زیاتـر دەبوو. وەک بەوەی بـەدەم خـەوەوە بـڕۆم، دوای کـەمـێک منیش تێکەڵ بەو کـوڕە گەنجـانەی بەردەرگـابووم، هەمـووان بەدەم هـاوار و تەقـەکـردنەوە بەرەو سیلەی سـەر کۆڵانەکە سەردەکەوتین. گوللەکان بە چواردەورماندا دەیدا بە دیوارەکانداو بە تەنیشتماندا گیزەی دەکرد. هـەمـوو ئەو گەنجە چەک بەدەسـتـانەی کـە تەقـەیان دەکـرد، گـەنجـانی گـەڕەکی چوارباخ بوون. نەمـدەتوانی لەخـۆم بپـرسـم بۆچـی منیش وەک ئەوان بەرەو سـیـلەی کۆڵانەکە ڕادەکەم، بەڵام هـەیەجانێکی گەرم لە سنگمدا سـەری دەکرد، هەستمدەکرد هەموو خـوێنی جەستـەم هروژم دەکاتە سـەرمەوە، تەنها کەسێکی بێچـەک لەناویاندا من بووم، کە گەیشـتـمـە بـەردەمی ئوتوی هـەڵمی «مـەولەوی»، پیرەمێردەکە و مناڵە کوژراوەکەم بینی کە هێشـتـا هاڵاو لە خـوێنـەکـەیان هەڵدەسـتـا. هەمـوومـان لە دەرگـای «منظمـە»وە هروژمـان کـردە ژووری، دەرگـاکـان و پـەنجـەرەو سـورەییـاکـان دەشکێنـدران، ئاگر بـەردەدرایە ژوورەکان، وێنـەی سـەر دیوارەکـان بەر فـیشـەک دەدرا، چەند سـەربازێکی کـوژراو لەملاولـەولا لە ناو خـوێندا

گــەوزێنرابوون. لە چوونـە ژوورەوەمــدا بۆ یـەکــێک لە ژوورەکـــان، ئەو کەنتـۆرە گەورە و درێژانەم بەرچاوکەوت، کە لەسەر هەر یەکێکیان ناوی گــەڕەکـێکی شــاری لەســەر نووســرابوو؛ خـێرا دەرگـای ئەو کـەنتـۆرەم کردەوە کە ناوی گەڕەکی چوارباخی لەسـەر نووسـرابوو، کەنتۆرەکە پڕ بوو لە فایلـی ڕیزکراو و یەک لەسـەریەک چینکراو، لە دووتوێی هەندێ لە فــایل و ڕاپـۆرتەکــاندا وێنەی ژن و پیــاوی پێــوە لکێنـرابوو. پیــاوێکی جامانـەبەسەر خۆی کرد بەو ژوورەداو ووتـی: ئالاچۆ با بیـان سوتێنم. لە شـقارتـە لێداندا بـوو، پێمـووت: نا مـەیانسـوتێنەو بڕۆ بۆ ژوورەکانی ئەو سەر، کلاشینکۆفەکان لەوێ دانراون.

هەرچەندە چاوم بەچواردەوری خـۆمدا گێڕا هـیچ شتێکم نەبینی تا فایلەکانی تێبکەم، بەڕاکردن چوومە ژوورێکی تر، لەوێ «حەمە شوان»ی حـیزبی «شـیوعی»م بینی، کـە ئەویش لە فـیکری کۆکردنەوەی فایلەکاندا بوو؛ ئەو باشـتر لـە من، زوو بیری بۆ ئەوە چـوو کە بەرگی ئەو دۆشـەک و سـەرینانەی سـەر هـەریەک لـەو تاکـە قـەرەوێڵانەی ژوورەکـان دەربکەین و فــایلەکــانی تێــبکەین، بەرگـە دۆشــەکـەکــانمان دەرکـرد و فــایلەکــانمان تێکردن، زۆرینەی فــایـل و وەرەقــەکــانی دۆلاب و ســەر مـێــزەکــانمان کۆکردەوە، ئەوکات پرسیاری ئەوەمـان لە خۆمان کـرد، چۆن بتوانین ئەم هەمـوو دۆکـۆمـێنتـانە بگوێزینەوە؟. «حـەمـە شـوان» پێیـووتم: تـۆ ئاگـات لێیــان بێت ئێسـتــا سـەیارەیەک پەیدا دەکەم. دوای دە دەقـە گەڕایەوەو فـایلەکانمان خـستـە ناو ئۆتۆمـبیلێکی توێتا کـرۆنا کە لە بەردەمـی مـاڵی «عـەلی بـۆسکانی»دا وەسـتــابوو، کـەڕێک مــاڵیــان لەتەنیــشت دەرگــای پشـتەوەی «منظمـە»کەوە بوو. لەویادا کورێکی تریش بووە هـاوەڵمان کە هـاوڕێی حەمە شوان بوو ناوی «ئاسۆ» بوو. لە سـەرکەوتنماندا بووین بۆ ناو ئۆتۆمـبیلەکە؛ «عەلی بۆسکانی» بە شـپرزەییەوە ڕایگرتین و بە حـەمە

شـوانی ووت: تۆ کەسێکی عـاقڵی، چۆن ئاوا بـە ئاشکرا ئەو مـەلـەفانە دەبەیت، بووەستن هەر ئێستا سـەرو یەشـماختان بۆ دێنم، بەپەلە یەک دوو پارچە قوماش و گۆرەوی ژنانی بۆ هێناین، دواتر پێی ووتین: ئاخر کاری وا چۆن بە پانتۆڵ و کراسەوە دەکرێت، هیچ نەبوایە ئێوەش وەک ئەو خەڵکە سـەر و شەرواڵتـان لەپێبکردایە. حەمـە شوان چووە پێشەوەو من و ئاسۆش لە کورسیەکەی دوای ئەوەوە سواربووین، «حەمە شوان » لە پشتی بیناکەوە پێچیکردەوە بۆ سـەر شەقامەکە، کاتێک گەیشتینە بەردەمی ئوتووی هەڵمی «مـەولەوی»، گـوێمـان لێبـوو چەند کـەسـێک هاواریانکرد و ووتیـان: ئەوەتان. لەگـەڵ ووتن و تەواوبـوونی ئەو تەنـهـا وشـەیەدا ، بەجارێک سەدەها فیشەکمان پێوە نرا . ئاسۆ لە تەنیشتما هاواری کـردو ووتـی: ئای بریندداربووم. من دەرگـاکـەم کـردەوەو خـۆم هەڵدایە خـوارێ، ئاسـۆش بەبرینداری لە دوای منەوە هات، لەسـەر سک لە ئۆتۆمبیلەکە دوور کەوتینەوە. بەڵام هەر خێرا دەیەها لوولەی تفەنگ خـرایە سـەر سـەرمان. ئەوەی باش بوو هەر زوو چەکدارەکانی گەڕەک منیان ناسـییەوە. بەڵام دوو چەکداری تر کە پێدەچوو بەشێوەی خۆ بەستن و هەڵگرتن و مـیلـهـێنانـەوەی چەکـەکـانیـاندا لـە چەکـداری ڕاستـەقینە بـچن، سووربوون لـەسەر ئەوەی کە نابێت ئەو دۆکۆمێنتانە لەگەڵ خۆماندا بەرین؛ حـەمـە شـوان هەرچەندە هاواری دەکرد کـە من ئەندامـی مـەکتـەبی حـیـزبی شـیـوعـیم و دەمـانەوێت ئەو مـەلـەفانە لە سـوتـاندن ڕزگـاربکەین و بیـانگەیەنینە شـوێنێکی دوورەدەست؛ بێسـوودبوو. زوو زوو دوو چەکدارەکـە لەناو چەک بەدەسـتـەکـانی تردا خـۆیـان ڕادەپسکاند و بەوانـی تریان دەووت: خـۆتـان لایەن بـە یەکـی سـەلیـەیەکیـان پێوەبنێین. دیمەنێکی زۆر هیستری و ترسناک بوو. دوای ئەوەی کە ئێمەیان ناسـی؛ ووتیان: ئێمە ئەم سـەیارەیە دەبەین بۆ مقەڕ و

وەرن لەوێ وەری بگرنەوە. حەمە شوان ووتی: باشە من لەگەڵتان دێم، بەڵام پێمان بڵێن بۆ چ مەقەرێک؟ یەکێک لە چەکدارەکان ووتی: بۆ مقەڕەکەمان کە لە گەڕەکی مامۆستایانە. حەمە شوان لەگەڵیان سەرکەوتوو من لەلای «ئاسۆ» مامەوە، کە فیشەکێک ئەمدیوئەودیوو ڕانی پێکابوو، دواتر بە ئۆتۆمبیلێک ئاسۆیان گەیاند بۆ خەستەخانە. دیاربوو چەکدارەکان لە یەکێک لە گروپە چەکدارە کوردەکانی «افواخ خفیفە» بوون، کە لەوڕۆژەدا ئەوانیش پەلاماری شوێنەکانی حکومەتیان دەدا.

دووکەڵ لە هەموو شوێنێک بەرزدەبۆوە، لوولەی تفەنگەکانیش تا دەهات زیاتر و گەرمتر دەبوون و ژمارەی خەڵکەکانیش پترتر. خۆمکرد بە کۆڵانەکەی پشتی کۆڵانی خۆمان و بەرەو ماڵی «بەڕێوبەری ئاسایش»، کە لە تەنیشت قوتابخانەی «فریشتە»ی کچاندابوو ڕۆیشتم، دیواری ماڵی بەڕێوبەر بە دیواری جێ نزرگەی «وەیس»ەوەیە، ئەو «وەیس»ەی ڕۆژانێک کچ و کوڕی عاشقانی ئەم شارە هاتوونەتە سەر گۆڕەکەی تا بەیەکتری شادو شوکربن. دوو ئۆتۆمبیل لە گەراجەکەدا دانرابوو، چەند کەسێک دەیانوویست چەتاڵیان بکەن و بیانبەن، تەنها دەرگای ژوورێک لە ماڵەکەدا کە داخرابوو ژووری نووستنی ماڵی بەڕێوبەر بوو، من چەند لە قەیەکم دا بە دەرگاکەدا و دەرگاکە کرایەوە، ژنێک لە ژێر باڵی منەوە بە پرتاو خۆی کرد بە ژووردا، هەردووکمان پێکەوە دەستمان دایە ئەو جانتا دیبلۆماسییەی کە لەسەر سیسەمەکە دانرابوو، ژنەکە زووتر جانتاکەی هەڵگرت و یەکسەر چووەدەرەوە، ئەوکات من کەوتمە پشکنینی ئەو کتێبخانە بچکۆلەیەی کە چەند کتێبێک و هەندێ وەرەقەی نووسراوی تێدابوو، بەڵام هیچ شتێکی نووسراوی وام نەبینی کە جێی سەرنج بێت، لەگەڵ هاتنە دەرەوەی مندا

چەند کەسێک ئاگریان لە سیسەمی ژورەکە بەرداو دووکەڵ بەرزبۆوە، لە حەوشەکەدا ئەو ژنەم بینییەوە کە جانتا دیبلۆماسیەکەی لە ژێر چنگی مندا ڕفاند، دیاربوو داوای یارمەتی کردنەوەی جانتاکەی کردبوو، بۆیە کوڕێک بەلەقە دەکەوتە شکاندنی جانتاکە، دوای کەمێک کردیانەوە، ژنەکە زوو پەلاماری ئەو چنگە ئاڵتونەی ناو جانتاکەی دا، کە کۆمەڵێ ملوانکەو بازن و گوارەی ژنانە بوون، لە ناو جانتاکەشدا دەمانچەیەکی ستیلی بچکۆلەی تێدابوو، ئەو کوڕەی کە جانتاکەی شکاند زوو دەمانچەکەی هەڵگرت و خستیە گرفانیەوە. لە هەموو ئەو دیمەنانە سەیرتر، ئەو پیاوە جامانە بەسەرەبوو کە بەپرتاو لە دەرگای دەرەوە، وەک شارەزایەک خۆی کرد بە ژوورداو نەوەستا تا سەریکرد بەو کولانە مریشکەدا کە لەو سەری چیمەنەکەدا دروستکرابوو، دەستی دایە قاچی دوو قەلی خرتی گەورەو خستیە سەر شانی، پیاوەکە هەروەک چۆن بەلەز هاتەژووریێ ئاواش لەدەرگاکە چووە دەرێ و وونبوو.

ژن و پیاو و منداڵ پۆل پۆل لە کۆڵانەکانی خوار شارەوە دەهاتن و تێکەڵ بە عەشاماتەکە دەبوون. دووکەڵ لە «کارگەی جگەرە»کەش بەرزدەبۆوە. منیش وەک توێی وردە شەپۆلێلک لەگەڵ شەپۆلی بە وروژمی خەڵکەکەدا بە ئومێدی ڕزگارکردنی دۆکۆمێنتەکان چووم بەرەو ماڵی «بەڕێوبەری پۆلیس»، ماڵی بەڕێوبەر پڕ بوو لە ژن و پیاو و منداڵ. فەرشە ڕاخراوەکان لولکران و خرانەژێرباڵ و بران، جلە نوێکانی ناو کیسە هەڵنەپچڕاوەکان و پێڵاوەکانی ناو کارتۆنەکان کۆکرانەوە. من لەبەردەم کتێبخانەیەکی بچکۆلەی یەکێ لە ژوورەکانی ماڵی بەڕێوبەردا ڕوام و دەستم کرد بە پشکنینی کتێب و وەرەقەکان، لەوێش هیچم چنگ نەکەوت. لەوێدا ئەو بولبولە ڕەنگاوڕەنگەم لە ژێر پێی خەڵکەکەدا بینی کە هەر باڵەفرێ و زیکە زیکی بوو، هەرچۆنێک بوو گرتم و ڕزگارم کرد،

قـەفـەزێکیش سێ بولبـولی تری تێـدابوو لە سـووچێکی ژوورەکـەدا فڕێدرابوو، تاکە بولبولەکەم خستە ناو قەفەزەکەوەو هاتمە دەرێ؛ یەکێ لـەو پیـاوانـەی کـە بە بـاوەشـێک شت و مـەکـەوە دەهاتـەدەرێ، بەگاڵتەکردنێکەوە سەیرێکی منی کردو ووتی: ئەوە چییە مامۆستا پێتە؟ منیش کاتێک لە مـەبەستی پرسیارەکـەی تێگەیشـتم بێـدەنگ بووم و بەرەو ماڵەوە گەڕامـەوە. لەبەردەمی قادرمـەکانی ماڵەوەدا سـەربازێکی جل خـۆڵاوی و دڕاوم بینی، کە لە ترساندا میزی کردبوو بە خۆیدا. کە منی بینی وا بەسەر قادرمەکاندا سەردەکەوم و دەچمە ژورێ، پەلاماری پێڵاوەکانمی داو ماچی کرد، کەوتە پاڕانەوەو گریان؛ دەیووت: من تەنها سـەربازێکی ئاسـایم و هیچ خـەتایەکم نییـە، تکایە مـەهێـڵـە بمکوژن. لەویادا چەند ڕستـەیەکی تێکەڵ و پێکەڵی کوردی و عـەرەبی تری ووت. چەند کوڕێکی گەنجی چەک بەدەست میلیان لێهێنایەوەو بە منیان ووت: لاچۆ با بیکوژین. یەکـێکی تریان ووتی: بیـهـێنە سـەر جـادەکـە، بە بەردەمی ماڵەکە پیس نەکات.

من زوو دەستـیانم گرت و تێـمگەیاندن کـە ئەو تەنها سـەربازێکی ئاسایـیەو بە کوشـتنی ئەو هیچ ناگۆڕدرێت. هەر زوو دوو کوڕە لاوەکە تەماحی دەستکەوتنی چەک و فیشەکی تر وای لێکردن، بە جێمان بێڵن و بەرەو لای کـۆڵانەکە سـەرکـەون. سـەربازەکەو قـەفـەزەکـەم هێنایە ژوورەوە، بەڵام لەترسی تۆمـەتدانی پاڵپشـتکردن، پێمـووت: دەتوانیت لە پشـتی دەرگـاکەوە دانیشـیت و نـەچیتە دەرەوە تا نەتکوژن. کە چوومـە ژوورەوە خوشک و براکانم ماچیان کردم و ووتیان: ئێستا پێیان ووتین تەقەیان لە تۆ کردووە. منیش دڵنیام کردنەوە، بۆ دڵنەوایی دایکیشم کە لە جێداکەوتبوو چوومە لای و ووتم سەلامەتم و هیچم لێنەهاتووە. من لە ڕۆژانی ڕاپەڕیندا خۆشبەخت بووم لەو کەشە هیستریی و تووڕەبوونەدا

کـەسم نـەکـوشت، بەڵام چـوار بولبـول و ســەربازێکی بێ دەســتــەڵاتم ڕزگارکرد.

دوای تۆزێک پشـوودان لە ماڵەوە ئاگاداریان کردینەوە کە کوڕێکی مامم بریندارەو دەبێت بە ئۆتۆمـبیلەکەی خـۆمـان بە زوویی بیبـەین بۆ خەستەخانە، من و ئاری و دیاری برام دوای هەڵگرتنی کوڕی مامەکەم، چووین بۆ خـەسـتـەخـانـەی «زانکۆ». خـەسـتـەخـانەکـە دەروازەکـەی ئاوەڵابوو، هەر خـەڵک بوو بە گریان و شین و شـەپۆڕەوە خۆی دەکرد بە ژووردا. کـە گـەیشـتـمـە بەردەرکی سـاڵۆنەکـە، بینیم دەیەها بریندارو کوژراو لـە ئەردەکەدا دانراون، پەڕۆ خـوێناویەکان پەرشـوبڵاو بەو ناوەدا فــڕێدرابوون، لەبەر هـاواری بریندارەکــان و شــپــرزەیی دکــتــۆر و یاریدەرەکان کەس نـەیدەزانی چی بکات. کوڕێکی گەنج لەویادا گیانی دەرچوو، دایک و خـوشکـەکـانـی دەسـتـیــان کـرد بـە قـیـژەو گـریان و ڕنینەوەی قـژیان، چەند کەسێک بـۆ ئەوەی ڕێگاکە بۆ بریندارەکانی تر بکەنەوە مـەیتی کوڕەکەیان هەڵگرت و بردیانـە دەرەوەو لەسـەر ئەردەکە بەڕووتی دایاننا، لە قـاچ هەڵهێنانەوەدابووم بـەسـەر ئەو خـوێنە مـەییـو و پەڕۆخـوێنـاویانەی سـاڵۆنـەکـەدا، یەکـێک قـاچی گـرتم؛ بینیم پیـاوێکی بەتەمەنەو فیشەکێک داوێتی لـەسەری، سستـەرێکیش بەدەستی لەرزۆک و دەرزی و دەزویەکەوە دەیویست جێ برینەکە بدوورێتەوە، سستەرەکە بە چاوی پڕ لە پاڕانەوەوە ووتی: تخوا کوڕەکە

وەرە ســەری ئەو پیــاوەم بۆ بگرە، بەتەنـهـا ناتوانم بیـدورمــەوە. ئێـسکە سـپی و لوســەکـەی ســەری پیـاوەکـە دەبریسکایەوەو دەمی برینەکـەش هێندە لەیەک دووربوو، کـە پێـدەچوو گـولەکـە ئەو پارچە گـۆشـتـەی لەگـەڵ خـۆی بردبێت، بۆیە مــەحــاڵ بوو دورینەوەی، دوای کەمێک یاریدەدانی ئەوان، خۆم نەگرت و بەجێم هێشتن. من براکانم و

کوڕە مامەکەم لێوون بوو، ئیدی لەناو ئەو برینداروو کوژراوانەدا منیش وەک برینداڕێک وونبووم. ئەو ژوورەی کە ژووری گرتنی «ئەشیعە» بوو، دەیەها بریندار لە بەردەمی دەرگاکەیدا کەوتبوون و لە نۆبەتی چوونە ژوورەوەدا دەیانناڵاند، هەندێ سەربازی برینداریش لە ڕیزەکەدا وەستابوون، جیاواز لە دیمەنەکانی دەرەوە سەربازەکان لە ترس ڕەخسابوون و لەسەر ئەردەکە چاوەڕوانی نۆبەتی خۆیان دەکرد. یەکێک لە سستەرەکان دەیووت: ئەمبولانسەکانیشیان لەگەڵ سەیارەی بەنزینەکەدا فڕاندووە، دوای تۆزێکی تر موەلیدەی کارەباکان بەچی کارپێبکەین. دکتۆرێکیش هاواری دەکرد و بە سستەرەکانی دەووت: دەرزی نەماوەو هەمان ئەو دەرزیانە بەکاربهێننەوە کە پێتانە. ژوورەکان و مەمەڕەکان پڕبووبوون لە بریندار، فەڕاشەکانیش مەیتەکانیان لە ژوورەکان دەهێنایە دەرەوەو لەبەر دەرگاکان دایان دەنان و برینداڕەکانیان دەخستە جێیان.

دوای کەمێک تیمارکردنی کوڕی مامەکەم، خەستەخانەکەمان بەجێهێشت و بەرەو جادەی مزگەوتی گەورە لاماندا. بینای «مەحکەمە» دوکەڵی لێبەرزدەبۆوە، هەزارەها مەلەف و وەرەقەی پەرشوبڵاو لەبەردەم دەروازەکەیدا دڕێنرابوو، لەویادا «عەبدولڕەقیب یوسف»م بینی، کە لە خەڵکەکە دەپاڕایەوە ئەو وەرەقانە نەسوتێنن. بەڵام ئەو ڕۆژانە هەمووان تووشی هستریا بووبوون و کەس گوێی لە کەس نەدەگرت. کە گەڕاینەوە ماڵەوە ئاگرەکەی کارگەی «جگەرە» بەرزدەبۆوەو هەورێک لە دووکەڵ بەری ئاسمانی شاری گرتبوو.

ئەو فەرمانگەیەی کە بەرامبەر ماڵی ئێمە بوو، جێگای هەڵگرتنی جگەرە بوو؛ هەزارەها کەس بەسەر دیوارەکانیدا دەچوونە ئەودیوو، کارتۆنە جگەرەکان دەهێنرانە دەرەوەو خەڵکی پەلاماریان دەدا، گوللەش

لە ئاسـمـانەوە وەک باران دادەباری؛ لەسـاتێکی چکۆلەداو لەیەک هەناسەدا دوو کوڕی لاو کە هەریەکەیان تەمەنیان نەدەگەیشتە شانزە، حەڤدەسال، پێکەوە کەوتن و یەکی گوللەیەک دای لەسەریان، خەڵکەکە بێگوێدانە هیچ شتێک پێیان بەلاشەی کەوتووی دوو کوڕە گەنجەکەدا دەنا، دوای کەمێک چەند کەسێک هەڵیانگرتنەوەو لەپاڵ دیوارێکدا بێخاوەن دایان نان. لەهەمووی سەیرتر دیمەنی ئەو ژنە شەرواڵ لەپێیەبوو کە دەرەلنگی هەردوو شەرواڵەکەی لە خوارەوە توند بەستبوو، شەرواڵەکەشی پڕ کردبوو لە پاکەتی جگەرەو لەسەرەوە بەنەخوێنەکەی بەستبوو، کارتۆنێک جگەرەشی لەسەر سەری دانابوو، دیمەنی ئەو ژنە کە ڕۆژانی دواتر دەمتوانی بیری لێبکەمەوە، دیمەنێکی زۆر کاریکاتێری و لەهەمان کاتیشدا گریاناوی بوو. لە جادەکەی سەرەوە ژن و پیاوەکان بە خۆیان و سەلاجە بچکۆلەکانی سەرسەریانەوە، کە لە ژوورەکانی «ئوتێل سلێمانی» دەریانهێنابوو، دەهاتنە خوارێ، فرێزەرە پڕ لە مریشک و خواردنەکانیان پاڵ پێوە دەنا و دەیانبردن. ئێمە هەموومان لەبەردەرگابووین و ئەو دیمەنانە نیگاکانی دەرفاندین. لە یەکێک لەو جارانەدا برا گەورەکەم ڕووی کردە پیاوێک کە دوو کارتۆن جگەرەو سەلاجەیەکی پێبوو، پێیووت: عەیبناکەن ئەو شتانە تالان دەکەن، ئەوانە موڵکی میللەتە نابێت ئاوا فەرهود بکرێت. پیاوەکە لێی هاتە پێشەوەو ووتی: ئاخر بەعسیش بەبەرچاوی خۆمەوە ئاوا ماڵ و حاڵ و منداڵەکانی منی تالان کرد، دەتەوێت منیش ئەوە نەکەم، لەبەر ئەوە هیچ قسە نەکەیت.

باوکم زوو وەک ناوبژیوانێک هاتە ناوەوەو پێکداهەڵچوونەکەیان کۆتای پێهات. ئەو ڕۆژانە هیچ بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی لە ئارادانەبوو، جگە لە تەقینەوەی ئەو ڕق و تۆڵەو تووڕەبوونە کەڵەکەکراوەی دەیان

ساڵی ناو دڵ و دەروونی خەڵکی، کە هەر کەسێک بۆ خۆی بورکانێکی گەورەبوو دەتەقییەوە، بورکانێک بێ سڵکردنەوە هێزی کوشتن و سووتان و فەرهودکردنی تەنانەت دەدایە ناسکترین و بێوەیترین ئینسانیش، چ جای کەسێک زەمانێکە خەون بە ڕۆژێکی واوە دەبینێت تا حەقی هەموو برینەکانی بەدەستی خۆی بکاتەوە.

دواتر من بەرەو گەڕەکی «عەقاری» چووم، ئۆتۆمبیلەکان بە هۆڕن لێدان خێرا و شێتانە تێدەپەڕین، هەمووان چەک بەدەست بوون، مناڵەکان دەستیان دەنا بە پەلەپیتکەی تفەنگەکانداو ئاسمان پڕ دەبوو لە ئاگر و گوللە. خەڵکانێکی زۆر لە پاڵ دیوار و سەر سووچی کۆڵانەکانی عەقاریدا نزیک بە «ئەمنە سورەکە» وەستابوون، ڕووی دەمی هەموو تفەنگەکان دەکرایە ئەمنە سورەکە. سەربازەکانی سەر بینای ئەمنە سوورەکە بۆ ئەوەی بەر بەو خەڵکە چەکدارە بگرن کە لە کۆڵانەکانی خوارەوە بەرەو ئەوێ هوروژمیان دەبرد، بە تفەنگی قەناس چەند کەسێکیان لە کۆڵانەکانی خوارەوەو سەر شەقامەکە پێکا و کوشت. خەڵکەکە لە ترساندا لە پەڕینەوەی ئەمبەرو ئەوبەری جادەکاندا بەڕاکردن تێدەپەڕین. ئەو ڕۆژە ئەو قەڵا قایمە خۆی ڕاگرت تا ڕۆژی داهاتوو. ڕۆژی دواتر هەر لە بەرەبەیانەوە تەقە دەستی پێکردەوە، ئەو ڕۆژەش زیاتر لە ژمارەی ڕۆژی پێشوو خەڵکی چەک بەدەست چواردەوری ئەو ناوەیان گرتبوو. خەڵکی باسی ئەوەیان دەکرد کە پانزە پێشمەرگەیەک گەیشتوونەتە سەرچنار. دیاربوو ڕۆژی یەکەم ئەو خەڵکانەی کە تەقەیان دەکرد لەو جۆرە پێکدادانەدا بێئەزموون بوون، بۆیە نەتوانرا ئەمنە سوورەکە بگیرێت. ئەو ڕۆژە کۆمەڵێ چەکداری شارەزا سەربان و ماڵەکانی دەوروبەریان گرتبوو، بێ سرەوت تفەنگەکان تەقەیان دەکرد، دەیەها گوللە قازیفە نرا بە بیناکەوە. نزیکی

نیوەڕۆ بوو یەکێک لە سەربازەکانی ناو بیناکە بەدەست بەرزکراوەییەوە هاتە دەرێ و خۆی تەسلیم کرد، بەڵام هەر کە گەیشتە ناو قەرەباڵغیەکە دەیەها چەقۆ و نووکە قەمە کرا بە جەستەیداو کەوت، دواتریش چەند کەسێک دەیەها فیشەکیان پێوە نا. هەر دوای چەند ساتێک و یەکێک یان دووان لە سەربازەکان دەهاتنە دەرێ و بەهەمان دیمەنی خوێناوی تووڕەییەوە دەکوژران، ئێسکی ئێسقانەکانی سەری سەربازەکان و مۆخی کەللەیان بەسەر جادەو دیوارەکانەوە نووسابوو. لە ناو خەڵکەکەدا ناوی یەکێک لە فەرماندەی چەکدارەکانی «افواج خفیفە»یان برد، کە بەخۆی و گروپێکەوە هاتووە تا بیناکە بگرێت، ئەمجارەیان جودا لە هەموو جارەکانی تر نەیانهێشت خەڵکی کوێرانە تەقە بکات و خوێنگەرم و ناشارەزایانە بچێتە پێشێ، بۆیە گروپێک لە چەکدارەکان زۆر لێزانانە کەوتنە گولەبارانکردنی ئەو شوێنانەی کە لەبیناکەوە تەقەی لێدەکرا بۆ ناو خەڵکەکە. سەربازێکی تر کە شەرواڵێکی شۆڕی لەبەرکردبوو بەدەست بەرزکراوەییەوە هاتە دەرێ و بە کوردییەکی تێکەڵ لە عەرەبی دەپاڕایەوەو دەیووت: من کوردم و مەمکوژن. بەڵام ئەو خراپتر لەوانی تر کوژراو، پێیان دەوت سەگباب باشە کە تۆ کوردی لەوێ چی دەکەیت. یەکێک لە چەکدارەکان خۆی گەیاندە ژوورەوەو لە تەنیشت دیوارێکەوە گوللە قازیفەیەکی نا بەو جێگایەی کە زەخیرەی سەربازەکانی لێبوو، بۆ ماوەی دە دەقەیەک تەقینەوەو فڕێدانی پریشکی ئاگر و بارینی پارچەکان بەردەوام بوو. دوای کپ بوونەوەی تەقینەوەکان بێدەنگیی هەموولایەکی گرت. یەکێک لە چەکدارەکانی تر کە چووبووە ژوورێ ووتی: گوێم لە دەنگ و هاواری کۆمەڵێ خەڵکە بە کوردی لە ژێرزەمینەکەوە هاواردەکەن. یەکێکی تر ووتی: ئەوە بەندیەکانن. بۆیە ئیدی نەیانهێشت چەکدارە نەشارەزاکان تەقە بکەن،

تا بتوانن بەندیەکان ڕزگاربکەن. دوای کەمێک ژنێک و منداڵێک هاتنە دەرێ. هەریەکەو لای خۆیەوە بە جۆرێک هاواری دەکرد؛ یەکێک دەیووت: تەقە لەو ژن و منداڵانە مەکەن کە خۆیان دەدەن بەدەستەوە. یەکێکی تر دەیووت: ئەوە ژن و منداڵی بەرپرسی ئەمنە بیانکوژن. لەو هاوارو بانگکردنەی خەڵکەکەدا مناڵەکە کەمێک لە دایکی جیابۆوەو کەوت. چەکدارێکی تووڕە هاواری کرد: ئەوە چ بێغیرەتێک بوو ئەو منداڵەی کوشت.

ئیدی دوای ئەوە خێزانەکانی تر هاتنە دەرێ و کەس تەقەی لێنەکردن. چەکدارەکان وورده وورده دزەیان کردە ژوورێ و خەڵکە بێچەکەکەش لەگەڵیاندا چوونە ژوورێ، بەندییەکان یەک یەک دەهاتنە دەرەوەو ئەملاولای چەکدارەکانیان ماچ دەکرد. یەکێک لە بەندیەکان بەعەرەبی قسەی کرد و سوپاسی چەکدارەکانی کرد، بەڵام کەس نەیزانی کێ بوو چەند فیشەکێکی پێوەناو کەوت؛ یەکێک لە بەندییە کوردەکان هاواری کرد، ئەوە بۆ کوشتان لەگەڵ ئێمە بوو.

کە منیش لەگەڵ خەڵکەکەدا چوومە ژوورێ، لاشەی هەلاهەلای ئەو سەربازانەم بینی کە کەوتبوون. خەڵکەکە دەستیان بۆ مەیتێک ڕادەکێشا کە سەری بە بلۆکێک پانکرابۆوە، دەیانووت: ئەوە «ابو عەلا»یە، «ابو عەلا» یەکێک بوو لە جەلاد و پیاوکوژە تۆقێنەرەکان کە دەیەها گەنجی ئەم شارەی بەدەستی خۆی گرتبوو. هێشتا جار جارە چەند تەقەیەک لە ژوورەوە دەکرا، یەکێک لە خەڵکەکە هاتە دەرەوەو ووتی: یەکێکیان لە ناو بۆری «موبەریدە»کاندا خۆی شاردبۆوە، ئەویشیان وەک سەگ تۆپاند.

ئەو دوو هۆڵە گەورەو درێژەی کە لە پشتی بیناکەوە بوو، پڕ بوو لە جلی کوردی سەدەها منداڵ و ژن و پیاو، کە خەڵکەکە چاویان بەو

جلانه دەکەوت هەندێکیان دەگریان و هەندێکی کەشیان جنێویان دەدا و هێندەی تر دەهەریدەبوون، له یەکێک لە ژوورەکانی تریشدا، یەکێک له خەڵکەکە هەندێ وێنەی دۆزیبۆوە کە وێنەی ئەو کەسانە بوون کە لەکاتی ئازارداندا گرتبوویان؛ لە وێنەکاندا وێنەی ئافرەتێکی گیان خوێناوی و ڕووتکراوەی تێدابوو، سێ چەکدار پێکەوە سەریان بەسەر ئەو وێنەیەدا ژەنی بوو، یەکێکیان لە تووڕەیدا قیژاندی و هەرسێکیان پێکەوە دەستیان خستە سەر پەلەپیتکەی کلاشینکۆفەکانیان و بەدەم قیژەکردنەوە تا دوا فیشەکی کلاشینکۆفەکانیان دەستیان لەسەر پەلەپیتکەکان لانەبرد.

منیش لەگەڵ خەڵکەکەدا بەرەو ڕووی ئەو ژوورە تەنهاو دوورانەی ئەو سەری بیناکە چووم. چەند ژوورێک بوون کە دەرگاکانیان دەچووەوە سەریەک، لە یەکێک لەو ژوورانەدا چەند قولاپێک و پەتێکی قەنارە و چەند وایەرێکی کارەبا هەڵواسرابوو، کە دیاربوو ئەوە ژووری لە سێدارەدان و ئازاردان بوو. کە لەو ژوورەش تێپەڕیم، گەیشتمە هۆڵێکی گەورە، نیوەی هۆڵەکە کرابووە زیندان و بەشیشی ئەستور و دەرگای چەند قوفڵی گیرابوو، زیندانەکە پڕ بوو لە جلی داڕزاو و فڕێدراو، دیواری ژوورەکە جێگای ئەو نووسراوانەی پێوە بوو، کە بەندییەکان لە ڕۆژانی ئازاردان و بردنیان بۆ لە سێدارەدان نووسیبوویان؛ من هەندێک لەو ناوە نووسراوو شیعرانەم لە پارچە کاغەزێکدا لەبەر ڕۆشنایی چەند تاڵە شقارتەیەکدا نووسییەوە. کچێک کە لە تەنیشتمەوە وەک من چاوی بەسەر ناوەکان و نووسراوی سەر دیوارەکەدا دەگێڕا، لەپڕ هاوارێکی کرد و بوورایەوە، کچەکەی هاوڕێی کە دواتر هاتە ژووری ووتی: ئەوە بۆ براکەی وادەکات، چونکە براکەی لێرە لە سێدارە دراوە. لە ناو هۆڵەکەداو لەتەنیشت شیشی زیندانەکەشەوە، توالێتێکی

بچکۆلەی تیابوو، کە پڕبوو لە پیسایی.
دوای کەمێک لەوێ چوومە دەرێ، هەستم دەکرد چەکەکان و ئینسانەکان لە خۆیانەوە دەتەقنەوەو هەپروون بە هەپروون دەبن، نەمدەتوانی بیر بکەمەوەو پرسیار لە خۆم بکەم، هەستم دەکرد ئەمە خەونێکی ناخۆشەو دەمەوویست زوو بەخەبەربێمەوە، بەڵام بێ سوود بوو. کە ئەوێم جێهێشت، چووم بۆ ئەو بینایەی کە بە بینای «ئەنفالەکان» بەناوبانگە، لاشەی دەیەها سەرباز و پیاوی حکومەتم بینی کەلەسەر یەک کەڵەکەکرابوون، ئیدی خۆم بۆ ڕانەگیراو بەرەو ماڵ گەڕامەوە. جارجاریش سحری هێزێکی پەنهان، کە هێزی سەرکەوتن و هاتنی ڕۆژێکی نوێ بوو کە لە ڕۆژە دژوارو لەیەکچووەکان نەدەچوو بزەیەکی خۆشییان دەدامێ.
دوای هەفتەیەک کە «حەمە شوان»م بینییەوە، ووتی: سەیارەکەم ئەمڕۆ دەستکەوتۆتەوە، بەڵام تەنها بەرگە سەرینێکم لەو هەموو بەرگە دۆشەکە پڕ لە دیکۆمێنتانە وەرگرتۆتەوە.
ئەو ڕۆژانە، دیوارەکان بە وێنەی شەهیدە کۆن و نوێکان داپۆشران، کوژراوەکان لە شەڕی کەرکوک دەهێنرانەوە و سەرقەبرانەکان پڕبوون لە گۆڕی نوێ.
بۆنێکی تری پەلکە ڕێحانەکانم کرد، ئەو کات زانیم بەدەم ئەو یادوەریانەوە گەیشتوومەتە نزیک کتێبخانەی گشتی سلێمانی، هەستمدەکرد بەو یادوەرییە کتوپڕەی ئەو ڕۆژانە جلەکانم دیسانەوە بۆنی باروت و خوێنیان گرتۆتەوە. خوێنێک کە هەرگیز لەناو ئەو یادوەریانەی مندا نایەوێت وشک بێتەوە. بەیادی جاران چوومە چایخانەی «صناعە»، چایخانەکەی «کاک ستار و حاجی مەجی و ئارام»، ساڵانێکی زۆر ئەم چایخانەیە جێگەی گفتوگۆو خوێندنەوەی

شـیعـر و چیرۆکـەکانمان بـوو، بەڵام ئێسـتـا زۆرینەی ئەو هاوڕێیـانەم پەڕاگـەندەی ئەورووپا بوون. چایخـانەکـە وەک جاران نـەماوە و ئێسـتـا خـاوەنێکی تری هـەیـە، دەڵێن ئارامی چایچـیش چووە بـۆ ئەورووپا؛ بەدەم بـانگردنـی چـایـەک و خــواردنـەوەیـەوە، خــەیـاڵـم جــارێکی تـر وەک کـونەپەپویـەک فـڕیەوە سـەر لقـێکی ئەو درەخـتـە خـوێناویـەی ڕۆژانـی ڕاپەڕین.

حـیـزبە کـوردیەکـان بێ پێـبـوونی هـیـچ مـژدەیـەک و بەرنامـەیـەک هـاتنەوە شـار، هـەر گـەڕەکـەو چەندەهـا مـقـەڕی تیادا کرایەوە؛ جـەمـاوەر سـەرکـەوتنەکـانی ڕاپەڕینـی بێ هیچ مـەرجـێک پێـشکەش بە حـیـزبیـە کوردیەکان کرد؛ شـوراکان دامـەزران، کە لەسـەرەتاوە شورای جـەماوەر و خـەڵکی گـەڕەکـەکـان بـوو، بەڵام دواتر لایـەنگرانی «حـیـزبی ڕەوتی کۆمـۆنیست» دەسـتیـان بەسـەر بڕیاردانی شـوراکاندا گرت، بە هەندێ شیعاری کاریکاتێریانە کەوتنە نووسـینی دیوارەکان و داوای کۆمـەڵێ مـافی کرێکارانیـان دەکرد، کە لەو ڕۆژانەدا هـەم جێی پێکەنین بوو، هـەم بیـانوویەکی شـاهانەش بوو بۆ حـیزبە گەورەکان و دژوەسـتانیـان. شـار هێـشـتـا بنـەبڕنەکـرابوو لە پیـاوەکـانی حکومـەت، ئێـواران چـەند ئۆتـۆمـبـیلێکی «بـەرازیلی» تـەقـەی لـە خـەڵک دەکـرد. ژمـارەیـەکی زۆر سەربازی دیلکراوی سەربازخانەکانی «تانجەرۆ و سەلام» و شوێنەکانی دی لە شـاردا بوون؛ زۆرینەی ئـەو کەسـانەی کە دەسـتیـان سـووربوو بە خـوێنی خـەڵکی لە ڕۆژانی دەسـتـەڵاتی حکومـەتدا پسـوڵەی لێـبـوردنی حیـزبەکانیـان خسـتـە گـرفـانیـان. ڕۆژانە تەرمی کوژراو و بـریندار لە شــەڕی گـرتنی کـەرکـوک و سـەربازخـانەی «خـالد» دەهـێنرایـەوە بۆ سلێـمــانی؛ ئـاوارەیەکی زۆری شــاری کــەرکــوک و دەوروبـەری هـاتنە شـارەوە، خەڵکی دەرگای ماڵەکان و قوتابخانـەو شوێنە گشتیەکانیان بۆ

کردنەوەو سفرەی خواردنەکانیان لەگەڵ بەشکردن.

هەموومان ترسێک لە دەرونماندا بڵاچەی دەدا، ترسی گەڕانەوەی سوپای حکومەتی عێراقی؛ ترسی کۆکوژی چەکی کیمیایی هەموومانی گرتبوو، تەنانەت لەگەڵ تەقینی ئەو قومبەلە فرمێسکهێنەرانەی کەهەندێ لە کوڕوکاڵە عەجولەکان لە کۆڵانەکاندا دەیانتەقاندنەوە، دەبووە ترسی ئەوەی کە ئەوە حکومەتە گازی ژەهراوی دەڕێژێت، زۆربەی ماڵەکان بەتانی تەڕکراو و بەرمیل و سەتڵەئاویان لە ماڵدا دانابوو بۆ پێشهاتێکی لەو جۆرەی کە لە شارۆچکەی «هەڵەبجە»دا ڕویدا. کەس بەدڵیدانەدەهات بەئاشکرا بڵێ سوپای حکومەت دەگەڕێتەوە، بەڵام ترسێک هەمیشە خۆی بەبیری هەمووماندەهێنایەوە، ترسی چەکی کیمیاوی و قەتلوعام و تۆڵەسەندنەوەی حکومەت لە جەماوەر.

تا دەهات ژمارەی خەڵکی هەڵاتووی شاری کەرکوک و چەمچەماڵ و ئۆردووگا زۆرەملێکان زۆرتر دەبوو، لەگەڵ خۆشیاندا هەواڵی بەڕێکەوتنی تانک و تۆپی سوپایان بەرەو شاری سلێمانی بەخەڵکی دەگەیاند و ترس هەموولایەکی تەنیبوو.

شەوی چوارشەممە، سێهەمڕۆژی مانگی گوڵان، بە کاتی نۆی شەوی ئەو شەوە ترسناکەی ساڵی ١٩٩١، خەڵکانێکی زۆر لە کوڕو کاڵ و گەورە و بچوک بۆ بەرزکردنەوەی هێزی بەرگری و مانەوە لە شاردا کەوتبوونە هوتافکێشان، هەمووان پێکەوە دەیانووت.

تۆپ تۆپ تەیارە
دەرمان ناکات لەم شارە.

بەڵام کاتێک کە خەڵکی چەکدارەکانی ناو مقەڕەکانیان بە شپرزەییەوە دەبینی خەریکی خۆپێچاندنەوە و بەجێهێشتنی شارن،

ئیدی هەمووان تووشی بێئومێدی بوون.

منداڵەکان لە خەوی ئەو شەوە کران و بە باوەشی دایک و باوکیانەوە بەڕێکەوتن، ئۆتۆمبیلەکان بێژمارە کەوتنە سەر شەقامەکان و بەهۆڕن لێیان شاریان بەجێهێشت. دەنگی ناڵەو گرمەی تۆپەکان لە دوورەوە دەهاتنە بەرگوێ، شار بە چەشنێک ورووژا کە هەرگیز ورووژانی وای لە مێژووی خۆیدا نەبینی بوو. تەنانەت ئەستێرەکانی ئەسمانی ئەو شەوەش لە ترساندا وەک شەوانی تر نەدەبریسکانەوە.

ئێمەش وەک هەموو خێزانەکانی تر، خۆمان کۆکردەوە، بینیم باوکم دۆژداماوەو نازانێت ئەو «ئامێری چاپ»ی من کە لەو چەند ڕۆژەدا دەستم کەوتبوو، چی لێبکات؛ «ئامێری چاپ»ەکەمان فڕێدایە ئەو کەلاوەیەی پاڵ ماڵی خۆمان. باوکم قورئان و سێپاکەی خۆی هێناو لە حەوشەکەدا داینا، هەموومان چووینەدەرەوەو دەرگای ماڵەوەمان کڵۆمدا. چەند بەتانییەکیان لە دایکمەوە پێچاو لەگەڵ باوکم و «دایکەئامین» کە دایکی دووهەمە و برایەکم چوونە ئۆتۆمبیلێکەوە، من و برایان و خوشکانیش سواری ئۆتۆمبیلەکەی تر بووین، کە پیکاپێکی توێتابوو، کەوتینە ڕێ.

کە گەیشتینە فولکەی بەردەمی «حەمامی چوارباخ»، چەند چەکدارێک کە تێروپڕ خۆیان بەستبوو، داوایان لە خەڵکەکە دەکرد ئەو چەک و فیشەکانەی کە پێیانە بیاندەنێ، چوونکە ئەوان بە تەمان لە شار بمێننەوە و بەرگری بکەن؛ لە ناو چەکدارەکاندا «حیکمەت هیند»ی هونەرمەندم ناسییەوە. قافڵەی ئۆتۆمبیلەکان تا دەهات درێژدەبۆوە، هەردووبەری جادەی شەست مەتریەکەی چواردەوری سلێمانی بە ئۆتۆمبیلەکان تەنرابوون، خەڵکەکان بە چەشنێ سەریان لێتێکچووبوو نەیان دەزانی ملی کام ڕێ بگرن.

کۆمەڵێ لە مەلا کوێرەو حافزەکانی بەردەمی مزگەوتی گەورەم بینی، بەڕیز دەستی یەکیان لەناو ئەو تاریکیەدا ڕادەکێشاو لەگەڵ خەڵکەکەدا دەڕۆیشتن، شێتەکانی شار، بریندار و خەستەکان بە خۆیان و چەرپا پێچکەدارەکانی خەستەخانەوە دەڕۆیشتن، مناڵەکان بەباوەشی باوک و دایکەکانەوە دەگریان؛ پیرژنێکی کوێری پشت کۆماوە بەخۆیی و گۆچانە کورەکەیەوە هاتە بەردەمی ئۆتۆمبیلەکەی ئێمە، من زوو دەرگام کردەوەو خستمە جێگاکەی خۆم، منیش بە پیادەو لە تەنیشت ئۆتۆمبیلەکەوە بەرێکەوتم. وورده وورده بارێزەیەکی کەم دەباری و هێندەی تر ڕێگاخۆڵ و کۆنەکەی «عەربەت»ی تەڕتر دەکرد.

تا بەرەبەیان ئینجا توانیمان بگەینە چەند سەد مەترێک لەولای خاڵی پشکنینی سلێمانی تانجەرۆوە. لەو کاتەدا یەکێک لە براکانم ووتی: تایەی سەیارەکەمان پەنچەرە، ناچار خوشک و براکانی ترمان خستە ئۆتۆمبیلەکەی ترەوەو من و برایەکم بە ڕێگایەکی گڵیدا خۆمان گەیاندەوە شار. گەیشتینەوە گەڕەک، کە زانیمان دەرگای دووکانی پەنچەرچییەکەی سەرو ماڵی خۆمان بە کراوەیی بەجێهێڵراوە، چووین هەندێ کەرەستەی پەنچەرکردن و چەند شتێکی ترمان هێنا، گەڕەک چۆڵ و هۆڵ بوو، دەنگی تۆپەکان کە بەر شار دەکەوت چەند جارێک لە دوای خۆی دەنگی دەدایەوە. من لەو کاتەدا گوێم لە قاسپەی ئەو ماکەوەی ماڵی خۆمان بوو کە لە ترساندا دەیخوێند، بەخێرایی بە درەختەکەی بەردەمی ماڵەوەدا سەرکەوتم و چوومە ژوورێ، کەوەکەم لەگەڵ خۆمدا هێناو سەیرێکی قورئانە دانراوەکەی حەوشەکەم کرد، باوکم لاپەڕەی کراوەی قورئانەکەی لەسەر ئایەتی «بقرە» دانابوو.

کە چوومە دەرەوە بە براکەم ووت: با بچین قوفڵی یەکێک لە دووکانە «ڤیدیۆ»کانی بازاڕ بشکێنین، تا بتوانین وێنەی ئەو دیمەنانە

بگرین، بەڵام ئەو ملی نەداو بەرەو مامۆستایان سەرکەوتین. هەموو ئەو تۆپ و مودەرەعە و چەکە چوارلولانەی کە دژی تەیارەبوون، بە درێژایی ڕێگاکە لەسەر جادەو سیلەی کۆڵانەکاندا بەجێهێڵرابوون، کە گەیشتینە سەر جادە شەستیەکەی نزیک بە دارەسوتاوەکان، ئەو خەڵکە زۆرەمان بینی کە جێمابوون و لەژێر دامێنی شاخی ئەزمەڕدا بە خۆیان و منداڵەکانیانەوە بەرەو ژوور سەردەکەوتن، دوای چەند دەقەیەک کە ئەوێمان بەجێهێشت، دەنگی شەستیری ئەو هەلیکۆپتەرانەمان هاتە بەرگوێ کە دەیاننا بەو خەڵکەوە کە لەسەرکەوتنی شاخی ئەزمڕدابوون. پێش گەیشتنەوەمان بە ئاستی خاڵی پشکنینی «سلێمانی عەرەبەت تانجەرۆ»، پۆلێک لە کۆپتەرەکان لە ئاسمانەوە کەوتنە تێگرتنی چەند ساروخێک لەو ئۆتۆمبیلانەی کە لە ڕێگاکەدا لە نۆبەتی تێپەڕیندابوون، چەند ئۆتۆمبیلێک ئاگریان گرت و گریان و فیزاع بەرزبۆوە، خەڵکی بە کلاشینکۆفەکانی دەستیانەوە تەقەیان لە تەیارەکان دەکرد.

وورەدە وورده نمەی باران دایکرد و خۆریش لەو دیوو هەورە سپیەکانی ناو گەواڵە بۆرەکانەوە دەرکەوت، خەڵکە پیادەکە لە نێوان ئۆتۆمبیلەکان و قەراخ جادەکەوە پێش ئۆتۆمبیلەکان دەکەوتن و دەڕۆیشتن، منداڵەکان لە ترسی بەربوونی دەستە ڕچیوەکانیان لە چمکی کراسی دایکەکان و شەڕواڵی باوکەکان، پێڵاوەکانیان لە ناو قوڕو لیتاوەکەدا جێدەماو بەهەنسک و گریانەوە دەڕۆیشتن؛ زۆر لەو ژنە پاڵەوان و لەخۆبووردوانەش لە چەند جێیەکی ڕێگاکەدا ساجیان

گەرمکربوو، بەردەوام نانیان دەبرژاند و دەیاندا بەو ڕێبوارە بەپەلەو ترساوانەی کە دەیانوویست چی زووترە لە سنووری شار دوور بکەونەوە. تا چاو بڕکا ڕێگاکە ڕەش دەچۆوە لەو خەڵکە هەڵاتووەی کە سەرماو باران و ترس و شکست ئێسقانەکانی جەستەی نەرم

کردبوونەوە. هەرچەند سەد مەترێک و ئاگرێکی گەورە کرابۆوەو خەڵکی بەچواردەوریا کۆبووبوونەوە. کە ئێوارە گەیشتینە شارۆچکەی «عەربەت»، لەوێ «حیکمەت هیندی» و ئەو چەکدارانەم لە دوورەوە بینی کە دوێنێ شەو نزیک بە «حەمامەکەی چورباخ» داوای چەک و فیشەکیان لە خەڵکی دەکرد بۆ بەرگریکردن لەشار، نەک تەنها ئەوان بەڵکە هەمووان شاریان جێهێشتبوو، جگە لە چەند کەسێکی کەم کە بەرگریان کردبوو، کە ئەوانیش وەک سەربازی وون کوژران و دیارنەمان.

چیرۆکی یەک بەدوای یەکی گەیشتنی سوپا بۆ ناو شار دەماودەم دەگێڕدرایەوە. دایکیشم لە ئۆتۆمبیلەکەدا تا دەهات باری تەندروستی بەرەو لێژی و خراپی دەچوو؛ باران تاو تاو و خوڕخوڕ دەباری، ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە بەنزینیان لێبڕابوو لە قەراخ ڕێگاکان بەجێهێڵرابوون. ئێمە لەیەکێک لەو جارانەدا کە بەنزینمان لێبڕا، ناچاربووین غازی شلبووەی بتڵەخازەکان بەتاڵ کەین و لە بری بەنزین بیکەینە ئۆتۆمبیلەکەمانەوە؛ من لە ژێر بەتانیەکدا لە پشتی پیکابەکەوە، سەرما سستی کردبووم، کە گەیشتینە ئاستی ئاگرێکی گەورە کە لە قەراخ ڕێگەکەدا کرابۆوە، لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزیم، یەکسەر کەوتم و قاچەکانم هێزی ڕۆیشتنیان نەمابوو، هەرچۆنێک بوو قاچەکانم لە دووی خۆم ڕاکێشاو خۆم گەیاندە پاڵ ئاگرەکە، دەموویست خۆم بخەمە ئاگرەکەوە تا کەمێک گەرمم بێتەوە، یەکێک لەو کەسانەی کە لە تەنیشت ئاگرەکەدا وەستابوو، دەستی گرتم و هێنامیە دواوە، ووتی: دەسوتێیت و بەخۆت نازانیت. لەناو ئەو گروپە خەڵکەی چواردەوری ئاگرەکەدا، باس لەوە دەکرا کە سوپای عێراقی بە پەڕەشوت دابەزیوون و ڕەنگە کەمێکی تر بگەنە ئێرە، دەیانووت هێزەکانی حیزبی «موجاهدینی خەلق»ی

ئێرانیشیان لەگەڵدایە. هیچ کاتێک هێندەی ئەو ساتە هەستم بە زەلیلی و ترس و بێ توانای خۆم نەکردبوو، قورگم پڕ لە گریان بووبوو، نەمدەویست بمرم، جیاواز لە هەموو جارێکی تر لەو کاتەدا حەزم بە ژیان دەکرد. سواری ئۆتۆمبیلەکە بوومەوەو بۆ بەرەبەیان گەیشتینە دێی «دۆڵەچەوت»، لەوێ جێگایەکیان بۆهەڵداین کە بچینە ئەوێ، کە کەوتبووە نێوان دۆڵەچەوت و «ناڵپارێز»ەوە، کە گوایە جێگا زەخیرەی «ڕەبیعە»کانی ئەو ناوچەیەیە، خۆمان گەیاندە ئەوێ، چووینە یەکێک لەو ژوورانەوەی کە بە چینکۆ سەریگیرابوو؛ ئاگرمان بۆ دایکم کردەوەو نانمان دروستکرد.

لەوێ بۆ ساتێک دیمەنەکانی دوێنێم دەهێنایەوە پێش چاوی خۆم؛ یەکێک لەو دیمەنە سیحراویانەی کە لە ڕێگا بینم و ئێستاش لە یادوەریمدا بەزیندوێتی ماوەتەوە، لەناو ئەو شاخ و دۆڵە چۆڵ و هۆڵەدا، لە جێیەکی بەرزی نزیک جادەکە مەلایەکم بینی لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، پیاوێکیش لە پاڵیا وەستابوو، هەردووکیان بێ جووڵە وەستابوون وەک بەوەی لە جێیەک بڕوانن لە دەرەوەی ئەو دیمەنی شاخ و دەشت و دۆڵە چۆڵ و هۆڵانەوەبێت کە ئێمە بەلایدا تێدەپەڕین و دەمانبینین، تا لە چاوم وونبوون من ئاوڕم بۆ دەدانەوە، بەڵام ئەوان بێجووڵە وەستابوون، وەک بەوەی ڕەقبووبوونەوە یا مردبن، یان مانیان لە هەموو جوڵەیەکی جەستەیان گرتبێت، ئەم دیمەنە سیحرئامێز و سریالییە تا ئێستا وەک دەیەها بیرۆکەی نووسین بە مێشکمدا دێت و زوو گوزەردەکات.

دایکم تا دەهات باری تەندروستی بەرەو خراپتردەچوو نزیک دەبۆوە لە زایەبوون، دەمزانی ئیتر دایکم بەو زووانە بەجێمان دێڵێت، کە ڕەنگبێت چەند جارێکی کەمی تری مابێت لە ساتەکانی خۆرهەڵاتن

و خۆرئاوابوونی ئەم ڕۆژە شومانە، ئەو دایکەی میهرەبانترین بوونەوەی سەر ئەم ئەستێرەیەبوو بۆ من. باوکم و برا و خوشکەکانم لە گفتووگۆی ئەوەدابوون دایکم و باوکم بچنەوە بۆ سلێمانی، بەڵام سەرەتا لە ترسی گرتنی شار لەلایەن سوپاوە کەس بەو بڕیارە قایل نەبوو؛ ئیدی باوکم وەک کەسێکی بە ئەزموون پێیووتین: دایکتان دەمرێت و من نامەوێت لەم کەژو کێوەدا بینێژم، دەبێت بیبەینەوە بۆ شار، بەڵکە لەوێ بتوانین کەمێک چارەسەری دەردەکەشی بکەین.

بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی باوکم ودایکم و خوشکان و برایەکمان خۆیان ئامادەکرد بەیەکێک لە ئوتۆمبیلەکان بگەڕێنەوە؛ هەموومان دەگریاین، دایکم قوڵپی گریان گرتبووی و باوەشی پیادەکردین، بەچاوێک سەیری دەکردین کە ئیتر نامانبینێتەوە، من لەویادا بەو کامیرا فۆتۆگرافیەی کە لە گەڵ خۆمدا هێنابووم هەندێ وێنەی دایکمم گرم. کە باوەشم بەدایکمدا کرد، هەستم بەتەنکبوونەوەی سیەکانی دەکرد کە لەسنگیدا هەنەدەفی بوو، ئەملاولای ماچ کردم، منیش تێر گوشیم بەخۆمەوەو دواتر دەستەکانیم ماچکرد، لە گەڵ وەستانی دواهەمین نیگایدا لە سەر چاوەکانم پێیووتم: هەر لە خۆتەوە ملی ڕێگانەگریت و نەڕۆیت بۆ ئەوروپا، تا قسە لەگەڵ مەریوانی براتدا دەکەیت لە لەندەن.

کاتێک کە سواری ئۆتۆمبیلەکە بوو، دوا نیگای گرتە هەموومان و بە چاوە پڕ لە حوزنەکانی پێی ووتین: تەواو، تروسکەی سووتانی ژیانی من وا لە کوژاندنەوەدایە، دەستێکی بۆ هەڵبڕین و ئیدی ڕۆیشت. دوای ڕۆیشتنیان هەموومان گریاین و چاومان بڕییە ئەو پەنگرە سوورانەی کە لە ئاگرەکەی بەردەمماندا قرچە قرچی دەهات.

هەموو ئەو ڕێبوارانەی کە لەلای ئێمەوە تێپەڕدەبوون، هەریەکەو بە

جۆرێک نزیکبوونەوەی سوپایان بە ئێمە ڕادەگەیاند؛ ناچار ڕۆژی دواتر ئەوێمان جێهێشت و بەرەو شارۆچکەی «پێنجوێن» ڕۆیشتین. کە گەیشتینە «ناڵپارێز»، خەڵکێکی زۆرمان بینی لەوێ لایاندابوو، سەدەها سەربازی بەدیلگیراویش لەناو ماڵەکان و سەر جادەکاندا سواڵی نان و ئاویان لە خەڵکی دەکرد.

لەگەڵ گەیشتن بە بەرزاییەکەی «ڕاوگان» کە لادەدات و شۆڕدەبێتەوە بۆ پێنجوێن، ئەو هەزارەها مینانەی قەراخ ڕێگاکەمان دەبینی، کە وەک تۆوی دەم باڵدار لە ژێر گڵمتکەکانەوە هاتبوونە دەرێ و دەرکەوتبوون، هەر لە مینە قورس و گەورەکان کە دژی تانک و دەبابە بوون، هەتا مینە سێ کوچکەکان و ئەو مینە بچووکانەی کە بێژمارە لەو ئەردانەدا کەوتبوون. دووکەڵی ئاگر و چێشتی ئەو خەڵکە ڕەوکردووەی کە لەناو کەلاوەی ماڵەکانی پێنجوێندا هەڵیاندابوو، بووەبووە هەورێکی تەنک لە ئاسماندا. هەرچەندە دەمویست دیمەنی ئەو شارۆچکەیە بهێنمەوە یادم، بینینی کەلاوەکان و دیوارەکان فکریان پەرتدەکردم و ماندوودەبووم. ئەو ڕۆژەم بیرکەوتەوە کە لە ماڵەوە هەڵاتم و بڕیاری ئەوەم دا کە لێرەوە بچم بۆ ئێران تا دەگەمە ئەوروپا؛ ئەو شەوە چوومە ماڵی خاڵم، بەڵام پێشهاتێکی کتوپڕ هەموو بەرنامەی سەفەرەکەی منی تێکدا؛ ئێوارە نانمان دەخوارد، لە ڕادیۆی «مۆنتیکارلۆ» بڵاو بۆوە کە «مەلا موستەفای بەرزانی» مردووە، ئیدی ماتی هەموو خەڵکەکەی گرت و هەریەکە لەلای خۆیەوە دەستی کرد بە فاتیحاناردن، ئەو پێشهاتە بۆ ئەو سەروەخت و تەمەنەی من، پێشهاتێکی ناڕەحەتکەر و خەمهێنەربوو. بۆ بەیانی خاڵم زۆری لێکردم کە بگەڕێمەوە، کاتێک کە لە گەڕەکی «چوارباخ» دەهاتینە خوارەوەو بەرەو نقڵیات دەڕۆیشتین قەرەباڵغییەک لە پێشمانەوە دروستبووبوو، خەڵکەکە دەیانووت ئەوە

«هێمن موکریانی» شاعیره، بۆ یەکەم جار من لەوێدا هێمنم بینی.

دەنگی تەقینەوەی مینەکان لەسەر گرد و بەرزاییەکانی پێنجوێنەوە دەهات، هەندێ لە ڕێکخراوە مرۆڤدۆستیەکانی ئەوروپا گەیشتبوون و خەڵکێکی زۆر لە ڕیزی وەرگرتنی ئازوقە وەرگرتندا وەستابوون. لەبەردەم تینی ئەو ئاگرە گەورانەی کە بۆ خۆ گەرمکردنەوە دەکرانەوە، سیمای هەمووان ماندوو، شکستخواردوو پێستهەڵقرچاو دەبینرا. ئێوارانیش دەنگی ئیزگەی ڕادیۆکانی «مۆنتیکارلۆ و لەندەن» بەرزدەکرایەوەو هەمووان گوێ قوڵاخی هەواڵەکانی دنیا بوون سەبارەت بەم کۆچ و ڕەوە گەورەیەی کورد. چەند ڕۆژێکی نەخایاند، هەواڵی ڕۆیشتنی سەرکردەی حیزبە کوردیەکان بۆ بەغداد بڵاوبۆوە؛ ئیدی من ئەو ڕووداوە گەیاندمیە قولاییەکانی هەستکردن بە شکست و ڕوخانی یەکجارەکی، منیش وەک ماڵەکانی پێنجوێن دیوارێکم بە پێوە نەماو تێکشکام.

لەگەڵ یەکێک لە براکانمدا کە خێزانەکەی و منداڵەکەی پەرتبووبوون و نەیدەزانی کەوتوونەتەو کوێوە، چووین بۆ «دوو ئاوان» تا بیاندۆزینەوە، تانزیکی تەوێڵە بە ئۆتۆمبیل ڕۆیشتین و لەوێوە بە پێ سەرکەوتین، هەورامان تازە خاڵ دەکەوتە تەوێڵی و لە ژێر تەنکە تەمێکدا لاپاڵەکانی خاڵخاڵان بووبوو. بەدرێژایی ڕێگا ئەو گۆڕانەمان بەرچاو دەکەوت کە لە قەراخی جادەکەدا لێدرابوون، سەدەها ئۆتۆمبیلی پەککەوتوو لەسەر جادەکان بەجێهێڵرابوون. لە دوورەوە ئۆردووگای دووئاوانمان لەوبەری ئاوەکەوە بینی کە سەدەها چادری تێدا هەڵدرابوو. کاتێک لە پردەکە پەڕینەوە ڕێکەوتی ئەو گۆڕستانە نوێیەمان کرد کەلەسەر تەپۆڵکەی بەردەم ئۆردووگاکەدا لەو چەند ڕۆژەدا دروستکرابوو، گۆڕەکان بچووک و بێ کێل و بێ ناونیشان بەرزاییەک لە

خۆڵیـان بەسـەرەوە بوو، بە بچووکی گۆڕەکاندا دیاربوو کـە هەمـوویان منداڵ بوون. نزیکەی چەند سـەعـاتێک بە ئۆردووگـاکـەدا گــەڕاین و پرسـیـارمان کـرد، بەڵام هیچ هەواڵێکمان دەسـتنەکەوت. ناچار سـواری ئۆتۆمـبـیلێک بووین و پەڕینەوە بۆ شـاری «پاوە»، شـەوێ تەلەفـونم بۆ لەندەن کـرد و لەگەڵ مـەریوانی برامـدا قـسـەمکرد، دڵنیـامکردەوە کـە هەمـوومان سـەلامـەتین. درەنگانێکیش چووینە یەکێک لە مزگەوتەکان و خـەوتین. بۆ بەیـانی سـەرلەنوێ گەڕاینەوە بۆ ئۆردووگاکە، ئەم جارەش بێئومێدبووین و نەماندۆزینەوە، وەک ئاوەکەی دوو ئاوان ئێمەش بە پێچ و دەورە ئەو بـەرەو خــوارو ئێـــمـــە بـەرەوژوور بەڕێکەوتـین. دووری ئەو ڕێگایەو ئەو هەمــوو دیمـەنە پڕ لـە تراژیدیانە منی دەکـوشت و کـەچی نەدەمردم، گۆڕی منداڵەکان تا هەڵدەکەندران پڕ دەبوو لە باران، تەرمی منداڵەکـان لەناو ئەو گۆڕە پڕ لە باراناوانەدا چەند خـاکەنازێک خۆڵیـان بـەســـەردا دەدران و دەشـــاردرانەوە، پیـــرەمـــێـــرد و پیـــرێژنـەکـــان ڕەقدەبوونەوەو لەو شـاخ و داخەدا بێکەس دەکەوتن و دەمردن، مـینەکان بەقـاچ و جـەسـتـەی ئەو خـەڵکە برسی و سـەرمـابردووانـەدا دەتەقینەوەو گۆشـتی جـەسـتـەیان کوت کوت بەئاسـمـاندا پەرشـوبڵاودەبۆوە. قرچەی سـووتانی چڵ و چێوەکان و قرچەی سـووتانی جـەرگی دایک و باوکان پێکەوە دەبوونـە یەک دەنگ، دەنگێک کە تەنها و تەنـهـا هـەر کـورد گـوێی لێبوو، نەک خوداش.

ئێوارەیەکی درەنگ کـە گەیشتینە «تەوێڵە» قـەترەیەک توانا لە قاچ و جـەسـتـەمـاندا نـەمـابوو، تەنانـەت توانای ئاگرکـردنەوەشـمـان نەبوو، لەیەکـێک لە لۆفـەکـاندا ئاگرێکمـان بینی، کـە تەنهـا پیـرەمـێـردێکی لەبەردەمدا دانیـشـتبـوو، چووینـە لای ئاگرەکە، سـەرەتا پیـرەمێردەکە وویسـتی دەرمـان بکات، بەڵام ئیدی ئێمـە هێزی جوڵەمـان نەبوو، دوای

تۆزێک بە توورەبوونەوە پیرەمێردەکە بەجێیهێشتین و چووە ناو ئەو لۆرییەی کە نزیک بە ئاگرەکە ڕاگیرابوو، دوای کەمێک تین پیاهاتنەوە، هەندێ چڵ و چێو ووشکە دارمان کۆکردەوە، من و براکەم زوو زوو خەو دەیبردینەوە، تەنها کاتێک خەبەرمان دەبۆوە، کە ئەولایەی جەستەمان کە پشتی لە ئاگرەکەنەبوو، دەتەزی و لەسەرماندا بەئاگا دەهاتینەوە، بۆیە خۆمان هەڵدەگێڕایەوەو دووبارە خەو دەیبردینەوە. درەنگە شەوانێک زرمەی کەوتنی شتێک لە بەردەماندا ڕایچڵەکاندین و خەبەری کردینەوە، گوێم لێبوو یەکێک بە فارسی ووتی «بیا، ئاغا، بیا»، دەنگەکە دەنگی ئەو سندووقە تەختە پڕ لە پرتەقاڵەبوو کە سەربازێکی ئێرانی لەسەر ئەو ئۆتۆمبیلەوە بۆی فڕێداین کە بەلاماندا تێپەڕی، ئەو پرتەقاڵانە بۆ ئەو کاتە بەبەهاترین دیارییبوو کە بەخشرا بە ئێمە. خێرا ڕامکردوو ئەو پرتەقاڵانەی کە خەریکبوو گلۆردەبوونەوە بۆ ناو چاڵایی قەراخ ڕێگاکە کۆمکردنەوە، دەستمان کرد بە خواردنی پرتەقاڵ، من یەک دوو پرتەقاڵی یەکەمم بە توێکڵەکەیەوە خوارد، دواتر کەوتمە مژینی پرتەقاڵەکان، لەو کاتەدا دایکمم بیرکەوتەوە، چونکە دایکم چەند مانگێک بوو جگە لە ئاوی پرتەقاڵ نەیدەتوانی هیچ شتێکی تر بخوات. بە براکەم ووت: هەندێ لەم پرتەقاڵانە هەڵدەگرین بۆ دایکم.

زەردەی بەیانی بەڕێکەوتینەوە، دوای چەند سەعاتێک بە پێ ڕۆیشتن، بە چەند قۆناغێک بە سواری ئۆتۆمبیل گەیشتینەوە پێنجوێن. دوای سەعاتێک پشوودان، ئەو برایەم کە لەگەڵ دایکمدا ڕۆیشتبووەوە بۆ شار هات بۆ لامان؛ بە خەمبارییەوە پێیووتین دایکمان لەسەرە مەرگدایەو هەرچۆنێک بێت دەبێت هەرئێستا بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی تا بیبینن. هەموومان سواری پاسێک بووین و بەڕێکەوتین، لە نزیک شارۆچکەی «عەربەت» تووشی خاڵی پشکنینی سوپای عێراقی بووین،

دوای کەمێک پشکنین و سەیرکردنی پسوڵەکانمان، بەڕێیان کردین. دوانیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتینەوە سلێمانی، من پێش هەمووان بە خۆم و کیسە پرتەقاڵەکەمەوە بەڕاکردن گەیشتمە سیلەی کۆڵانەکەی خۆمان، کە چاوم بە دارەمەیتەکەی بەردەرگا کەوت، ئیدی تێگەیشتم دایکم مردووە، کە گەیشتمە ژوورەوە، هەمووان بە گریان بەرەوڕووم هاتن، دەستم شل بوو کیسە پرتەقاڵەکەم لەدەست کەوتە خوارەوە و پرتەقاڵەکان بڵاوبوونەوە. لەخۆدان و گریان دەستی پێکرد، کاتێک کە زانیم دایکمیان ناشتووە، هێندەی تر ئەو هەنسکانەی کە دەمێک بوو دەرفەتی هەڵکێشانیان نەبوو، لەگەڵ ڕژانی فرمێسکەکاندا کردمیانە دوورگەیەک لە فرمێسک و تەنهایی، وەک «ڕۆبنسۆن کرۆس» بەجێمام. بۆ یەکەمجاربوو ببینم باوکم بەو شێوەیە دەگری، کە من چاوم بەو دەکەوت ئیدی هێندەی تر دەڕوخام و هەنسک بەربینی دەگرتم.

چایچیەکە پێی ووتم: چایەکی ترت بۆ بێنم؟

– ها.. ئا.. بەڵێ چایەکی ترم بۆ بێنە.

هەستم دەکرد هاتنەوەی ئەم یادوەریانە، زۆری ماندووکردووم و خەریکە لە هۆش خۆم دەچم. چاکەی ترم بە دەستە لەرزە هەڵقوڕاند، بڕیارمدا ئیتر ژیانەوە بەس بێت لەگەڵ ئەو یادوەریە تالانەدا. پارەی چاکانم داو بەرەو ماڵ گەڕامەوە.

لەیەکێک لەو ڕۆژانەدا من و «ئاکۆ کەریم»ی هاوڕێم، چووین بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ تا «کەژاڵ ئەحمەد»ی هاوڕێم ببینم، کە چووینە ژووری ووتیان لە کۆبوونەوەیە، دەتوانن لە ژوورەکەی چاوەڕێی بکەن؛ دوای کەمێک دانیشتنی من و ئاکۆ و «مەریوان» کە کارمەندێکی ئەوێ بوو، کەژاڵ هاتە ژوورەوەو بەخێرهاتنی ئاکۆی کرد، دیاربوو منی نەناسییەوە؛ منیش چاوێکم لە ئاکۆ و مەریوان داگرت کە قسە نەکەن،

دوای چەند دەقـەیەک سـەیرێکی کردم و ئەوکات منی ناسییـەوە، کەژاڵ کە منـی بینی وەک تەیرێک باڵبەسـتـراو کەوتە باڵەفـڕێ و هاوارکردن، دوای بە گـــەرمی هـەواڵ پرســـینی یەکـــتـــری، کـــەژاڵ لە پەنجـــەرەی ژوورەکەیەوە بە چایچییەکەی ووت سـەرو «بیبسـی»یەکمان بۆ بێنێ، هەر لە پەنجەرەکەوە بیبسیەکانی وەرگرت، بیبسیەکەی خۆی کـەمێکی لێـخـورابۆوە؛ بە پێکەنینـەوە ووتی سـەیریکە هـەمـوو جـارێ قـومـێ لە بیـبسـیـەکەی من ئەخـۆنەوە ئینجا ئەمـدەنێ. کـەژاڵ بە پێکەنینەوە لە پەنجـــەرەکـــەوە بە چایچـــیـــیـــەکـــەی ووت: پارەی ئـەو قـــومـــەی کـــە خـــــواردووتانـەتەوە ناتاندەمـێ. بـەدەم پێکـەنـین و قـــســــــەکـــــردن و هەواڵپرسینەوە کەمێک باسی یادوەری ئەو ئێوارە کۆڕانەی ناوەڕاستی سـاڵی هەشـتـاکـانمان کـرد، دواتر کـەوتینە باسی شـێـوەی نووسین و سـاتەکـانی نووسین؛ مـن ووتم: سـاتەکـانـی نووسین لای من ئـەو سـاتە بێدەنگانەیە کەتەنها دادەنیشم و گوێ لە مۆسیقا دەگرم و دەنووسم، تەنانـەت بچووکـتـرین جـوڵە لە دەرەوەی خـۆم دەبێتـە هۆی پەرتبـوونی بیرکردنەوەم و وەستانم لە نووسین. بەڵام کەژاڵ دیاربوو بە پێچەوانەی منەوە بـوو، کـە دەیـووت: من لە گـەرمـەی کـارو قـەرەباڵغـیـشـدا دەتوانم بنووسم. کەژاڵ دواتر ووتی: «شەقامم لە پیاو خۆشتردەوێ» یەکێکە لە شیعرە نوێکانم کە لەو چەند ڕۆژەی پێشوودا نووسیوومە.

ناوەڕاسـتی سـاڵەکـانی هـەشـتـا و بـەرەوژوورتر، بۆ من وکـەژاڵ و چەند هاوڕێیـەکی تـرمـان لـە شـاعـیـر و چیـرۆکنووسـەکـان، سـاڵی دەرکەوتنی بەرهـەمی ئەدەبیمان بوو، ئەو سـاڵانە بـەهۆی کـەم دەرفـەتی بڵاوبوونەوەی بەرهەمـەکانمـانەوە، هـەر چەند مانگێک لە ئێوارە کۆڕێکدا بەرهەمە شیعرییەکانی خۆمان دەخوێندەوە، هەڵبەتە ئەو سـەروەختـە کەسـانێکی زۆر ئامـادەی ئێوارە کۆڕەکان دەبوون. بەڵام یەکێک لە هەرە

خەسڵەتە دژوارەکانی ئەو سەروەختە، کە سەروەختی سەرەتاکانی ئاوابوونی شیعری هوتافی بوو، بووبووە هۆی دووکەرتبوونی خوێنەری شیعریی لە نێوان بەرهەمی هوتافی و بەرهەمێک کە لەسەر پرسیارەکانی خود کاری دەکرد، هەڵبەتە من لە بەرەی دووهەمیان بووم و ئەوەش زۆرجار کێشەی لابەلای بۆ دروستدەکردم و ڕووبەڕووی پرسیاری بێخوێن و بێتام دەکرامەوە.

ئەو ڕۆژەو چەند جارێکی تریش سەردانی کوردستانی نوێم کرد و کەژاڵم بینییەوە.

یەکێک لە بەرنامەکانی ترم کە هەر لە سەرەتاوە نەخشەم بۆ کێشابوو، چوونم بوو بۆ «قەسابخانە»کەی سلێمانی، بەهۆی کاک «نەجمەدین» کە یەکێکە لە قەسابەکانی بازاڕی «بەر بەلەدیەکە»، دەرفەتێکی ئەو سەردانەی بۆ ڕەخساندین. مەبەستی من لە چوونم بۆ قەسابخانە ئەوەبوو کە بتوانم دۆکۆمێنتێک بە فۆتۆگرافی دروستبکەم و بیکەمە بابەتێک بۆ بەراوردکردنی شێوەی سەربڕین لەگەڵ شێوەی هەڵسوکەوت و سەربڕینی ئاژەڵان لە ئەوروپادا. چوونکە لە سەرەتای هاتنمەوە کۆمەڵێک مێزگردوو گفتوگۆی زۆر لەسەر هەڵسوکەوتی دڵڕەقانەو شێوەی سەربڕین و کێشەی نەخۆشی «مانگای شێت» لە کەناڵەکانی میدیادا باس دەکرا، ئاگاداربووم؛ تەنانەت سەروتاری یەکێک لەو گفتوگۆیانە ئەوەبوو کە «کێشەی نەخۆشی «مانگایی شێت»ی چوونیەک بە کێشەی ترس لە تەقینی بۆمبی ئەتۆمی ساڵەکانی حەفتای ئەوروپا دادەنا». ئەوەبوو بەیانیەک من و کاک نەجمەدین و «عەبدوللا ڕەحیم»، کە ئەویش تازە بۆ سەردان لە سوید گەڕابۆوە. سەعات چواری بەیانی گەیشتینە قەسابخانەکەی سلێمانی. کە گەیشتین قەسابەکان لەسەربڕینی مانگاو گوێرەکەکان بووبوونەوەو

خـەریکی سـپی کـردنیـان بوون، بەڵام قـەسـابەکـانی تر سـەرقـاڵی سەربڕینی بزن و مەڕەکان بوون.

قەسابخانەکەی سلێمانی هۆڵێکی گەورەی دووبەرەیی چەند سەد مـەترییـە، لەهەر بەرێکیـانەوە بە قـوڵایی و پانی نیو مـەترێک حـەوزێک بەدرێژایی هـۆڵەکـە دروسـتکراوە، ئەو حـەوزەش بـۆ ڕژانی خـوێن و بەتاڵکردنەوەی ورگی ئاژەڵەکانە، نزیکەی دە تا پانزە گلۆپێکی «شەست واتی»ی زەرد بە سـەقفـە بەرزەکەیەوە هەڵواسراوە؛ قـەسـابخـانەکـە تا ڕادەیەکی زۆر تـاریکە، قـولاپـە هەڵواسـراوەکـان بە عـەمـودە ڕایەڵکراوەکـانی نێـوان پایەکـانـەوە هەڵواسـراوە. کـاتێک کـە ئێـمـە گەیشتین دەنگی قەسابەکان و بارەی مـەڕ و بـزنەکان لە هەموولایەکی هۆڵی قەسابخانەکەوە دەنگی دەدایەوە.

کـامیـراکەی «عـەبدوللا ڕەحـیم» فلاشی پێوە نەبوو، نـاچار من بە تەنهـا بە کـامـیـراکـەی خـۆم کـەوتمە گـرتنی دیمەنەکـان، سـەرەتا ئەو دیمەنانە زۆر ترسناک و خێرا تێدەپەڕین، کاتێک کە قـەسابەکـانیش منیـان دەبینی کە وێنەیان دەگرم، هێندەی تر دڵڕەقتـر و خێـراتر ملی مـەڕو بزنەکـانیـان بە کـێـردەکـانی دەسـتـیـان لێـدەکـردەوە. لەناو قەسابەکاندا دەموچاوێکم ناسییەوە، ئەویش «ئەنوەر»بوو کە لە گەڕەکی چواربـاخ لـە سـەروەختی منداڵیـیـمـەوە بە «ئەنە سـەرخـوار» بانگیـان دەکرد؛ ئەنوەر خـەریکی ڕیزکردنی ئەو مـەڕو بزنـانە بوو کـە پاش تاوێک بەتەمـای سـەر بڕینیـان بوو، مـەڕ و بزنەکـانی لە تەنیـشت یەکتـرییـەوە ڕیزکـرد، منیش کـامـیـرەکـەم نا بەچاومـەوەو ئامـادەبووم، یەکـێک لە قـەسـابەکـان لەوبەرەوە هاواری کـرد: کـامیـرەکە تۆزێک خـوارکـەرەوە تا سـەری ڕێک دەرچێت. هەندێک لـە قـەسـابەکـان لەولاتـرەوە کە خـەریکی شەڕەجنێوبوون لەناو خۆیاندا دەستیان کرد بە پێکەنین.

من دەمویست کامیراکەم فریای ئەو ساتانە بخەم، کە دەکرێت هەم ببنە دیمەنێکی هونەری و هەم دیمەنێک شـێـوەی سـەربڕینی ئاژەڵەکان پیشان بدات، بەڵام دەست و چەقۆی ئەنوەر هێندە خێرابوو کە لە ماوەی چەند دەقەیەکی کەمدا هەموو مەڕ و بزنەکانی سەربڕی. جۆگەلەی ناو قەسابخانەکە پڕبووبوو لە خوێن، بارەی مەڕ و بزنەکان، بارەیەکی زۆر ترسناک و جودابوون لە بارەو باعەی کاتی ئاساییان. چەند قەسابێک لەوبەرەوە گوێرەکەیەکیان سەردەبڕی، گوێرەکەکە هەستایە سەرپێ و بەملی نیوەبڕاو و لەتردانەوە نوقمی ناو جۆگەلە خوێنەکە بوو، ئەو جۆگەلەیەی کە بووبووە قیبلەی سەربڕینی ئاژەڵەکان، گوێرەکەکە لەناو ئەو خوێن و پیسایییەدا تەنها قاچی بەدەرەوەبوو، کە بەردەوام لە ئازاردا ڕایدەتەکاند، دوای کەمێک قاچەکانی سست بوون و جوڵەی نەما، دوان لە قەسابەکان کلکیان گرت و لە جۆگەلەکە هێنایانە دەرەوە.

بەردەوام لە دەرگای قەسابخانەکەوە مێگەلە مەڕو بزنەکان بەدەم ڕاکێشان و لێدانەوە دەکران بەژووردا، مەڕو بزنەکان کە تازە دەهێنرانە ژوورەوە پەلیان لەسەر خوێنە مەیوو و ڕژاوەکەی ئەردەکە دەخلیسکا، هەندێکیان قاچیان لە ڕیخۆڵەی مەڕو بزنە سەربڕاوەکان گیردەبوو و دەکەوتن، هەر لەگەڵ هاتنە ژوورەوەیاندا هەستیان دەکرد کە ئیدی ئەمە دواساتەکانی ژیانیانە، پەلوپۆیان دەشکاو یەک تەختە دەکەوتن، قەسابەکان بە ڕاکێشانی پشتەمل و شاخەکانیان دەیانهێنانە بەردەمی خۆیان و بەچەند ساتێکی کەم، فیچقەی خوێن لە دەمارە بڕاوەکانیانەوە دەکشا. بۆنی خوێن هەموولایەکی گرتبوو، منیش یەک لەسەریەک وێنەکانم دەگرت، هەندێک جاریش دەستەکانم سست دەبوون و بەسەیرکردن لە لەقەفرتێی مەرگی ئاژەڵەکان تاس دەیبردمەوەو

لەجێی خۆم دەوەستام، چونکە هەرگیز من بەم شێوەیە پێشبینی ئەم دیمەنە پڕ لە دڵڕەقی و پیسیەی ئەم قەسابخانەیەم نەکردبوو.

لەگەرمەی وێنەگرتندابووم، پۆلیسێک هاتە لام و ووتی دکتۆر بانگت دەکات. کەسەیرم کرد دکتۆرەکە تازە هاتووەو خەریکە رۆبە سپیەکەی لەبەردەکات. سڵاوم لێکرد و خۆم پێناساند، دواتر ووتم: من ئەم وێنانەم بۆ ئێرە نییە، هەروەها ترسیشت لەوە نەبێت کە ئەم وێنانە لێرە پیشانبدرێت. دکتۆرەکە بە قسەکانم قایل بوو.

ئەوکات من دیقەتی دکتۆرەکەم دەدا کە بە چاوی خەوەڵووەوە، لە بەردەرکی قەسابخانەکەوە بە خۆی و چەقۆکەی دەستیەوە کەوتە پشکنینی کەلاکە سەربڕدراوەکان. قەسابەکان سی و جگەری ئاژەڵەکانیان دەخستە بەردەمی دکتۆرەکە، ئەویش بە چەقۆ تیژەکەی دەستی چەند توێیەک لە دڵەکانی دەبڕی و سەیری دەکردن، لەویادا چەند وێنەیەکی دکتۆرەکەشم گرت.

ئەو قەسابەی کە لەگەڵماندا بوو، کاک «نەجمەدین»، پێمووت: شێوەی ئەو پشکنینەی دکتۆرەکە چۆنە؟!

لە وەڵامدا ووتی: ئەو بەیانیان ئەم کاتانە دێت، تەنها چەند توێیەک لە دڵەکان دەبڕێت تا بزانێت ئاژەڵەکان نەخۆشن یان نا. دواتر بەردەوام بوو ووتی: هەڵبەتە قەسابەکان تەنها ئەو ناوسکانەی دەخەنە بەردەم کە دەزانن هی ئاژەڵە ساغەکانە، دەنا دەیەها ناوسکی تری پیشان نادەن و دەیشارنەوە.

هەندێ وێنەی ترم گرت و سەعات شەش و نیو کارەبای هۆڵەکەیان کوژاندەوە، بەئاستەم روناکاییەکی کەم لە شوشەی پەنجەرەکانی ناوەڕاستی سەقفی هۆڵەکەوە دەهاتە ژوورێ؛ دکتۆرەکەش ریزێکی لە هەر چوار ریزی بەری ناو قەسابخانەکە نە پشکنی بوو، رۆبە سپیەکەی

لەبەری داکەندوو ڕۆیشت. ئێمەش ڕۆیشتینە دەرەوە، چونکە لە ناو ئەو تاریکیەدا نەدەکرا هیچ وێنەی تر بگرم. کاک «نەجمەدین» سۆزی ئەوەی پێـدایـن کـە دوای چەند ڕۆژێکی تر شـەوێک زووتر بێـینەوە بۆ قەسابخانەکە، تا بتوانین فریای دیمەنی سەربڕینی مانگاو گوێرەکەکان بکەوین.

ئەمـجـارەیان دوای هەفـتـەیەک کـامـیـرایەکی ڤـیـدیۆم لەگـەڵ کامیرامانێکدا بە کرێ گرت، سەعات دووی شەو گەڕاینەوە.

کە گەیشتینە قەسابخانەکە تەنها چەند سەر مانگاو گوێرەکەیەک لە ناو قـەسابخـانەکەدا بەسـترابوونەوە، چەند قـەسابێکیش بە چاوی خـەواڵووەوە چاوەڕێی گەیشتنی ئاژەڵەکان بوون، هەندێکیشـیان لەپاڵ دیـوارەکـانـدا خـەویـان لێکەوتبـوو، بۆ چـەند سـاتێک لـە دەرەوەی قـەسابـخـانەکـەدا وەسـتـایـن. کـاتێک کـە سـەیری گـڵـۆپە هەڵگیرسـاو ڕەنگاوڕەنگەکانی شارم دەکرد، بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێت ئەمشەو چەند خـێـزان لـەم شـارەدا لەنـاو خـۆیانـدا دەمـەبۆڵێ و قـسـەیان لەوەکردبێت، کە بۆ بەیانی دەتوانن گۆشتبکڕن یان نا؟ یان دەبێت چەند لە منداڵانی ئەم شارە لەم ساتەدا خەو بە خواردنی گۆشتەوە ببینن؟!

کاک «نەجـمـەدین» دەستی بۆ چاڵەکەی تەنیـشت قـەسابخـانەکە ڕاکـێـشـاو ووتـی: ئێـسـتـا چونکە هـاوینەو ئێـسـقـان و لولاقـەکـان نافرۆشرێن، هەمـوو ئێسقـانەکان دەخرێتە ئەو چاڵەوە و سەگەکان دێن بۆ خواردنیان. کە ژمارەی سـەگە بەڕەڵاکانیش ڕوو لە زۆربوون دەکەن و بەچواردەوری قـەسابخـانەکەدا بڵاودەبنەوە، دکتـۆرەکە ژەهر دەکات بە لولاقەکانەوە تا سەگەکان بتۆپن و ژمارەیان کەم بێتەوە.

قـەسابەکان بەخـۆیان و تـەورە گـەورەکان و کێردە تیـژەکانیـانەوە، منداڵەکانیش بە خۆیان و دارەکانی دەستیـانەوە کە بە پشـتی مـانگا و

گوێرەکەکانیاندا دەکێشا گەیشتن. لەبەر لووسی و خزی کاشیەکانی هەندێ جێی ناو هۆڵەکە، مانگاکان قاچیان دەهات بەیەکداو دەخلیسکان، قەسابەکان کلکیان ڕادەکێشان و دەیانبردنە ئەو شوێنانەی کە جێگای سەربڕینی ئاژەڵەکانیان بوو، هەندێک جاریش بە لەقەو جوێندان تێیان بەردەبوون. سەرەتا مل و سەری مانگاکانیان بەرز ڕادەگرت، یەکێک لە قەسابەکانیش تەورێکی بە ناوەڕاستی ناوچەوانیدا دەکێشا، کەم لەو ڕەشەوڵاخانە هەبوون بە تەنها تەورێک بکەون، بەڵکە دوو سێ تەوری تریان بەدوای یەکدا پیادەکێشاو ئیدی چاویان سپی دەبوو، دەکەوتن، بە دوای ئەوان قەسابێکی تر بە کێردە تیژەکەی دەستی سەری دەبڕی، فیچقی خوێن تا سووچە تاریکەکانی ناو هۆڵەکە دەکشا، جۆگەلەی خوێنەکان یەکیان دەگرت و دەڕژانە ناو جۆگەلە درێژەکەی قەسابخانەکەوە، لەیەکێک لەو جارانەدا چاوم لە دەستهەڵهێنانەوەی تەوری قەسابەکە بڕیبوو کە بۆ ناوچەوانی یەکێک لە مانگاکان دەیهێنایەوە، لەگەڵ زرمەکەیدا من دەستم بە ناوچەوانی خۆمەوە گەت، هەستمکرد ئەو تەورە بەر ناوچەوانی من کەوتووە، بۆیە گێژبووم و کەمێک دانیشتم. کە قەسابەکان شەوقی کامیراکەی منیان بەردەکەوت و ڕوناکی گڵۆپی کامیرای ڤیدیۆکەیان دەکەوتە سەر، بۆ پیشاندانی چاپوکی و کارامەیی کارەکەی خۆیان هێندەی تر تەمسیلی دەسەڵاتی خۆیان دەکرد و چەند پەنجەیەک زیاتر باڵیان فشدەکردەوە. بۆڕەی مانگاکان و چاوی کز و ماتی بێدەنگی گوێرەکەکان و لەرزەی ڕانیان، فیچقەی خوێنەکان و زرمەی تەورەکان، تێکەڵ بە دەنگی ژاوەژاوی قەسابەکان دەبوو.

چەند قەسابێک کە چاوەڕوانی گەیشتنی ڕەشەوڵاخەکانی خۆیان دەکرد، باسی سەربڕینی ئەو گایەیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە کە دوێنێ

شەو سەریان بڕیبوو.

یەکێک لە قەسابەکان ووتی: بە زیاد لە دە تەوریش، هێندە بەهێز و گەورەبوو هەر نەدەکەوت، ناچار بە پێوە سەرمانبڕی، کەچی دەست و پێی لە ئەرز چەقاندبوو بۆمان نەدەکەوت، فیچقەی خوێنەکەی تا ئەوسەری پایەکان دەڕۆیشت، بۆیە یەکێکمان لە دواوە کەللەی بەرزکردەوە، یەکێکی کەش گوریسێکی لە شاخەکانی بەست و بەرزمانکردەوە، بەهەموومان قورقوڕاگەیمان کرد بە نوکی یەکێک لە قولاپەکانەوە، ئینجا توانیمان کەللەی لێبکەینەوەو بیخەین.

هەریەکێک لەو قەسابانە بە منی ووت: خۆزگە دوێنێ شەو لێرە بوویتایەو ڕەسمی ئەو گایەت بگرتایە.

کە مانگاو گوێرەکەکان سەردەبڕان، لەسەرەتاوە مۆخی «نوخاعی شەوکی»یان نەدەبڕا، بۆیە هەمیشە لەناو خوێنە ڕژاوەکانی خۆیاندا هەر لەقەفرتیان دەکرد و بەئازارەوە گیانیان دەرنەدەچوو. کاتێک بە یەکێک لە قەسابەکانم ووت: بۆچی بەو شێوەیە بەجێیان دێڵن و مۆخەکانیان نابڕن، تا هێندە ئازار نەچێژێن؟!

ووتی: بۆیە ساردنەبنەوەو دواتر بەئاسانی بتوانین پێستەکەیان بگورین و سپییان کەینەوە.

سەعات بوو بە چواری بەیانی، پیکابێک هاتە بەردەمی دەرگای قەسابخانەکەو چەند کەسێکی لێدابەزی، دووانیان یەکی سەرو دەمانچەیان بەڕووتی کردبوو بە بەر کەمەری شەرواڵەکانیانەوە. لەگەڵ کردنەوەی دەرگای دواوەی پیکابەکەدا بۆگەن بڵاوبۆوە، هەریەکەیان دەستیان دایە پەلی ئەو دوو مانگا ئاوساوو بۆنکردووەی پشتی پیکابەکەو دایانگرتن.

کاک «نەجمەدین» پێی ووتم: مانگاکان زۆریان خواردووەو

ئاگاداریان نەبوون، بۆیە شڵپیانکردووە.

کەلاکی ئەو دوو مانگایەش تێکەڵ بە کەلاکەکانی تر کران.

مناڵێکیش بەردەوام بە عەرەبانەیەک ئاوی کێش دەکرد بۆ بەردەمی ئەو قەسابانەی کە لە سپی کردنی مانگاو گوێرەکەکان بووبوونەوە، چەند تەنەکەیەک ئاو دەکرا بە گۆشتەکانیانداو هەر لە ئەردەکەدا لەتلەتدەکران و دەخرانە ناو عەرەبانەکانەوە و بەرێدەکران بۆ بازاڕ. چەند کەسێکیش لە بەردەم جۆگەلە درێژەکەدا ورگەکانیان هەڵدەدڕی و ڕیخۆڵەکانیان پاک دەکردەوە.

لەو قەسابخانەیەدا هیچ مەرجێکی تەندروستی و تەنانەت دینیش پەیڕەوی نەدەکرا، کەسێکی چاودێریکەریش لەوێ نەبوو تا کۆنترۆڵی ئاژەڵەکان بکات، دیارە دکتۆرەکەش وەک جاری پێشوو، بۆ تەنها سەعاتێک بەیانی دێت و دەڕوات. ئەو بەناو «ڕۆژنامەنووس»ە حیزبیانەش کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارە حیزبیەکاندا کاردەکەن، هێندەی سەرقاڵی گەرمکردنی ئاگری قەسابخانەکانی ترن و وەک توتی ڕۆژێ بۆ شەڕ و ڕۆژێک بۆ ئاشتی درۆزنە دەخوێنن، دەخڵیان بەم کارانەوە نییەو نایەنە ئەم جۆرە شوێنانە. دوای ئەوەی کە من چەند فلمێکم گرت و کامیرامانەکەش نزیکەی چل و پێنج دەقەیەک فلمی ڤیدیۆی گرت بەرەبەیان قەسابخانەکەمان بەجێهێشت.

من تا چەند ڕۆژێک هەر بیرم لە مەڕ و بزن و مانگاو گوێرەکەکان دەکردەوەو لە خۆم دەپرسی ئەگەر من بۆ چرکەیەک یەکێک بم لەو ئاژەڵانە، دەبێت هەست بە چ ژان و عەزابێک بکەم؟! دوای چەند ڕۆژێک بەسەرهاتی قەسابخانەکەم بۆ «شێرزاد حەسەن» گێڕایەوە، دیاربوو گێڕانەوەکەی من ئازاری دابوو، بۆیە دوای چەند ڕۆژێک ئێوارەیەک هات بۆ لام و ووتارێکی جوانی لەسەر دیمەن و حاڵەتە ئینسانیەکانی

سەربڕینی ئاژەڵان نووسیبوو.

ڕۆژانە، درەنگە عەسرانێک، لە ماڵی خۆمانەوە لە لای باخچەی «گشتی»یەوە سەردەکەوتم و دەچووم بۆ «دەزگای سەردەم»، زۆرینەی کات بە ناو باخچەکەدا تێپەڕدەبووم. ئێوارانی پایزان و زستانانی سالآنێکی بەسەرچووم بیردەکەوتەوە، کە ئەم باخچەیە ملیۆنان ڕیشۆڵەو چۆلەکەو کۆترەباریکەی تێدابوو. کە منداڵ بووم زۆرجاران لە گەڵ هاوڕێی کۆلآن و گەڕەکدا بە خۆمان و دارولاستیکەکان و گرفانی پڕ لە بەردەوە دەهاتینە ئێرە، تا ئەو کاتەی سەرمان زل نەبووبوو دەمانتوانی لەنێوان شیشەبەندی چواردەوریی باخچەکەوە بە دزیی باخەوانەکانەوە بچینەژوورێ، دەهاتینە ژێر ئەم سنەوبەرو درەختە بەژن بەرزانە، لەبەر زۆری ڕیشۆڵەکان هەرچۆنێک بەردمان بهاویشتایە بەر یەکێکیان دەکەوت، کە ڕیشۆڵەکانمان دەپێکاو لە ژێر پەرژینەکاندا بە پێکراوی دەماندۆزینەوە، خێرا دەمانووت: «بەنییەتی چەقۆ»، یەکەو دوو سەریمان هەڵدەکێشا. لە گەڵ ژمارەی کوژرانی ڕیشۆڵەکاندا ئێمە زیاتر هێزو تینمان تیادەگەڕاو هەمووجارێک بەردێکی ترمان ماچدەکرد و دەمانخستە ناو دارولاستیکەکانمانەوە دەمانهاویشت. کە دەشهاتینەدەرەوە گرفانەکانمان پڕبوو لە ڕیشۆڵەو چۆلەکەی کوژراو، جلەکانی بەریشمان یەک پارچە دەبوو بە ڕیقنە، چونکە کاتێک لە ژێر سنەوبەرەکاندا نیشانەمان دەگرتەوە ڕیقنەی ڕیشۆڵەکان وەک باران بەسەرماندا دەباری. کە سەریشمان خڕ و گەورەبوو، بەژنیشمان کەمێک هەڵچوو، دەست و پەنجەشمان لە پێکانی ڕیشۆڵەکاندا ڕاستربوو، نەماندەتوانی بەئاسانی بچینە ناو باخچەکەوە، بۆیە نیشانەمان تەنها لەو ڕیشۆڵەو چۆلەکانە دەگرتەوە کە بەسەر پەلی ئەو درەختانەوەبوون کە کەوتبوونە دیووی سەر شەقامەکانی چواردەوری

باخـچەکە. ئێوارانی پایزان پێش تاریک بوون ڕیشـۆڵەکان بە شـەپۆل بەناو ئـاسـمـانی شـاردا هەڵدەفڕین، بەیانیـانیش بەزیکەزیک شـاریان بەجێدەهێشت و دەچوون بۆ ئەو کێڵگەو باخانەی قەراخی شار.

سەرەتای بەهارانیش لەبری ڕیشۆڵەو چۆلەکە کوشتن، دەهاتین ئەو گوڵەباخـە ئاورنگ لێنیـشـتـوو بۆنخـۆشـانەمـان بەدزییـەوە لێدەکردەوە، ڕەنگ و بۆی ئەو گوڵەباخانە سنگی بچکۆلەی ئەو کاتەی منالّیمـانی پڕ دەکرد لە ئاسـودەیی، لەگەڵ هەناسـەهەڵمـژینـی بۆنی هـەر گوڵەباخـێکدا بەهار بە خـۆیی و بۆنە خـۆشـەکانیـەوە دەگەیشـتـە قـولایی سیـەکـانمان و دڵخۆشیدەکردین.

کــە گــەورەتریش بـووم، بە بۆنـەی ســەعــیکردنەوە هـاوینان لـەژێر ســێـبــەری پەرژین و دارزەیتــوونە چڵ قــورس و بۆندارو چـەورەکـاندا دادەنیشتین، لە گەرمـاندا قاچمـان دەخستە ئاوی ساردی ئـەو کارێزەی کە لە ســەروو باخـچەکەوە هەڵدەقـولا؛ بە جـۆگەلە درێژەکـاندا ئەو ئاوە دەگەیشـتـە ئەو هـەرێزو چیـمـەنە تەڕو پڕ لە خـاڵخـاڵۆکانەی کـە لەسـەر سێپەڕەکان خەویان لێدەکەوت.

کە عـاشـقیش بووم، خـەمبـارانە لـە سـەر کورسیـەکانی باخـچەکە تـەنـهــا دادەنیـــشـــتـم و بەدەم لێکردنەوەی یـەک بەدوای یـەکی پـەڕەی گـوڵەباخـەکـانەوە، لەبـەرخـۆمـەوە بـەردەوام دەمـووت: «خـۆشـی دەوێم، خـۆشـی ناوێم». ڕۆژانـە پەڕە بۆندارو ڕەنگینەکـانی گـوڵەباخـەکـانم بەو شـێـوە یەکـبـەدوای یەکـەدا هـەڵدەکـێـشـا، ئەو کـاتانەی دواهـەمین پەڕە دەگەیشـتـە سـەر نۆبەی «خـۆشی دەوێم»، لە خـۆشـیـاندا پەڕی گـوڵەکـەم دەجـووی و قـوتمدەدا، ئەو کـاتەشـی کـە پێچـەوانە دەکـەوتـەوە، بە نوکی قـەڵەمـێک ناوی ئەو کـچـەم لەسـەر دەنووسـی کـە عـاشـقـی بووبووم، دواتر دەمدابەدەم ئاوی بە خوڕی ناو جۆگەلەکانەوە.

باخـچـەکـە وەک جـاران نەمـاوە، زۆر لە پـەرژینەکـانیـش بڕاونەتەوە، پەلی قوچ و درێژی سنەوبـەرەکانیش هەڵپاچراون و بەژنیـان وەک جاران زراڤ و بڵند نییـە، بەڵام قـەدەکـانیـان نیـشـانەن بـۆ دنیـادیدەیی و تەمن زۆرییـان. دواتریش لە دەرگـای سـەرەوەی باخـچەکەوە دەچوومـە دەرێ و بەو کـۆڵانەدا سـەردەکـەوتم کـە دەگـەیشـتـە لاتەنیـشـتـی قـوتـابخـانەی ئامـادەیی «هـەڵگورد»ی وێژەیـی؛ مـامـۆسـتـا «حـەمـە فـەرەج»ی بـەڕێوبـەر و مـامـۆسـتـا شـوانـی یاریدەدەری بەڕێوبەرم بیـردەکەوێتـەوەو بزە دەمگرێت، مـامۆسـتا حـەمەفـەرەج یەکێک بوو لەو مـامۆسـتایانەی چوون هاوڕێیـەک لەگەڵمـاندا دەدواو خۆشماندەویست. «فـایەقی قەساب» کـەیەکێک بوو لە قوتابیـەکانی پۆلی ئێمـە، هـەموو هـەفتـەیەک بە خۆیی و کیسـەیەکی پڕ لە گونەوە خـۆی دەکرد بەژووری بەڕێوبەردا، بەڕێوبەریش لەبەرچاوی ئێمـە سوپاسی فایەقی دەکرد و دەیووت: فایەق مەزەی هەفتەیەکی بۆ هێناوم. جـارێکیـشیـان سـۆزی ئەوەی داینـێ کـە دەعـوەتمان بکات بـەو مـەرجـەی یەکی لە چارەکێ عارەق زیاتر نەخۆینەوە.

ئەو قـوتابخـانەیە، وەک هـەمـوو قوتابخانەکانی تر لانەی ڕێخسـتنی حـیـزبـەکـان بـوو، هـەمـوو ڕێکخـسـتـنەکـان یـەکـیـان دەنـاسـی، بـە نۆبەش دیـوارەکــانـی دەرەوەو نـاوەوەی قــوتـابخــانەیـان دەنووسـی؛ زۆرجــار مـامـۆسـتـا شـوان بە خـۆی و پـێکەنینـە تایبـەتیـەکـەیەوە تـۆزێک دەمی خواردەکردەوەو دەیووت: دەزانم کامتان سەر بە چ حیزبێکەو کامیشتان دیوارەکان دەنووسن، بەڵام عەیبە عاقڵبن.

هـەمــوو ڕۆژێک دوای وانـەی چـوارەم، تاقــەتمان دەچوو، لـە دیواری قــوتـابخــانەکــەوە خــۆمــان دەدزییــەوە؛ ڕۆژێکـیــان کــە بـەدیوارەکــەدا ســـــەردەکـــەوتـین و دەمــــانوویست بڕۆینـە دەرێ، بەڕێوبـەر هـات، بـە پێکەنینەوە هـەمـوومـانـی داگـرت و ووتـی: کـوڕی باشـینـە هـەرچـکاتێک

تاقـەتان چوو، وەرن بـە من بڵـێن، بەشـەرەف من خـۆم، ئیـزنتـان دەدەم برۆن، دەزانم هـەمـووشـتـان بۆ مـێـبـازی دەڕۆن و دەتانەوێت فـریای مەکتەبی کچان بکەون.

ئەو دووسـاڵەی قـوتابخـانەی هەڵگورد، یەکـێک بوو لـەو سـاڵە خۆشانەی خوێندنی من. زۆرینەی جاریش لە وانەی کوردیدا، کاتێک کە دەمـانزانی مامـۆستا «موحەمەد» تاقـەتی وانەوتنەوەی نییە، دەمـانکردە کـۆڕێکی بچکۆلە بـۆ خـوێندنەوەی بـەرهـەمـەکـانمان. ئەوانەی کـە دەماننووسی من و ئاکۆ کەریمی چیرۆک نووس و ئیسماعیل حەمەئەمین بووین. ئیـسمـاعیل هەمـووجارێک پرسـیاری هـەبوو، دەشیـوویست لە هەمـوو بابەتێکیشدا قسـە بکات، لەو کاتەوە من نـاوم نا «کوێخا»، لەو ڕۆژانەوە ئیسماعیل حەمەئەمینی نووسـەر زیاتر بە کوێخا بەناوبانگە وەک لە ناوەکـەی خـۆی. ئەو کۆڕە بچکۆلانانەی وانەی کوردی بۆ ئێـمـە هەنگاوی شکاندنی ئەو شـەرمەبوو کە لە سـەرەتاوە دەست و پەنجـەی دەلەرزاندین، دواتر بووە هـەنگاوەکـانی یـەکـەم و هاویاریمان لەگـەڵ نووسیندا.

بەدەم ئەم خـەیاڵانەوە دەڕۆیشتم تا دەگەیشتمە فولکەی یەکگرتن و بەردەمی دەزگـای سـەردەم، لەیەکێک لەو جارانەدا لەگەڵ بیرکەوتنەوەی ئەو باسـەرهاتەی کـە لەیەکـێک لەو ڕۆژانـەدا لە مـاڵەوە برایەکم بۆی گێڕامـەوە، پێکەنینێکی زۆر گرتمی. ڕۆژێکیـان پیـاوێکی دێهاتنشـینی خـزمـان بەیانیـیـەک زوو لەلادێوە هاتووەو خـۆیکردووە بە مـاڵداو بە تووڕەییەوە وتوویەتی: تەورێکم بەنێ هەرئێستا دەچم ئەو دوو دەستـەی فـولکەی یەککگرتن دەبڕمـەوە؛ دوای ئەوەی کـە باوکم هێـمنی کـردۆتەوە، پیاوەکە ووتبووی: من ئەم شـەو لە داخان خـەوم لێنەکەوتووە، بۆیە بەم بەیانیـە زووە هاتووم بۆ شـار، بۆچی پەیکەری دوودەسـتـیـان لەناو

یەکتردا دروستکردووەو ناویان ناوە یەکگرتن، یەکگرتنی چی؟ هەتابێت کوڕی ئێمەومانان دەدەن بە کوشت و کەچی شەرمناکەن و درۆی یەکگرتنمان بۆدەکەن.

ئێواران کە دەچوومە دەزگای سەردەم لە ژوورەکەی «ئازاد بەرزنجی» و «ڕێبین ئەحمەد هەردی» دادەنیشتم، دواتریش دەچووینە لای کاک «ڕەوف بێگەرد» و بەدەم گفتوگۆو قسەکردنەوە کات تێدەپەڕی، کاک ڕەوف زوو بیری دەخستینەوەو دەیووت کوڕینە با «چەمێک» بکەین؛ چەم ئەو ناوەبوو کە کاک ڕەوف دایدنابوو، مەبەستی دانیشتنی ئێوارانی نادی بوو، هەڵبەتە ناوی هەموو جۆرە چەمەکانیش هەر کاک ڕەوف دایدەناو هەریەک لەو ناوانەش مەبەستی جۆری دروستکردنی دانیشتنەکان بوو.

ئەمانەش جۆری چەمەکان بوون:

چەمی چەمۆڵە: ئەو چەمەیە کە لە دواییدا هەر چەمۆڵەی بۆ دەمێنێتەوە جا لەبەر هەر هۆیەک بێت.

چەمی جەلیل: ئەو چەمەیە کە مەزەکەی هەر نانەقەیسیە، وەکو چەمی جەلیل زەنگەنە.

چەمی چیم بەخۆمکرد: دوای تەواوبوونی چەمەکە لێی پەشیمانیت و کاڵەک بە ئەژنۆ دەشکێنیت.

چەمەچیکەنە: خاوەن چەمەکە زۆر بلێیە، بۆیە کردوویەتی تا گوێی لێبگریت.

چەمە چڕە دووکەڵ: گۆشتی زۆری تیادەبرژێت.

چەمە چەمیلە: چەمێکی ناسکی دووسێ کەسیی بێ ڕتووش و هێورەو وەک چەمیلە ترۆزی نێو بێستان قوتە.

چەمە چاوبازان: کچ یان ژنی تیایە و ڕەنگە بشخۆنەوە.

چەمە چەقەنە: دەخۆیت و دەخۆیتەوە، کەسیش پێی نەوتوێت دانیشیت و دەڕۆیت.

چەمی چەمان: ئەمە شای چەمەکانە و بەدەیان مێزی لەیەکدراوە، خواردنەوە کراوەیە بۆ یەک قەڕابەش.

چەمی چەواشە: قرەو بۆرە چەمە – مێزی حیزەڵەیە. هەر کەسەو بۆخۆیەتی، روبع و نۆکاوێکە.

چەمی چەموش: چەمێکە شومە. شەڕو عاجزبوونی لەدوایە. تەقینەوەی لەگەڵدایە. نیوە ناچڵە. وەک چەمە تەئریخیەکەی فوئاد صادق.

چەمی جیهانی: ئەو چەمەیە دەعوەت بکرێیت بۆ دەرەوەی کوردستان.

چەمی چۆلەکە: ئەو چەمەیە کە ناتوانیت بەدڵی خۆت بخۆیتەوە، پابەندی. لەوەیش زیاتر نابێ کە دانراوە. بانگکردنەوەی تیانییە، بە قەتارەیە.

چەمی چەلەنگ: ئەو چەمەیە کە لەپڕێکدا دێت و لە بەرنامەدا نییە و بەڵام سپۆرتە.

چەمی چەنە: ئەو چەمەیە قسەکردنی لە خواردنەوە زیاتر تێدایە. مایەپوچە. فشۆڵە. هەر چەندانە.

چەمی چەپەر: ئەو چەمەیە کە بەدزییەوە، لەبەر زروفی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست ئەبێ وەکو چەمەکەی ناو ئێران.

چەمی چیچان: ئەو چەمەیە کە سەرو دەم و چاوی تیا خوێناوی ئەبێ. ئەبێ بە فەرتەنە. وەکو چەمەکانی فوئاد فەرتەنە.

چەمی چارە: ئەو چەمەیە کە گیروگرفتێکی بەدەم خواردنەوەوە تیا چارەسەر ئەکرێ.

چەمی چیچکان: چەمی لێقەومانەو کورسی تیانییە و بە چیچکانەوە پەیڕەو ئەکرێ.

چەمی چڕین: ئەو چەمەیە کە هەمووان ئەبێ گۆرانیی تێدابڵێن.

چەمی چەم چەم: ئەو چەمەیە بە گۆرانی هیندی بکرێتەوە.

چەمی چەمچە: ئەو چەمەیە لە ماڵاندا ئەکرێ و لە دواییدا ژنی خاوەن ماڵ بە چەمچە لە مێردەکەی ئەدات.

چەمی چینە: ئەو چەمەیە کە یەکێک چەند مێزیی بکات و لەسەر یەکێکیان بگیرسێتەوە.

چەمی چیخۆف: ئەو چەمەیە کە لەبەر مانگەشەودا ئەکرێ.

چەمی چارلس دیکنز: چەمێکە دوورو درێژ وەکوو ڕۆمانەکانی چارلس تابەیانی.

زۆرینەی ئێواران هەموومان پێکەوە دەچووینە یەکێک لە نادیەکان و یەکێک لەو چەمانەمان دروستدەکرد، دواتریش بە گفتوگۆی هەمەلایەنەو دەوڵەمەند هەر لە باسی «سینەما،ڕۆمان، چیرۆک، شیعر، وەرگێڕان و فکر و سیاسەت»ەوە قسەمان دەکرد و شەوانمان دەبردە سەر.

لە هەولێرەوە ڕۆژ و وادەی ئەو کۆڕە شیعرییەیان پێڕاگەیاندم کە دەمویست لەوێ بیگرم، پێشوەختیش هەروام پێباش بوو وادەی کۆڕەکە نزیک بێت لە وادەی ئەو ڤیستیڤاڵەی کە بە نیازبوون بۆ گۆڤاری «ڕامان» لە هەولێر سازیبکەن، تا ئەو میوانانەی کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە داوەتدەکرێن، لەگەڵ زۆری میوانەکانی تردا بتوانن ئامادەی کۆڕەکەبن.

ڕۆژی پێشتر من و هاوڕێم «ئاکۆ کەریم» چووین بۆ گەراج، سواری ئۆتۆمبیلێک بووین بۆ کۆیە، تابتوانم ئەو کۆمپیوتەرەی کە لە «ڕێبوار سیوەیلی»م وەرگرتبوو پیشانی گومرگی بدەم و ئەو بڕەپارەیەی کە بە

مۆڵەت لەبری کۆمپیوتەرەکە دامنابوو وەریبگرمەوە. گەیشتینە کۆیەو لە شارەوە تاکسییەکمان گرت بۆ گومرگ، لەوێ جیاواز لە جاری پێشوو، زوو کـارەکـانمان مـەیسـەرکـردوو گـەڕاینەوە بـۆ گـەراج. بەدەم چاوەڕوانکردنی ئۆتۆمبیلێک بۆ هەولێر چووینە چایخانەی گەراجەکە و دانیشتین، لە چایخانەکە هەندێ وێنەی ئاکۆ کەریمم گرت، هێندەی نەبرد پیاوێک زۆر بێ ئسولانە هاتەژوورەوەو پێیووتم بۆ ڕەسم دەگریت؟ منیش ووتم: هیـچی تیـایە گـەر بێت و وێنەیەکی هاوڕێکەم بگرم. بەدەموچاوێکی مۆنەوە پێیووتم: ئەمن ئاسایشم، ئاسایش. منیش ووتم بێنە با هەویەکەت ببینم، بزانم تۆ کێیت؟ دەستـێکی خستـە سـەر ناوەکەی و هەویەکەی لە دوورەوە پیشاندام. دواتر هاوڕێیەکی تری هات و ووتی ئێمە ئاسایشی نقلیاتین، بۆکوێ دەڕۆن؟ ووتم: بۆ هەولێر دەچین. ووتی بۆ لای کێ دەچن؟ منیش لە داخـان ووتم دەچین بۆ لای پارتی. کە زانیان من تووڕەبووم و وەلامیان دەدەمەوە، بەجێیان هێشتین.

کە سواری ئۆتۆمبیلەکەبووین و لەدەرگای گەراجەکەوە چووینە دەرێ، ئەو دوو کەسەم پیشانی شۆفێرەکەدا.

شۆفێرەکە ووتی: گوێ مەدەرێ، ئەوانە سەرسەریەکانی کۆیەن و کاتی خۆشی هەر کاریان ئەوەبووە.

دوانیوەڕۆیەکی گەرم گەیشتینە هەولێر و چووین بۆ ماڵی «ڕێبوار سـیـوەیلی»، ئەو ڕۆژە پلەی گـەرما +٤٤ پلە سەدی بوو. لەگەڵ گەیشتنماندا سیوەیلی پێیووتین بۆیە تۆزێک فێنکتان بێتەوە جلەکانتان داکەنن، چونکە ئەمە یاسای مـاڵی منە ئەبێت خـۆتان ڕووتووقـووت بکەنەوە، هێندەی نەبرد لە حەوشەکەدا سیوەیلی سۆندەی ئاوەکەی خستـە سـەر سـەری من و ووتی لێرە دەبێت ئاوا خۆت فێنکبکەیتەوە،

دەنا ئاوی ناو تەنکیەکەی سەربان هێندە گەرمە دەتسوتێنێت. سیوەیلی ڕاستی کرد و من فێنکم بۆوە، بەدەم مێوە خواردنەوە هاتینە سەر باسی چۆنیەتی کۆڕە شیعرییەکەی سبەینێ، کە یەکێتی نووسەرانی هەولێر هەستابوون بە کارئاسانی سازکردنی کۆڕەکە؛ من داوام لە سیوەیلی کرد کە ئەو کۆڕەکە ببات بەڕێوە، ئەویش پێخۆشحاڵی خۆی دەربڕی و ووتی منیش بابەتێکم لەسەر شیعر بە گشتی هەیە، پێتچۆنە لەبری پێشەکی من ئەو بابەتە بخوێنمەوە، منیش پێمخۆشبوو، دواتریش بابەتەکەی بۆ خوێندمەوەو هەندێ گفتوگۆمان لەسەر کرد.

تا ئێوارەیەکی درەنگیش لە هەولێر خۆڵ دەباری، تینی گەرما لەناو دیوارەکان و قیری سەرجادەکان و بەرد و چیمەنتۆی سەر شۆستەکاندا، ماڵێکی وای بۆخۆی چێکردبوو کە سروەی نیوە فێنکی شەوانەش نەیدەهێنایە دەرێ، بۆ ڕۆژی دواتریش هەموو ئەو جێیانە دەبوون بە یەکپارچە لەئاگر؛ زۆرینەی گەڕەکە میللیەکانی شار بە ڕۆژ و شەو کارەبایەن نەبوو، لەسەر کۆڵان و نزیک بازاڕەکاندا خەڵکێکی زۆر لە نۆبەی وەرگرتنی سەهۆڵدا لەبەردەم ئەو تراکتۆرە بەفرهەڵگرانەدا کە دەفرۆشران ڕیزدەبوون، هەموو ڕیزێک زیاد لە دووسەد کەس دەوەستان، ڕەنگە باری تراکتۆرەکانیش لە دووسەد قاڵبە سەهۆڵ زیاتریان پێنەبووبێت، بۆیە لەو گەرمایەدا هەتا نۆبەی دووسەدهەمین کەس دەهات ڕەنگبوو قاڵبێک بە سەهۆڵی نەمایەتەوەو ببوایەتە ئاو. هەمووان دادوبێدادیان لەدەست گەرماو نەبوونی ئاو و کارەباو سەهۆڵ بوو.

ئێوارەی ڕۆژی دوایی لەباخچەی تەنیشت ئوتێل چراخان بە ئامادەبوونی میوانێکی زۆر کۆڕە شیعرییەکە دەستی پێکرد، دوای خوێندنەوەی شیعرەکان هەندێ گفتوگۆ لەسەر شیعرەکان کرا. دوای

کۆڕەکـەش لە گـەڵ هـەمـوو ئـەو هـاوڕێ و نووسـەرانـەی شـاری هـەولێـردا کـۆمــەڵێ وێنەمــان لە باخـچــەکــەدا گـرت؛ دواتـر لەگـەڵ کـاک مــەهدی خـۆشناو و ئازاد حـەسـیب قـەراخـی و فـەرهـادپیـربـاڵ و ئاکـۆ کـەریم و ڕێبوار سیـوەیلیدا چووین بۆ یەکێک لە نادیەکانی گـەڕەکی عەنکاوا، ئەو شــەوە تـا درەنگانێـک بەدەم خــواردنـەوەی شــەرابی توتـڕک و عــارەق و مـاسـتی هـەولێـر و لۆبیـای تـەڕەوە دانیـشتین، باسـێکی زۆرمـان لە سـەر سستی و کەرتبوونی یەکێتی نووسەرانی کورد بە گشتی کرد، دواتریش باسـمــان لە ئەگـەری ئەو دەسـتـپـێـشکەری و کـارانە کـرد کـە دەبێت لێپرسراوانی میهرەجانی «ڕامان» سبەینێ پێیەهەڵبستن.

ئەو شەوە وەک هـەموو شەوەکانی تر، ئاسمانی هـەولێر پڕ بووبوو لە ئەسـتـێـرە، شـەقـامـەکـانی عـەینکاواش وەک پیـشـەی تایبـەتی هـەمـوو شــەوانێکی، ژمــارەیەکی زۆر لـە کـوڕو کـچـان لەســەر شـەقـامـەکـان پیاسەیان دەکرد.

پێش نیـوەڕۆی ڕۆژی دوایـی چووین بـۆ ئوتێـل «چوارچرا» و لـەوێوە ئەو میوانانەی کە بـانگهێشتکرابوون بۆ میهرەجانەکە، بە پاس بردنیان بۆ ئەو هۆڵەی کـە یەکەم ڕۆژی مـیـهرەجـانەکەی تیـادا بەڕێوەدەچوو. لە هـەمووی سەیرتر سـەرەتای میهرەجانەکەیان بەچەند ئایەتێک لە قورئان کردەوە؛ لەوێدا زیاتر هـەستـم بەو گـەمـە دۆڕاوەی حیـزبە عیلمـانیـەکان کرد لەبەرامـبەر ئەو حیزبە ئیسـلامیانەی ناو کوردستـان؛ هـاوڕێیەکم لە دوای منەوە کـە لە دوا ڕیزی پشـتـەوە دانیـشـتبـوو ووتـی: ئەمـە چلەی ڕامانە، یان میهرەجانی ڕامانە؟!

وەک هـەموو بۆنە حیزبی و ڕەسمیەکانی کوردستان، چەند سەعاتی یەکەم بە ووتارە جۆشدارو پڕ لە گەشبینیـەکان کۆتایی هـات، دوای ئەوە لێپرسراوەکان هۆڵەکەیان بەجێهێشت، دواتریش چەند تیپێکی مۆسیقا

هەندێ گـۆرانیـان پێـشکەش کـرد. لە هـاتنە دەرەوەدابووم، «شـاهۆ ئەمین»ی هاورێم وەسـتاندمی و بە کامیرامانەکەی ووت کە ئامادەبێت، پێـیـووتم بۆ چەند دەقـەیەکی کەم باس لە مـیـهـرەجـانەکە بکە. منیش پێـمـووت: ئاخـر ئەو قـسـانەی کـە من دەیکەم، دەزانم بـڵاوناکـرێتـەوەو دەشـترسم تـۆش تووشی کێشـەببیت؛ ووتی قـەیناکا چی دەڵێی بیڵێ. منیش لە وەڵامدا ووتم: ئەم مـیـهـرەجـانە دەبێت ئەو پرسـیـارانە بخـاتە ڕوو، کـــە پەیوەندی بە حـــیـــزبیکردنی باری ئەدەبی و ڕۆشنبـیـــری کـوردییـەوەی هـەیە؛ دەبێت لـەم مـیـهـرەجـانەدا باس لە شکاندنی ئەو سنوورە وەهـمی و ترسـلـەدڵەبکرێت کـــە پەیوەندی بە تێکەڵـنەبوونی نووســـەران و ڕۆشـنبــیــرانی ناوچەی هـەردوو دەســـەڵاتداری پارتی و یەکـێـتـیـیـەوەیە هەیە؛ دەبێت چیـتـر حـیـزبی کـوردی گرنگی نەدات بەو لەشکرە دروســتکراوەی نـاو هەناوی خـــۆی لەو نووســـەرە بچـــووک و ڕاپۆرتنووسـانەی، کە گەر ئەمڕۆ گـوناهەکانی ئەم چەند سـاڵەی شـەڕ بەشـبکرێت بەشی هـەرە زۆری بەر ئەوان دەکـەوێت. ئەم قـسـانەو هەندێ ڕستەی تری لەم جۆرەم ووت.

بۆ ئەو شـەوەو شـەوی دواتریش هەمـوو ئەو کورتە چاوپێکەوتنانە لە تەلەفزیۆنی کوردسـتان بڵاوکرایەوە، تەنها ئەو چەند دەقە قسەکردنەی من نەبێت.

ڕۆژی دواتریش گـۆڤـاری «ڕامـان» هـەڵسـەنگاندنێکی بۆ هـەریەک لە بەشـە جیـاجـیـاکانی ئەو بەرهـەمانـە کرد کـە لەو چەند سـاڵەدا بڵاوی کـردبوونەوە. مـن و هـاوڕێیـان زوو زوو پەسـتـی دەیگرتین و بـە بیـانووی جگەرە کێشانەوە هۆڵەکەمـان بەجێدەهێشت. لە دانیشـتنەکاندا زیاد لە دووسـەد نووسـەر و ڕۆژنـامـەنووس و هونەرمـەند ئامـادەبوون، جگە لە هـەندێ پێشنیـارو باری سـەرنج لەسـەر گـۆڤـاری ڕامـان شـتێکی نوێ

نەوترا. هەمووان بێدەنگبوون لە خستنەڕووی ئەو كێشە حیزبیانەی كە هێنراونەتە ناو باری ئەدەبی و ڕۆشنبیری كوردییەوە، كەم لە ئامادەبووان باسیان لە هەڵگرتنی ڕێنەدان بە گەیشتنی بڵاوكراوەكانی سنووری ئەم دوو دەستەڵاتەكرد، هەتا كاك «سەرۆ قادر» هەستاو دەستپێشكەری كرد لە خستنەڕووی كۆمەڵێ پێشنیازدا، كە یەكێكیان كردنەوەی ڕێگا بوو بۆ گەیشتنی بڵاوكراوەكان بە هەردوو ناوچەی دەسەڵاتدار، ئازادی هاتووچۆی نووسەران و ڕۆشنبیران بێ لێپرسینەوە لە نێوان شارەكاندا، ئەنجامدانی چالاكییە هونەری و ئەدەبییەكان. ئیدی لەهۆڵەكە دوای ئەو چەند ووتەیە بووە غەڵبەغەڵب و هەریەكە لەلای خۆیەوە قسەی دەكرد. لێرەدا زیاتر گەیشتمە ئەنجامی ئەوەی كە هەمیشە حیزبی كوردی زیرەكتر و بە تاكتیكتربووە لە زۆرینەی عەقڵی نووسەران و هونەرمەندانی كورد، بۆیە هەمیشە قورسایی ئەو ڕۆشنبیریە سادەیەی ئەو عەقڵیەتە ڕۆشنبیریەی كورد جێی خەتەر و سڵەمینەوە نەبووە، لەبەرامبەر هەموو ئەو بڕیارانەی كە حیزبی كوردی داویەتی و لە ئەنجامیشدا خەونی ئینسانی كوردی پێلەباربردووە. ئەنجامی ئەو چەند سەعات گفتۆگۆیە تەنها هاتە سەر نووسینی ووتارێك لە خەونی بچووكی بەشداربوان و ئیمزاكردنی. كە هەر لەسەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆوە ڕۆشنبیری كورد شەیدای ئەم جۆرە وتارو ئیمزاكردنەیە، بەبێ ئەوەی هیچ كام لەو كارانە هێندەی یەك دەنكە گەنم لەحەساری حیزبی كوردیدا سەوزبوبێت. دیارە نووسینی ووتارە سادە و حسیەكان لەسەر شەڕی ناوخۆ، لەگەڵ ووتارە پڕ لە جنێوەكان بۆ هەركام لەو حیزبانە هێندەی تر ڕێگەخۆشكەربووە بۆ بیانووی گوێنەگرتن لەلای حیزبی كوردییەوە، لەهەمانكاتیشدا ئەو جۆرە نووسینانە ڕقی زیاتری لایەنگرانی

بەرامـــبـــەری زیادکــردووە، بەقــەد ئەوەی چاندنی تۆوی گــومـــان و بیـرکـردنەوەبوویێت لەلای لایەنگرانی حـیـزبی لەسـەر نووسـراو. بۆیە هەمیشە ئەو جۆرە نووسینانە زۆر سودمەندتربووە هێندەی زەرەرمەند، وەک چۆن کوژرانی چەکدارەکانی حیزب لە شەڕدا دەبێتە زیادبوون و گـەورەبوونی سنوورەکانی دەسەڵاتداریّتی لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا، هێندەی ئەوەی ببێتە هۆی لاوازی و لەقبوونی چەقی دەستەڵات. پێبەپێ ژمارەی کوژراوەکانیش حیزبی کوردی زیاتر پێ لەسەر ڕەوایی خۆی و خـوێنی «شـەهیدان» دادەگرێ و هەمـوو دەنگێکی تری ڕەخنەگرانە لە دەرەوەی خۆیدا منەتباردەکات.

لە ڕاستیدا نەبوونی هاتووچۆی نووسەران و ڕۆشنبیران لە نێوان شـاری سلێمانی و هەولێردا، زیاتر لە وەهمـێکی دروستکراوی ئەو نوخبە گـەورەیەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد دەچێت، هێندەی جەغتێکی ترسلەدڵی حیزبی کوردی بێت، چونکە تا ئێستا ئەو دوو حـــیـــزبە دەســـەڵاتدارە نەیانتــوانی بە ئاشکرا نووســـەرێک بکوژن لەبەرئەوەی هاتووچۆی ناو شـــارەکـــانی کـــردووە، ئەوەی زیاتر ئەو دیوارەشی دروسـتکردووە جگە لە حـیــزبی کـوردی، ئەو نووســـەر و ڕۆژنامەنووسانەن کە قازانجیان لە بوونی ئەو دیوارەدایە، چونکە هەم بەوە خۆیان لە کۆمەڵێ بەرپرسیاری جدی دەدزنەوە، هەم دڵی حیزبی دەســـەڵاتداریش لە خـــۆیان ناڕەنجــێنن. ئەو دوو ســـوپایەی کـــە لە نووســـەرانی لێکەوتوو ڕۆژنامەنووسانی ناو ڕۆژنامە حـیـزبیـەکـان دروستکراوە، بە پلەی یەکەم نووسینەکانی خۆیانە کە بۆتە ئەو خشتە وەهمـیـانەی ئەو دیوارە ترسنۆکە، هەڵبـەتە لەم حـاڵەتەشـدا هەردوو حـیـزبی دەسەڵاتدار زیاتر لایەنگیری ئەم دوو سوپایەیان کـردووە، من پێموایە ئەو جۆرە نووسەر و ڕۆژنامەنووسانە ئەم چەند ساڵە هێندەی

نووسینی ژمارەی ڕاپۆرتیەکانیان لەیەکتری، نەیانتوانیوە بەقەد ئەوە دێڕی جوان و پڕ لە ژیان بنووسن و بەرهەمبهێنن.

بەداخەوە یەکێک لە دیاردەکانی تری ئەم بێدەنگیە بەناوی شەڕی نێوان وەچە ئەدەبیەکانەوە دەکرێت، کۆمەڵێک لەو نووسەرە گەنج و بەتوانایانە دوورەپەرێز و مات لە دوورەوە سەیردەکەن و تێکەڵاوی هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەک ناکەن، بەبیانووی شەڕی سەلەف و نوێ، ئەم دیاردەیەش هێندەی تر بۆتە هۆی کارئاسانی جێگرتنی ئەو کادرە حیزبیانەی بە ناوی ڕۆژنامەنووسانەوە ڕۆژنامەکانیان تەنیووەو ئەو نووسەرانەش کە لە هەمان تەوەرەی ئەواندا دەخولێنەوە.

میهرەجانی «ڕامان» تەواوبوو، بەڵام نەبووە هۆی هەوڵدانێکی جدی بۆ هیچ کام لەو پرسیارە گرنگانەی کە دەکرا هەوڵدانێک بووبایە بۆ بەخشینەوەی ئەو هەیبەتە دۆڕاوەی نووسەران و دروستکردنی ئەرزیەتێکی ڕۆشنبیری سەربەخۆ، تا لە دەرەوەی ماڵی مەرجدارو نادیموکراتی حیزبی کوردیدا ژیانی خۆی بژی.

دوای داوەتکردن و ڕێزلێنانێکی زۆر، میوانانی میهرەجانەکە بەڕێکران، منیش لەگەڵ کۆمەڵێک لە میوانانی شاری سلێمانیدا بە سواری پاسێک گەڕامەوە.

دوای چەند ڕۆژێک گەڕانەوەم لە هەولێر، دەنگی ئەوە هەبوو کە ئەو بنکەو مقەڕانەی حیزبەکانی ناو شار بەهۆی زۆریان و نیشتەجێبوونیان لە گەڕەکەکاندا، دەبێت بگوێزنەوە بۆ دەرەوەی شار؛ هەڵبەتە ئەوە پێشنیازێکی باشبوو، بەڵام هیچ جێگەو ڕێگەیەکی تر لە دەرەوەی شار دەستنیشان نەکرابوو تا مقەڕەکانی تێدا جێنشین بن؛ لە هەمان کاتیشدا یەکێتی نیشتمانی بە بیانووی ئەم بڕیارەوە چەند ڕۆژێک بوو، ئاو و کارەبای لە مقەڕی حیزبی کۆمۆنست بڕیبوو؛ مقەڕەکەی ئەوان لە

گەڕەکی عەقاری بوو کە کەوتبووە سەر گردی عەلی ناجی، ڕێک بە پاڵ ماڵی کاک «نەوشیروان موستەفا»وە بوو.

دیاربوو، دوای هەڵبژاردنەکانی شارەوانی شاری سلێمانی، حیزبی کۆمۆنیست شکستێکی گەورەی هێنابوو، ئەو دەنگانەی کە هێنابوشیان هێندە کەم بوون کە لەوە دەچوو تەنانەت زۆرینەی یارانی خۆشیان دەنگیان بۆ نەدابن. تا ئەو کاتەی من لە ستۆکهۆڵم بووم لە ڕادیۆ لۆکاڵیەکەی خۆیانەوە لە شاری ستۆکهۆڵم، باسیان لە تەزویرکردن و ناڕێکی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی دەکرد و لە ووتارەکانیاندا دژی «یەکێتی نیشتمانی» قسەیان دەکرد، بەبێ ئەوەی هێندە جورئەتی ڕووبەڕووبوونەوەیان هەبێت لەبەرامبەر ئەو پرسیارەدا کە ئایا کە چ هۆیەک لە پشتی ئەو شکستەیانەوەیە؟! دیارە ئەوانیش وەک زۆرینەی حیزبە کوردیەکانی تر، لە ساتەکانی قەیراندا حیزبی بەرامبەر تاوانباردەکەن و خۆیان لە پرسیارە جەوهەریەکانی تر دەدزنەوەو شکستەکانی خۆیان پەردەپۆش دەکەن.

ئاشکرایە، شکستی حیزبی کۆمۆنیست لەو هەڵبژاردنەدا، بیانوویەکی شاهانەبوو بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەلی ئەوەی بۆخستبوونە بەردەم کە ئەو حیزبە تەفروتونابکەن، جگە لە

ئیحراجبوونی ڕۆژانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک تاکە حیزبی دەسەڵاتدار لەبەرامبەر شکایەتی یەک بەدوای یەکی حیزبە ئیسلامیەکان لە حیزبی ناوبراو.

ئەم هۆکارانەو بیانووی گواستنەوەی مقەڕەکان بۆ دەرەوەی شار و نزیکیان لە ماڵی «نەوشیروان موستەفا» و مەترسیلێکردنیان، بوونە هۆی ئەوەی کە ئەم مەسەلەیە بگاتە بنبەستێک بۆ لێدانیان، کە هەم یەکێتی و هەموو حیزبەکانی تریش دەیانزانی گەر بۆ تەنها ڕۆژێک

مقەڕی حیزبی کۆمۆنیست بگوێزرێتەوە بۆ دەرەوەی شار، ئیسلامیەکان بەئاسانی لێیان دەدەن و دەیانکوژن.

دوانیــوەڕۆی چواردەی تەمــووز، من لە گــەڵ هاوڕێیــەکـمـدا کــە لە گەڕەکی کانێسکانەوە دەهاتینە خوارێ، گوێمان لە پێکدادان و کۆمەڵێ تەقـەی زۆربوو؛ دوای چەند سـەد مـەترێک کوڕێکی گـەنجی حـەمـاڵ کە پاڵی بـە عـــەرەبانـەکـــەیەوە دەناو ڕووی بـە ڕووی ئێـــمـــە دەهات، بـە شپرزەییەوە ووتی: گوێتان لەو تەقانەیە؟ ئێمەش ووتمان ئەوە چییە؟ لە وەڵامـدا ووتی: یەکێـتی لە کـۆمـۆنیسـتـەکـانی داو پێنج شـەش کـەسی لێکوشتن!

ئەو ئێوارەیە، لە هیچ هەواڵێکی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن گوێم لەو باسە نەبوو، تەنها دەماو دەم خەڵکی بەسەرهاتەکەیان دەگێڕایەوە.

ڕۆژی دوایی لـە دانیـشـتنێکدا هاوڕێیــەکم کـە کـەسـێکی نزیکی چەکداری کۆمۆنستەکان بوو، بەم شێوەیە بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە.

دوای بڕینی ئاو و کارەباو چواردەورگرتنی مقەڕەکە بە چەکدارانی ئاسایش، چەند کەسێک لە یەکێتی چوون بۆ مـاڵی باوکی ئەو خزمەی من، پێـیـان ووتبـوون ئێوە وێـنەی دوو کوڕتان بە دیواری مـاڵەکـەتانەوە هەڵواسیوە کە شەهیدی یەکێتی بوون، با وێنەکان نەبن بە سیان و بچن تکا لە کوڕەکەتان بکەن تابێتە دەرەوە، دەنا کـاروابڕوات ئێمە بەتـامـاین لێـیـان بدەین. دوای چوونی کەسوکاری کوڕەکە بۆ مـقـەڕەکە، کوڕەکە قـایل نەبووە بێتـەدەرێ، چەکـدارەکـانی کـۆمـۆنیـسـتـەکـانیش لەسـەر سـەربانی مقەڕەکە کە دەڕوانێت بەسـەر ماڵی نەوشیروان موستەفادا خـۆیان دەبەسـتن و ئامـادەی پێکدادان دەبن، لەکـاتی هاتنەدەرەوەیاندا «ناسک» کە ئافرەتێکی چالاکی کۆمۆنیستەکانە پێیـان دەڵێت، ئێمـە کەسمـان نایەینە دەرێ، هەرئەوەنییە سبەینێ بڵێن «قـەحبـەیەکمـان» لە

مقەڕەکەدا کوشت.

لەو بارە گرژ و تەنگەدا وەفدێکی حیزبی کۆمۆنیست دەچن بۆ لای «نەشیروان موستەفا»، تا بگەنە چارەسەرێک بۆ ئەم تەنگژەیە؛ دیارە لە کۆتایدا وەفدەکە بەوە ڕازی دەبێت کە مقەڕەکەیان بگوازنەوە، بەڵام هەر لەو دەمەدا لە دەرەوە تەقە دەستپێدەکات، سێ چەکدار لە کۆمۆنیستەکان کە بە ئۆتۆمبیلێک دەچن بۆ کڕینی خواردن، لەبەردەمی «ڕێکخستندا» لەنزیک فولکەی «خاڵەحاجی» دەدرێنە بەر دەستڕێژ و هەموویان دەکوژرێن.

دواتر یەکێتی نیشتمانی بەو شێوەیە هەواڵەکەی بڵاوکردەوە کە ئەوان دەستپێشکەری تەقەیان کردووە، بۆیە ناچاری وەڵامدانەوەیان بوون! بەو شێوەیە ئەو ڕۆژە پێنج کەس لە کۆمۆنیستەکان کوژران و چەکدارێکی یەکێتی نیشتمانی بریندار‌بوو. بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک مەیتی کوژراوەکان گلدرانەوەو دواتر هەر یەکێتی بۆ خۆی ناشتنی و گۆڕەکانیان پیشانی کەسوکاریان درا. لەو چەند ڕۆژەشدا شاعیرێک بەناوی «شازین هێرش» لەلایەن ئاسایشەوە گیرا، چونکە نووسراوێکی دژی یەکێتی و نەوشیروان موستەفا نووسیبوو.

هەموو ئەو کۆمەنیستانەی تر کە دەستگیرنەبوون خۆیان شاردەوەو دوای هەفتەیەک گەیشتنە هەولێر، لە وێ ئەو پێشوازیەیان لێنەکرا، تەنها توانیان لە ڕادیۆیەکی لۆکاڵی خۆیانەوە بکەونە پەخشکردنی ئەو شێوە ڕاگەیاندنەی کە تەنها جنێو بەرهەمدێنێت، وەک دواتر لە گەڕانەوەمدا گوێم لە ڕادیۆکەیان گرت، دەتووت یەکەم ڕۆژی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە، بێ ئەوەی بتوانن تەفسیرێکی تری جودا لەو تەفسیرە پڕ لە غروورو لە خۆباییەی خۆیان شتێکی تریان هەبێت بۆ ووتن.

لێدانی کۆمۆنیستەکان ئەم جارەش وەک لێدانی ئیسلامیەکان و

حیزبەکانی تر، دووپاتی قبوڵنەکردنی جیاوازیەکانی تر بوو لە دەرەوەی سنووری یەکێتی نیشتمانی کوردستان. هەروەها دوڕاندن و سستبوونی هێزی دانبەخۆداگرتن و تەحەمولی دەگەیاند لەلایەن هێزێکی گەورەی وەک یەکێتی نیشتمانیەوە، بەرامبەر هێزێکی بچووکی وەک کۆمۆنیستەکان.

ڕۆژی دواتر نامەیەکی نارەزایی لە دژی ئەم هەڵوێستە نووسرا، هەموو نووسەران و کارمەندانی «دەزگای سەردەم» جگە لە کاک شێرکۆ بێکەس و دڵشاد عەبدوللا ئیمزایان کرد، هەروەها کۆمەڵێ کەسی تریش کە چەند کەسێکیان سەر بە یەکێتی نیشتمانی بوون هەمان هەڵوێستیان وەرگرت؛ دواتریش کاک شێرکۆ بێکەس بەتەنها نووسراوێکی تایبەتی دژ بەو هەڵوێستەی یەکێتی نووسی؛ نە نارازاییەکە کە منیش یەکێک بووم لە ئیمزاکەرانی، نە نووسراوەکەی کاک شێرکۆ بێکەس ڕێنەدرا لە کوردستانی نوێدا بڵاوبکرێتەوە. تەنها یەک جار نارەزاییەکە لەلایەن ڕادیۆی دیموکراتخوازانەوە خوێندرایەوە و دواتر نەیانهێشت چیتر جارێکی تر بخوێندرێتەوە. وە تەنها ڕۆژنامەی «ئاڵای ئازادی» حیزبی زەحمەتکێشان توانی نووسراوەکەی کاک شێرکۆ بڵاوبکاتەوە، چیتر هەموو ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی تر یەک ووشەیان لەسەر ئەم بەسەرهاتە بڵاونەکردەوە؛ هەروەها ئەو دەیەها ڕۆژنامەنووسانەی کە لەم چەند ساڵەی دوایدا لە ڕۆژنامەکاندا ناویان دەرکەوت، کەسیان یەک پیتیان سەبارەت بەم کارە نەنووسی. شارێک بەو هەموو ژمارە ڕۆژنامەو گۆڤارەیەوە کە ڕۆژانە تێیدا دەردەچێت، لەبەردەم ڕووداوێکی وادا بێدەنگ بوو. هەڵبەتە مەبەستم لە شکاندنی ئەو بێدەنگییە، لایەنگرتنی کۆمۆنیستەکان نییە، هێندەی مەبەستی من لە هۆکاری کوشتنی پێنج کەسە بەبێ ئەوەی کەس لەسەر ئەو ڕووداوە

بێتەدەنگ و لە ڕوویەکی یاسایی‌یەوە لێیبکۆڵێتەوە . وە هیچ حیزبێکی «موعارض» لە سنووری دەسەڵاتداری یەکێتیدا لەو مەسەلەیەی نەکۆڵییەوەو هیچ باری ڕەخنەیەکیان نەخستەڕوو، کە ئەمەش زیاتر کاریکاتێریەتی حیزبە «موعارض»ەکانی کوردستان پیشاندەدات و دەیسەلمێنێت کە حیزبێک لە هەردوو ناوچەی دەسەڵاتداردا نییە ناوی حیزبی «موعارض» بێت. دوای هەفتەیەک کە ڕاستی شێوەی کوشتنی ئەو پێنج کەسە لەلایەن خەڵکی شارەوە ئاشکرابوو، ئەو کات ڕۆژنامەنووسە حیزبیەکانی ناو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ڕۆژی چەندەها ووتاری بێخوێن و مردوویان بڵاوکردەوە دژ بە حیزبی کۆمۆنیست.

هەڵبەتە من دەزانم کە حیزبی کۆمۆنیست یەکێک بوو لە هەرە مەغرورترین وبچووکترین حیزبەکانی کوردستان، بەڵام ئەمە ناگاتە ئەوەی لە ئاست کوشتنی پێنج کەسدا بێدەنگی هەڵبژێردرێت، وە پرسیارە جەوهەریەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەو بەسەرهاتە پەردەپۆشبکرێت. چونکە دەبێت هەردوو حیزبی خاوەن دەستەڵات ئەو ڕاستییە بزانن کە کوردستانی ئەمڕۆ و سبەینێ، دەبێت کوردستانی هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان بێت، دەنا هیچ هەنگاوێکی سەرەتا بۆ حورمەتگرتن لە بیروڕای جیاواز ناتوانێت تەنیا یەک بستۆکە بچێتە پێشەوە، وە هەموو هاوارکردنێک بۆ بەرەوڕووچوونی دیموکراسیەت لە کوردستاندا دەبێتە درۆیەک کە تەنها لەسەر ڕۆژنامەو گۆڤارە حیزبیەکانیاندا دەنووسرێتەوە. دیارە ئەو پێنج کەسە گەر ئەندامی هەرکام لەو حیزبانەبوونایە، لەو پەڕی ڕاستەوە بۆ ئەو پەڕی چەپ، لەوپەڕی حیزبێکی کراوەوە (کە نییە) بۆ حیزبێکی فەندەمەنتالیست، من هەمان هەڵوێستی خۆمم دەبوو وەک لەو چەند ڕۆژەدا بۆ ئەو کارەساتە هەمبوو.

لەو ڕۆژەشـــەوە ژمـارەی ئەو کـەسـانـەی کە لـە ژێر ئەو نـاڕەزاییـەدا ئیـمزایان کـرد، کە سی و هـەشت کەس بوون، نـاوی هەمـوویان خـرایە قـایمەیەکی ڕەشـەوەو بڕیاردرا لە ڕۆژنامـەی کـوردسـتـانی نوێدا هیچ بەرهـەمـێکیان بۆ بڵاونەکرێتـەوە، تەنانەت ناوی چەندەها کـەسی تریش دووروونزیک لەو قایمەیەدا تۆمارکرا کە دەزانرا لایەنگری هەڵوێستی ئەو سی و هەشت کەسەن.

ئەو هـەفـتـــەیـەی کـە ئەو بەســـەرهـاتـە ڕوویدا، «مـــام جـــلال»، لە کوردسـتـان نەبوو، من بۆخۆشم هـەمیشـە ئەو پرسیارەم لا دروسـتدەبێت کە بۆچـی لەگەڵ سەفـەرکردنی «مـام جلال» و بەجـێهـێشـتنی کوردسـتـان دا، زۆرینەی کات لە نەیارانی یەکێتی نیشتمانی و حیزبە بچووکەکان دەدرێت، هەر لـە لێدانـی حیـزبە ئیـسـلامـیـەکـان و دەسـتـپـێکردنەوەی جـەولـەکانی شـەڕ لە نێوان یەکێتی و پارتیـدا، وە ئەم جـارەش لێـدانی کۆمۆنیستەکان، ئایا دەکرێت ئەمە تەنها ڕێکەوت دروستیبکات؟! کە من بۆخۆم ناتوانم باوەڕ بە ڕێکەوتێک بکەم کە چەند جارێک لەهەمان وێنەو بەرگـدا دووبارەبێـتـەوە، بە بۆچوونی من ئەم ڕووداوانە لە دوو ئەگـەر بەدەرنـین، یەکـەمیـان نائـامـادەیی مـام جـلال لە کـوردسـتـان، ڕەنگە هـەلێکبێت بۆ ئەو قـوتب و دەسـەڵاتانەی ناو یـەکێتی کە دەسـتی خۆیان بوەشـێنن و بەم کـارانە هـەسـتن، یاخـود ئەو کـارانە هـەمـووی بە بڕیاری مـام جلال دەکرێت، وەک تەکتیکێکی سیاسی تـا گلەیی و گازندەکان لە کــاتی ئـاڵۆزیـەکــاندا ڕووبـەڕووی نەکــرێتـــەوەو نەبێــتــە وەســـتــانی بەئەنجـامگەیاندنی تەواوەتی ئـەو بڕیارانە. هـەڵبـەتە من ناتوانم هیچ کـام لەو وەڵامـانە بدەمـەوە، تەنهـا خودی مـام جـلال و سـەرکردایەتی یەکێتی نیشـتـمانی وەڵامی ڕاسـتـەقینەیان لەلاهـەیە. ئـەم پرسـیـارەش جێدێڵم بۆ ئەو ڕۆژنامــەنووسـانەی کـە پێـیـان وایە ئازادن لە ڕووبـەڕووکـردنەوەی

پرسیارەکانیاندا لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی کوردیدا. ئایا هۆی چییە ڕۆژنامەنووسێکی کورد هێندەی ڕۆژنامەنووسێکی دەرەوەی دنیای کوردی، ناتوانێت دەسەڵاتدارە پلە یەک و دووەکانی کورد بخاتە بەردەم ئەو پرسیارە ئارەقهێنەرانەی، کە لە دەرەوەی کوردستاندا ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارانی کورد دەکرێتەوە؟! ئایا ئەمە هێمایەک نییە بۆ ئەوەی کە ڕۆژنامە کوردییەکان تا ئێستا زمانی ناو دەمی حیزبی کوردیەکانن.

ڕۆژەکان تێپەڕین، وەک هەموو جارێکی تری دنیای کوردی ئەو ڕووداوەشی لەگەڵ هەزاران ڕووداوی تردا پێچایەوەو بە بێدەنگی و لەبیرچوونەوەی سپارد.

خەڵکی شار بە گشتی ڕاهاتوون بەم جۆرە پێکدادان و هەڵپژانە خوێناویانە، کە سەرپاکیان لە پێناوی پاوانکردن و گەورەکردنی سنووری دەسەڵاتە حیزبیەکاندا دەکرێت. بێزاری و شکست یەکێکە لەو نیشانە هاوبەشانەی هەمووان، خەونی هەمووان هاتۆتە سەر بەجێهێشتنی کوردستان و خۆدانەدەست قەدەری سەفەرێک، کە ئاسۆکانی لە سنووری بیرکردنەوەو چاودانێن. حورمەتنەگرتنی خەونە سادەو مافە ئینسانیەکان تابێت دەگاتە بنبەست. حیزبی کوردی لە گەڵ بەردەوامبوونی شکستە یەک لە دوای یەکەکانیەوە «بەتایبەتیش لە دوای ڕاپەڕینەوە» بووە هۆی ئەوەی ئینسانی کورد ڕووتووقوتبکاتەوە لە هەموو «ئینتما»کانی، کە مێژوویەکە ئەم ئینسانە شانازی بەو ئینتمایانەوە دەکات، هەر لە ئینتما گشتیەکانەوە بۆ «خاک و ماناکانی شۆڕشگێڕی و ئازادی؛ تا دەگاتە ئینتما تایبەتیەکانی ئەو ئینسانانەو خەونەکانیان.

حیزبی کوردی لەبری هەمووان بیردەکاتەوە، لەبری هەمووان شەڕ دەکات و لەبری هەمووانیش ئاگربەستی کاتی ڕادەگەیەنێت. غەفڵەتی

ئەو بیرکردنەوەیەی کە گوایە هەموو حەقیقەتەکان لەلای حیزبە، تا ئێستاش لە میدیای حیزبیدا بانگەشەی بۆ دەکرێت. باڵە ئیسلامیە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە پێچەوانەی حیزبە «عیلمانیەکانەوە» کار بۆ دوارۆژدەکەن، بۆ ئەو رۆژەی کە کوردستان وەک «ئومەیەکی ئیسلامی» بانگی دەوڵەتی ئیسلامی دەدات. ئێستاش لە ناوچەی دەسەڵاتداریتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، یەکێتی وەک حیزبی دەسەڵاتدار پێیوایە وەک جاری جاران هەرچکاتێک بیەوێت لە ئیسلامیەکان بدات، تەفروتونایان دەکات و دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا ناهێڵێت. بەڵام هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی سلێمانی بووە ئەو خورپەیەی کە وای لە یەکێتی نیشتمانی کرد هەست بە خەتەری حەقیقی و زۆری یارانی حیزبە ئیسلامیەکان بکات و تای غروری گەورەترین دەسەڵات بەربیدات. لە ناوچەی دەسەڵاتی پارتیشدا، پارتی پێیوایە «لە حیزبە ئیسلامیەکان ئیسلامترە»، بۆیە پێیوایە ئەوانەی رۆژانە تێزاب بە جلی ئافرەتەکانی ناو شاری هەولێردا دەکەن، تەنها کۆمەڵێک منداڵی سەرلێشێواون؛ بەڵام لە سەفەرەکانی هەولێرمدا ئەو رۆژانەی کە تێزاب بە جلی ئافرەتەکاندا دەکرا، دەمبیست هەمان ئەو رۆژانە لە نیوەڕۆ گەرمەکاندا کە کۆڵانەکان چۆڵدەبن، ئیسلامیەکان لە دەرگای ماڵەکان دەدەن و قاتێک «مانتۆ» و لەچک، لەبەردەرگاکاندا بەجێدێڵن و دەڕۆن، تا بیری کچ و ژنی خاوەن ماڵەکانی بخەنەوە، گەر ئەوانیش ئەو جلانە لەبەرنەکەن، ئەوا هەمان چارەنووسی ئەو ئافرەتانەیان دەبێت، کە رۆژانە لە شەقام و بازاڕ قەرەباڵغەکانی هەولێردا تێزابی دەستی ئیسلامیەکان لەشیان دەسووتێنێت.

وەک «ڕێبین هەردی» دەیووت، حیزبی عیلمانی هیچ مژدەیەکی پێنیە بۆ کۆمەڵگەی کوردی، هێندەی ئەوەی حیزبە ئیسلامیەکان

خاوەنی مژدەیەکی هەمیشەیین. لە ڕاستیدا بەداخەوە هەروایە و تەنها مژدەیەک ئێستا دوو حیزبە گەورەو عیلمانیەکەی کوردستان پێیان بێت، نەشەڕ نە ئاشتییە، بەبێ ئەوەی هەوڵی سارێژکردنی ئەو برینە کۆمەڵایەتیانە بدەن کە جەنگ خستوێتیە جەستەی کۆمەڵگەی کوردییەوە؛ ئایا تەنها مژدەیەکی وەستانی جەنگ و ڕێکەوتن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و ڕووی ڕۆژنامەکان، دەبێت بەسبێت لەبەردەم ئەو هەزاران هەزارەی کە لەدوای ڕاپەڕینەوە لە شەڕگەخوێناویەکاندا کوژران و لاشەکانیان بەجێمان؟!

ئایا ئەو سەدان نووسەر و ڕۆژنامەنووس و کادرە حیزبیانەی کە بە ڕقی یەکترکوشتن و ڕاپۆرتنووسین و دژایەتی یەکتری نێوان ئەو دوو حیزبە، کە لەم چەند ساڵەی داهاتوودا گۆشکران و هێنرانەکایەوە، هەروا بەئاسانی واز لەو ڕق و قینە پڕلەگرێ دەرونیانەی خۆیان دێنن و مژدەی شەڕ بە بیانووە هەمیشە ئامادەکانیان جارێکی تر ڕاناگەیەننەوە؟! کە من پێموایە زۆرینەی زۆری کادرەکانی ناو میدیای هەردوو حیزب، کادری ئەو جۆرە پێشهاتانەن و بەشی هەرە زۆری گوناهەکانی جەنگ بەر ئەوان دەکەوێت. وە زۆربەی زۆری ئەو پاڵەوانانەی جەنگ کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هاتنە مەیدانەوە، چۆن وا بە ئاسانی واز لەو دەسەڵاتانەی خۆیان دێنن و بەبێ کێشە بۆ پڕۆسەی ئاشتی و تەنانەت بۆ خودی حیزبیش ملدەدان و دەکشێنەوە! چونکە ئەوان هەموو شانازیەکانیان لە بەردەوامبوونی ئەو جەنگەدایە نەک وەستانی؟!

کاروباری ئەو کۆڕە شیعرییەی خۆم، کە بەنیازبووم لەهەفتەی داهاتوودا بیگێڕم، سپاردم بە هاوڕێم «ڕێبین ئەحمەد هەردی»، ئەوەبوو

هەفتەیەکی ڕۆشنبیری بۆ سێ ئێوارە کۆڕ، لە سەنتەری گەنجانی بەختیاری لە سلێمانی سازکرا؛ کۆمەڵەی ڕۆشنبیری بەهاوکاری دەزگای ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی هەستان بە گرتنی کۆڕەکان. یەکەم ڕۆژ، ڕێکەوتی ٧/٢٤ ئێوارە کۆڕەکە کە بۆ خوێندنەوەی هەندێ بەرهەمی نوێی شیعریی من و هاوڕێم «دلاوەر قەراخی» دانرابوو بەڕێوەچوو؛ پێشوەخت من و دلاوەر پەیامێکی شیعریمان بۆ ڕووداوی لێدانی کۆمۆنیستەکان لەژێرناوی «ڕەنگ و هەنار»دا نووسیبوو، خوێندەوە:

«لەوێداین کە ڕەنگێک دەپژێ و خوێنی هەنارێک ئێوارانە دەڕژێت.. جوانترین شیعرێک لەوێدا، سلاوی سەمیمانەی غەریبێکە کە لە کۆلانی ئەودیوو بێدەنگیدا؛ باخچە بە هەردوو گوێی خۆی دەبیستێت.. قسە لە ڕەنگە و لە باخچەیە و لە ئازادی.

قسە لە جیاوازییە و لە پێکەوە ژیان و لە شنەشنی دەغڵە ئاڵو والاکانی ئاوەدانی.

قسە لە ئێوارەیەکە کە هەموومان لێرەین.. لە ماڵی شیعرداین و هیچ کاممان بەوی ترمان غەریب نین!

پرسیار.. پرسیارە لە هەڵبوونی ڕۆشناییەک کە هەمیشە وا لە هاموشۆی دڵداو لە نائومێدترین لەحزەدا ڕۆحمان ئاوەدان دەکاتەوە.

پرسیارە لە ڕەنگێک.. کە هەنارانە دەپژێ و یەک یەکیشمان لێرەین!

ئای.. بێدەنگی کە تۆ چکۆلانەیت و پرسیار کە تۆش گەورەیت.

سلاو.. ئەی ڕەنگە پەلکە زێڕینەییەکەی خۆرنشینانی ولات.. تا دەکرێ برژێرە هەستەوەو سەراپای تابلۆکان، سەراپای سۆڵەکانی کەمان، سەراپای قامکە جوانەکانی عەشق، سەراپای حەرفە

دووگیانەکانی شیعر.. سەراپای گوڵەبەڕۆژەکانی شەرم بێنەرەوە ماڵە چکۆلانەکانی یادوەری و گەڕەک و مناڵی و لانی کەم با بۆ ئێوارانێک پێکەوەبین.

بابێن .. بە هەموویان بڵێ بابێن.

با شیعر و شەوانی تەنهایی و ، بریقەی سرکی دوای بارانی شۆستەکانی نامۆیش بڵێ بابێن.

ئێمە هەموومان لە نێوان لێرەبوون و لێرەنەبووندایین.

ئێمە هەموومان تا ئەو جێگەیە جوانین.. کە لەیەکتری نەچین.

با لێنەگەڕێین.. ئەم چرایە بکوژێتەوە.. ئەم ماڵە برمێ، ئەم ڕەنگانە بپژێن.

لێگەڕێین، «با فارگۆنەکان بە پڕی بڕۆن و بە باوشێ وەنەوشەوە بێنەوە».. تا بگەین بەو شوێنەی کە ژیان و خەونی لێن.

یاران ... یاران

نەدەبا.. نەدەبا لەم وەرزی ئازادییەدا، ئەو قامکە ژیکەلانانەی، کە لەڕێی خۆیانەوە خاوەنی غروری مانەوەو گەیشتن بە سەرزەمینی ئازادین، شکێنرابان. نەدەبا.. نەدەبا ئەو نامیلکە لاسارو دڵپاکانەی کۆمۆنە دڕێنرابان.

نەدەبا.. نەدەبا شاعیرێک کە ناوی «شازین هێرشە» دەستگیرکرابا.

نەدەبا.. ئەفسووس.. نەدەبا.

هەنار گیان، تۆ دەپژێیت و هەرتۆیش کوژەکەی شیعری هەموومانیت، هەنارگیان تۆ پێدەگەیت و کە دەڕژێیت بۆنی مناڵی هەموومانیت.

له ماوەی دوو سەعاتدا، خوێندنەوەی شیعرەکان کۆتایی هات. لەکاتی چوونەدەرەوەمان لە هۆڵەکە هاوڕێم «کاک حەمە ئاوات» کە ئەندامێکی حیزبی زەحمەتکێشانە، ووتی: حەزدەکەم ئەو پەیامەی کە لە کۆڕەکەدا خوێنتانەوە بمدەیتێ تا لە ڕۆژنامەی «ئالای ئازادی»دا بڵاوی بکەینەوە. منیش بە خۆشحاڵییەوە پەیامەکەم دایە. هەروەها لەوێدا بەڕێز «شیرین.ک» داوای هەندێ لەو بەرهەمە شیعریانەی خۆمی لێکردم تا لە لاپەڕە تایبەتییەکانی «ئەدەب و هونەر» کە خۆی سەرپەرشتی دەکات بڵاویبکاتەوە. دوو بەرهەمی شیعری کورتیشم دایە دەستی بەڕێز «شیرین.ک»، تا بۆ ڕۆژی پێنجشەممەی هەفتەی داهاتوو بڵاویبکاتەوە.

ڕۆژی یەکشەممە ٧/٣٠ لە ڕۆژنامەی ئالای ئازادیدا لە لاپەڕەی پێنج دا، پەیامەکەی من و هاوڕێم دلاوەر قەراخی بڵاوکرایەوە، بەڵام لەسەروو پەیامەکەی ئێمەوە نووسیبوویان «بەر لە دەستپێکردنی کۆڕی شیعری هەردوو شاعیر هیوا قادر و دلاوەر قەراخی لە ڕۆژی ٧/٢٤ بەڕێز هیوا قادر پەیامێکی هەبوو کە پەیوەستە بە ڕووداوی (١١) ڕۆژی بەر لە ڕۆژی کۆڕەکە. وا لەسەر خواستی خۆی بڵاویدەکەینەوە».

هەڵبەتە ئەو چەند دێڕە موجامەلەیەکی ڕیاکاریانەی تری حیزبی «معارض»ی کوردیی بوو دژ بە لێدانی کۆمۆنیستەکان. لەبری ئەوەی حیزبە «معارض»ەکان هەڵگری دەنگی هەموو ناڕەزاییەکانی دەرەوەی خۆشیانبن، کەچی دێن و تەنها لەو ئاستەدا حیزبی دەسەڵاتدار دەدوێنن کە لێیان نەڕەنجێت.

ڕۆژی پێنجشەممەی هەفتەی داهاتوو، لە هیچ کام لە کتێبخانەکانی سلێمانی پاشکۆی «ئەدەب و هونەر»ی کوردستانی نوێم نەبینی، لە یەکێک لە خاوەن کتێبخانەکانی شەقامی مەولەویم پرسی کە

بۆچی ڕۆژنامەکە نەهاتووە. ئەویش لە وەڵامدا ووتی: بۆ نازانیت؟

ووتم: بۆ چی؟

پێـیـووتم کـە لەبـەر بڵاوکـردنەوەی شـیـعـرێکی تۆ ڕۆژنامـەکـەیان دواخستووەو ڕەنگە ئەم هەفتەیە هەر دەرنەچێت.

لە ڕاسـتیدا قسـەی خـاوەن کتێبخـانەکەم بـە گاڵتـەیەک وەرگرت و بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە.

ڕۆژی دواتر بۆ بینینی چەند هاوڕێیـەکم بەرەو تەلـەفـزیۆنی گـەلی کـوردسـتـان چووم. کاتێک بۆ چەند دەقـەیەک لە پرسـتگەی تەلەفـزیۆن دانیــشــتم و چاوەڕێی هاتنەخــوارەوەی هاوڕێکەمم دەکــرد لە ژووری کارەکەی. گوێم لێبوو چەند کەسێک باسیان لە دواکەوتنی لاپەڕەکانی «ئەدەب و هونەر»ی کوردستانی نوێ دەکرد، لە قسەکانیاندا ناوی من دەهات و منیش نەمدەتوانی سەرجەمی باسەکەیان لەبیری خۆمدا گــەڵاڵەبکەم. هاوڕێکەم هات و چووینەســەرەوە، لەوێ ئەو هەمــوو چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە کە بەم شێوەیە دەستی پێکرد.

کـاتێک کـە ئەو دوو کورتە شـیـعـرەی مـن لە لاپەڕە دووی «ئەدەب و هونـەر»دا بە ســتــوونێک بڵاودەکــرێتــەوەو چاپدەکــرێت، بـەبڕیارێکی سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ «مەحمودی مەلا عیزەت» هەر ئەو شـەوە پلێتێکی تر دروستدەکەن و شیعرێکی «دڵشاد مـەریوانی» لە جێگای شیعری یەکەمدا دادەنێن، شەوێکی درەنگیش لاپەڕەکان دەبەن بۆ مــاڵی ســەرپـەرشـتـیــاری لاپـەڕەکـانـی «ئەدەب و هونـەر» کـە بـەڕێز «شــیــرین.ک»ە تـا بیــبـیـنێت، دوای ئـەوەی «شــیــرین.ک» دەیبــینێت، تووڕەدەبێت و دەڵێت هەڵبەتە «دڵشاد مـەریوانی» مێردی من بووە، بەڵام شیعرەکانی هی هەمووانە، بەڵام دەبوو هیچ نەبوایە پرسێکتان بەمن بکردایە، دواتر پێیان دەڵێت ئەو شیعرەی خوارەوەش کە ناوی لەسەر

نییە نووسینی «هیوا قادر»ە، دووبارە لە چاپخانە جارێکی تر پلێتێکی تر دروستدەکەنەوە و شیعرێکی تری «دڵشاد مەریوانی» دادەنێن. دوای تەواوبوونی چاپەکەی دیسانەوە هەست بەهەڵەیەکێ تر دەکەنەوە لەوەی کە لەسووچی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمدا وێنەیەکی منی تێدایە لە گەڵ هێماکردن بە ناونیشانی دوو شیعرەکە و ژمارەی ئەو لاپەڕەیەی کە تێیدا بڵاوکراوەتەوە. دیسانەوە پلێتێکی تر لە چاپخانە دروستدەکەنەوە، ئەم کارانەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەکە ڕۆژێک لە وادەی خۆی دوابکەوێت و ڕێژەی «دوانزە هەزار دینار»یش زیاتر لە قیمەتی چاپی ئاسایی خۆی تێبچێت.

لە کۆبوونەوەی بەیانیانی ڕۆژنامەکەشدا کە ئەندامانی کۆبوونەوەکە هەژدە کەس دەبن، ئەم مەسەلەیە باسدەکرێت؛ لەوێدا تەنها کەژاڵ ئەحمەد و شیرین کاف دژ بەو مەسەلەیە قسە دەکەن، بۆیە لە کۆتایدا کەژاڵ ئەحمەد دەڵێت: لەم کۆبوونەوەیەدا تەنها دوو پیاوی تیایە، کە ئەویش من و «شیرین. ک» ین.

سەرنووسەری ڕۆژنامەکە «مەحمودی مەلا عیزەت» لە کۆبوونەوەکەدا دەڵێت: هیوا قادر، ڕۆمانی بۆ «مەسعود بەرزانی» نووسیووە، هەروەها چۆتە هەولێر کۆڕی گرتووەو لە فیستیڤاڵی «ڕامان»یشدا بەشداری کردووە، یەکێکە لەو سی و هەشت کەسەش کە دژی کوشتنی کۆمۆنیستەکان ئیمزای کردووە، لەسەروو هەمووشیانەوە، یەکێکە لە کارگێڕانی گۆڤاری «ڕەهەند».

دیارە یەک دوو کەسی تریش دژ بەو سانسۆرە حیزبییەی سەرنووسەر لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ هاتبوونەگۆ یەکێک لەوانە «نەوزاد علی ئەحمەد»بووە.

دوای بیستنی ئەم چیرۆکە لەلایەن هاوڕێکەمەوە، بێدەنگی گرتمی و

هیــچم بۆ نەوترا، هێندەی ئەوەی ووتم ســـبـــەینێ خـــۆم دەچم بۆ کـوردسـتـانـی نوێ. لە ڕێگای گـەڕانـەوەم بۆ مـاڵەوە، لە فکری خـۆمـدا نهێنیـەکانی ئەو یـاریە دۆڕاوەی حیـزبی کوردیم لێکدەدایەوە، کە چەندە لە بێلایەنی نووسـەران و ڕۆشنبیـرانی کورد دەترسێت. هـەموو حـیـزبی کـوردی لەسـەر ئـەو لایەنە کـۆکن کـە دژ بـە هـەمـوو دەنـگێکی ڕەخنەگـرو بێـلایەن بوەسـتنەوە، ئـەو دەنگەی دوای لێـدانی نایـەوێت بچـێـتـە پاڵ حیـزبی نەیاری بەرامبـەر؛ ئەم کارەش هەمیشە جێی ئاڵۆزییە بۆ حیزب و ناکـەوێتـە بازنەی یـەکلاییکردن و فـەرامـۆشکردنەوە. چونکە کـاتێک نووسـەرێک دژ بە حیزبێک دەنووسێت و لەلای ئەو حیزبەوە لێیدەدرێت، تەنـهـا بـە چوونی بۆ پاڵ حـیـزبی بەرامـبـەر ئـیـدی هیـچ خـەتـەرێک دروستناکات، چونکە لە هەمان کاتدا لەمبەریش بە هەمان ڕێژە و ژمارە نووســەرو ڕۆشـنبـیـرانی لێـدراوی بەرامـبـەر هـەن. ئەم گـەمـەیە کـە یاسایەکی سادە بەڕێوەی دەبات، گەمەیەکە هەموو حیزبەکان بە هەمان میتۆد کاری لەسەردەکەن. تێنەگەیشتنیش لە میکانیزمی ئەم یارییە لەم چەند ســاڵەی دواییــدا بووە یـەکـێک لە هـۆیە ســەرەکـیـەکـانی ئەو دابەشبوونەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی سەرێکم لە دەزگای سەردەم دا، ڕێکەوت کاک شـێرزاد حـەسـەنیش لەوێ بوو، ئـەوانیش چیرۆکـەکـەیان نزیک بە چیرۆکی هاوڕێکەم دەماودەم بیستبوو. هەروەها نامـەیەکیش لەلایەن «مـام جـلال»ەوە گـەیشـتـبـوو بە کـاک شـێـرکـۆ بێکەس، مـام جـلال لە نامـەکـەیدا پشـتی ئەو کـەسـانـەی گـرتبـوو کـە نارەزاییـەکـەیان دژ بە کوشتنی کۆمۆنیستەکان نووسیبوو.

لەگەڵ کاک شـێرزاد حەسـەن دا چووین بۆ کوردسـتانی نوێ، لەوێ لەگەڵ بیستنی هەندێ لە ڕاستیەکانی ڕووداوەکە، تووڕەبوونێکی زۆر

گرتمی، هەستم بە ئیهانەیەکی گەورە ئەکرد، تا ئەو ڕادەیەی ووتم: دەزانم ئەم دەزگایە ڕۆژنامەنووسێکی بەجورئەتی تیانییە، دەنا ئێستا خۆم ڕووتدەکردەوەو بە ڕووتی دەچوومە دەرێ. لەویادا کەژاڵ ئەحمەد پێی ووتم: گەر بشنووسرێت، بڵاوناکرێتەوە!

دوای هێمنبوونەوەم کەمێک دڵنەوایی «شیرین.ک»م کرد کە بەهۆی منەوە تووشی ئەو کێشەیەبووە، هەروەها داوای ئەوەم لێکرد کە لەم مەسەلەیەدا ئەوەندەی کە دەتوانێت خۆی بەدووربگرێت.

لە دوای ڕاپەڕینەوە دزێوترین ئەو دیاردانەی کە بەئاشکرا دەبینرێت و تا ئێستا بەپێی پێویست قسەی لەسەر نەکراوە، ئەویش ئەوەیە هەموو ئەو دەسەڵاتدارە حیزبی و ئەندام و لایەنگرانەی حیزبەکان کە لە ئەوروپاوە دەگەڕێنەوە، کردەوەکانیان زۆر پۆلیسانەتر و دزێوترە لەچاو ئەو دەسەڵاتدارو ئەندامانەی کە تا ئێستا لە کوردستاندان و دەیانەوێت هێندەی توانای خۆیان ئەو ڕەوتە خواروخێچەی بڕیاردانی حیزبەکان بەرەو ڕاسترو کراوەتربەرن. ئەگەر ئێمە تێبینی بکەین زۆرینەی دەسەڵاتدارەکان کە بڕیارەکانی جەنگ و کوشتن و گرتن و سانسۆریان لەبەردەستدایە، هەموو ئەوانەن کە بەلایانی کەمەوە چەند ساڵێک یان زیاتر لە ئەوروپا ژیاون؛ هەندێکیان تەنانەت فێری زمانە ئەوروپییەکانیش بوون، ئایا هۆکارەکانی ئەم کاژفڕێدانەدان و نەگۆڕاندنە دەبێت هۆی چی بێت؟! هەڵبەتە سادەترینیان کە لای هەمووان ئاشکرایە بەشداربوونیانە لەو شەڕەی کە لە پێناوی دەسەڵات و مانەوەدا دەیکەن.

بەداخەوە مانەوەی چەند ساڵێک لە ئەوروپا بە هەرچ هۆیەکەوەبێت لە ئێستای کوردستاندا بۆتە شێوەیەک لە «حصانە»ی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر حیزب و خەڵکی ئاسایدا. بەڵام هەرگیز ئەو

پرسیارە ناکرێت، کە ئایا ڕادەی گۆڕانەکانی بیرکردنەوەی ئەو کەسانە بەرەو خزمەتکردنی ئازادی و ئینسانی کورد بە چ پلەیەک گەیشتووە؟ من پێـمـوایە گـەر عـەشـقـی گـۆڕان لە بیـری ئەو گـروپە حـیـزبیـە پەڕاهـەندانەی کـورد لە ئەوروپا ئامـادەبوایـە، ئەوا هـەرگـیـز لە دوای ڕاپەڕینەوە کـۆمـەڵگەی کـوردی نەدەگلێنرایە نـاو جـەنگە سـەپێنراو و حیزبیـەکانیەوە. هۆکارەکانی ئەو نائامـادەییە دەستەئەنقەستیەش تەنها لە ترسـی دۆڕاندن و تـەسکبـوونەوەی سنـوورەکـانی دەسـەڵاتدا خـۆی دەبینێـتـەوە. بـەڵام ئایا هۆکـارەکـانی ترسـی گـۆڕان لە بەردەم گـروپی ئەندامـانـی گـەڕاوەی حـیـزبەکـان لە ئەوروپاوە، چەنـدە پەیوەندی بە گۆڕانی کۆمـەڵگەی کوردییـەوە هـەیە؟ ئایا ئەوە کۆمـەڵگەی کوردییـە کـە نایەوێت بگۆڕێت و گـروپی ناوبراویش هـەر لەبەر ئەم هۆیـەیە کـە فکری خۆی ناگۆڕێت؟ هـەڵبەتە وانییە، چونکە کۆمەڵگەی کوردی لەگـەڵ هـەموو گـیـرۆدەبوونێکی بە تراژیدیا خـوێنـاویەکـان و گـرفـتـە کـۆمـەڵایەتیـە گەورەکانیەوە، هێشتا کۆمەڵگەیەکە زیاتر ئامێزی بەرەو خۆشگوزەرانی و گۆڕانکاریەکان کردۆتەوە، هێندەی بۆ شـەڕ و نەگۆڕان و مەرگدۆستی کردبێتیەوە.

گـەر هـەر ڕۆژێک گوناهـەکـان بەشبکرێت، گوناهـی دووکـەرتکردنی کـۆمـەڵگاو شـەڕەخـوێناویەکان و کـوشـتنی خـەونی ئینسـانی کـورد و ڕووتکردنەوەی لە هـەموو ئینتماکانی، هـەروەها بێئومێدکردنی هـەزاران گـەنجی ئەو نیـشـتـمـانەو سـەرهـەڵگرتنی بەرەو ئەوروپا و هـەزارەها شـکسـتـی تر، بـەشی هـەرە زۆری ئەو گـوناهـانە بـەر ئەو نـووسـەر و ڕۆژنامەنووسە حیزبیانە دەکەوێت، کە ئاوا لە میدیای حیزبەکاندا دەبنە پۆلیس و هێندەی سـەرقاڵی خـوێندنەوەی ڕاپۆرتەکانن، هێندە سەرقـاڵی خوێندنەوەیەک نین کـە دەکرێت درێویەکانی ژیان جوانبکات و گرژیەکان

خاوبکاتەوە.

لەو یەک دوو هەفتەیەی دواتردا لە دوو کۆڕی تایبەتدا کە سەنتەری گەنجانی چوارباخ و یانەی قەڵەم ئامادەیان کرد بۆم، هەندێ لە بەرهەمە شیعریەکانم خوێندەوە. قەولبوو لە یەکێک لە پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆنی «خاک»یشدا چاوپێکەوتنێک بکەم، بەڵام من ووتم تا کوردستانی نوێ بە نووسراوێک داوای لێبووردنم لێنەکات، بە هیچ شێوەیەک من ئامادەنیم بەشداری لەو پرۆگرامەدا بکەم.

بەهۆی کاک شێرکۆ بێکەسیشەوە ئاگادارکرامەوە کە ئەو گروپەی نارەزاییەکەیان دژ بە کوشتنی کۆمۆنیستەکان نووسیووە، لەلایەن مام جەلالەوە میوانداری دەکرێن. رۆژێک پێش چوونی ئەو گروپە کە منیشیان لەگەڵ بووم، لە دەزگای سەردەم ئامادەبووین، تا بزانرێت بە چ شێوەیەک ڕاستیەکانی کوشتنی کۆمۆنیستەکان لەلای مام جلال باسبکرێت. لەسەرەتای قسەکانەوە کاک شێرکۆ ئاگاداری کردینەوە کە چوونی سبەینێمان بۆ لای مام جلال کەوتۆتە هەفتەی داهاتوو. لەبەر ئەوە من ئاگادارم کردەوە کە ناتوانم بەشداربم، چونکە لەو چەند ڕۆژەی داهاتوودا دەگەڕێمەوە. لەو دانیشتنەدا بەئامادەبوونی هەمووان بە کاک شێرکۆم ووت: من ڕێبین ئەحمەد هەردی، هەڵدەبژێرم لەبری من لەوێ قسە بکات. کاک شێرکۆ ووتی: چاکتریشە خۆت لە نامەیەکدا ئەو ڕووداوەی کوردستانی نوێ بنووسیت و نامەکەش بدەیت بە ڕێبین.

ڕۆژەکانی سەفەرەکەم کەوتنە کزی و وادەی گەڕانەوەم نزیکبۆوە، بۆ دواجار شەقام و کۆڵانەکانی شار گەڕام، درەخت و دیوار و شەقامەکان پیرتر و پەژموردەتر لە هەفتەی یەکەمی سەفەرەکەم دەهاتنەبەرچاوم. کتێبخانەکان دەگەڕام تا هەندێ کتێب بکڕم و لەگەڵ خۆم بیبەمەوە، ئەوەی زۆر سەرنجی ڕادەکێشام، کردنەوەی ئەو

کتێبخانە نوێیانە بوون، کە تەنها کتێبە دینیەکانیان تیادا دەفرۆشرا. ژمارەی کردنەوەی مزگەوتەکانی شارو دەوروبەریشی هێندە زیادبووبوون، ژمارەیان گەیشتبووە «حەفتاو پێنج» مزگەوت؛ ژمارەی باخچەکانیش هەر ژمارە کۆنەکانی خۆیان بوون و زیادیان نەکردبوو.

ترسی ماڵئاوایی گرتبوومی، لەگەڵ خۆم دەدوام و دەمووت: ئای چەندە لە ماڵئاوایی دەترسم، چەندە هیلاکم بەدەست زۆری ماڵئاواییەکان و کەمی بەخێرهاتنەوەکان.

لەو چەند رۆژەشدا رێبوار سیوەیلی هاورێم، بۆ سەردان هاتبووە سلێمانی، لەیەکێک لە چوونە دەرەوەکانماندا، چووینە بەردەم دەرگای سینەما «سیراوان»، لە دەرگا شیشەبەندوو کونکونەکەی سینەماکەوە سەیری ئەو وێنە هەڵواسراوانەی ناو جامخانەکەمان دەکرد و لە گفتووگۆی رۆڵی سینەمادابووین وەک یەکێک لە هۆکارە رۆشنبیریەکان؛ خاوەنی سینەماکە لەودیوو دەرگاکەوە وەستابوو، دیاربوو گوێی لە گفتووگۆکەی ئێمە گرتبوو، بۆیە دەرگاکەی بۆ کردینەوەو ووتی حەزدەکەم هەندێ راستیتان لا بدرکێنم، ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە چووینە ژورێ. خاوەنی سینەماکە ووتی: جارێ با لەو وێنە گەورەیەی سەر رووی سینەماکەوە دەستپێبکەم، (پەلی هەردووکمانی گرت و هێناینیە دەرەوەو دەستی بەرزکردەوەو وێنە گەورەکەی سەر رووی سینەماکەی پیشانی داین)، ئەو وێنەیە دەبینن، ئەوە لە ترسی حیزبە ئیسلامیەکان نیوەی وێنەی ریکلامی فلمەکەمان برییەوە، چونکە وێنەی ئافرەتێکی نیوەرووتە، لەبەرئەوەی چەند جارێک شکات و هەرەشەیان لێکردووین؛ هەروەها ئەم وێنانەی لە جامخانەکەشدا دەیبینن، کە زۆریان وێنەی دیمەنی رووتە، ئەمەش لە راستیدا هەندێکی لە فلمەکەدا نییەو ئێمە لەبەر سەرنجراکێشانی موشتەریەکانمان ئەم وێنانەمان

هەڵواسـیـووە، وە هەندێک لەو وێنانەش کـە دیمەنی فلمـەکـەیە، ئێـمـە پیشانی نادەین و بڕیومانە تا ئیسلامیـەکان نانبڕاومان نەکەن. دواتر هەناسـەیەکی هەڵکێشاو ئەمجارەیان گڕوگەرمـتر دەستی کردەوە بە قسـەکردن. ووتی: ئێستا وەک جاران نەمـاوەو بینەری سینەمـا زۆر کـەمبـۆتەوە؛ ئەوسا یـەکێک دەهاتـە ژوورەوەو بە پشتـوێنەکـەی ڕیزێک کـورسی بۆ خـەڵکی تر دەگـرت تا بێنە ژوورێ. هەناسـەیەکی تری هەڵکێشاو بەردەوام بوو ووتی: ئێستا دووکانی سـەر کـۆڵانەکـانیش زیادی کـردووەو هـەمـوو جـۆرە فلمـێک بە نرخـێکی هـەرزان لە سـەر سکرین و تەلەفـزیۆن پیـشـان دەدەن، هەروەها زۆرینـەی خـەڵکیش لە مـاڵەوە سـەتەلایتی هەیەو سـەیری نوێتـرین فلم دەکـات، هیچ نەبێت سـەیری ئەو فلمانە دەکاتە کـە ئێـمـە ناوێرین پیـشـانی بدەین، بۆیە ڕۆژبـەدوای ڕۆژدا بینەری سـینەمـا کـەمـدەبێـتـەوە. زۆرینـەی مشتەریەکانیشمان خەڵکی دێهاتەکانن، یان ئەوانەن کە سەتەلایتیان نییە.

من پێموت: باشـە دەکرێت ئێوە فلمێک بێنن، کە سەرنجڕاکێش بێت و بینەرێکی زۆر بێتەسەیری.

ئەویش لە وەلامدا ووتی: من کاتێک فلمێک دەکرم، دەبێت بیر لە هەژدە پارێزگـای عێراق بکەمەوە، بۆ ئەوەی فلمەکەم لە پارێزگاکاندا بگەڕێ و بینەران سەیری بکەن. من ناتوانم فلمێک بێنم و ژمارەیەکی کەم بیبینێت، ئەوسا ئێمە ڕۆژانە نزیکەی پێنج جار فلممان پیشان دەدا، ئێستا دوو یا سێ جار پیشانی دەدەین، جاری وایە هێندە بینەرمان کەمە، پارەی بلیتەکانیان ناگاتە پارەی مەسرەفی کارەباکە.

من و سیوەیلی و خاوەن سینەماکە هەندێ قسەی ترمان کردو بەجێمان هێشت؛ سیوەیلی لە ڕێگا ووتی: لە ڕاستیدا ئەم کێشانە تا

ئێستا کەس قسەی لەسەر نەکردوون، یەکێک لەوانەش ئێمەین کە دەبێت قسەیان لەسەربکەین.

هەستمەدەکرد کوردستان بە گشتی کانگایەکە پڕ لە بابەتی هەمەجۆر و سەرنجڕاکێش، کە دەکرێت سەدەها دۆکۆمێنت و ووتار و ڕاڤەکردنیان لەسەر بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەو هەزاران هەزار بابەتانە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بە دەگمەن دەبینرێن، یان تەنها بە چەند دێڕێکی کەم وەک هەواڵێک لە ڕووی ڕۆژنامەیەکدا دەخرێنەڕوو.

ئەو کتێبخانەیەی کە لە ماڵەوە هەمبوو، لەسەر داوای ماڵەوەو نەبوونی خوێنەر، هەروەها کۆنبوون و زەردبوونی پەڕەی کتێبەکان، دەبوو بیانفرۆشم. ئەو بڕیارەم زۆر لەبەردڵگران بوو؛ بۆ دواجار چاوێکم بە کتێباکاندا خشاندەوە، لەگەڵ بینینی هەر چەند دێڕێکی سەر کتێبەکان کە مێژووی کڕین و شوێن و وادەی ئەو ڕۆژانەی لە سەر نووسرابوو، خەیاڵ دەیبردمەوە؛ یەکەم کتێبم بیرکەوتەوە کە بە دووسەد و پەنجا فلس کڕیم، ئەویش کتێبی چیرۆکەکانی «موحەمەد ئەحمەد ئیسماعیل» بوو بە ناونیشانی «دارەکەی بەرماڵمان»،. بە هەموو ئەو یادوەری و نووسینانەوە، کتێبەکانم دابەیەکێک لە کتێبفرۆشەکانی سەر شەقامەکان و دڵمپڕبوو لە کەسەری ماڵئاوایی.

لەگەڵ هاوڕێم «دلاوەر قەراغی» ڕێکەوتین پێکەوە بگەڕێینەوە، شێرزاد حەسەنیش سۆزی پێداین تا هەولێر بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی بمانگەیەنێت. سەرلەبەیانی چواردەی مانگی ئۆگەستی، شێرزاد حەسەن و ڕێبوار سیوەیلی، بە دوامدا هاتن بۆ ماڵەوە، بەدەم ڕژانی فرمێسکەوە خواحافیزیم لە خوشک و برایان کرد، سەرم خستە ناو هەردوو لەپی دەستی باوکم و تێرگریام؛ باوکم بەئاشکرا دەگریاو

دەیووت: تازە ناتبینمەوە. منیش دڵنیابووم کە نایبینمەوە، چونکە هەستمدەکرد هەمیشە مەرگ لە سەر کورسیە بەتاڵەکەی بەرامبەری دانیشتووەو چاوەڕوانە من برۆم و ئەوسا بێتە تەنیشتیەوە.

قۆڵە شل و دەستە ماندووەکانمان بۆ یەکتری بەرزکردەوەو بە سواری ئۆتۆمبێلەکە چووین بەدوای دلاوەر قەرەداغی دا؛ لە ڕێگا شێرزاد حەسەن و سیوەیلی دەیانزانی قوڕگم پڕ لە گریانە، بۆیە بێدەنگیەکی خەمناک ئەوانیشی گرت. من پێمووتن: تازە باوکم نابینمەوە. شێرزاد حەسەن ووتی: تۆ خۆشبەخت تری لەمن، کەبۆ دواجار توانیت تێر لەگەڵ باوکتدا بگریت و ماڵئاوایی لێبکەیت. دەمزانی سیوەیلیش هەمان خەمی دووری لە مەرگی باوکی قوڕگی پڕکردووە لە گریان.

بۆ دواجار لەودیوو برژانگە تەڕەکانمەوە لە شەقامەکان و ڕێبوارەکانم دەڕوانی، تا گەیشتینە بەر قاپی ماڵی دلاوەر. دلاوەریش بەدەم فرمێسکەوە ماڵئاوایی کرد و بەڕێکەوتین. دلاوەر لە تەنیشتمدا بەدەم هەنسکەوە لەبەرخۆیەوە دەیووت: ئای، کەچەند تەنهام!

نزیک بە کتێبخانەی گشتی بووینەوە، دلاوەر بە شێرزاد حەسەنی ووت: من دادەبەزم و دەمەوێت سەرێک لە ماڵەوە بدەمەوە. دلاوەر دابەزی و بەتەکسییەک گەڕایەوە. منیش بە شێرزاد حەسەنم ووت: با بچین بۆ سەرقەبرانی شێخ محێدین. کە گەیشتین، من چوومە سەر گۆڕەکەی دایکم و ئەو هەنسکە عاسی و قووڵانەی کە نەمڕشتبوون، ڕشتمن؛ بەدایکم ووت: ئاگات لە باوکم بێت، چونکە دەزانم تۆ هەمیشە ئافرەتێکی میهرەبان بوویت لەگەڵیدا، بەو زووانە دێت بۆلات.

وادەی بینینەوەمان لەگەڵ دلاوەردا سەنتەری گەنجانی بەختیاری بوو، کە ئەو بەیانییە، کۆڕێکی تایبەتی بۆ میوانداریکردنی کۆمەڵێ لە

نووسەرانی عەرەب کە لە چەند وڵاتێکی جیاوە هاتبوون سازکردبوو. دوای خۆناساندنی نووسەرەکان، کۆمەڵێ پرسیاری هاوشێوە لەلایەن ئامادەبوانی کۆڕەکەوە ئاراستەیان کرا، کە ئایا بۆچی ڕۆشنبیران و نووسەرانی عەرەب لە تاوانەکانی هەڵەبجەو ئەنفال بێدەنگن؟

دوای نزیکەی دوو سەعاتێک مانەوەمان لەوێ، دلاوەر گەڕایەوەو ئیدی بەڕێکەوتین. لەسەرەتاوە بێدەنگیەکی قورس هەموومانی گرتبوو، ئەگەرچی شێرزاد حەسەن جارجارە بە پێکەنینە تایبەتیەکەی خۆی بێدەنگیەکەی دەڕەواندەوە. لە کەپرەکانی ڕێگای «قەشقۆڵی» دابەزین و هەندێ هەنجیر و ترێ و هەنارمان کڕی؛ دواتریش لە چێشتخانەیەکی «کانی وەتمان» دابەزین و نانمان خوارد. کاتێ کۆیەمان بەجێهێشت و گەیشتینە دوا خاڵی پشکنیینی یەکێتی، ڕایان گرتین و پرسیاری ئەوەیان لێکردین بۆ کوێ دەچین؟ کە سندووقی سەیارەکەش گەڕان پرسیاری ئەو کتێبانەیان کرد کە پێمانبوون، یەکێک لەو کتێبانە دیوانێکی شیعری نوێی «ئەنوەری ڕەشی عەولا»بوو، کاک شێرزاد پێیووتن: دیوانی شیعرە. چەکدارەکە ووتی: دەتوانم کتێبێکتان لێوەربگرم. کاک شێرزادیش کتێبێکی دایەو بەڕێکەوتینەوە. لە ڕێگا کاک شێرزاد بەپێکەنینەوە ووتی: ئەوە یەکەمجارە شیعر ڕزگارمان بکات.

تا گەیشتینە هەولێر، چەند جارێک لە چایخانەکانی سەرڕێگا لاماندا‌و خۆمان فێنک کردەوە. گڕەی گەرماکە و هالاوی تراویلکەی سەر جادە قیرتاوەکە، لە هالاوی دەم کورەی بەردەم ئاسنگەرەکانی پێش مێژوو دەچوو، کە هەزارەها ڕم و شمشێر دروستبکەن.

گەیشتینە هەولێر و لە ماڵی سیوەیلی خۆمان فێنک کردەوە؛ لەوێ ئەو نامەیەی کە بڕیاربوو بەدەستی ڕێبین هەردیدا بینێرم بۆ «مام

جـلال» دامـه دەسـتی شـێـرزاد حـەسـەن، تا لە گـەڕانەوەیدا بیـدات بە ڕێیبین. وە لەویادا بۆ شێرزاد حەسەن و ڕێبوار سیوەیلم خوێندەوە:

بۆ بەڕێز مام جلال تاڵەبانی
سلاو و خۆشەویستیمان قبوڵبکەن

من نـاوم «هیـوا قـادر»ە، نـزیکەی نۆ سـاڵە لـە وڵاتی سـوید دەژیم، یەکێکم لە کـارگێڕانی گۆڤاری «ڕەهەنـد»، کە گـۆڤـارێکی سـەربەخـۆیەو تایبەتە بە لایەنەکانی کلتور و تیۆر و ڕاڤەکردن.

نزیکەی مـانگ و نیـوێکە گـەڕاومـەتەوە بۆ کـوردسـتـان، کـۆڕێکی شیعریم لە شاری هەولێر و سێ کۆڕم لە سلێمانی گرتووە.

هەروەهـا من و هـاوڕێم «دلاوەر قـەراغی» لە کۆڕە شیـعرییـەکەمـاندا لە سـەنتـەری گـەنجانی سلێمـانی، پەیامێکمـان خـوێندەوە سـەبارەت بە کوشـتنی پێنـج کـەس لە حـیـزبی کۆمـۆنیست. هەروەهـا مـن یەکێکم لەو کەسانەی کـە دژی کوشتنی ئەو پێنج کەسە ئیمـزام کردووە؛ ئەگەرچیش من تێبینی خۆم هەیە لەسەر شێوەی کارکردنیان لە کوردستاندا، بەڵام ئەم بیـانووەو چەندەها بیانووی تریش نابێت ببنـە هۆکارێک کە هێزێکی وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێزی قەناعەتکردنـی خۆی لە ڕێی دیالۆگەوە شکست پێبێنێت و بگاتـە حاڵەتی بنبەستکردن و کوشتنیان. هەڵبـەتـە مـەبەسـتی ئیـمـزاکردنی منیش لەو پەیامـەدا بەدەنگەوەهاتن و خەمخـواردنمە بۆ بەهـای ئینسانی لە کوردستـاندا، هەڵبەتە ئەم ڕووداوە بەسـەر هـەر گروپ و لایەنێکی تریش بهاتایە من هـەر هەمان هەڵوێستم دەبوو، چونکە من جـوانی کۆمەڵگای کوردی لە جـوانی جیاوازییەکاندا دەبینم، جـورئەتی سـیاسـی و ڕۆشـنبیـریش بەهـەمـان شێـوە لە جـورئەتی دەستخستنە سەر هەڵەکاندا دەبینمەوە.

حەزدەکەم سەرنجی بەڕێزیشتان بۆ گرفتێکی تری ڕابکێشم کە لە چەند هەفتەی بەرووودا بەرامبەر بە من وەکو نووسەرێک کراوە. لەیەکەم کۆڕی شیعریم لە سلێمانی دوای خوێندنەوەی شیعرەکان، بەڕێز «شیرین.ک» داوای دوو شیعری کورتی لێکردم تا لە پاشکۆی هونەر و ئەدەبی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاویبکاتەوە. ئەوەبوو لە ڕۆژی ٢٠٠/٨/٣ دا دوای چاپکردنی دوو شیعرەکەی من لە لاپەڕەی دووی ڕۆژنامەکەدا. بە بڕیارێک لە لایەن سەرنووسەری کوردستانی نوێوە بەڕێز «مەحمود مەلا عیزەت»ەوە بەرهەمەکەی من لابراوەو لەبری ئەو شیعرانە دوو شیعری شەهید «دڵشاد مەریوانی» دانراوە، بەبێ ئەوەی پرس بە بەرپرسی پاشکۆی ئەدەب و هونەر بکرێت، بە چەشنێک کە سێ جار پلێتی چاپکردنی ئەو دوو لاپەڕەیە گۆڕاوە تا هیچ ئەسەرێکی گۆڕان لە لاپەڕەکاندا دەرنەکەوێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پاشکۆی کوردستانی نوێ ڕۆژێک دواتر لە چاپخانە بێتەدەرێ و بکەوێتە بازاڕەوە.

من بۆ خۆم ئەمە بە ئیهانەیەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دادەنێم کە بەرامبەر من کراوە، وە دەشزانم ئەو بڕیارو بیرکردنەوەیە بڕیارو بیرکردنەوەی بەڕێزتان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان نییە. دەبێ چ هۆیەکی هێندە گەورە لە پشتی ئەو بڕیارەوەبێت، کە من نووسەرێکی سەربەخۆم و هیچ پەیوەندی و لایەنگیرییەکم بە هیچ گروپ و حیزبێکەوە نییە، وە هەڵبەتە بەعسیش نەبووم و بەهەقی خۆشمی دەزانم وەک ڕۆشنبیرێکی بێلایەن قسە لەسەر هەموو کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستان بکەم، هەر لە نەبوونی سەهۆڵەوە تا گەورەترین کێشەی ناو پەرلەمان.

ئێستاش بەدەر لە غروری نووسەری خۆمەوە، بەڵکە وەک ئیعتبارو

حەقێکی مەدەنی خۆم داوا لە کوردستانی نوێ دەکەم، کە بە نووسراوێک داوای لێبووردن وەکو نووسەرێک لە من بکات، ئەگەر نا ئەوا هۆکاری بڵاونەکردنەوەی بەرهەمەکانی من وەکو نووسراوێک لە کوردستانی نوێدا بڵاوبکرێتەوە، ئەم داوایەی منیش هیچ مەبەستێکی سیاسی بەدواوەنییەو ناشمەوێت هیچ لایەنێکی تر سوود لەم مەسەلەیە وەربگرێت.

هەڵبەتە جێی خۆشحاڵیم دەبوو لەگەڵ بەڕێزتاندا لە نزیکەوە لەگەڵ ئەو گروپە میوانەی ئەوڕۆدا باسی کێشەو گرفتەکانی ترمان بکردایە. بەڵام ناچاربووم بگەڕێمەوە چونکە وادەی گەڕانەوەی سەفەرەکەم ڕێی پێنەدام لەوە زیاتر بمێنمەوە.

هەرشادو سەرفرازبن

هیوا قادر

2000/8/11

دوای کەمێکیش هەردوو هاوڕێم نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و عەبدولموتەلیب هاتن بۆ ماڵئاوایکردنمان. ئێوارە، فێنکانێک بەرەو شەقڵاوە بەڕێکەوتین، تا درەنگە شەوێک لە باخچەیەکی فێنکی یەکێک لە نادیەکانی شەقڵاوە دانیشتین، دواتر چووین بۆ ماڵی هاوڕێم «ئاریان فەرەج». تا شەوێکی زۆر درەنگ لەگەڵ گیزەی مێشوولەکاندا دانیشتین. بەیانیش ماڵئاوایمان لەوان کردوو چووینە گەراج، سواری ئۆتۆمبیلێک بووین و ماڵئاوایمان لە شێرزاد حەسەن و ڕێبوار سیوەیلی کرد.

من و دلاوەر، هەردووک بە بێدەنگی بە دووری ڕێگا، نوقمی خەیاڵەکانمان بووین تا دوانیوەڕۆیەکی نزیک گەیشتینە سەر بنکەی فیشخاپور. بە پێچەوانەی گەڕانەوەم، لە چوونەوەمدا توانای ئەو

مەنەڵۆگانەم نەبوو کە لە گەڵ خۆمدا دەمکرد لەبەرامبەر دیمەنەکانی سەر ڕێگاو ئەو سروشتە نارامکراو دڕەی کوردستاندا.

بە خێرایی کاروباری پەڕینەوەکەمان ئەنجامداو، ئێمەش بە خۆمان و جانتاکانمانەوە، لەگەڵ ئەو دەیەها موسافیرانەی تردا چووینە ژێر ئەو کەپرەی کە لە ڕۆخ ڕووباری فیشخاپوردا دروستکرابوو. بەنۆبە ناوەکانمان بەدەستی بەلەماوانەکەی ناو ڕووبارەکەدا دەنێردرا بۆ ئەو بەر، تا چێکی ناوەکانمان لەلایەن «موخابرات»ی سوریاوە بکرێ و بپەڕینەوە؛ دوای چاوەڕوانی زیاد لە دوو سەعات، من و دلاوەر لەگەڵ دوو موسافیری تردا بووینە دواهەمین کەس و پەڕینەوە. لە ناو بەلەمەکەدا هەوای کشاوی سەر توێی ئاوی ڕووبارەکە دەیدا لە ڕوومان و کەمێک فێنکی دەکردینەوە. لەوبەر ئاوەکە دوو بەرپرسی «موخابرات» جانتاکانیان کردینەوە و پرسی ئەو کتێبانەیان لێدەکردین کە پێمانبوو، دوای کەمێک جانتا هەڵوەشاوەکانمان بەستەوەو بە سواری پیکابێک بەسەر هەورازەکەدا گەیشتینە بەردەم ئەو تاقە ژوورەی کە کاروباری هاتنەژوورەوەمانی بۆ ڕاییدەکردین. ئەم جارە جیاواز لە جاری پێشوو ناردینیان بۆ ئەو ڕیزە خانوانەی سەروتر و یەکی ئیستمارەیەکیشیان پێ پڕکردینەوە، ژوورەکان پڕ بوون لە وێنەکانی «حافز ئەسەد و بشاری کوڕی»، دیسانەوە چووینەوە بەردەم وەستانی نۆبەی تاقە ژوورەکەی خوارەوە، دواهەمین کەس کە بەڕێکرا من بووم، بۆیە کارمەندەکە ناسیمیەوەو ووتی: ئەم جارەش تۆ هەر دواهەمین کەس بوویت. منیش ووتم: هیوادارم، لە مردنیشدا دواهەمین کەس بم. بەدەم پێکەنینەوە پاسپۆرتەکەی دایەوە دەستم و خواحافیزی لێکردم.

گۆی خڕی خۆر لە گەرماندا خەریک بوو دەتوایەوەو دڵۆپ دڵۆپ بەسەر سەرماندا دەتکا، گەرما بڕستی لێبڕیبووین. شوفێری پاسەکان

بە کرمانجی و عەرەبی لەسەر گەیاندنی موسافیرەکان لە نێوان خۆیاندا کردیانە هەرا. دوای تۆزێک یەکێک لە شۆفێرەکان کە نۆبەی هاتبووە سەر بۆ گەیاندنمان، ئێمەی فرۆشت بە شۆفێرێکی تر، ژمارەمان چواردە موسافیربوو، پاسە بچکۆلەکەش تەنها جێگای دە کەسی تێدا دەبۆوە؛ چوار لە موسافیرەکان مانیان لەسەر نرخی کرێکە گرت و ووتیان ئێمە سوارنابین. ئەو مشتومڕە ناخۆشە نزیکەی سەعاتێکی تری لەژێر گەرمای ئەو هەتاوەدا هێشتینەوە، لە کۆتایدا موسافیرەکان بەسەر دوو پاسدا دابەشبوون و بەڕێکەوتین بۆ قامیشلی. دوانیوەڕۆیەکی درەنگ کە هێشتا گەرما تینی خۆی نەدۆڕاندبوو گەیشتین. من و دلاوەر چووینە ئوتێلێک تا کەمێک بحەوێینەوە، لەبەردەرگای ئوتێلەکەدا دەستیان دایە جانتاکانمان و بردیاننە ژوورەوە. بە یەکێک لە کارمەندی پرستگەی ئوتێلەکەمان ووت: ئێمە تەنها چەند سەعاتێک دەمێنینەوەو شەوێ بەڕێدەکەوین بۆ شام. دیاربوو قسەکانی ئێمە بەدڵی ئەوان بوو، بۆیە بە غەمزەی چاو لەگەڵ یەکتریدا دوان، پارەی کرێکەیان خستە گرفانی خۆیانەوەو وەک موسافیر ناونووسیان نەکردین، یەکێکیان لەگەڵمان هات و ژوورەکەی پیشاندایین.

دوای کەمێک ڕاکشان، من چوومە حەمامە پیس و بچکۆلەکەی ئوتێلەکەوەو بەو ئاوە گەرمەی ناو تانکیەکان دوشێکم کرد.

شەوێ سەعات نۆ بە سواری تەکسییەک چووین بۆ گەراج، شۆفێرەکە ووتی: ئەگەر پێشوەخت جێگاتان لە پاسەکاندا نەگرتبێت زەحمەتە بتوانن سەفەربکەن. کە گەیشتینە گەراج قسەی شۆفێرەکە بەڕاستگەیشت؛ هەموو ئەو مەکتەبانەی کە خاوەنی پاسەکان بوون گەڕاین و جێگامان دەستنەکەوت، قەرەباڵغییەکی زۆر لە گەڕەجەکەدا

دروستبووبوو. ناچار بۆ ئەوەی سبەینێ فریای شام بکەوین، بە قۆناغێک سواری پاسبووین بۆ شاری «حەسەکە»، دوای سەعاتێک گەیشتینە حەسەکە. لەبەر شۆستەی بەردەم دەرگای گەراجەکە جانتاکانمان داگرت و من چووم بلیتی پاسم بۆ شام بڕی، کە سەعات دوانزەی شەو بەڕێدەکەوت. ناچاربووین نزیکەی دوو سەعاتێک چاوەڕوان بین. ئێمە لە چاو موسافیرەکانی تردا سیمامان هیلاکتر و جانتاکانمان جێگای سەرنج بوو، بۆیە هێندەی نەبرد زابتێکی ئاسایشی گەراجەکە، کورسیەکەی هێنایە تەنیشتمانەوەو کەوتە پشکنینی جانتاکانمان؛ هەردوو جانتاکەی من جگە لە پانتۆڵ و کراس و خاولیەک هەمووی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردستان بوو، جانتاکانی دلاوەریش بەهەمان شێوە؛ زابتی ئاسایشەکەش بە کاوەخۆ پەڕە پەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤار و کتێبەکان دەگەڕاو پرسیارە هەمەجۆرە پڕ لە گاڵتەکانی خۆیی لێدەکردین. دەمزانی دلاوەر تەحەمولی لە من خراپترە، بۆیە زۆرینەی کات من وەڵامی ئاسایشەکەم دەدایەوە و هەندێ جاریش وەڵامەکانی دلاوەرم ڕاستدەکردەوە، تا تووشی کێشەنەبین و بتوانین شەوێ سەفەربکەین. سەر شۆستەی بەردەم دەرگای گەراجەکە پڕ بوو لە کتێبەکانی ئێمە و تا دەهات ژمارەی ئاسایشەکان بەسەرمانەوە زیادی دەکرد، موسافیرەکانی تریش لە دوورەوە سەرنجیان دەداین و سواری پاسەکانی خۆیان دەبوون؛ ئەو دوو سەعاتە هەر نەبڕایەوەو هەڵدانەوەی پەڕەی کتێب و ڕۆژنامەکانیش تەواونەبوون، زابتەکە دیاربوو ئەو کتێبانەی زیاتر لەبەردڵگرانبوون، کە بە زمانی عەرەبی بوون و باسیان لە ڕژێمی عێراقی دەکرد، ناچاریکردین هەندێ لە دێڕی کتێبە کوردیەکانیشی پێ وەرگێڕاینە سەر زمانی عەرەبی، دواتریش قۆخێکی لەو کیسە قۆخەی کە من لە

قامیشلی کرێبووم لەگەڵ خواردیین؛ من و دلاوەر هەرچەندمان دەکرد جانتاکانمان بۆ ڕێکنەدەخرایەوە، ناچار هەروا بە شپرزەیی شتەکانمان لە جانتاکانمان ئاخنی و سەعاتی دوانزە سواری پاس بووین بەرەو شام.

شەوێ بە کەمێک خوێندنەوەو وەنەوزەوە تێپەڕی و دوای هەڵهاتنی خۆر گەیشتینە شام. لە شام چووینە گەڕەکی «مساکن برزە» بۆ لای «سەلاح ئەحمەد و سەروەر ئەحمەد»، کە ئەوانیش وەک هەموو کوردە پەراهەندەکانی تر لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی «UN»ەوە چاولەڕێی سەفەربوون.

دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە شام و سەریەشەی بەرتیلدان و بەڕێکردنی کاروباری سەفەرەکەم، دلاوەرم بەجێهێشت کە بەنیازبوو دوای من بە دووڕۆژ بگەڕێتەوە. ئێوارەی هەژدەی مانگ سلاح گەیاندمی بۆ فڕۆکەخانە، دوای چێکردنی پاسپۆرتەکەم لە کۆنترۆڵ و کەمێک چاوەڕوانکردن، پۆلیسێک لێیپرسیم: کەی لە دایکبوویت و لەکوێ؟ منیش ووتم: ٢٦/١/٦٤ لە سلێمانی/ عێراق لە دایک بووم. پۆلیسەکە پاسپۆرتەکەی دایەوە دەستم و لە دوورەوە دوامالئاوایم لە سەلاح کرد. دوای نیوسەعاتێک چاوەڕوانکردن، سواری فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی سوری بووم، کە ڕێگاکەی شام، حەڵەب، ستۆکهۆڵم بوو.

کە سواری فڕۆکەکە بووم کەمێک دڵنیایی گرتمی لەوەی کە ئەم فڕۆکەیە وەک ئەو فڕۆکەیە نییە کە پێی گەڕامەوە، چونکە ناو فڕۆکەکە پەردەو پۆشداختر و نوێتربوو، جل و بەرگ و سیمای خزمەتکارەکانیش جوانتر و پۆشتەتربوون. کە لەسەر کورسیەکەم دانیشتم، بینیم هەمان ئەو ژن و سێ منداڵەی کە لە سەفەری هاتنەوەمدا کە لە کورسیەکانی پشتمەوە دانیشتبوون، ئێستاش لەهەمان جێگادا دانیشتوون.

منداڵەکـان ئەم جـارەش وەک جاری پێشـوو لە هەسـتانی فـڕۆکەکـەدا کـردیانـەوە بە زریکەو گریـان. دوای کـەمێک پـێکێک ویسکیم بـانگکرد و زوو بۆیان هێنام، بەدەم داڵغەو گوێلێبوونی ورتە ورتی موسافیرەکانەوە کـە زۆرینـەیان کـوردبوون، دوای سـەعـاتێک گـەیشـتینـە فڕۆکـەخـانـەی حـەڵـەب، دوای هەندێ چاوەڕوانکردن کــاپتنی فــڕۆکــەکــە ئـاگــاداری کـردینەوە کـە گرفـتێک لە فڕۆکـەکـەداهەیەو پێـویسـتـە بۆ مـاوەی دوو ســـەعـــات بـچـــینـە خـــوارەوەو چاوەڕوانـبکـەین. بە دوو پـاسـی نـاو فــڕۆکــەخــانەکــە بردیانـین بۆ هۆڵی ترانزێت. بەدەم خــواردنـەوەی ئەو کۆکاکۆلاو بیـرانەی کە دابەشـیـان دەکرد بـە سەرمـاندا بەتەنـها لەسـەر کـورسـیەک دانیـشـتم، هێندەم زانی پیـاوێکی پیـری تەمـەن حـەفتـا سـەڵە هاتە لامـەوەو جگەرەیەکی دامێ، پیـاوەکـە بـە عـەرەبی دەسـتی کـرد بـە قسەکردن، باسـی خۆی کرد کە لە پەنجـاکانەوە لە «حـەیفا» دەرکـراوە و دواتر لە سعودیە و ئەردەن و شـام ژیاوە، ئێسـتـاش بۆ سـەردانی کچێکی دەچێت بۆ سـتـۆکـهـۆڵم. زۆرینـەی قـسـەکـانـی ئەو پیـاوە بە تەمـەنە، ڕەخنەگـرتن و قسـەپێـووتن بوو بە دەسـەڵاتدارانی عـەرەب و ڕێخـراوی ڕزگـاریخـوازی فـەلەسـتین. کـات تێـپـەڕی و لەبانگکردنماندا بـۆ ناو فڕۆکەکە پیاوەکە داوای لێکردم یارمەتی بدەم و جانتـاکەی بۆ هەڵبگرم، جـانتـاکـەی ئەوم هـەڵگرت و ئەوەی خـۆمـدا بـە کـۆڵداو چووینـەوە نـاو فڕۆکەکە.

منداڵەکان دیسانەوە بەدەمخـەوەوە کەوتنەوە گریان و نوزەنوزکردن، بەڵام دواتر خەو داگیریکردن و بێدەنگ بوون. سـەر لەبەیانی تازە یەکەم تیـشک دەیدا لـە چاوی خـەواڵووی سـتـۆکـهـۆڵم، فـڕۆکـەکە نیشـتـەوە. جانتـاکانم وەرگرتنەوەو بەو تـەنها سێ سـەد کـرۆنەی کە پێم مـابوو، بە سـواری تەکسییـەک بە کرێی ڕەش گەیشـتمـەوە مـاڵێ. بۆ دوانیوەڕۆ کە

ڕێنوار و بارانی کچمم بینییەوە، دایکیان پێیووتم: کە لەسەفەری ئەڵمانیا گەڕاینەوە، ماڵەکە پڕبووبوو لە بۆگەنی ئەو بێچووە چۆلەکەیەی باران، چونکە لەیەکێک لە تاکی کەنتۆری یاریەکانیدا هەڵیگرتبوو.

تا دوای دوو هەفتەش لە گەڕانەوەم، خەمۆکیەکی گیانبێزارکەرو لێوانلێوبوو لە حوزن گرتبوومی، جارجارە دیمەن و بەسەرهاتەکانی سەفەرەکەم دەهێنایەوە بەرچاوم و ئاسانتر دەمتوانی ڕاڤەیانبکەم و تێیانبگەم، بەڵام خەمۆکی ئەم جۆرە سەفەرانە زۆر خەست و قورسترن لەسەفەری ئاسایی تر، چونکە ئەو بەریەککەوتن و ڕووبەڕووبوونەوە کتوپڕانەی کوردستان ئینسان دەخاتە بەردەمی دووڕیانێک، کە هیچ کام لەو ڕێیانە ناگەنە جێی مەبەست، مانەوە یان گەڕانەوە؟! ئەو دوو هەفتەیەم زۆر بە زەحمەت لێگوزەشت. تا بەیانیەکیان لە خەونمدا باوکم هات و دەستێکی دا بەشانمدا، خێرا لەخەو ڕاپەڕیم و لەسەر جێگاکەم هەستام، چەند جارێک بە ماڵەکەدا هاتم و چووم، سەیری کاتژمێرەکەمم کرد سەعات شەشی بەیانی بوو؛ چوومە لای تەلەفونەکەو تەلەفونێکم بۆ کوردستان کرد، کاتێک کە لە مەکتەبی تەلەفونەکەی سلێمانییەوە بە ماڵەوەیان ووت: لە ستۆکهۆڵمەوە قسەتان لەگەڵ دەکەن. گوێم لە گریان و زریکە بوو، خێرا تێگەیشتم، یەکێک لە خوشکەکانم بەدەم گریانەوە ووتی: باوکمان تۆزێک لەمەوبەر مرد.

چیتر لەبەر گریان هیچم بۆ نەوترا، پاش تاوێک کەوتمە بەردەم ڕستەیەک، ڕستەیەکی قورس، کە لەگەڵ هەر وتنەوەیەکیدا و گوێگرتن لە تاڵە دەنگیەکانی قوڕگم، مانایەکی جوداو پڕلە تەنهایی پێدەبەخشیم.

– باوکم مرد؟!

سلێمانی ٢٠٠٠/٧/١
ستۆکهۆڵم ٢٠٠١/٢/٢٠